
ڕێبازی بانگەواز

سەیید قوتب
مامۆستا کرێکار

ڕێبازی بانگەواز



ڕێبازی بانگەواز

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی

ڕێبازی بانگەواز

بۆ پۆلی:

یەکەمی ئامادەیی ئامەد

نوسینی

ئەحمەد فائیز

وەرگێرانی

مامۆستا کرێکار

ڕێبازی بانگەواز

بەرگـــــــــــی: یەکـــــــــەم
نوسینـــــــــی: ئەحمەد فائیـــز
وەرگێڕانــــــــی: مامۆستا کرێکار
بـــــۆ پـــــۆلی: یەکەمی ئامــەد
نەخشەســــازی: ئیـــسلامـــــڕەو
ساڵــــــــــی: ١٤٣٧ك-٢٠١٦ز

لە بڵاوکراوەکانی

زانکۆی ئازاي دیراسانی ئیسلامی(زادی)

نوسینگەی تەفسیر ژمارەی سپاردنی ١٤١ی ساڵی ٢٠٠٨ی

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ی بۆ وەرگرتووە

پێشکەشە بەوانەی:



مامۆستا کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثيرَاً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيبَاً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديدَاً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فقَدْ فَازَ فَوزَاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.



پێشەکی وەرگێڕ

بۆچاپی سێیەم

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە (دین و دیدی) بەشێکە لە کتێبی (طريق الدعوة في ظلال القرآن) کە مامۆستا احمد فائز لە کتێبە گرنگەکەی سەیید قوتب (في ظلال القرآن) وەری گرتووە، کە بریتییە لە گوشراوی دیدو بۆچوونی سەییدی ڕەحمەتی دەربارەی دیارو نادیار، دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ، دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە.. دەربارەی بنیاتنانی ئوممەتی عەقائیدیی و بزاوتی گۆڕانکاریی.. هەروەها دەربارەی چۆنیەتی ئاراستەکردنی کۆمەڵگەو دەوڵەت بە ئیسلامەکەو حوکمکردمیان بە پێی شەریعەتەکەی خوای گەورە..

دیدو تێڕوانین و بەرنامەو ڕێبازی سەیید رحمه الله بەم شێوەیە:

یەکەم: موسوڵمانان دەبێ زۆر چاک لە عەقیدەکە تێبگەنەوەو بزانن کە تەوحیید بریتییە لە :

١.خوا ناسین (الربوبيه).
٢.خواپەرستن (الالوهية).
٣. حاکمێتی خوای گەورە (کە لە سەروەرێتی شەریعەتەکەیدا دەردەکەوێت کە دەکرێتە هێزی باڵادەستی دەوڵەت).

دووەم: موسوڵمانان دەبێ لەوە چاک حاڵیی بن کە ناسین و پەرستنەکەی خوای گەورە بۆ ئەداکردنی ئەو فەرزەیە کە بۆی هێنراونەتە سەر زەوی، کە (ئیستیخلاف)ە، واتە بریکارێتی خوای گەورە لە ئیدارەدانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دەرهێنانی خێروبێری زەمین و بەکارهێنانییان بۆ کامەرانی مرۆڤایەتیی و دابەشکردنی ڕۆزیی بە پێی دادی خوایی بەسەر تاکوکۆی کۆمەڵگەکاندا.

سێیەم: زانینی ئەم دیدو بۆچوونەو بە کردەوە کردنیی، دەبێ لە سێ روکنی کۆمەڵکارییدا گەشەو نەشونما بکات و ووزەی تاکوکۆی خۆیان و دەوروبەریان بۆ ناسین و پەرستن و ئیستیخلافەکە بخەنە گەڕ. کە بریتین لە:

١.مەنهەجی عەقائیدیی.
٢.کۆمەڵێکی ئوممەتی.
٣.بزاوتێکی شیاو.

واتە لەسەر دیدی (دینی)ی چۆن موسوڵمانان کۆمەڵەکەیان (ئوممەت) دروست دەکەن، ئینجا چۆن بە کۆمەڵکاری و بە ڕێبازی دینەکەیان لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، خەبات (بانگەواز) و (جیهاد) لە پێناوی سەروەرێتی شەرعدا دەکەن..

یان بە شێوەیەکی تر بڵێین: موسوڵمانان بە بانگەوازی ئیسلامی بزاڤێکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروست دەکەن، تا ئەحکامەکانی شەرع لەگەڵ زیاد بوونی دەسەڵاتیاندا بچەسپێنن..

ئەم زنجیرە کتێبە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئیسلام بەرنامەی ژیانەو خوای گەورە بۆ ئەوەی ناردۆتە خوارەوە تا حوکمی دڵ و دەروون و ڕەفتارو ڕەوشت و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێ بکرێت..

بەڵام ئەم واتایەی دین کە دەبوو زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت، بە داخەوە زۆر ئاڵۆز بووە، هەر مانای دین - نەك هەر دیدو ئەحکامەکانی - هێندە بچوك و بێ قەدر کراوە لە هەندێ شوێنی دواکەوتوو بۆتە مایەی شەرم کردن و عەیبە!! لای هەندێك مورتەدد و گێلە موسوڵمان بۆتە پەڵەی عار!

سەید بەرەحمەت بێت خۆی دەفەرموێ: (زۆربەی زۆری زاراوە ئیسلامیەکان لە جێی خۆیان بۆ مانای تر داخزێنراون و ئێستا بۆ مانای تر بەکار دەهێنرێن! بۆیە دەبینیت زۆربەی ئەم خەڵکە وا تێگەیشتوون کە بەرزترین پلەی ئیسلامەتی ئەوەیە خۆت لە کونجی مزگەوتێك بئاخنی و حاڵت لێ بێت و خەریکی زیکرو فیکر بیت با دڵیشت مەشغوڵ بێت. با بیروهۆشیشت بە شتی ترەوە خەریك بێت! خەڵکی وا تێ دەگەن کە گۆڕینی کۆمەڵ و بەرهەڵستی کردنی خراپەکاری و جیهاد کردن وەکو جاران شتێکی سەرەکی ئیسلامەتی نەماون!

لە ڕاستیدا فیکرو بیروهۆش و دیدو بۆچوون زۆر گۆڕاوە، تەم و مژێکی زۆر چڕ ڕێی لە بینینمان گرتووە، بۆیە ئاوا واتاو زاراوە ئیسلامیەکان - وەك کە پێوویستن - لە بیرو ژیرییماندا باش دابین نابن! هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ڕێبازو شێوازی کارو جموجوڵی بزاڤمان گەڕەلاوژێیە، بۆیە دەبینیت باوەڕمان بێ تین و دامرکاوەیە.. کەسمان تین و تەوژمێکی وامان نییە ووزەو وورەمان بخاتە گەڕ. سست و مەستین! دەردی هەرە سەختیشمان بێدەنگی و کڕوکپی مەلاو داعی و زاناکانمانە. ماوەیەکی زۆرە زانای وامان تێدا هەڵ نەکەوتووە، وا بێت کە لە ڕووی دەوڵەتی ستەمکارو کاربەدەست و دەسەڵاتداری زاڵمدا قسەی حەق بکات و راستی ئیسلام بۆ ئەو خەڵکە پاك و داماوو بێ ئاگایە ڕوون بکاتەوە.

ئەنجامی ئەم کڕوکپییەی زاناو مەلاکانمان بەرامبەر تاغووتە خوێن تاڵەکان و سەرهەڵدان و پەیدا بوونی واتاو زاراوەی نامۆی وا (کە لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامدا نەبوون) ئەم واقیعە پڕ ستەمە دروست بووە. سەرەنجامی ئەم هۆیانەیە ئاوا حاکمە رەزا قورسەکان جەماوەری خەڵکەکەیان وەك گاگەل و کەرو ووڵاخ بەرەو هێنانە دی ئاواتی پیس و چەپەڵی خۆیان و ئاغاکانیان خستۆتە پێش خوا..).

کەوا بوو ئەم زنجیرە کتێبە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دین خۆی چییەو دیدیشی دەربارەی ژیان و ئوممەتی موسوڵمانان و بزاڤی گۆڕانکاری کۆمەڵگە چۆنە.. ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دین ئەو باوەڕە مەعریفییە سادەیە نییە. ڕاستە یان هەڵە. کە لە مێشکی کەسێکدا، بە سیفەتی شەخسی خۆی، دەچەسپێت، ئەوە نییە کەسانێك وا بزانن دینداری هەستێکی ڕێژەییەو خەڵکیش ئازادن چۆن و بە چ دینێك دینداری دەکەن، یان هەر نایکەن..

ئەسڵی کتێبەکە کە بە عەرەبییە دوو بەرگی گەورەیە، کە دەشکرێتە کوردی، لەگەڵ پەراوێزو توێژینەوەی حەدیس و راڤە کردنی هەندێ ناوو زاراوە، دووبەرابەر دەردەچێت، ئەوەش بۆ چاپ و گواستنەوە زۆر بە تەکلیف زەحمەتە، بۆیە پێشتر وامان بە چاك زانیبوو بیکەینە شەش کتێب بەڵام ئێستا کە دەرفەتی چاپیمان بۆ ڕێکەوتووە بە باشمان زانی دوو کتێب لەوانە بکەینە یەك بەرگ. بەم قەبارەش کتێبەکە بە کوردی دەبێتە سێ بەرگ. ئەمەشمان ئێستا پێ پەسەندە چونکە کتێبی ڕێبازی بانگەواز کتێبێکی مەنهەجیی خوێندنە لە ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی کە دواناوەندییەکی پێش خوێندنی زانکۆی دیراساتی ئیسلامیی (زادی)یەو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتی سالانێکە کراوەتەوە ، تا هەر بەرگەیان لە ئاستێکی خوێندنەکەدا بخوێندرێت.. دوا تریش ئەگەر خوای گەورە کاری بۆ ئاسان کردین دەزگایەکی بڵاو کردنەوە دەتوانێت هەمووی پێکەوە بە قەبارەی کتێبی ئاسایی چاپ بکاتەوە ان شاء الله..

تێبینییەك: ریزبەندی بابەتەکانی کتێبەکەم زۆر بەدڵ نەبوو، کە مامۆستا احمد فائز کردبووی، خوا خێری بنوسێت، چونکە تێکەڵ و پێکەڵیەکی پێوە دیاربوو،

بۆیە وویستم بە پێی دیدی سەید قوتبی ڕەحمەتی ڕێکی خەمەوە، کە پێموایە سەییدی ڕەحمەتی چینی دیدە فیکریەکە بەم شێوەیە ریزبەند دەکات:

سەرەتا لە ڕوانگەیەکی فیکریەوە پێناسەی دینەکەی کردووە، ئەمەش بەرگی یەکەمی زنجیرەکەی ئێمەیە.. ئینجا ئەو قەناعەتی وایە کە عەقیدەکە هەموو شتێکە لەم دینەدا، چونکە خواناسی و خواپەرستی و سەوداو مامەمەڵەو ڕەفتارو ڕەوشتیش هەمووی لە ئاڕاستەی عەقیدەکەوە هاتوون، بۆیە عەقیدەکە دەکاتە ئەو زەمینەی پرەنسیپ (مەبدەء)انەی ئیسلامییان لەسەر دەوەستێت! بۆ نموونە ئیسلام وەك کە وەڵامی پرسیارە فەلسەفیەکانە (دەربارەی ماهییەت و ڕۆڵ و پەیوەندی مرۆڤ و گەردوون و ژیان) دەداتەوەو دەیانکاتە بەڵگەنەوویست و قەناعەتی ناخی شوێن کەوتووان، وەڵامی پرسیارە فیکری و سیاسیەکانی گۆڕانکاریش هەروا دەداتەوەو دەیانکاتەوە بە بەڵگەنەوویست، بۆ نموونە ئەوانەی دەربارەی پۆلێن کردنی خەڵکی و پێناسەی چاکەو خراپەو جۆرو چۆنیەتی گۆڕانکاریی بەرەو چی.؟ یان کۆمەڵگەو دەسەڵات، ماف و ئەرك و شتی وا دەکەن..

ئینجا لەم زەمینە فیکریەوە سیستمەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دێنە پێش، وەکو سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دادوەریی و دیبلۆماتی نێودەوڵەتی و جیهادو ئاشتی و..هتد.

کەوابوو ڕوانگەی سەیید قوتب ئەوەیە کە بۆ حاڵی بوون لە جیهانبینی ئیسلام پێویستە ئەوە بزانین کە عەقیدەکە ئەو تۆوەیە کە سەرەتای هەبوونی هەموو پێکهاتەکانی تری لێوە پەیدا دەبێت، ئینجا کە عەقیدەکە دەبێتە بەڵگەنەوویست، بنەما فیکریەکان دەبنە قەدی درەختەکەو سیستمەکانیش وەکو لق و چڵ دەردەچن، ئاوا دینەکە بەرهەم دەدات.. بەڵام وەك چۆن ژیان و

مەرگی تۆو و قەدو لق و چڵەکان دوای خوای گەورە ئیعتیماد دەکەنە سەر کەشودۆخی گونجاوی خۆی، بەرهەمەکەش ئیعتیماد دەکاتە سەر ئاڕاستە خواییەکە کە لە پێشەوایەتی پێغەمبەری نازداردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەدرەوشێتەوە.. شەریعەتیش ـ کە یاسای ئیسلامە بۆ ژیانی کۆمەڵگەکەیە ـ لەم دوو سەرچاوەی قورئان و سوننەتەوە هاتوون، کە دەبێت موراعاتی ڕەسەنێتی و نوێکردنەوەیان تێدا بکرێت..

بەرگەکانی تریش باسی شوێن کەوتووان و وەلاء و تەزکیەو پەروەردەیانە، پاشان بانگەوازو جیهادەکەیان لە پێناوی هێنانەدیی فەرزی وجوودیان کە ئیستیخلافەکەیە.

خوای گەورە ئێمەو ئێوەش سەرکەوتوو بکات لە تەواو کردن و بڵاوکردنەوەی بەرگەکانی دیکەش، هیواشم وایە کە خوشك و برایانی خوێنەر بە ووردی بیخوێنن، خوێندن نەك هەر خوێندنەوە.. با لەوە حاڵی بن کە بۆچی سەیید قوتبی ڕەحمەتی لە کۆتایی ژیانیداو لە زینداندا، ئەم جۆرە نووسینەی دەخستە بەردەست وەك لەوەی دانیشێت و کتێب لەسەر ئەحکامی شەرعی یان لایەنی تری فیکری ئیسلامی بنوسێت یان یاداشتی خۆی و مێژووی ئیخوان بنووسێتەوە کە نووسین لەسەر ئەحکام یان فیکر لەو زەمانی زیندانەی ئەودا (ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابوردوو) ئاسانتر بوون و ڕێیان لێ نەدەگیرا وەکو ئەم بابەتانەی زۆر بە نارەحەت لە زیندانەوە دزەیان پێ دەکرا بۆ دەرەوە..

والسلام علیکم/ کرێکار

١٤٣٨/١ك ـ ٢٠١٦/١٠



دین و دیدی





خۆناسین

ڕێڕەوێك[1]

جاهیلییەت:

جاهیلییەت وە نەبێ ماوەیەکی رابوردوو بێت لە ماوە جۆر بەجۆرەکانی مێژوو، بەڵکو بریتییە لە هەموو بەرنامەو دەستوورێك کە مرۆڤپەرستی تێدا دەرکەوێت. ئەم سیفەتەش لە هەموو پرۆگرامەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێت. چونکە لە هەموو پڕۆگرامەکانی سەر زەمینی ئەمڕۆدا مرۆڤ لە مرۆڤی وەکو خۆی ئایدیۆلۆژی و بیروڕاو بەرنامەو ڕێبازو ڕێساو یاساو خوو نەریت وەردەگرن. جاهیلییەتیش ئەمەیە. ئەمە جاهیلییەتە بە هەموو بنەماکانییەوە، جاهیلییەتێکە کە بە ئاشکراترین شێوە مرۆڤ مرۆڤی تێدا دەپەرستێت، هەندێکیان هەندێکی تریان لە جێی خوای گەورە داناوەو دەیانپەرستن!

ئیسلام تەنها پڕۆگرامێکی ژیانە کە مرۆڤی تێدا رزگار بوو بێت. چونکە لە ئیسلامدا خەڵکی ئایدیۆلۆژی و بیرو راو بەرنامەو ڕێبازو ڕێساو یاساو خوو نەریتیان لە خوای پەروەردگارەوە وەردەگرن. سەریش تەنها بۆ ئەو دادەنەوێنن گوێ ڕایەڵیشیان تەنها بۆ شەریعەتەکەی ئەوە. ملیشیان تەنها بۆ سیستەمەکەی ئەو کەچ دەکەن و بەس. چونکە لە ئیسلامەکەدا مرۆڤ لە مرۆڤ پەرستی

---

[1] ئەم ڕێڕەوە ئەحمەد فائیز هەر لە (في ظلال)یەوە وەرگرتووەو ویستویەتی وەکو پێشەکیەك بۆ بەرگی یەکەمی کتێبەکەی (طريق الدعوة) بینوسێت، ئێمەش وەکو ڕێڕەوێك بۆ بەندەکان دامانناوە..

رزگاری بووەو بۆتە خواپەرست. ئەمەشە ئەو دووریانەی وا لە نێوان ئیسلام و شێوازە جۆر بەجۆرەکانی جاهیلییەتدا.. لە جاهیلییەتی ئەمڕۆدا ماددەپەرستی هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، هەموو لایەنەکانی ژیان بۆ ماددەو نرخی ماددە تەرخان کراوە، ماددەپەرستی بۆتە خواپەرستی و ئەو جێو رێی خەڵکی و سیستمی حوکمیان بۆ دیاری دەکات! ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە نابێ باری ئابوری تاك کۆمەڵ و کۆمەڵگە وا بکەن ماددە جێ و رێی بۆ خەڵکی دیاری بکات. چ جای ئەوەی کارتێکردنیان لە دەستمایەی رۆژی دواییدا هەبێت! ماددە پەرستی دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ خولقاندنی بارودۆخی ئاڵۆزو نالەبار بۆ کۆمەڵگە. نەك هەر لە رۆژی دوایدا بەڵکو لە رۆژانی ژیانی دنیاشدا.. مەگەر بە چاوی خۆمان ئەو پشێوی و بەدبەختییە شارستانێتییەی ئەمڕۆ نابینین؟! کەوابوو حەتمەن دەبێ جۆرە بیروهۆش و بەرنامەیەکی تر بۆ حوکم کردنی ژیانی مرۆڤایەتی بێتە کایەوە بیروهۆشێکی وا کە بتوانێت کارزانانە نرخ بۆ پلەی بەها بۆ ئابوری و خەڵکی دانێت و بە شێوەیەکی واش ماددە ئاڕاستە بکات کە بەختەوەری و هێمنی و ئاسودەیی خەڵکی تێدا بێت: (قُلْ بِفَضْلِ اللّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ) یونس/٥٨ واتە: بڵێ با بە فەزڵ و رەحمەتی خوا دڵ خۆشکەن ئەو چاترە لەوەی کۆی دەکەنەوە. ئەو پڕۆگرامەی کە حوکمی ژیانی کۆمەڵە مرۆڤێك دەکات هەر ئەوە کە بارودۆخی ئابوری و پلەو بەهای ماددەشیان بۆ دیاری دەکات، کە ماددە دەبێت تا چ رادەیەك هاوکاری ژیانیان بێت، چونکە بە پێی رێسای ئەو پرۆگرامە دەبێتە مایەی بەختەوەری و ئاسوودەیی یان دەبێتە مایەی

بەدبەختی و کوێرەوەری کۆمەڵ لەبەر ئەم مەسەلەیەشە کە ئاوا بایەخ بەم ئیسلامە گشتگیرە دراوە، بەو سیفەتەی کە تەنها پڕۆگرامی ژیانە..

ئەم هات و هاوارە زۆرەی کە ماددەو ماددەپەرستی وا زل کردووە، ئا بەم شێوەیەی کە هەموو بیروهۆش و هەست و نەستێکی خەڵکی گرتۆتەوە. بەم شێوەیەی کە ئەم خەڵکە بێ ئاگایەی کردۆتە ئامێرو شەووڕۆژ هەڵپەیانە بۆی. ئا ئەمەی کە ماددەپەرستی کردۆتە ژیان و مایەی ڕەنج و تێکۆشانی خەڵکی. ئا ئەم هات و هاوارەی کە هەموو داب و نەریت و هەستێکی پیاوانەی بۆ دەکرێتە قوربانی! ئەمە هەروا سادە نییەو بە هەوانتە نەهێنراوەتە مەیدانەوە! بەڵکو بە پێی نەخشەیەکی وورد دەڕوات، ئامانجیش لەمە دانانەوەی بتە! بتی نوێ لە جێی بتەکانی جاهیلییەتی پێشوو، تا خەڵکەکە چەواشە بکرێنەوەو ڕووەو غەیری خواناسی و خواپەرستی پەل کێش کرێنەوە.. دەیانەوێت بتی نوێی سەردەمیش - وەکو ئەوانەی پێشوو - دەسەڵاتیان بەسەر هەموو هەڵس و کەوتێکی تاك و کۆمەڵدا هەبێت، ئەمە بەو هیوایەیە کە هەر کاتێك و لە هەر جێیەك پارە و بەرهەمی ماددی بووە بت و خەڵکی لەدەوری گەڕان و هەموو ڕەنجیان بۆ خستە گەڕو بە پیرۆزەوە لەبەر دەمیدا وەستان، ئیتر هەموو ئیعتیباراتەکانی تری بۆ دەخەنە لاوە. خووڕەوشت، خێزان، ئابڕوو، سەربەستی و هەموو شتێکی پیرۆزی تر! ئینجا هەرچی شتێکیش بووە بەربەستی ڕێی پارەو بەرهەم - لە دیدی خەڵکەکەدا وای لێ دێت - شایانی تووڕ هەڵدان و خستنە کەنارە، شایانی لادان و رادانە! ئەمەشە مانای بتپەرستی، ئەدی ئەگەر ئەمە بتپەرستی نییە، ئەدی بتپەرستی چییەو چۆنە؟ چما قۆچ و کلکی هەیە؟!

مەرج نییە بتپەرستی هەر هەر بریتی بێت لە دارو بەرد پەرستن، نا، هەواو هەوەسیش بتە، لافیتەو دروشمی دیدو بیریش هەر بتە، نازناوو پلەو پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بتە، دەیان ئیعتیباراتی تر هەیە کە بوونەتە بت..

لە ڕاستیدا بەهاو نرخی سەرەکی و دەستمایەی ڕاستەقینە دەبێ بۆ فەزڵ و ڕەحمەتی خوای گەورە بێت، کە لە بەرنامەکەیدا دەردەکەون. ئەو بەرنامە جوانەی هێمنی بە دڵ دەبەخشێت و گەردن ئازاد دەکات و هەست و هۆشی مرۆڤایەتی مرۆڤ بەڕێزەوە دەپارێزێت. لە ژێر سایەی ئەم بەرنامە تاقانەیەشدا دەتوانرێت سوودی تەواو لەو (رزق و رۆزی)یە وەربگیرێت کە خوای پەروەردگارو داد بۆ هەموو خەڵکی داناوە. چونکە رزق و رۆزی و پارەو شێوازە پێشکەوتووەکانی بەرهەم هێنانی ماددی ئەگەر بە پێی بەرنامە جوانەکەی خوای گەورە نەبێت دەبێتە مایەی بەدبەختی و کوێرەوەری خەڵکی، چونکە دەکرێنە ئامێرو لە بەڕێز کردن و گەورە کردنی رەوشتی ئاژەڵیدا لەسەر حسێبی رێزی مرۆڤ بەکار دێن.



بانگەوازی ئیسلامی و سێ خاڵی لاوازی

هەر دەبێ بانگەوازێکی نوێ بێتە کایەوە تا ئەو خەڵکە لە مردنە راوەستاوە دەربهێنێت و بیانخاتە نێو ژیانێکی بەرفراوانەوە.هەر دەبێت بانگەوازێکی وا هەبێت رێزو ئابرو ووزەی ئەو خەڵکە بپارێزێت و نەهێڵێت زیاتر بخرێنە ژێر باری زەلیلی و بتپەرستی نوێوە. ئەو زەلیلییەی وای لە مرۆڤ کردووە ملی بۆ مرۆڤی وەکو خۆی کەچ کات و بۆی بچەمێتەوەو کڕنووشی بۆ ببات..

هەر دەبێ بزوتنەوەیەکی تر بێتە کایەوە ، تا بانگەوازی خوایی وەکو خۆی بخاتە ڕوو. دەبێ پێش هەموو هەنگاوێکیش داعیەکان - ئەوانەی خۆیان بە هەڵگری پەیامی خواوویستی دەزانن - هۆکاری ئەو لاوازیە بخەنە ڕوو کە تووشی موسوڵمانانی ئەمڕۆ بووە، پاشان دەبێ هەوڵی چارەسەر کردنی بدەن، ئەوجا راپەڕن و کۆڵی ئەمانەتە خواییەکەیان بەو پەڕی ووره بەرزییەوە هەڵگرن..

سێ هۆی سەرەکی بوونەتە هۆکاری ئەم لاوازییەی موسوڵمانان، کە دەبێ هەر لەسەرەتاوەو زۆر زوو دەستنیشان بکرێن ئینجا هەوڵی چارەسەر کردنیان بۆ بدرێت:

ا- نەبوونی تاکی موسوڵمان:

دەبێ داعیەکان ئەوە بزانن کە هۆی سەرەکی لاوازی موسوڵمانان و گەورەترین دژواری کە تووشی شەخسیەتی موسوڵمانێتیان بووە نەبوونی تاکی موسوڵمانی بەهێزو لێهاتووە.. لاوازیەکە ئەوەیە کە کە تووشی گەنجەکان بووە، خۆ سەختترین دەردیش ئەوەیە کە لە خۆدا بێت و پەی پێ نەبرابێت. چونکە

چارەسەری هەموو کێشەو گیروگرفتێك ئاسانە ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگەکە واقیعییانە پەروەردە کرا بن.. بەڵام کارەساتەکانی بەزین و تێکشکان کاتێك دەردەکەون کە ئەو جۆرە پەروەردەیە دانەمەزرا بێت. بۆیە کێشە لەسەر کێشە دروست دەبێت..

پیاوی لاواز عادەتی وایە کە هەمیشە هۆکاری غەیری خۆی دەکاتە هۆکاری لاوازی، هۆی وا کە گوایە ئەوەندە گەورەو سەخت بوون ئەم دەرەقەتیان نەهاتووە، ئینجا هەر بۆ هەنجەت و بەهانەو پەڵپ دەگەڕێ تا وەك عوزر بیانهێنێتەوە.

ساڵەهای ساڵە وا پەروەردە بووین، فێرین غەیری خۆمان بکەینە هۆکاری دواکەوتوویی و لاوازی و دەروون بەزیویی خۆمان. جارێك ئیمپریالیزم خەتابار دەکەین و جارێك نەوەو قۆناغی رابوردوو، جاری دیش ئەو کۆمەڵگەیەی ئێستا تێیدا دەژین! کەسێك خۆی ناکاتە هۆ!!کەس ناڵێت: ئاخر دەبوو من خۆم بایەخم زیاتر بە خۆم بدایە..

نموونەیەکی قورئانی:

قورئانی پیرۆز مرۆڤ خۆی دەکاتە خاڵ و تەوەری سەرەکی، خوای گەورە ڕوون و ئاشکرا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هۆی سەرەکی لاوازی کۆمەڵەو کۆمەڵگەی مرۆڤ، هەر مرۆڤ خۆیەتی، دەفەرموێ: (أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ) آل عمران/١٦٥ واتە: ئەوە بۆچی کە

ناڕەحەتیتان تووش بوو (لە تێکشکانەکەی ئوحوددا) کە لەوە پێش هی تری واتان تووش بوو بوو، ووتتان: چۆن وامان لێ بەسەر هات؟! پێیان بڵێ: ئەوە خەتای خۆتان بوو.. خۆتان هۆکاری ڕوودانی ئەو کارەساتە ناخۆشەن.. هەروەها خوای پەروەردگار کە بەسەر هاتی جولەکەکانی بەنوننەزیر[1] دەگێڕێتەوە، باسی تێکشکانیان بە دەستی موسوڵمانان دەکات و خۆیان دەکاتە هۆکاری بەزین، بۆیە دەفەرموێ: (مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ)الحشر/٢ واتە: واتان گومان نەدەبرد کە خۆیان تەسلیم بکەن و لە قەڵاو قوللەیان بێنە دەرەوە! خۆشیان هەر وایان دەزانی کە قەڵاو قوللەکانیان بەرگریان لێ دەکەن و ناهێڵن خوایان بگاتێ! بەڵام خوای گەورە لەو شوێنەوە بۆیان هات کە گومانیان بۆی نەچوو بوو، ترس و بیمیشی هاویشتە ناو دڵیانەوە، بۆیە لە تاواندا بە دەستی خۆیان و بەدەستی موسوڵمانان خانووەکانی خۆیان دەڕماند! دە ئێوەش ئەی خاوەن چاوو بیر لەمەوە پەندو ئامۆژگاری وەربگرن..

---

[1] بەنون نەزیر (بنو النضير) جولەکە بوون، لە مەدینە دەژیان، کاتێك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێنا بۆ مەدینە، پەیمانی لەگەڵدا بەستن کە نە ئەوان شەڕ لەگەڵ ئەمان بکەن و نە ئەمانیش، بەڵام ئەوان پەیمانەکەیان شکاندو وویستیان پێغەمبەری خوا بکوژن! بەوەی کە وویستیان تاوێرە بەردێکی گەورە لەسەربانێکەوە بخەنە خوارەوە بەسەریدا، بەڵام خوای گەورە ئەو پیلانە گڵاوەی ئاشکرا کردن، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێزێکی کردە سەریان. دوای بەزینیان وا ڕێکەوتن کە مەدینە جێ بهێڵن و هەرچی دەشتوانن لە سەروەت و سامان - جگە لە چەك - لەگەڵ خۆیاندا بیبەن . سەیر ئەوە بوو کە ئەو شتانەی پێیان نەدەچوو وەك دەرگاو کەڵ و پەلی قورس تێکیان دەشکاند، یان دیوار بوو دەیانڕوخاند، یان درەخت بوو دەیانبڕییەوە!

بەنوننەزیر چەك و تفاقی شەرو بەرگریيان کەم نەبوو، ژمارەيان کەم نەبوو، بێ سەنگەر نەبوون، بەڵام هەر خۆشيان بوونە هۆی بەزينی خۆيان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَلَيَنْزِعَنَّ اللَّهُ الْمَهَابَةَ مِنْ قُلُوبِ عَدُوِّكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ الْوَهَنَ فِي قُلُوبِكُمْ. قَالُوا: يَا رَسُولَ، مَا الوَهَنَ؟ قَالَ: حُبُّ الدُّنيَا وَكَرَاهِيَةُ المَوتِ)[1] واتە: پاشان خوای گەورە ترس و بیم لە دڵی دوژمنەکانتان دەردەهێنێت و بەزین دەهاوێتە نێو دڵی ئێوەوە. ووتيان ئەی پێغەمبەری خوا بەزین چییە؟! فەرمووی: خۆشەویستی دنیاو بوغزاندنی مردنە.

ئەم فەرموودە پیرۆزە ڕێسایەکی گەورە لە ڕێساکانی گۆڕانی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو، رواڵەت و جەوهەری ئەو قۆناغە ئاشکرا دەکات کە کۆمەڵێکی فیترە پیسی تەبیعەت بەد (لەوانەی خۆشەویستی دنیا دڵ و دەرونیانی داگرتووە) لە ڕێیاندا دەیگەنێ و ناتوانن نە لێی لادەن و نە کۆتاییشی پێ بهێنن..

[1] ئەم حەدیسە زۆر ریوایەتی تری هەیە، ئەو ریوایەتە سەحیحەی کە ئیمامان ئەبو داوودو ئەحمەد گێڕاویانەتەوەو شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة) دا لە ژێر ژمارەی ٩٥٦ دا لە بەرگی دووەمدا هێناویتیەوە، هەروەها لە (صحيح الجامع الصغير) بەرگی شەشەم ژمارە (٨٠٣٥و٣٧٢٦) دایە بەم دەقەیە: (يُوشَكُ أنْ تَتَدَاعى عَليكُمْ الامَمُ مِن كُلِّ أُفُقٍ، كَمَا تَتَدَاعَى الاكَلَةُ عَلَى قَصْعَتِهَا. قِيلَ يا رسولَ اللهِ أفَمِنْ قِلَّةٍ يَومَئِذٍ؟ قالَ: لا ولكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيلِ، يَجْعَلُ الوَهَنَ في قُلوبِكم وَيَنْزَعُ الرُّعْبَ مِن قُلُوبِ عَدُوِّكمْ، لِحُبِّكُمْ الدنيا وكَراهيَّتِكُمْ الموتَ).

هۆی راستەقینەی بەزین خۆیە نەك دەرەکی. بۆیە نابێت گلەیی لەو رەشەبایە بکرێت کە هەڵدەکات و ملی درەختێکی گەندەڵ دەشکێنێت. بەڵکو گلەیی لە درەختەکە خۆی دەکرێت، قورئانی پیرۆز چۆنییەتی دۆزینەوەی ئەم راستییە ڕوون دەکاتەوەو هۆی تێکشکان و بەزینی میللەتان دەردەخات. ئەو هۆکارە سەرەکیە باس دەکات کە دەبێتە هۆی دروست بوونی زوڵم و ستەم و دەستدرێژی لە کۆمەڵگەکاندا، هۆکارەکەش دەناسێنێت کە هەر مرۆڤ خۆیەتی، ئەوی دەشپهێنێتە ئەو بارودۆخ و تەنگەژەیەوە، بزاڤ و هەڵس و کەوتی خۆیەتی کە بەو شێوەیە نایکات کە خوازراو و ڕەسەنە، بەڵکو بەو شێوە لاسەنگ و ناڕەسەنەیە کە قورئان ناوی ناوە: ستەم لە خۆ (ظلم النفس). نابینیت لە زۆر شوێنی قورئاندا دەفەرموێ: (وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) النحل/ ١١٨ واتە: ئێمە ستەممان لێ نەکردن، بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد. کەوا بوو یەکەمین خاڵی لاوازی کە دەبێ دیاری بکرێت و پاشان چارەسەر بکرێت دڵ و دەروون و ناخی تاك تاکی موسوڵمانانە.

بۆیە لە فەرمودەی قودسیشدا[١] هاتووە کە: (فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدْ اللَّهَ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ)[١] واتە: ئەوی چاکەی هاتە رێ با سوپاسی خوا

[١] حەدیسی قودسی ئەوەیە کە ئەسڵی ماناکەی لە خوای گەورەوەیەو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ووتەی خۆی دەری بڕیووە، بە زمانی ئەویشەوە دەیگێڕێتەوە ئێمەش کە دەیگێڕینەوە دەڵێین: (قال رسول الله فيما يرويه عن ربه) واتە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای خۆیەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ. یان دەڵێن: (قال الله سبحانه و تعالى في الحديث القدسي) واتە: خوای گەورە لە حەدیسی قودسیدا دەفەرموێ..

بکات، ئەوی شتی تریشی هاتە رێ با لۆمەی کەسی تری غەیری خۆی نەکات.. ئێمە تەنانەت مافی گلەیی و بۆڵە بۆڵمان بەسەر شەیتانیشدا نییە بیکەین! چونکە خوای گەورە باسی شەیتان دەگێڕێتەوە -کە لە رۆژی قیامەتتدا تینی بۆ دێت- تەبەڕا دەکات: (وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ إِنَّ اللّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلاَّ أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلاَ تَلُومُونِي وَلُومُواْ أَنفُسَكُم)ابراهيم/٢٢ واتە: کاتێك کار گەیشتە کۆتایی شەیتان دەڵێ: خوای گەورە بەڵێنی حەق و دروستی پێدا بوون، منیش بەڵێنم دابوونێ!

---

[١] ئەم حەدیسە پارچەیەکە لە حەدیسێکی قودسی درێژ کە ئیمامی موسلیم گێڕاوێتیەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی: عَنْ أَبِي ذرٍّ الغِفَارْي رَضي الله عَنه عَن النَبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فيمَا يَرْويه عَنْ رَبِّهِ عزَّ وجل أَنَّهُ قَالَ: (يَا عِبَادِيْ إِنِّيْ حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِيْ وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمَاً فَلا تَظَالَمُوْا، يَا عِبَادِيْ كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ فَاسْتَهْدُوْنِي أَهْدِكُمْ، يَاعِبَادِيْ كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلاَّ مَنْ أَطْعَمْتُهُ فَاَسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ، يَا عِبَادِيْ كُلُّكُمْ عَارٍ إِلاَّ مَنْ كَسَوْتُهُ فَاسْتَكْسُوْنِيْ أَكْسُكُمْ، يَا عِبَادِيْ إِنَّكُمْ تُخْطِئُوْنَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوْبَ جَمِيْعَاً فَاسْتَغْفِرُوْنِيْ أَغْفِرْ لَكُمْ، يَا عِبَادِيْ إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوْا ضَرِّيْ فَتَضُرُّوْنِيْ وَلَنْ تَبْلُغُوْا نَفْعِيْ فَتَنْفَعُوْنِيْ، يَاعِبَادِيْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوْا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِيْ مُلْكِيْ شَيْئَاً. يَا عِبَادِيْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوْا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِيْ شَيْئَاً، يَا عِبَادِيْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوْا فِيْ صَعِيْدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُوْنِيْ فَأَعْطَيْتُ كُلَّ وَاحِدٍ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِيْ إِلاَّ كَمَا يَنْقُصُ المِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ البَحْرَ، يَا عِبَادِيْ إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيْهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيْكُمْ إِيَّاهَا فَمَنْ وَجَدَ خَيْرَاً فَلْيَحْمَدِ اللهَ وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلاَ يَلُوْمَنَّ إِلاَّ نَفْسَهُ. الامام احمد له المسند ١٦٠/٥و١٧٧ صحيح الجامع ٢٣٤٥، مختصر مسلم ١٨٢٨..

بەڵام من بەڵێنەکەی خۆمم نەبردە سەر، جا خۆ من هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر ئێوەدا نەبوو، هەر ئەوەندن بوو بانگم کردن (بۆ ئەو ئامانجانەی خۆم هەمبوون) ئێوەش بەدەنگمەوە هاتن، ئیتر بۆچی لۆمەی من دەکەن؟! لۆمەی خۆتان بکەن..

٢- دوور خستنەوەی ئیسلام:

دەروون بەزیوویی موسوڵمانانی گەیاندۆتە ئەو رادەیەی کە دوژمنانی ئیسلام بەوە نەوەستن کە پیاوخراپانی خۆیان بخزێننە ناو ریزەکانیانەوە، بەڵکو هەوڵی گۆڕینی یەکجاری دید و بیرو شۆرینەوەی مێشکیشیان دەکەن! ئەوەتا (زوەیمەر)ی قەشەی مەسیحی لەو ووتارەیدا کە لە کۆنگرەی موبەششیرەکاندا دای (ئەوانەی مەسیحێتی لە جیهاندا بڵاو دەکەنەوە) لە ناوچەی (جبل الزيتون)ی قودسی پیرۆز، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزی داگیرکەردا، دوای ئەوەی گوێی لە ووتاری بەشدار بووانی کۆنگرەکە گرت، کە هەر یەکەیان گلەیی و گازاندەی لەوە هەبوو کە گوایە بڵاوکردنەوەی مەسیحێتی لە جیهانی ئیسلامدا کارێکی نەزۆك و بێ بەرە.. زوەیمەر ووتی: (ئەی برایانی پاڵەوان، بەڕاستی ئێوەی ئازیز بە جوانترین شێوە ئەرکی سەرشانی خۆتان جێبەجێ کردووە، ئەگەرچی وا هەست دەکەم کە هەندێکتان لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر بە رێکوپێکی کاروباری خۆی ئەنجامداوە، بەڵام دەرکی بە تەواوی بە ئامانجە سەرەکیەکانی مەسیحیەوانی نەکردووە! منیش وەکو ئێوە لەو باوەڕەدام کە ئەو موسوڵمانانەی بوونەتە مەسیحی یەکێکن لەم جۆرانە:

- منداڵ بوون و هێشتا فامی ئیسلامەتیان نەکردۆتەوە.

- یان کەسانێك بوون کە ئەسڵەن گاڵتەیان بە دین هاتووە!

- یان لەو کەسانەن کە دەیانەوێت لە ڕێی گۆڕینی دینەکەیانەوە بەرژەوەندی خۆیان بهێننە دی..

ئێوە دەبێ ئەوە بزانن کە ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوە نییە موسوڵمانەکان بکەین بە مەسیحی! نا، ئەوە هیدایەتدان و ڕێزلێنانێکی گەورەیە کە موسوڵمان شایانی ئەوە نییە! کاری سەرەکی و ئامانجی بەرنامەکەمان ئەوەیە ئەم موسوڵمانانە لە ئیسلامەکەیان بهێنینە دەرەوەو بیانکەینە مرۆڤی دوور لە خوا تا وایان لێ دێت کە هیچ خوورەوشتێکی وایان پێ نامێنێت میللەت و نەتەوەکانیان ئیعتیمادیان بکەنە سەر، بە هێنانە دی ئەم ئامانجەش ئێوەی بەڕێز دەبنە پێشڕەوی سەربازانی ئیستیعمار[1] لە هەموو ناوچە ئیسلامیەکاندا..

هۆ برایانی بەڕێزم، لەم ماوەیەدا - لە سێ یەکی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا - توانیومانە هەموو بەرنامەو پرۆگرامی حوێندن لە ناوچە ئیسلامیەکاندا بگرینە دەست. توانیومانە دەزگای تەبشیروکڵێساو کۆمەڵەو قوتابخانەی مەسیحیەوانی لە هەموو شوێنێکدا دابمەزرێنین. هەر هەمووشیانووڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا سەرپەرشتیان دەکەن.. فەزڵ و چاکە - لە ڕاستیدا - هی ئێوەیە، چالاکی و ووزەی

---

[1] داگیر کەرە ئیمپریالیستەکان بە خۆیان دەووت ئیستیعمار! واتە: ئەوانەی (عمران: ئاوەدانی) دەکەنەوە تا ساناتر بتوانن خەڵکی فریو بدەن و بە ئەقڵیان پێ بکەنن! بۆیە لالۆ زوەیمەریش بەم پێناسەیە دەڵێ ئیستیعمار.

ئێوەیە کە بە جۆرەها شێوازی تازەتان توانیتان ئەقڵ و بیری موسوڵمانان ئامادە بکەن کە ئەو ڕێیە بگرنە بەر کە ئێوەی ئازیز بۆتان دیاری کردوون، ئێوەن لە ڕاستیدا کە توانیوتانە لە ووڵاتانی ئیسلامیدا نەوەیەك پەروەردە بکەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە خواوە نەماوەو ناشیانەوێت بیانبێت و ئەوانەش دەبوغزێنێت کە خواوویستن. توانیتان موسوڵمانەکان لە دینەکەیان دەرکەن و ئەو نەوەیە پەروەردە بکەن کە ئیستیعمار دەیوویست. نەوەیەکن لە رواڵەت و سیفەتە جەوهەریەکانیاندا هیچ بایەخێك بە شتی گەورە نادەن، نەوەیەکن کە هەر حەزیان لە تەمبەڵی و حەوانەوەی بەر هەواو هەوەس و تێر کردنی ئارەزووەکانی خۆیانە. نەوەیەك حەزی لە راستی نییەو ناشیەوێت بخوێنێت، گەر بشخوێنێت هەر بۆ تێر کردنی گەدەو فەرجێتی، گەر سامانی کۆکردەوە بۆ رابواردن و ئارەزووی خۆی سەرفی دەکاتەوە، گەر دەستیشی لە پلەو پایەیەك گیر بوو بۆ هێنانە دی ئاواتە شەخسیەکانی خۆییان تەرخان دەکاتەوە. ئەمانە نەوەیەکن لە پێناوی تێر کردنی مەیل و کەیف و سەفای خۆیاندا هەرچی شت هەیە دەیکەنە قوربانی.[1]

٣- نەناسینەوەی ئیسلام:

زۆربەی زۆری زاراوە ئیسلامیەکان لە جێی خۆیان بۆ مانای تر داخزێنراون و ئێستا بۆ مانای تر بەکار دەهێنرێن! بۆیە دەبینیت زۆربەی ئەم خەڵکە وا تێگەیشتوون کە بەرزترین پلەی ئیسلامەتی ئەوەیە خۆت لە کونجی مزگەوتێك

---

[1] گۆڤاری الفتح ژمارەی ئەو ساڵانەی کۆنگرەیان تێدا گیرا ١٩٠٦،١٩٢٤، ١٩٣٥.

بئاخنی و حاڵت لێ بێت و خەریکی زیکرو فیکر بیت با دڵیشت مەشغوڵ بێت. با بیروهۆشیشت بە شتی ترەوە خەریك بێت! خەڵکی وا تێ دەگەن کە گۆڕینی کۆمەڵ و بەرهەڵستی کردنی خراپەکاری و جیهاد کردن وەکو جاران شتێکی سەرەکی ئیسلامەتی نەماون! لە ڕاستیدا فیکرو بیروهۆش و دیدو بۆچوون زۆر گۆڕاوە، تەم و مژێکی زۆر چڕ ڕێی لە بینینمان گرتووە، بۆیە ئاوا واتاو زاراوە ئیسلامیەکان - وەك کە پێوویستن - لە بیرو ژیرییماندا باش دابین نابن! هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ڕێبازو شێوازی کارو جموجوڵی بزاڤمان گەڕەلاوژێیە، بۆیە دەبینیت باوەڕمان بێ تین و دامرکاوەیە.. کەسمان تین و تەوژمێکی وامان نییە ووزەو وورەمان بخاتە گەڕ. سست و مەستین! دەردی هەرە سەختیشمان بێدەنگی و کڕوکپی مەلاو داعی و زاناکانمانە. ماوەیەکی زۆرە زانای وامان تێدا هەڵ نەکەوتووە، وا بێت کە لە ڕووی دەوڵەتی ستەمکارو کاربەدەست و دەسەڵاتداری زاڵمدا قسەی حەق بکات و راستی ئیسلام بۆ ئەو خەڵکە پاك و داماوو بێ ئاگایە ڕوون بکاتەوە.

ئەنجامی ئەم کڕوکپییەی زاناو مەلاکانمان بەرامبەر تاغووتە خوێن تاڵەکان و سەرهەڵدان و پەیدا بوونی واتاو زاراوەی نامۆی وا (کە لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامدا نەبوون) لەم واقیعە پڕ ستەمە دروست بووە. سەرەنجامی ئەم هۆیانەیە ئاوا حاکمە رەزا قورسەکان جەماوەری خەڵکەکەیان وەك گاگەل و

کەرو وولاخ بەرەو هێنانە دی ئاواتی پیس و چەپەڵی خۆیان و ئاغاکانیان خستۆتە پێش خوا..

ئەم سێ نەخۆشیە سەختە (بێدەنگی لە ووتنی حەق و زۆر بوون و سەختی ستەم و شێواندنی مانای زاراوە ئیسلامیەکان) هۆکاری ئەم بێکەسی و پشێوی و بەدبەختیەن کە تێیداین..

ئەم سێ نەخۆشیە لە دوو خاڵی سەرەکیەوە سەریان هەڵداوە:

١- نەناسینی حەق. ٢- ئاشکرا نەکردنی حەق.

بۆیە حاکمی ووڵاتەکانمان شەو و رۆژ خەریکن خەڵکی لەم تەم و مژەدا پەروەردە کەن، تا راستی نەناسن، تا چاوو گوێیان بە حەق و حەقخوازی نەکرێتەوە..

ئاشکرایە ئەگەر خەڵکی حەقیان نەناسی و لە ناحەقیان جوێ نەکردەوە شوێنی ناکەون، بەم هۆیەشە کە ئیتر بێ بایەخانە دەژین.. خاڵی (حەق نەناسین) لە خاڵی (ئاشکرا نەکردنی حەق) گرنگترو کاریگەرترە. چونکە تا جەوهەرو رواڵەتی حەق نەناسرێت، ووتنی حەق نایەتە دی. ئەگەر خێرو شەڕ بەتەواوی نەناسرێن و لێك جوێ نەکرێنەوە چۆن چاوەڕوان دەکرێت حەق بووترێت و بناسرێت و بڵاو بێتەوە.. لەبەر ئەمەیە کە تاغوتەکان سوورن لەسەر ئەوەی خەڵکی هەر وا گێژو هێڕو کەڕو کوێرو بیر ئاڵۆز بمێننەوە، بۆیە دەبینیت ئیسلامەتی لای زۆر کەس وای لێ هاتووە بۆتە نیشانەی زەلیلی و مت بوون و بێ غیرەتی! مامۆستا ابو

الحسنی نەدەوی دەفەرموێ: گەورەترین ئەرکی ئیسلامی ئەمڕۆمان ئەوەیە ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووتیە زۆرەی میللەتی موسوڵمانان لە ئیسلامێکی سەرزارەکی و رواڵەتییەوە بگوێزینەوە بۆ حەقیقەتی ئیسلام.. ئەمەش گرنگترین و چاکترین خزمەتە بە نەتەوەی ئیسلام دەکرێت.[١]



[١] گۆڤاری المسلمون/ ژمارە ٤ ل ٤٩ ساڵی ١٩٥٥.

ئەرکـی ئێمـە

گەورەترین بەڵاو موسیبەت کە تووشی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە بووە، ئەو دووری و تێنەگەیشتنەی موسوڵمانانە لە ئیسلام و دینداریتیەکەی، کۆسپی هەرە گەورەی ڕێمان ئەو گەڕەلاوژێ فیکریەیە کە لە مێشکی ئەم ئوممەتە موسوڵمانەی ئەمڕۆدا دروست بووە، بە ڕاستی شەڕێکی سەختە.. بۆیە دەبێت داعیەکانی ئەمڕۆش مەیدانی شەڕو هەموو سەنگەرەکان لێك هەڵاوێرن و بەرەکانی شەڕ - کە لەگەڵ کوفرە - چاك دیاری بکەن. جا لەو ڕێیەشدا زۆر سوار دەگلێن و خەسارەتی زۆریشمان دەبێت و ژمارەی قوربانیانمان هەر زیاد دەکات.. دەبێت داعیەکان چاك شارەزای ڕێبازی خۆو ڕێگای بزاڤی خۆیان بن.. دەبێت گورج بکەونە خۆ، تین و تەوژمیان کاریگەرتر کەن، وورەیان بەرزو متمانەیان بەو پەیمانەی بە خوای خاوەنیان داوە زیاتر کەن.. دەبێت زانست و کردەوەی چاك و دامەزراوو ڕەسەن لەم ئیسلامەوە فێر بن.. ئینجا بکەونە وەخەبەر هێنانی خەڵکی، تا ئاگاداریان بکەنەوە، دەبێت هەوڵی زۆریان لەگەڵدا بدەن، بۆ ئەوەی بێ تاقەت ببن، بۆ ئەوەی مەلەل بیانگرێت، بۆ ئەوەی ڕەشبین ببن.. نابێت گوێ بدەنە ئەو هەموو سوارچاکە ئازیزانەی لە ڕێدا دەگلێن.. دەبێت هەمیشە ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە ئامانجەکەیان زۆر گرنگ و گەورەیە، بە هیچ شێوەیەك نابێت هێزی دوژمن - هەر چەند زۆرو بەهێزیش بێت- چاوترسێنیان بکات. نابێت هیچ کۆسپێکی ڕێ بە گەورەو سەخت بزانن. نابێت هیچ ناڕەحەتیەك بە دژوار بزانن. دەبێت هەمیشە ئەوەی لەبەر چاو بێت کە مادام داعی ئیسلامن، یەعنی لە نەوەی کەڵەپیاوانی مێژوون و لەم ریش سپێتی زەمانەدا زیت بوونەتەوە.. داعی ئیسلامی

لە کاروانە پیرۆزەکەی پیاوانی بەدرو قادسیەو یەرموك و حطینن، پاشماوەی نەوەی ئەو پیاوە دلێرانەن، پاشەنگی سەربازانی بانگەوازە شیرینەکەی پێغەمبەری ئازیزن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە هەتا ئێستاش سالارو سەرقافڵەی جیهادن.. دەبێت داعی ئیسلامی لە واقیعدا بیسەلمێنێت کە کام جێی پڕ درك ودالْ و دژوارییە ئەم بێ باکانە خۆی تێ داوێت، سڵ لە کەندو کۆسپ و هەڵدێر نەکاتەوە، دەست و گەردن هەڵدەبڕێت و بەرهەمی سەرکەوتنی ئەم ئیسلامە لە واقیعدا دەڕنێت..

دەبێت داعیە ئیسلامیەکان ئەوەیان چاك لەبەر چاو بێت کە ئەمانە پیاوی خوان و پەیامی کۆتایی ئەویان هەڵگرتووە، جارێکی دی دەبێت دنیای پێ بەختەوەر کەنەوە، جارێکی دی خۆ بکەنەوە بە پێشەواو سەرکردەو ڕێنیشاندەری جیهانیان..

ئەی داعیانی ئیسلام تاغووتەکان دەتوانن چیتان لێ بکەن؟! ئەو پەڕی توانایان ئەوەیە لاشەتان بهێننە ژێر باری ئەشکەنجەو ئازار، گۆشت و ئێسقانتان هەنجن هەنجن کەن و خوێنتان برێژن، ئەمما ڕۆحتان، ئەوانە بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتیان بەسەریدا ناشکێت، ئێمەش هیوامان بەو ڕۆحە دلێرەیە، هیوامان وایە کە هەموو هەست و نەست و ختورەیەکتان بۆ خوا تەرخان بکەن و بەس.. خۆشەویستی و بوغزو تکاو ترس و حەزتان هەر لە خواو هەر بۆ خوا بێت.. هەر واش بژین تا ئەو ساتەی گیانتان بە خوای گەورە دەسپێرنەوە. هیچ کەس و هیچ هێزێك توانای نییە ئەجەلتان پێش یان دوا بخات، بۆیە دەبێت بەم باوەڕو

قەناعەت و بەو ووره‌و متمانەو بەو رۆحە پاکەوە بە دیداری خوای پەروەردگارمان شادو بەختەوەر بین.. دەبێت داعی ئیسلامی لە هەموو کەس زۆرترو زووتر هەست بە زوڵم و ستەم بکات و ئازایانە دژی جاهیلییەتی سەردەم راپەڕێت هەر وەکو کە باب و باپیرانی دژی جاهیلییەتی کۆن راپەڕین. پێویستە ئەو پێش هەموو کەس شەق لە ژیانی ماددە هەڵداو لێی یاخی بێت، وەکو نەوەکانی یەکەم کە لێی یاخی دەبوون و شەقیان تێ هەڵدەداو لێی یاخی دەبوون دەبێت هەموو خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و بەختەوەریەکیان بکەنە قوربانی رێبازە ئیسلامیەکەیان. دەبێت زوو بچنە ریزی کاروانی سەربازانی پێغەمبەری پێشەواوە و خێرا خۆ بخەنە ژێر سایەی ئاڵا بڵندەکەی خواوویستی، ئەو ئاڵایەی خوای گەورە بۆی دیاری کردوون و داوای لێ کردوون بچنە ژێر سایەیەوە. وەکو خۆی دەفەرموێ: (وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ)الحج/٧٨ واتە: لە پێناوی خوادا بەوپەڕی جیددی و سەرڕاستیەوە جیهاد بکەن، خوا ئێوەی بۆ پەیامەکەی خۆی هەڵبژاردووە، خوا هیچ جۆرە گرێ و گۆڵ و ناڕەحەتییەکی لە دیندا نەهێناوەتە رێتان، ئێوە لە میللەتی ئیبراهیمی باپیرەی خۆتانن کە پێشتر ناوی نان: موسوڵمان، بۆیە دەبێت پێغەمبەر شاهێد بێت لەسەرتان و ئێوەش ببنە شاهێد لەسەر خەڵکی. نوێژەکان بکەن، زەکات بدەن، دەست بە رێبازی خواوە بگرن، چونکە تەنها ئەو سەرپەرشتیارتانە، ئەویش باشترین لایەنگرە.

هۆی سەرەکی سەرکەوتنی داعی وەنەبێت زانایی و زۆرزانی و رەوانبێژی بێت، بەڵکو پێش ئەم جۆرە سیفەتانە هۆیەکی تری زۆر کاریگەر هەیە کە ئەویش باوەڕی ئەو داعیەیە بە بیروباوەڕەکەی خۆی، ئەوی ئەم خەڵکەی بۆ بانگهێشت

دەکات هەروەها رادەی هەست کردنێتی بەو دژواریانەی -گەر ئەم کەمتەرخەم بوو - دێنە رێی بانگەوازەکەی.

دەبێت داعی بەبایەخ بێت، خەمخۆر بێت، بەمشوور بێت، لەو مەترسیانە بە حەزەر بێت کە ڕووەو ڕووی بانگەوازەکەی دەبنەوە.. پاشان دەبێت داعی ئیسلامی واز لە هەرچی رابوردووی خۆی هەیە بهێنێت و بە هەموو قەوارەو کیانییەوە بەرەو خوای گەورە هیجرەت کات. دەبێت کۆڵی دنیای سووك بێت، بارگەی دنیای پێچراوە بێت و واز لە هەموو شتێکی دنیایی بهێنێت و بەرەو خوای گەورە بکەوێتە رێ، خۆی بە تەواوی و بێ دوو دڵی و بێ چەندو چوون تەسلیم بە خوای خاوەنی کات، بە شێوەیەکی وا کە هیچ شتێك بۆ غەیری خوای میهرەبان نەهێڵێتەوە. هیجرەتیش لە بارو دۆخێکەوە دەبێت بۆ بارو دۆخێکی تر، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، لە هەموو جۆرە پەیوەنیدەکانەوە بۆ پەیوەستی خواوویستی.. هەر کاتێك ئەو هیجرەتە دەروونییە بە تەواوی دروست بوو، ئەو کاتە ئەو موسوڵمانە کە خەڵکی دەدوێنێت دەیان هەژێنێت و ئاشکراترین ئەسەرو ئاسەوار لە دڵ و دەروونیاندا جێ دەهێڵێت، کارێکی زۆر بەبەرهەم دەکاتە سەریان، سەر کیان و شەخسیەتیان با کابرای داعی کەڕو لاڵیش بێت..



قورئان ڕێبازە

قورئانی پیرۆز بەرنامەی ئەم بانگەوازەیە، ڕۆحیتی، بوژێنەرەوەیەتی. قورئان ڕوون کەرەوەو تەرجومانی ئەم بانگەوازەیە، قورئانە دەستوورو بەرنامەو پێڕەوو پرۆگرامی ئەم بانگەوازە، کورت و موختەسەر: قورئان سەرچاوەی هەموو بیروهۆش و کارێکی داعیەکانە. بۆیە دەبێت بەرنامەو شێوازی بزاڤ و توێشووی ڕێیان هەر لە قورئانەوە وەربگرن: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ)النحل/٨٩ واتە: قورئانمان کە بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە ڕوون کەرەوەو ڕێنیشاندەری هەموو شتێکەو سۆزو بەزەییشە بۆ موسوڵمانان.

بابەت و باس و خواسی بانگەواز لە چەندەها سورەت و ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە گرنگی و گەورەیی و پلە بەرزی بانگەواز دەردەخەن.. دوژمنانی خوا - لە کۆن و نوێدا - دەیانزانی کە ئەم قورئانە وورەو هێزو ووزەیەکی وا لە دڵ و دەروونی شوێن کەوتووەکانیدا دروست دەکات، دەست بەجێ دەیانخاتە کار. ئەوسا هەموو هێزی دنیا ناتوانێت نە کارەکەیان ڕاگرێت، نە بێ بەرهەمیشی بکات. چونکە لە ڕاستیدا دەستی قەدەری خوای میهرەبان و کردگاری ئەم گەردوونەیە کە بزاڤی موسوڵمانان دەگرێتە خۆو لە بەرژەوەندی دنیاو دوایی موسوڵمانان بۆ خۆی هەڵدەسوڕێنێت.

ئا ئەم قورئانە ئازیزەی ئەمڕۆ وا شوێن کەوتووانی قەدری نازانن و ئەوەندە دەزانن لە پشت سەری زەیستانەوە - بۆ مۆتەکە دوور خستنەوە! - داینێن، یان ئەوەندەی لێ دەزانن کە ئایەتەکانی بکەنە نوشتە، یان ئاوازی بۆ دانێن و موسابەقەی دەنگ خۆشی پێ بکەن تا بزانن کام قورئان خوێن دەنگی خۆشترە.. ئا

ئەم قورئانەی چەندین سەدەی پڕ مەکرو فێڵ و تەڵەکەبازی دوژمنانی ئیسلامی بەسەردا هات و چوو، سەدان سەدەی نەزانین و نەناسینەوەی لە شوێن کەوتووانی دیت! سەدان بارودۆخی نالەباری موسوڵمانانی دیت، جۆرەها پەڵە هەوری چڕو چڵکنی دید لێڵی موسوڵمانانی دیت و ئاهی بۆ واقیعی تاڵی نەوەکانیان هەڵ کێشا!!

دوژمنانی خواوویستی نەوە دوای نەوە دادەنیشتن و لە نهێنییەکانی ئەم قورئانە دەکۆڵینەوە.. قسەو باسی دوورو درێژیان لەسەر دەکرد، دیراسەیان دەکرد کە ئەو خاڵانە کامانان کە ئاوا وورەو تین و ووزەو هێز دەدەنە تاك و کۆمەڵی موسوڵمانان تا ئەو بزاقە کاریگەرە نەپساوەیان لە گۆڕانکاری کۆمەڵەکانیاندا هەر بەردەوام بێت!!ئەوجا پیلانیان دادەنا، نەخشەی نەهێشتن یان لاواز کردنی ئەو سەرچاوەی ووزەو وورەیان دادەڕشت، پیلانی ئەوەیان دادەنا کە چۆن ئەو خاڵە قورئانیانە بشێوێنن تا وورەی موسوڵمانان لاواز کەن و لە ڕووی دەروونییەوە رەشبینیان کەن و هێزە مەعنەویەکەیان بێ ئەسەر بخەنە لاوەو خۆشیان بڕوخێنن! کتێبی لێکۆڵینەوەیان دەنووسی کە بە چ شێوازێك بتوانن واتاو مانای ووشەکان بگۆڕن و چی بکەنەوە بە مانایان! چ جۆرە دیدو بۆچوونێکی ساختەیان لێوە داهێنن تا ئەم دینە لەو هێزە مەعنەویەیەوە بگۆڕن، لە هێزێکی کاریگەری بەردەوامەوە کە ناهەقی لە رەگ و ریشاڵەوە هەڵدەکێشێت و دەسەڵاتی تاغووتانی سەر زەمین دەڕمێنێت و رایان دەدات، تا حوکمی دادی خواوویستی لەسەر زەوی

دامەزرێنێت.. کۆڕیان بۆ ئەوە دەگرت کە چین و بەچی ئەم قورئانە لەم بەرنامەو ئامانجەوە بگۆڕن بۆ بزاڤێکی جەدەلی بەتاڵ! بۆ کۆڕی رۆشنبیری ساردوسڕ، بۆ توێژینەوەی ماندووکەری کەلەپووری، بۆ بابەتی تپکچڕژاوو ئاڵۆزی تیۆری مردوو! یان بۆ موناقەشەو دەمەوەری و شەڕە دەنووکی فیقهی خەیاڵی.. بۆ هەوا کێڵان و ئاو بێژانەوە!

ئەمڕۆ لە جیهاندا، هەفتەی بەلایەنی کەمەوە کتێبێك بە یەکێك لە زمانە بێگانەکان دەربارەی خاڵی ووردو درشتی ئەم دینەو ئوممەت و بزاڤەکەی دەنوسرێت و بڵاو دەکرێتەوە، دەربارەی سروشتی دینەکە، دەربارەی مێژوی بانگەوازەکەی، دەربارەی سەرچاوەی هێزو شێوازەکانی ئاڕاستەو پەروەردە کردنی، دەربارەی پلانی بەرهەڵستکاری بانگەوازەکەی و شێوازی شێواندن و بەرپەرچدانەوەو چۆنییەتی گۆڕینی رێبازەکەی.. زۆربەشیان - بێ گومان - وا نانووسن کە نییەتی پیس و نیازی گڵاوو قین و بوغزیان دەرخات، چونکە دەزانن هێرش کردنە سەر ئیسلام - بە شێوەی زەق و ئاشکرا - خەڵکیان لێ دەهروژێنێت، رق و قینی میللەتانی موسوڵمانیان لێ هەڵ دەستێنێت، گیانی بەرهەڵستی و بەرگری و تۆڵەیان تێدا دەبوژێنێتەوەو گەشە بە رۆحی جیهاد دەداتەوە لە بیرو ژیری و دڵ و دەروونیاندا، بۆیە دەبینیت زۆربەی رۆژئاواییەکان - زۆر فێڵبازانە - دەکەونە مەتح و سەناو پێدا هەڵگوتنی ئیسلام، باسی جوانی و بلیمەتی ئیسلام دەکەن! تا بە تەواوی هەست و غیرەت و حەماسەت و وورەی موسوڵمانان سڕ دەکەن!

لە لایەکی تریشەوە متمانەی خوێنەرو گوێگرەکانیشیان بۆ خۆیان کێش دەکەن، پاشان ژەهریان بۆ دەکەنە ناو کاسەی باسەکانەوەو پێشکەشیانی دەکەن و دەڵێن: ئا ئەمەیە ئیسلام! ئینجا بە موسوڵمانانیش دەڵێن: ڕاستە دینەکەتان زۆر بەرزو بە قەدرو گرنگە بەڵام پێویستە لە هەندێك لایەنیدا گۆڕانکاری تێدا بکرێت! گۆڕانکاری لە هەندێ یاساو ڕێساو ئەحکامیدا تا لەگەڵ شارستانێتی سەردەمی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بگونجێت.. دەڵێن: دینەکەتان زۆر چاکە بەڵام پێویستە هەر وەکو باوەڕو قەناعەتی شەخسی لە دڵ و دەروونی خاوەنیدا بمێنێتەوە!! دینەکەتان چاکە بەڵام ..!!

ئای چەند بەرهەمی زرکە تاڵ و کاڵی ئەم پلانە ژەهراویەمان بیست و بینی، ئەم بەیت و بالۆرەمان لە هەزاران کەسی گێلی خۆمانەوە بیست، ئا ئەم ژەهرە زەقنەبووتە بوو کە بە خوێنی ئەم نەوە موسوڵمانانەی دواییدا تەشەنەی کردو باوەڕیانی کرمۆڵ کرد، ئەوەتا قەناعەتی هەندێکی وا پواندووە کە بە ناویش لە ریزی ئەهلی ئیسلامدا نەماون!

ئەم شەڕە دژوارەی دوژمنانی دین ئێستاش هەر بەردەوامە، چونکە دوژمنانی ئەم ئیسلامە سوورن لەسەر ئەوەی موسوڵمانان لەم قورئانە دوور خەنەوە، لە هەوڵێکی ماندوو نەناسانەدان تا نەهێڵن ئەو خەڵکە لەم قورئانە حاڵی بێتەوە، نەبادا دینەکە سەر لە نوێ بێتەوە وجوود!: (وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا

الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ) فُصِّلَت/٢٦ واتە: گوێ لەم قورئانە مەگرن و قسەو گاڵتەو گاڵە گاڵی تێدا بکەن... یەعنی مەهێڵن خەڵکی لێی تێ بگات!!

لە ڕاستیدا جاهیلییەتی مەکربازی نوێ شەڕێکی سەخت و پڕ فێڵ و تەڵەکەبازی دژی ئەم قورئانە بەرپا کردووەو بە هەموو شێوازێك هەوڵ دەدات ئەم قورئانە لە ڕێکخستنی ژیان دوور بخاتەوە، چونکە جاهیلییەت زۆر چاك دەزانێت دروست بوونی بزوتنەوەیەکی قورئانی لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا چ مەترسیەکی پێوەیە، چ کۆسپێکی دێنێتە ڕێ.. گلادستۆنی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەیووت: (تا ئەم قورئانە لە نێواندا مابێت، ئەوروپا ناتوانێت دەسەڵات بەسەر ڕۆژهەڵاتدا بگرێت و ناشتوانێت دڵنیا لە هیچ شوێنێکدا بمێنێتەوە.[1]

سەرەنجامی ڕاپەڕاندنی ئەم نەخشە گڵاوەیە کە ئەم خەڵکە ئاوایان لێ هاتووە، تەنها ناوی ئیسلامیان پێوە ماوە! ئەوی قورئانیش دەخوێنێت لە دەزوولەکانی دەنگی زیاتر هیچی تری نابزوێنێت! زۆریشیان یان بۆ ئاوازو دەنگ خۆشی دەیخوێنن، یان وەك کاسبی! یان بۆ نووشتەو مووشتە بە کاری دەهێنن! لە کاتێکدا کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر بە توندی بەرهەڵستی ئەو کەسانەی کردووە کە قورئان دەخوێنن بەڵام گوێ نادەنە ئامۆژگاریەکانی! وەك دەفەرموێ: (أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ النَّاسِ وَشَرِّ النَّاسِ إِنَّ مِنْ خَيْرِ النَّاسِ رَجُلاً عَمِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَلَى ظَهْرِ فَرَسِهِ أَوْ عَلَى ظَهْرِ بَعِيرِهِ أَوْ عَلَى قَدَمِهِ حَتَّى يَأْتِيَهُ الْمَوْتُ وَإِنَّ

---

[1] کتێبی: الاسلام على مفترق الطرق ل٤١.

مِنْ شَرِّ النَّاسِ رَجُلاً فَاجِرًا يَقْرَأُ كِتَابَ اللَّهِ لاَ يَرْعَوِي إِلَى شَىْءٍ مِنْهُ)[1] واتە: پێتان بڵێم چاکترین کەس و خراپترین کەس کێیە؟ چاکترین کەس ئەو کەسەیە کە مردنی دەگاتێ و لە پێناوی خوادا لە کاردایە، جا لەسەر پشتی ئەسپەکەی بێت یان ووشترەکەی یان هەر پیادە بێت. خراپترین کەسیش ئەو کەسەیە کە قورئان دەخوێنێت بەڵام گوێ ناداتە هیچی! (واتە هیچ تەعلیماتێکی جێبەجێ ناکات) .

خوا گەورە خۆی زامنی پارێزگاری کردنی قورئانی لە فەوتان و گۆڕین کردووە وەك خۆی دەفەرموێ: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)الحِجر/٩ واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوە خۆشمان پارێزگاری ئەوین. ئەوەش هۆیەکی ترە کە وای لە دوژمنانی خواو دوژمنانی ئەم دینە کردووە ئەو هەموو هەوڵ و رەنجەیان بخەنە گەڕ، بەو هەموو پیلان و فێڵ و فریوودانەوە هەوڵی پەك خستن و شێواندنی سروشت و تەبیعەتی مرۆڤەکان دەدەن، نەبادا وەدەنگ بانگەوازەکەی خواوە بێن! بە هەموو هۆکارێکەوە هەر خەریکن خەڵکەکە لەو قورئانە دوور خەنەوە. مامۆستا حسن الهضيبی دەڵێ: (مەگەر نابینیت دوژمنانی ئیسلام چەند بێ خەم و دڵنیان لە بێ ئاگایی و نەزانی موسوڵمانان، چەند دڵنیان لەوەی کە موسوڵمانان هەر چەند قورئانەکەشیان بخوێنن لێی حاڵی نابن.

---

[1] ئیمامی نەسائی لە ابو سعید الخدريەوە گێڕاوێتیەوە، بڕوانە کتێبی (السنن/ باب الجهاد/٨) هەروەها ئیمامی احمد گێڕاوێتیەوە لە کتێبی (المسند ٤/٤٤و٥٨).

نابینیت گاڵتە پێ کردنیان گەیشتۆتە چ رادەیەك کە ئایەتی قورئان بۆ موسوڵمانان لە ئێزگەکانی ئیسرائیل و لەندەن و پاریسەوە بۆ دەخوێننەوە؟!!).[١]

ئەم قورئانە کتێبی خوای گەورەیە، کتێبی ئەم بانگەوازەیە. قورئان نوورە، رۆحە، هەر بەوەندەی بگاتە دڵێکی مردوو زیندووی دەکاتەوە، بەر هەر دڵ و دەرونێکی غافڵ بکەوێت دەستبەجێ رای دەپەڕێنێت و بە ئاگای دەهێنێتەوە.. جا ئەگەر ئەم ملیۆنەها کەسەی لافی ئیسلامەتی لێ دەدەن و خۆیان بە موسوڵمان دەزانن مانای ژیانی ناو قورئانیان بزانیایە، ئەو ژینەی کە قورئان بۆ شوێن کەوتووانی ڕوون دەکاتەوەو هەموویانی لەسەر پەروەردە دەکات، ئەو کاتە بارودۆخ و ئەحواڵیان ئا بەو شێوەیە نەدەمایەوە کە ئێستا تێیدان.. ئاوا لاوازو زەلیل و بێ دەسەڵات و نەبوو نەدەبوون..

پێویستە لەسەر داعیەکان زۆر لەبەردەم ئەم راستیەدا بۆ سەرنجدان بوەستن، هەر وەکو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەبەر دەمیدا دەوەستا. دەبێت داعیەکانی ئەمڕۆش هەر لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ بکەنەوە. چونکە هێنانەوەی دین و جێبەجێ کردن و راپەڕاندنی - چ ئەمڕۆ چ سبەی- هەر لەسەر ئەو خاڵە دادەمەزرێتەوە کە: دەبێت خەڵکی سەر لە نوێ لە جاهیلییەتەوە دەربهێنرێنەوە.. لە سفرەوە بخرێنەوە ناو ئەم دینە، ئەمەشە خاڵی سەرەکی سەرەتا. دوای ئەم قۆناغەش ئیتر شتێکی سروشتی و چاوەڕوان کراوە کە تاقی کردنەوە دەست پێ دەکات.. قۆناغی نارەحەتی و بەڵاو موسیبەت.. قۆناغی

---

[١] گۆڤاری المسلمون/ ساڵی ١٩٥٥ ژمارە ٧ ل٤٢

ئەشکەنجەو ناسۆرو ژان.. قۆناغی راکە راکەو خۆشاردنەوەو هەڵاتن.. ئینجا هەندێ کەس - سەرەنجامی ناسۆرەکانی رێ - لە دینەکە پاشگەز دەبنەوە.. هەندێکیش خۆ دەگرن سڵ لە مەترسی ناکەنەوەو لەسەر رێبازی ئیسلامەتی خۆیان هەر دەمێننەوەو پاشگەز نابنەوەو ناگەڕێنەوە ناو زەلکاوەکەی جاهیلییەت.. چونکە گەڕانەوەیان بۆ ناو جاهیلییەت پێ ناخۆشە بە قەدەر ئەوەی فڕێیان دەنە ناو ئاگرەوە.. ئیماندارەکان هەر بەردەوام دەبن و سوور دەبن لەسەر هەڵوێست و پەیمانەکەیان - کە بە خوای خاوەنی خۆیان داوە - هەر دەبەنە سەر. دەمێننەوەو تا کۆتایی تەمەن ئارام دەگرن، تا بە شاهیدی و شەهیدی سەر دەنێنەوە..

ئیتر ئەم ململانێ و دەبەرێك راچوونەی ئەهلی جاهیلییەت و ئەهلی ئیسلام بەردەوام دەبێت تا خوای گەورە داوەری نێوانیان دەکات و دەسەڵاتداری حوکمڕانی دەداتە دەست پیاوچاکان و پێشڕەوانی خواوویستی دێنێتە سەر کار، هەر وەکو کە لە ناو نەوەی جیاوازو لە زەمانە جیاوازەکانی مێژوودا ئەو دەسەڵاتەی دەدایە دەست موسوڵمانانی پێشوو.. ئیدی جارێکی دی سیستمی ئیسلامی و سایەی دادی خواوویستی لەسەر پارچە خاکێکی خوا، باڵی هێمنی و سۆزو رەحمەتی بەسەر خەڵکیدا دەکێشێتەوە..

جاهیلییەتی ئەمڕۆ - لە ناوەڕۆکیدا - هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ جاهیلییەتی کۆندا نییە.. ئەوەی وەکو جیاوازیش جار جارە دەردەکەوێت تەنها لە رواڵەتدایەو

بەس. بۆیە بەڕاستی پێویستە موسوڵمانانی ئەمڕۆ زۆر هۆشیارانە بانگەوازەکەیان بڵاوکەنەوە، تا راستی دینەکەیان وەکو خۆی بخەنەوە پێش چاو.. دەبێت شۆڕشێکی ئیسلامی بەرپا کرێتەوە، شۆڕشێك بێت تەنها لە پێناوی خوای گەورەدا بکرێت، بۆ چەسپاندنی دادی خواویستی و حەق و حەقخوازی.. شۆڕشی موسوڵمانان کاری هەڕەمەکی و بێ سەرو بەر نییە. بەڵکو بزاڤێکی رێ نیشاندانی هۆشیارانەی بەرپرسییە. چونکە خوای خاوەن هەر زەمانێك کە پێغەمبەرو پەیامی خۆی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناردبێت، بەو هیوایە ناردوێتی کە پێغەمبەران و پیاوچاکان بە پێی تەعلیماتی ئەو بزاڤی ئیسلامی دابمەزرێنن. بە ئاڕاستەی خوای گەورە کار کەن. وەك دەفەرموێ: (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الجاثية/ ١٨واتە: پاشان تۆمان خستە سەر راو رێبازی شەریعەتێك، دە تۆش شوێنی کەوەو شوێن هەواوهەوەسی ئەو کەسانە مەکەوە کە نازانن.

خوای گەورە یاساو رێسای خەبات و تێکۆشانی لە پێناوی خۆیدا بۆ دیاری کردووین. کەوا بوو هەر دەبێت بانگەوازێکی نوێ بێتە مەیدانەوە، بانگەوازێك کە شارەزای رێگاکە بێت و دوژمن بناسێت و ئاشکرایانە ئاڵای خواویستی هەڵکات و سوور بێت لەسەر رێبازو ئامانج تا دەگاتە کۆتا مەبەست..

هەڵگرانی مەشخەڵی خواویستی هەر دەبێت بێنەوە پێشەوەو بەیداخی ئەم دینە خواییە هەڵگرنەوەو بکەونەوە شوێن پەیامی خواویستی. دەبێت هەنگاو بە هەنگاو هێمن و دڵنیا پێ هەڵگرن و بەو رێیەدا بڕۆن کە قورئانەکەی خوای زاناو

کار بەجێ دیاری کردووە. دەبێت دەرس و پەندو ئامۆژگاریشیان لەو کەڵە پیاوانەوە وەرگرنەوە کە بوونەتە سەر قافڵەی کاروانی خواوویستی لە پێغەمبەران و یاوەرانیان.



باسی یەکەم: دین و ژین

کێ بەرنامە دیاری دەکات؟

دەبێ ئەو کەسەی بەرنامە گەشتی ڕێیەك دیاری دیاری دەکات هەر ئەو کەسە بێت کە شارەزای هەموو ڕێگاکەیە. مادام مرۆڤیش - بەپێی سروشتی خۆی -ڕێگای هەموو ژیان شارەزا نییەو لێی شاراوەیە، تەنانەت نزکترین ساتی داهاتووشی لەبەر چاو نییەو چەندین بەربەستی لەرێدایە. کەوا بوو مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بەرنامەیەك بۆ گەشتی ڕێگایەك دیاری بکات، کەخۆی هیچ شتێك دەربارەی ئەو ڕێگایە نازانێت.. لەبەر ئەمەیە کە دەڵێین: یان دەبێ مرۆڤایەتی بکەوێتە گومڕایی وسەرگەردانی و لاڕوویەوە، یان دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕێبازەکەی خوای گەورە. ئەو ڕێبازەی کە لە خوای کردگاری مرۆڤ و بونەوەرەوە وەردەگیرێت. کەوا بوو هیچ کەس -جگە لە خوای گەورە- مافی ئەوەی نییە یاساو ڕێسا -جگە لە شەریعەتەکەی خوا- دابڕێژێت.. ئەم مافە تەنها خوای گەورە هەیەتی. چونکە هەر ئەو کردگارو داهێنەرو هەڵسوڕێنەری ئەم گەردوونەیە. تەنها ئەویش کارگێڕی هەموو بەش و لایەن و موفرەداتێیەتی. هەمووشیان لەسەر ئەو سیستم و ڕێسایەن کە بۆی دیاری کردوون چونکە هەر دروست کراوێك - کە سیستمێکی بوون و مان و تەفاعولی خۆی هەیە - لەگەڵ ڕێسا خۆییەکەیدا لازم و مەلزومی یەکن. مرۆڤ و بەرنامەکەی خواش -کەوەکو کەتەلۆکی مرۆڤایەتی وایە - هەم پێکەوە دەسازێن، هەم تەفاعولی هەردوکیشیان لەگەڵ بزاڤ و سیستمی ژیانیشدا دەگونجێن.. بۆیە دەبێت هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ دەبێ بەگوێرەی سیستم و ڕێساو یاسایەك ڕێك بخرێت کە لەگەڵ یاساو ڕێسا

گەردوونییەکانیشدا بسازێن. ئەمەش کەسێك دەتوانێ ڕێکی خات کە سروشتی هەردووکیان (مرۆڤ و گەردون)ی لەبەر چاو بێت.. گومانیش لەوەدا نییە کە هەرچی غەیری خوایە کەم و کورتە وپەی بەو هەموو زانیاریە بەرفراوانە نابات. هەر لەبەر ئەوەشە نابێت یاسادانان و ڕێباز دیاری کردن بۆ مرۆڤ، بدرێتە دەست مرۆڤ خۆی، چونکە ئەویش کەم و کورتە.. ئەگەر چی ئەمە راستی یەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە بگرە بەڵگەنەویستە، کەچی زۆر کەس هەن باوەڕی پێ ناکەن یان هەرخەریکی موناقەشە کردنین.. هەندێکیان ئەوەندە چاو نەترسن دەرۆن و یاسا و ڕێسای غەیری شەریعەتەکەی خوای گەورە دەهێنن. یان هەر خۆیان دەری دەکەن و خەڵکی ناچاری راپەراندنیان دەکەن! لەڕاستیدا ئەمانە یان خۆیان لە خوای گەورە زاناترو لێهاتووتر دەبینن، یان خۆیان بەشەریکی خوای گەورە دادەنێن. بۆیە یاسای وا دژ بە ڕێبازی خوا دادەڕێژن.. بەراستی ئەم جۆرە کەسانە زۆر چاو قایمن. خوای گەورە دەفەرموێ: (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّه)الشوری/٢١ واتە: یان شەریکیان هەیە کە بۆ خوا دایانناون، کە یاساو ڕێسای وایان بۆ دارێژن کە خوای گەورە مۆڵەتی پێ نادات.

خوای پەروەردگار بەپێی زانیاری خۆی بەرنامەیەکی وای بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دیاری کردووە کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ خۆیدا دەگونجێت، کە مرۆڤایەتی دەتوانێ بەو بەرنامەیە بگاتە کۆتا پلەی هاوکاری و هاریکاری نێوان گەلان و تاکەکانیان. هەروەها هەموو چالاکی و جم و جوڵی کۆمەڵگەکەش لەگەڵ هێزە

سەرەکیەکانی گەردوندا دەسازێت. خوای گەورە ڕێسای سەرەکی گشتی بۆ ئەم هاوکاریيانە داڕشتووە، بەڵام مافی دیاری کردن و داڕشتنی یاسا لقیە بچوکەکانی رۆژانەی داوەتەوە دەست مرۆڤ خۆیان. ئەگەر لە ناوخۆیاندا لەسەر کێشەیەکیش، یان هەڵوێستێك جیاوازیان تێ کەوت، دەبێت زوو بیگەڕێننەوە بۆ خوای گەورە. واتە بۆ ڕێسا سەرەکیە گشتیەکانی ئەو بەرنامەیەی کە بۆ ژیانی خەڵکی دیاری کردووە ئەو ڕێسا سەرەکیانەش وەك تەرازوون، دەبێت مرۆڤ هەموو یاساو بەرنامەو شێوازی کارو ڕاپەڕاندنیان بەو بکێشن.. بەم شێوەیە بڕیار دەدرێت کە تەنها خوای گەورە حاکمەو هەر ئەویش چاکترین فەرمانڕەوایە.. هەموو شێوەیەکی تری غەیری ئەم شێوەیە لەخوا یاخی بوونەو دەرچوونە لە شەریعەتی خوا، لادانە لە دینی خوا.. لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەبێت فەرمان بەچاکەی هەرە سەرەکی بکرێت کە بریتییە لە ئیعتیراف کردن بە دەسەڵات و حوکمی خوا. هەروەها داننان بەوەدا کە دەبێت حوکم تەنها بەبەرنامەکەی خوا بکرێت وبەس. هەروەها دەبێت بەرهەڵستی لە خراپەی هەرە سەرەکی بکرێت کە بریتییە لە وازهێنان لە خوایەتی خوای گەورە. واتە ڕەفزکردنی حوکمی بەرنامەکەی خوای گەورە. ئەوجا ئەگەر ئەم بناغەیە داڕێژرا، دەکرێت کۆشکەکەشی لەسەر بنیات بنرێت جا کەوابوو با هەموو ڕەنج و هەوڵ و تێکۆشانە پەرتەوازەو لێك بڵاوەکان کۆبکرێنەوەو هەمووی لەبەرەیەکدا بخرێنە گەڕ، تا بتوانرێت زووتر ئەو تاکە بناغەیە داڕێژرێت -کە لەسەر ئەو نەبێت- کۆشکەکەمان بنیات نانرێت. جاری وا هەیە پیاو بەزەیی بەو موسوڵمانە دڵپاك و سەر ڕاستانەشدا دێتەوە کە هەموو ڕەنجێکیان دەخەنە گەڕ لە فەرمان کردن

بەچاکەیەکی بچکۆلەدا یان لەبەر هەڵستی کردن لەخراپەیەکی بچکۆلەدا. کە لقێکە لە چاکەی یان خراپەی هەرە سەرەکی. لە کاتێکدا کە هێشتا ئەو بناغە سەرەکیە نییە کە ژیانی کۆمەڵگاکەی لەسەر دادەمەزرێت، کە سەرچاوەی هەموو فەرمان کردنێکە بەچاکەو هەموو بەرهەڵست کردنێکە لە خراپە..

نرخی ئەو رەنج و هەوڵدانە چیە کە هەرتۆ بۆ نموونە بەرهەڵستی خەڵکی بکەی لەحەرام خواردن، لە کاتێکدا کە هەموو لایەنی ئابووری کۆمەڵگاکە لەسەر سوو (ربا) راوەستاوە؟ کە هەموو پارەی کابرای پێ حەرام دەبێت و کەس پارویەکی حەڵاڵی دەست ناکەوێت؟ چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کۆمەڵگایە لەسەر بناغەی شەریعەتی خوا دانەمەزراوە. چونکە هەر لە سەرەتاوە واز لەخوایەتی خوای گەورە هێنراوە بەوەی کە واز لەشەریعەتەکەی خوا هێنراوەو نەیان هێشتووە ئەوە بکرێتە بەرنامەی ژیان.



بنەمای فیكری مانای دین

ئەو دینەی كەخوای گەورە دەیەوێت و تەنها بەو ڕازییە و سنوری بۆ دیاری كردووە بریتی نییە لەهەر جۆرێك لە (باوەڕ كردن بەخوا) بەڵكو بریتییە لە یەك شێوە لە شێوە جۆربەجۆرەكانی باوەڕهێنان بەخوا.. ئەو شێوەش بریتییە لە یەكخواناسیەكی پاك و ڕاست و بنبڕ.. بریتی یە لە پەرستنی خوای گەورەو بەس. بەوەی هەموو مرۆڤ ڕووبكەنە ئەو. وەكو هەموو مەخلوقاتی تر كە ڕوویان لەوە.. بەوەی كە دان بنرێت بەوەدا كە تەنها خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤایەتی و بەسەر هەموو گەردوندا هەیە.. بەوە كە هیچ شتێك بێ خوا نابێت و ناكرێت. هەموو دروست كراوان هی خوان و بەخوان و دەبێت ڕووشیان هەر لە خوا بێت. دەبێت ئەو دینەی خواشی پێ دەپەرستن، هەر ئەوە بێت كە ئەو دەیەوێت، كە ئیسلامەو بەس وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ) ال عمران/ ١٩ واتە: ئەو دینەی كەلای خوا پەسەندە ئیسلامەو بەس.. ئیسلام دینە. ئیسلام بریتییە لە خۆ تەسلیم كردن بە دەسەڵاتی بەرفراوانی خواو وەرگرتنی تەعلیماتی ئەو لە هەموو كاروبارێكی ژیاندا. هەروەها گەڕانەوە سەر قورئان لەهەموو داوەریەكدا. چونكە قورئان سەرچاوەی تەعلیماتی خوای گەورەیە. ئیسلامەتی لاف و گەزاف لێدان نییە، ئاڵاو پەرچەمێكی سەوز نییە هەڵكرێت.. قسەیەكی سەرزارەكی نییەو بەسەر زماندا بێت و بڕوات. تەنانەت ئەو بیروهۆشە ناسكەش نییە كە لە كونجێكی مات و بێ دەنگدا دڵی پێ خۆش دەكرێت.

هەروەها بەو شێوازانەی خواپەرستیەکەش - بەتەنها - ناوترێت ئیسلام، کە کەسێك بە تەنها جێ بەجێیان دەکات! وەك نوێژ و ڕۆژو حەج و.. هتد. نا.. ئیسلام زۆر لەوانە بەر فراوانترە. ئەمانە بە تەنها ئەو ئیسلامە نین - -ئەگەر لەخەڵکیدا نەهاتە دی- خوا نەیەوێت. نەخێر. کورت وموختەسەر ئیسلام یەعنی: خۆ بەدەستەوەدان خۆ تەسلیم کردن.. ئیسلام بریتی یە لە: مل کەچی و گوێڕایەڵی ئیسلام یەعنی: قبوڵ کردنی خوای گەورە بە حاکم و دادوەر لە هەموو کاروبارێکی مرۆڤدا. ئایەتی: (كَذَلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ)یوسف/٧٦ واتە ئا بەو شێوەیە تەگبیرمان بۆ یوسف کرد، چونکە بەپێی دەستوری پاشاکەی میسر نەیدەتوانی براکەی بهێنێتە لای خۆی. ئەم دەقە قورئانییە زۆر بە ڕوونی مانای ووشەی دین دیاری دەکات.. دین لەم دەقەدا یەعنی سیستمی و دەستورو یاسای حکومەتی. چونکە خوای گەورە کە باسی سیستمی ژیان و دەستورو یاسا دەکات بە (دین) باسی دەکات.

ئا ئەم مانا قورئانییە ڕوون و ئاشکرایە، ئەمڕۆ لە هەموو خەڵکی جاهیلییەتی سەدەی بیستەم شاراوەیە، چ ئەو خەڵکەی خۆیان بە موسوڵمان دەزانن چ خەڵکە جاهیلییەکە! دین بەلای ئەم خەڵکەوە بریتییە لە: باوەڕکردن و بەجێهێنانی دروشمە ئیسلامیەکان. وا دەزانن هەر کەس کە باوەڕی بە تەنهایی خوای گەورەو کتێبە ئاسمانییەکان و نێرراوانی خواو ڕۆژی دوایی وخێرو شەڕی قەزاو قەدەر هێناو نوێژە فەرزەکانی کرد، ئەوە ئیتر موسوڵمانەو لەدینی خوادایە،

با مل کەچ و گوێڕایەڵی غەیری خوای گەورەش بێت لە حاکمێتی و یاساو ڕێسا داڕشتنیشدا! [1]

لە کاتێکدا کە دەقەکەی قورئان بە ڕوون و ئاشکرایی (دین الملك) بە سیستم و دەستورو یاسای حکومەت دەردەبڕێت.. ووشەی دین لە مێشکی ئەم جەماوەرە جاهیلییەدا وا لاوازو کرمۆڵ بووە کە وا دەزانن دین یەعنی: باوەڕو بەجێ هێنانی فەرزەکانی پەرستن و بەس. بەڵام (دین) بە درێژایی مێژوو مانای وا لاوازو کرچ و کاڵی نەبەخشیووە.. هەر لە زەمانی سیدنا ئادەمەوە تا سیدنا نوح و تا زەمانی پێغەمبەر . سەلامی خوا لە هەموویان بێت . بەڵکو هەمیشە مانای (دین) بریتی بووە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی خوای گەورە. بریتی بووە لە ڕەتکردنەوەو وەرنەگرتنی هەر یاساو دەستورێك کە لە لایەن غەیری خواوە داڕێژرا بێت.

هەروەها بریتی بووە لە پەرستنی خوای گەورە لەسەر زەمیندا. هەروەکو کە تەنها ئەو لە ئاسمانەکاندا دەپەرسترێت. واتە وەك چۆن خوای گەورە خوای ئاسمانەکانە، ئاواش خوای سەر زەمینە و دەبێت تەنها تەعلیماتی ئەویش لەسەر زەمیندا حوکمڕانی بکات.. دین بریتی بووە لە خوایەتی خوایی گەورە. واتە: پەرستنی. بەڕاپەراندن و بە گەڕخستنی حوکم و شەریعەتەکەی ئەوو دانانان بە دەسەڵاتداری ئەوو بەس. هەمیشە دوورێیانی ڕێگاکان وابووە کێ لە (دینی خوا)

---

[1] ئەگەر سەییدی ڕەحمەتی بیزانیایە کە لە کوردەواری ئێمەدا نوێژو ڕۆژوو ئیسلامەتیشی نییەو بەڵکو زۆر دژ بە ئیسلامیشە کەچی لە سایەی سەری مەلای نارەسەنەوە هەر بە موسوڵمان حسێبەو تەنانەت بە فەقێ و مەلاشی ناو دەبەن. لەسەر ئیسلامیش حسێبە! چونکە بە دەردی مەلا دوازدە عیلمەکانمان دەڵێن: باوکی موسوڵمان بووە!!

دایە وکێ لە (دینی پاشا) دایە؟ ئەوانەی کە لە دینی خوادان، تەنها بە سیستم و بەرنامەو شەریعەتی ئەو رازین و هەر ئەویش جێ بەجێ دەکەن. ئەوانیش کە لە (دینی پاشا) دان بە سیستم و یاسا و حوکمی ئەو رازین و هەر ئەویش جێ بەجێ دەکەن. واتە بە زاراوەی قورئانی ئەمان بە شیرك رازین و سیستمی موشریکانیان دەوێت بەوەی کە لەگەڵ باوەڕ بەخوا هێنان و ئەنجامدانی دروشمەکانی پەرستندا غەیری خواش دەپەرستن چونکە بە سیستم و شەریعەتی غەیری خوا رازین و وەری دەگرن و رایدەپەڕێنن.. ئەمەش خاڵێکی سەرەکی دینەو دوو رێیانی باوەڕ و بەڵگەنەویستی عەقیدەی ئیسلامیە..

دینی خوا یان دینی خۆ

هەندێك لە دڵ نەرم و بەبەزییەکانی ئەمڕۆ عوزر دەهێننەوە بۆ ئەو خەڵکەی بێ دینیشەو هەر بە موسوڵمان دەدرێتە قەڵەم! بەڵام دەڵێن ئەو خەڵکە بۆیە لەسەر ئیسلامەتی نامێننەوەو هەوڵ نادەن شەرعی خوا (بەو سیفەتەی کە بەرنامەی دین و ژینە) راپەڕێنن،چونکە نازانن دین یەعنی چی؟! بۆیە دەبێت ئەگەر جاهیلی موشریکیش بن عوزریان هەر قبوڵ بکرێت!

من تێ ناگەم ئەم خەڵکە کە لە دینەکە تێ نەگەیشتوون، چۆن لەسەرەتاوە خراونەتە بازنەی ئەم دینەوە.. مەگەر باوەڕ کردن بەراستی هەر شتێك، لقێك نییە لەزانین و ناسینی ئەو شتە؟! جا کە خەڵکی حەقیقەتی ئەو عەقیدەیان نەزانی، چۆن ئیتر پێیان دەوترێت شوێن کەوتوو و هەڵگرانی ئەو عەقیدەیە؟

ئەگەر نەیانزانی خاڵی سەرەکی باوەڕ چییە، چۆن دێنە ریزی شوێن کەوتووانییەوە؟ چۆن بە موسوڵمان دەژمێرێن کە نازانن ئیسلام چییە؟ چۆن خراونەتە بازنەی ئیسلامەوە؟! رەنگە ئەم نەزانینەیان ببێتە مایەی لێ بوردنیان لە رۆژی دواییدا، یان ببێتە هۆکارێك بۆ کەم کردنەوەی ئازارو ژان لەسەریان. رەنگە لێپرسراوێتیان بکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی کە شارەزای دینەکە بوون و ئەمانیان فێر نەکردووەو راستی ئیسلامەتیان بۆ ڕوون نەکردونەتەوە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی داهاتووی نادیارەو خوای گەورە خۆی دەزانێ لە رۆژی قیامەتدا چ حوکمێکیان دەبێت و موناقەشەو دەمەوەری و شەڕەقسە لەسەر ئەوەی پاداشت یان سزای ئەهلی جاهیلییەت لە رۆژی دواییدا چیەو چۆنەو چەندە، سودێکی بۆ ئێستای ئێمە نییە. ئەوە جێ بایەخی ئێستای ئێمە نییە. چونکە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەتایبەتی کە ئێمە خەریکین و دەمانەوێت خەڵکی بۆ ئیسلامەتی بانگ بکەین. ئەوەی جێی بایەخی ئێمەیە ئەوەیە کە راستی دینەکە بخەینەوە پێش چاوی خەڵکەکەو بۆیان بسەلمێنین کە ئەوان بەهیچ شێوەیەك لەدینی خوادا نین! چونکە دینی خوا بەپێی دەقی ئاشکرای قورئان یەعنی سیستم و شەریعەتی خوا.. جا هەر کەس لە سیستم و شەریعەتی خوادا بوو ئەوە لە (دینی خوا) دایە. هەر کەسیش لە سیستم و شەریعەتی حکومەت بێت، ئەوە لە (دینی پاشا) و دینی حکومەتدایە.. ئەوە راستییەکەو دەمەوەری ناوێت.. ئەو کەسانەی کە نازانن (دین) چیەو ماناى چیە، مومکین نییە خاوەن باوەڕ بن پێی. چونکە نەزانین لێرەدا نەزانینی خاڵی سەرەکی و بناغەی دینە کە بە گوێرەی عەقڵ و بەگوێرەی واقع هەر کەس نەیزانێت، بە باوەڕدار پێی ناژمێررێت. چونکە باوەڕ

لقێکە لە دەرك کردن و زانیین. ئەمیش بەڵگەنەوویستە.چاکتر لەوەی بەرگری لەو خەڵکە بکەین کە لە (دینی خوا) نین و عوزریان بۆ بهێنینەوەو لەخوای گەورە بەبەزەیی تر بین بەرامبەریان! کەخۆی ماناو سنوری دینەکەی خۆی بۆ دیاری کردوون.چاکتر لەوە ئەوەیە بکەوینەوە ناساندنەوەی راستی مانای (دینی خوا) بەو خەڵکە، تا سەرلە نوێ بێنەوە ناوی، یان رەددی کەنەوە.. ئەمە باشترە بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانیش. بۆ ئێمە باشترە چونکە لە خەتای گومڕایی ئەو دین نەناسانە قوتار دەبین. بۆ ئەوانیش باشترە چونکە ڕووبەڕوبوونەوەیان بەو حەقیقەتەی کە تێیدان، ئەوەی کە ئەوان لە دینی حوکومەت و پارت و کۆمەڵەی تردان نەك دینی خوا. لەوانەیە ئەو قسە رەقەشمان وا بەتوندی بیان هەژێنێت و یەکسەر لە جاهیلیەتەوە بێن بەرەو ئیسلام. لە دینی پاشا دەرچن و خۆ بگەیەننە دینی خواو پێغەمبەران و نێراوانی خوا سەلامی خوایان لێ بێت، کەوابو دەبێت هەڵوێستی داعیە ئیسلامیەکانیش لە هەر جێ و لە هەر کاتێکدا بوون، بەرامبەر خەڵکی جاهیلیەت هەر دەبێت وا بێت. دەبێت دینی ئیسلام و شەرعی خوا لە نێو خەڵکیدا راپەڕێنێت، نەك هەواوهەوەسی مرۆڤ. بۆیە ئیسلام دەیەوێت هەڵوێستی خەڵکی بۆ ڕوون بێتەوە. یان وەرگرتن و راپەراندنی شەریعەتەکەی خوا، یان وەرگرتن و راپەڕاندنی هەواوهەوەسی نەزان ونەفامان: (أَهْوَاء الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) هەڵوێستێکی تر جگە لەم دووانە نییە. هەروەها رێی مام ناوەندی لە نێوان شەریعەتی پاك و راست لە لایەك و هەواو هەوەسی چەوت و لاردا لە لایەکی ترەوە، نییە.. ئەوی شەریعەتە پاك و راست و رەواکەی خوا واز لێ

دەهێنێت، دەیەوێت بە هەواوهەوەس حوکم بکات، هەواوهەوەسی خۆی بێت یان هی خەڵکی تر هەر یەکە.. لە شەریعەتی خوا بترازێت ئارەزووپەرستی و هەواو هەوەسی ئەو کەسانەیە کە نازانن. خوای گەورە بە پێغەمبەرە ئازیزەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الجاثية/١٨واتە: پاشان تۆمان خستە سەر راو ڕێبازی شەریعەتێك، دە تۆش شوێنی کەوەو شوێن هەواو هەوەسی ئەو کەسانە مەکەوە کە نازانن. ئیسلام تەنها شەریعەتێکە شایانی شوێن کەوتن بێت. هەرچی یاساو شەرع و ڕێبازێکی تر هەیە، هەواوهەوەس و ئارەزوو پەرستیە و لە نەزانین هەڵقولاوە.

داعی ئیسلامی دەبێت شوێن شەریعەتەکەی خوا بکەوێت و بەس. دەبێت واز لەهەموو جۆرەکانی هەواو هەوەس بهێنێت. نابێت بە هیچ شێوەیەك لە ڕێ لابدات. تەنانەت بۆی نییە بڕگەیەکیش لە هەواو هەوەسی نەزان و نەفامانیش وەربگرێت. دەبێت ئەوەش بزانیت کە شوێن کەوتووانی هەواوهەوەس هەموو پشتی یەکتر دەگرن و وەك بەرەیەك دژی شوێن کەوتووانی شەریعەتی خوا دەوەستن، لەبەر ئەوە نابێت هەندێك لە شوێن کەوتووانی هەواوهەوەس بکاتە جێ هیوای خۆی. نابێت ئومێدی ئەوەی هەبێت کە تاقمێك لەوانە سەری دەخەن و لایەنگری دەبن! ئەم دینە گاڵتەو گەپ نییە، هەموو بەش و لایەنێکی جیددیە. بۆ ئەوە هاتووە حوکمی ژیان بکات بۆ ئەوە هاتووە خەڵکی بکاتەوە بە بەندەی خواو وایان لێ بکات تەنها ئەو بپەرستن. بۆ ئەوە هاتووە تا دەسەڵاتداری لە هێزە نا ڕەسەنەکان بسەنێتەوەو بیداتەوە بە خوای گەورە. تا هەموو کاروبارێك، گەورەو

بچوك بگەڕێنێتەوە بۆ شەریعەتەکەی خواو بەس. نەك بۆ ڕاو ڕێساو یاسای هەواو هەوەس. شەریعەتی خوا بۆ ئەوە هاتووە تا حوکمی هەموو ژیان بکات. تا بە ئەحکامەکانی خۆی ڕووبەڕووی کێشەو پێداوویستیە واقعیەکانی ژیان ببێتەوە و تا حوکمی خوا بەپێی قەوارەو شێوەو گەورەیی یا بچوکی ئەو کێشانە دەربکات. ئەم دینە بۆ ئەوە نەهاتووە ببێتە نازناوو دروشمی شان و شەوکەتی ئەم و ئەو، شەریعەتەکەشی بۆ ئەوە نەهاتووە ببێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەو باس و خواسی تێوری دوور لە واقیعی خەڵکی. ئیسلام ووشەیەك نییە هەر بەسەر زماندا بێت و بەس. بەڵکو ئیسلام بریتییە لە بەرنامەو پێڕەوو پرۆگرامێکی تەواوی ژیان. کە حەتمەن کەندو کۆسپ و بەندەنی زۆر دێتە ڕێی هێنانەوەو بوژانەوەو حوکم پێ کردنی. چونکە بانگەوازەکەی بزاڤێکی واقیعیە.

بەرنامەیەکە لەسەر ڕێسای (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه) و لە جیهانی واقیعدا دێتە دی. ئیسلام ڕەنجی ئەوە دەدات کە هەموو خەڵکی بگێڕێتەوە سەرپەرستنی خوای ڕاست و تاك و تەنها.

ئیسلام دەیەوێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵنێت بۆ وەرگرتن و ڕاپەراندنی حوکم و شەریعەتی خوا.. ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە دەست و پێی تاغووتەکان زنجیر کات. ڕەگ و ریشاڵی ستەمیان لە ناخ و بێخەوە هەڵکێشێت چونکە دەست درێژی کردۆتە سەر خوایەتی خوای گەورەو دەسەڵاتەکەی ئەویان بۆ خۆیان زەوت کردووە. بۆ ئەوە هاتووە تا مافی خەڵکی دابین بکات و دادی کۆمەڵایەتیان بۆ

بهێنێته دی.. بۆ ئەوەی سەرزەمین ئاوەدان بکرێتەوەو ئەرکی جێ نشینێتی خوای گەورە بەگوێرەی دینەکەی جێبەجێ بکرێت. ئەمانەش هەمووی ئەمانەتن و هەر کەسێك بەتەواوی پارێزگاریان نەکات، ئەوە خیانەتی کردووە! خیانەتی لەو پەیمانە کردووە کە بەخوای خۆی داوەو ئەو (بەیعەت)ەی هەڵوەشاندۆتەوە کەبەڵێنەو بە پێغەمبەری پێشەوای داوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ) الانفال/ ٢٧ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خیانەت لەخواو پێغەمبەرەکەی مەکەن، خیانەتیش لەو ئەمانەتە مەکەن کە خراوەتە ژێر دەستتان. خیانەت دەکەن لە کاتێکدا کە خۆشتان چاك دەزانن ئەوە خیانەتە..

دین یاساو ڕێساشە

ئەم ئیسلامە شەریعەتەکەشی وەك عەقیدەکەی وایە. لە ناساندن و حوکمدانی شیرك یان لە ناساندن و حوکمدانی ئیسلامەتی. چونکە شەریعەتەکە هەر لە عەقیدەکەوە وەرگیراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە شەریعەتی ئیسلام هەر عەقیدەکەیەتی. چونکە شەریعەت کاروکردەوەو هەڵوێستی واقیعی عەقیدەکەیە، ئەمەش ڕاستیەکەو لە قورئانی پیرۆزدا زۆر چاك ڕوون کراوەتەوە. ئەمە ئەو (واتا) یەیە کە دین بە شوێن کەوتووانی خۆی دەبەخشێت. بۆیە دەبینیت سەدان سەدەیە بە هەزاران شێوەی پیسی فێڵاوی هەوڵ دەدرێت بۆ شێواندن وشێواوکردنی ئەم ڕاستیە لەدڵی شوێن کەوتووانی ئەم دینەدا تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە کێشەی حاکمێتی خوای گەورە لە کێشەی عەقیدە

جویێ بکرێتەوە، نەك لە دڵی دوژمنە لێزانەکانیدا، بەڵکو لە دڵی موسوڵمانان بە گشتی و تەنانەت لە دڵی بیرو دیدی خوێن گەرمەکانیشیاندا بووە بە شتێکی جوداو دوورو بچوکی وا کەس دڵی بۆی دانەخورپێت و غیرەتی بۆی نەجوڵێت! کەس دڵ و دەروونی بۆ ئەم لایەنە عەقائیدیە گرنگە نەجۆشێت! وەکو کە بۆ مەسەلە عەقائیدییەکانی دەجۆشێت. گەیشتە ئەوەی کە ئەو کەسەی لە حوکمی ئیسلام دەرچووەو بە ئیسلام رازی نییەو نایەوێت، کەس بە کافرو لە دین بەدەرو پاشگەز بووەوەی حسێب نەکات!! کەس ئەم جۆرە کەسانەی پێ کافر نییە کە لە (شەریعەت)ی خوا دەرچوون و نایانەوێت و خستویانەتە کەنار، وەکو کە ئەو کەسانە بە کافر دادەنێت کە لە (عەقیدە) و (پەرستن) دەرچوون و کارکەناریان کردوون. چونکە مەسەلەی عەقائیدێتی شەریعەتەکە لە دڵ و دەروون و بیرو بۆچوونی خەڵکیدا نەماوە.. بە لقێکی سادەو کەم بایەخی دینداری دەژمێرن!! بەڵام ئیسلام هیچ جیاوازییەك ناخاتە نێوان سێ گۆشەی (عەقیدە) و (پەرستن) و (شەریعەت). واتە یاساورێسا. ئەمە راستیەکە لە دڵ و دەروونی موسوڵمانانی پێشوودا قەناعەتێکی بەڵگەنەویست بوو. بەڵام ئەم هەموو دام و دەزگا و شێوازە مەشق پێ کراوە زیرەکانەی سەدان سەدەیە لە هەوڵ و کۆششی ئەوەدان کە ئەو سێ گۆشەیە لێك بترازێنن. ئەوەبوو وای کرد کە مەسەلەی حاکمێتی خوای گەورەو سەروەری شەریعەتەکەی ئاوا لاوازو کرژو بێ قەدر بکەوێت! تەنانەت لە دڵی خوێن گەرمەکانیشدا ئاوا بووبێت بە مەسەلەیەکی سادەو کەم بایەخ!!گەرچی قورئانی پیرۆز چەندەها ئایەتی لەسەر ئەم کێشەیە هێناوەتەوە..

ئەو کەسانەی کە حوکمی (شیرك) بە سەر بت پەرستێکدا دەدەن، بەڵام لە حوکمی تاغووتێکدا یان لە حوکمی ئەو کەسەدا کە حوکم و دادوەری تاغووتی پێ قبوڵە و پێی ڕەوایە، سڵ دەکەنەوە، ئەوانە بە ڕێك وپێکی قورئان ناخوێننەوە و شارەزای سروشتی ئەم دینە نین. با هەموو قورئان بخوێننەوە. با ئایەتەکانی بە جیددی وەرگرن. با سەرنج دەنە ئایەتی: (وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ)الانعام/١٢١ واتە: ئەگەر مل کەچیتان کردن، ئەوا ئێوەش موشریکن!

زۆر کەسی خوێن گەرم و دڵسۆز، لەوانەی بە تەنگ ئەم دینەوە دێن زۆرجار- بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن- خەنجەری ژەهراوی لە جەرگی ئەم ئیسلامە ئازیزە دەدەن! بەوەی کە بایەخ بە هەندێ شتی لاوەکی دەدەن. ئەوانە بەم کارەیان ئەو تۆزە باوەڕو وورەو ووزەیەش کە لەدڵی خەڵکیدا ماوە، لەم لایەنە لاوەکی و کرچ و کاڵانەدا بەفیرۆی دەدەن. ئەوانە بە خۆیان نازانن کە وەرنەگرتنی ئەو سێ روکنی ئەو سێ گۆشەیە (عەقیدەو پەرستن و شەریعەت) پێکەوە، کارێکی ناپەسەندەو زۆر دژوارە کە دەربارەی ئەم بارودۆخە جاهیلیە دەیدەن. بڕیاری ئەوەی گوایە دین لەو کۆمەڵگە جاهیلیانەدا ماوەو (بەتەواوی)ش ئەنجام دەدرێت. هیچی لێ پشت گوێ نەخراوە! مەگەر جارجارە -لێرەو لەوێ- گوناهێك،سەرپێچیەك یان خراپەیەك بکرێت! کە پێویستە راست بکرێتەوە!!ئەم بڕیارە دژوارە دەدەن لە کاتێکدا کە دین هەر لەسەرەتاوە، لەسەر بناغەو روکنی (بوونی قەوارە و کیان) دەوەستێت. واتە ئیسلام حەتمەن دەبێت لە سیستم و کۆمەڵگە و بارودۆخێکدا دەربکەوێت، کە حاکمێتی بۆ خوایەو بەس.. دەرکردنی یاساو رێسا هی خوایە نەك هی مرۆڤ..

بوونی قەوارەو کیانێك بۆ دین پێویستە.. ئەویش پەیوەستە بە بوون و چەسپاندنی حاکمێتی خوای گەورە. ئەگەر حاکمێتی دینی خوا پیادە نەکرا یەعنی هەموو دینی خوا پەك خراوە.. ئەو کێشە گەورەیەی ئێستا دین تووشی بووە، بوونی دەسەڵاتی ئەو هەموو تاغووتانەیە کە دەست درێژیان کردۆتە سەر خوایەتی خوای گەورە و دەسەڵاتی خوایەتیان بۆ خۆیان زەوت کردووە. مافی دارشتنی یاساو رێساو دەستور (شەریعەت) یان بە خۆیان داوە! بەوەی کە حوکمی گیان و سامان و وەچەیان خستووەتە ژێر رکێفی خۆیان و بە پێی هەواو هەوەسی خۆیان یان هی کەسانی تر داوەریان تێدا دەکەن! ئەمەش هەر هەمان کێشە بوو کە قورئانی پیرۆز -هەر لە سەرەتای هاتنە خوارەوەیەوە- بەم هەموو فەرمان کردن و بەرهەڵستی کردن و بڕیارو قەدەغە کردن و ڕوون کردنانەیەوە ڕووەو ڕووی دەبووەوە.. هەر ئەم کێشە سەرەکیە بوو کە قورئان زوو زوو باسی دەکردو بەلایەنی باوەڕ بەخواوەی دەبەستەوە کێشەی یاساو رێسا دانانی بەخوایەتی خواو پەروەردگارێتی خواوە دەبەستەوە. ئەم کێشەیەش بوو دەکرایە تەرازوو جاهیلیەتی پێ دەکێشرا.. دەبووە پێوەرو نیشانەی ناسینەوەی ئەحکامی کوفر یان ئەحکامی ئیسلامی.. کافرێتی خەڵکی یان ئیمانداریيان.. واقیعەکەی پێ جودا دەکرایەوە.. بەهەرچی تێدا بوو: عەقیدەو فیکر، پەرستن، رەوشت و نەریت، کۆمەڵگەو دەسەڵات.. هتد. حوکمی هەریەکێك لەو موفرەداتانە (کە ئایا ئیسلامیە یان جاهیلیە) بە پێناسەی ئەم کێشەیە دەکرا.. واتە شەریعەت بڕیاری دەدا حوکمی ئەم واقیعەو هەرچی پێکهاتەکانێتی چییە؟

لە ڕاستیدا شەڕە سەختەکەی ئیسلام لە پێناوی سەلماندنی (بوون)ی خۆیدا دەیکرد بەرامبەر جاهیلیەت، شەڕی ئیسلام و بێ باوەڕی (ئیلحاد) نەبوو، تا لەو کات و ئاست و دۆخەدا کۆتایی پێ بێت کە (دینداری) دێتە دی! هەروەها شەڕێك نەبوو دژی خراپەکاری کۆمەڵایەتی و داوێن پیسی بەدکاری بێت و بەس.. ئەمە شەڕە بۆ ئەمانەش بەرپا بوو.. شەڕی ئەمانەش کرا بەڵام دوای بردنەوەی شەڕی سەختی سەلماندنی (بوون)ی ئەم دینە شەڕە سەختەکەی یەکەم جاری ئیسلام بۆ ئەوە بوو کە بزانرێت ئایا کێ حوکم دەکات؟ واتە (بوون) هی کێیە؟

بۆیە ئیسلام هەر لە قۆناغی مەککەیەوە شەیپووی ئەم جەنگەی لێدا. هەر لەو کاتەدا کە عەقیدەکەی لە دڵ و دەروونی شوێن کەوتووەکانیدا دادەمەزراند.. هەر ئەو کاتە، پێش ئەوەی باسی سیستم و باس و بڕگەی شەریعەتەکەی بکات.. ئەو شەڕە دژوارەی بۆیە دەکرد تا بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە تەنها خوای گەورە مافی حاکمێتی هەیە. هیچ کەس - تەنانەت چاکترین موسوڵمانیش- نەك هەر ئەوەندەی حەددی ئەوەی نییە ئەو مافە بدات بەخۆی یان بەکەسێکی تر، بەڵکو نابێت بهێڵێت کەسیش لە خوای زەوت کات چ بۆ خۆی چ بۆ کەسانی تر بەهیچ شێوەیەك!

دوای ئەوەی ئەم کێشە سەرەکیە بەتەواوی لە دڵ و دەرونی شوێن کەوتووانی ئیسلامدا -لە مەککە-جێگیر بوو، ئیتر ڕاپەڕاندن و جێ بەجێ کردنی هەموو دەستورو یاساکانی شەریعەتی ئیسلام –لە مەدینە- ئاسان بوو.. کۆسپی نەدەهاتە رێ. چونکە پێشتر تاك و کۆمەڵ تەسلیم بە دینەکە بوو بوو، قەناعەتی تەواویان

بە تەنهایی خوایەتی خوای گەورە کرد بوو لە (عەقیدەو پەرستن و شەریعەت)دا.. ئێستا ئەو خوێن گەرمانەی سۆز بۆ ئەم ئیسلامە دەکەن، با باش تێفکرن -وورد ببنەوە- بزانن ئەوان لە چ باس و خواسێك دان و ئیسلامیش داوای چی لێ کردوون. بەڵام پێش هەموو شتێك با لە راستی (واتای دین)ە کە تێ بگەن، ئەوجا سەیری حاڵی خۆیان و دەوروبەریان بکەن..

ئەم خەڵکە ئەم دینەیان لێ تێکچووە، بۆیە لێی دوور کەوتوونەتەوە. بۆیە ئا بەو شێوەیە وازیان لە ئیسلام هێناوەو بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن لێی هەڵگەڕاونەتەوە!! ئەمە نەخشەی دوژمنانی خوادوویستیە کە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا باسی کردوون و دەرهەقیان دەفەرموێ: (لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُواْ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ) الانعام/١٣٧واتە: تا لە دینەکەیان پاش گەزیان بکەنەوەو دینەکەیان لا بشێوێنن..

ماناو واتای دین ئاوا داخزێنراوە. زاراوەکانی یەقیان کردۆتەوەو بێکار کەوتوون. بۆیە ئا ئەم هەموو خەڵکەش دەبینیت بیر ئاڵۆزو دید لێڵ و وێڵن.. بیرو هۆشێکی تەواویان دەربارەی دینەکە نییە.



ناسینەوەی جاهیلییەت

ئەم هەموو ئایدیۆلۆژی و بیروباوەڕە تێکەڵ و پێکەڵانە. ئەم هەموو خوونەریتە کۆمەڵایەتیانە لەو بیرو باوەڕانەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەردووکیان تین و تەوژمێکی وا دروست دەکەن، زۆر قورسترە لەو پاڵە پەستۆ کۆمەڵایەتیەی جاهیلیەتی پێشان دروستی دەکرد.. ئەوەتا ئێمە خۆمان لە چەندەها شێوازی جۆربەجۆردا -لەجاهیلیەتی نوێدا- دەبینین!

ئەم هەموو خوو نەریتە قورسەی خەڵکی تووشی سەدان ناڕەحەتی و دەردەسەری کردووە، کە ناشتوانن لەسەر خۆیانی لادەن. یان هەر نەبێت کەمێك سوکتری کەن. پێشانگاکانی جل وبەرگ. ئەم هەموو جۆرە مۆدێلە گیرفانی ئەو خەڵکە داماوەی هەڵتەکاندووە! ئەم (باو)ە نوێیانەی کە ژیان و بایەخیان دەخوات و خووڕەوشتیان دەشێوێنێت و ژیانیان هەراسان دەکات. ئەو خەڵکە ناچاریشن ملی بۆ کەچ کەن و خۆ بدەن بەدەم شەپۆل و تەوژمە بەتینەکانییەوە! مۆدێلی جل و بەرگی بەیانیان، بەرگی دوای نیوەڕوان، بەرگی ئێواران، جلی گەڕان، جلی ئاهەنگ، جلی کورت، کاڵای تەسك و تەنگ. جلی هەزەلی سەیرو سەمەرە!! یان ئەو هەموو کەرەستەو ئامرازانەی خۆجوان کردن: مکیاج، چاووبرۆ هەڵگرتن، قژ بڕین، گەڤگە کردن. مێش، کرۆڵ، خز.. ئەم هەموو مۆدێلانە خەڵکی زەلیل کردووە.. تۆ بڵێی هەروا لە خۆوە دروست بوو بن؟ یان کەس و دەزگاو دەسەڵاتداری لە دواوەیە؟ کێیە وا بەو تەوژم و لافاوە رادەرە ئەو خەڵکە نەفامەی خستۆتە پێش خۆی؟ بێگومان ئەوەی ئەم پیلان گڵاوانە دادەرێژێت، ئەو

پێشەنگایانەن کە بۆ مۆدێلی جل و بەرگ خانەی پۆشاك (بیوت الازیاء) دادەمەزرێنن.. ئەو پارە دارە سووخۆرانەی بانکەکانن. ئەوانەی پارەی خۆیان لەو کۆمپانیایانەدا دەخەنە گەڕ، تاوەك زەڕوو رەنجی خەڵکی بکەنە بەرهەمی خۆیان.

ئەوی کارگێڕی راستەقینەی ئەم دەزگا گڵاوانەیە جوولەکەکانن ئەو جولەکانەن کە دەیانەوێت هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی برمێنن، تا خۆیان ببنە دەسەڵاتداری جیهان و تەنها خۆیان حاکمی بن! ناشیانەوێت بەهێزی سوپاو سەربازو چەك و ئاڕاستەی بکەن تا دەیگەنێ، بەڵکو بە بیروڕا، بەنەریت، بەو ئایدیۆلۆژیە شەیتانانەی لە قاڵبی رۆشنبیریدا دایدەڕێژن. تا بتوانێت پاڵەپەستۆ لەسەر خەڵکی دروست بکات و تین و فشار بۆ خەڵکی بەشێوەیەك بهێنێت تا ئەو دیاردە نامۆو دوژمنکارانە دەبنە (نەریتە کۆمەڵایەتی)! چونکە ئەوانە چاك دەزانن کە تیۆری ڕووتی و رۆڵێکی وا کاریگەری نابێت. بەڵکو دەبێت ئەو تیۆرانە لە سیستم و یاساو رێساو بارودۆخی کۆمەڵگەکەیدا گەشە بکات و ببێتە روکنی ژیان! ئەمە کاری شەیتانە شەیتان. شەیتانی جنۆکەو مرۆڤین. ئەمە هەر جاهیلیەتەکەی جارانە، بەڵام لە شێوازو وێنەو رادەو دیاردەیدا گۆڕاوە. ئەمە هەر ئەو جاهیلیەتەی زووە، بەڵام لە قاڵب و دیکۆرێکی تردا هاتووە.. مەگەر نابینیت ئەمیش لەسەر هەمان قەد راوەستاوەو لق وپەل وچڵەکانیشی هەر وەکو لق و پەل و چڵەکانی جاهیلیەتی پێشووە دە حەتمەن بەرهەمەکەشی هەروەکو بەرهەمی زەقنەبووتی جاهیلیەتی پێشوو دەبێت.

ئێمە ئەگەر لەو جاهیلیەتەی خوای گەورە لە قورئانەكەیدا باسی فەرمووە، واتێ بگەین كە جاهیلییەت بیرو باوەڕو دیدو تێڕوانین و سیستم و نەریتێكی رابوردووە، ئەمە ستەمێكی گەورەیە و لە ئیسلامی دەكەین. چونكە قورئان باسی یەك جۆر بارودۆخی جاهیلی ناكات. بەڵكو باسی هەموو جۆرە جاهیلییەتێك دەكات. لە هەر زەمانێكدا بێت. هەروەها قورئان هەمیشە بریتی بووە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی واقیعە مونحەریفەكان.. هەوڵدان بووە بۆ راست كرنەوەو هێنانەوەیان بەرەو پەیامی خواوویستی. زۆربەی زۆری تاغووتەكانی ئەمڕۆ كە سەركردایەتی جاهیلییەتی نوێ دەكەن ناتوانن - وەكو كۆمۆنیستەكان- هەڵەوەڕی بكەن و ئینكاری بوونی خوای كردگار بكەن و بە ئاشكرا دژی دین راوەستانەوە. بەڵكو پەنا دەبەنە بەر شێوازی فێڵاوی و نەگریس. دەڵێن: ئێمە رێزی دین دەگرین. هەر لە خۆشمانەوە دینی تر ناهێنینە كایەوە. بەڵكو هەموو دەستورو یاسایەكمان -كە بۆ كۆمەڵگەی دادەرێژن- هەر لەسەر بناغەی ئیسلام دادەڕێژین! ئەمەش شێوازێكی فریودانی شەیتانانەی زۆرگڵاو! زۆر لە شێوازی كۆمۆنیستە مولحیدەكان خراپترە. چونكە ئەمان ئەوتۆزە هەست و سۆزە دینییە ئاڵۆزەی كە لە دڵ و دەرونی خەڵكەكەدا ماوە، مەستی دەكەن. ئەگەر چی ئەم هەست و سۆزە هەتیوە بریتی نییە لە ئیسلام. چونكە ئیسلام پێڕەوو پرۆگرامێكی واقیعی رۆشنە. نەك ئەو هەست وسۆزە ئاڵۆزە بە ئاڕاستەیە.. ئەوجا ئەو لێزانانە دێن وسروشت وسۆزە دینییەكەی ئەو خەڵكە عاتفیە لە قاڵبی جاهیلییەتێكدا دادەڕێژن ئەمەش نەخشەیەكی زۆر دژوارو شێوازێكی زۆر شەیتان و فێڵاویە. لەولاوە تاغوتەكان بەنەخشەیەكەوە خەریكن و لەملاشەوە زۆر لە خوێن گەرمە عاتفیەكانی ئیسلام

هەموو رەنج و کۆششیان لە نەهێشتنی خراپەکاری بچوك بچوکدا خەرج دەکەن و ووزەی خۆیان لەلایەنێکی (لقی)انەی ئیسلامەوە دەخەنە گەڕ، کە کارێکی ئیجابی راست ناکاتە سەر بارودۆخە جاهیلییەتە موشریکەکەیان کە مافی خوایەتی خوای بۆ خۆی زەوت کردووە. ئەو موسوڵمانە خوێن گەرمانە بەم سۆزە دینییە نارێکەیان بارودۆخی جاهیلیە موشریکەکان بە ئیسلام سواغ دەدەن و پۆشاکێکی دینداری بەبەردا دەکەن و شەرعێتیەکی تێ هەڵدەسوون!! ئەم کارە دژوارو ترسناکەشیان بڕیاردانێکی لاوەکی (غیر مباشر)ە کە گوایە ئەم بارودۆخە (جاهیلی)انە لەسەر بناغەی ئیسلام دامەزراون و ناشەرعی نین! تەنها ئەوەندەیان هەیە کە جارجارە لێرەو لەوێ گوناحێك دەکرێت! یان سەرپێچیەك لە فەرمانی خوای گەورە لە گۆشەو کەنارێکدا دەکرێت، لە لقە یاسایەکدا، یان لە حوکمێکی سادەدا!!

ئێمە زۆر پێویستمان بە بیرخستنەوە هەیە. چونکە رەنجی شەیتانەکان و پیلانە گڵاوەکانیان هاتۆتەوە بەرو واتای سەرەکی ئەم دینە پاکەیان لە مێشکی خەڵکیدا گۆڕیووە.. کارێکی وایان کردووە کە کەس حاکمێتی خوای گەورەو سەروەری شەریعەتەکەی بە بەشێك لە عەقیدە نازانێت. تەنانەت لای خوێن گەرمە دڵسۆزەکانیان مەگەر نابێت چۆن ئەو هەست پاکانە هەر خەریکن بۆ راست کردنەوەی دروشمێکی پەرستن (بە لابردنی بیدعەکەی یان خەریکی بەرهەڵستی خووڕەوشتی بچوکن (وەك پێکەوە رۆیشتنی کوڕو کچێك کە مەحرەمی یەکتر نین)

یان ڕەنجی ئەوە دەدەن لقە یاسایەك ڕاست کەنەوە کە پێچەوانەی شەریعەتی خوایە (وەك حوکمی سێ بەسێی تەڵاقدان)! کەچی هیچ قسەیەك دەربارەی حاکمێتی و گرنگی حاکمێتی و سەروەری شەریعەت لە ئیسلامدا ناکەن! دژی خراپە بچووکەکان ڕادەوەستن و هەوڵی گۆڕینیان دەدەن، کەچی واز لە خراپەی هەرە گەورە دەهێنن کە بریتییە لە دانەمەزراندنی ژیان لەسەر بناغەی خواوویستی، بناغەی دژ بە یەکخواناسی، واتە لەسەر بڕیارو بیرو هۆشانێکە کە تەنها خوای گەورە بە حاکم دادەنێت. خۆ خوای گەورە پێش هەموو شتێك ئەوەی بە خەڵکی فەرمووە کە هیچ جۆرە شەریکێك بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن. ئەمە ئەو ڕێسایەیە کە خەڵکی موسوڵمانی لەسەر پەروەردە دەبێت، دەبێت هەڵوێستی یەکەمی موسوڵمان دەربارەی هەر عەقیدەیەکی دژ بە ئیسلام، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەبێت بریتی بێت لە ڕەتکردنەوەو دوور کەوتنەوەو توخن نەکەوتنی. هەروەها دەبێت هەمان هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بە هەر دەستورو هەر یاساو ڕێساو هەر سیستەم و هەر بارودۆخێك کە بڕیاری تەنها حاکمێتی خوا نادات.

دەبێت هەڵوێستی ڕەتکردنەوەو تەبەڕرابوون بێ لێی. هەر لە یەکەم ساتی ناسینییەوە دەبێت ڕەفز بکرێتەوە پێش ئەوەی بچێتە نێو باسی ئەو لق و چڵانەوە کە لەگەڵ هەندێك لق و خاڵی ئیسلامدا یەك دەگرنەوە.

هەرکەسێك، هەر کۆمەڵێك، هەر میللەتێك یاساو دەستوری مرۆڤیان وەرگرت و پەیڕەویان کرد، ئەوا ئەو مرۆڤانەیان پەرستووە. ئەوە ئەو مرۆڤانەی ئەو

دەستورەیان بۆ داناون، ئەمان بەخوای خۆیان داناوە! ئەمە ڕوون کردنەوەو ڕاڤەی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە دەربارەی پیاوانی دینی جولەکەو دیانەکان (ئەحبارو روهبانەکان) فەرمووی: کە ئەو دوو میللەتە ئەحبارو روهبانەکانی خۆیان لە جێی خوا دانا بوو: (کاتێك عەدی کوڕی حاتەم هاتە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گوێی لێ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ)التوبة/٣١ واتە: حیبرو ڕاهیبەکانی خۆیان کرد بووە خواو لە جێی خوای پەروەردگار دایان نابوو. عەدی ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، کوا ئەوان ئەو حیبرو ڕاهیبانەی خۆیان پەرستووە؟! پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (بَلَى إِنَّهُمْ أَحَلُّوا الْحَرَام وَحَرَّمُوا لَهم الْحَلَال، فَاتَّبَعُوهُمْ فَذَلِكَ عِبَادَتهمْ إِيَّاهُمْ)[1] واتە: بەڵێ ئەوان حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن

---

[1] ئەم حەدیسە ریوایاتی تری زۆرەو زۆرینەی ئەهلی تەفسیر لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەی ٣١ ی سورەتی التوبةدا هێناویانەتەوە، چونکە ابن عباس حذیفة بن الیمان و هی تریش لە یاوەران ریوایەتیان کردووە لەوانە ابن جریر لە ژێر ژمارەی ١٦٦٣١-١٦٦٣٢. الترمذي/ژمارە ٣٠٩٥ وابن کثیر لە تەفسیرەکەیدا (٣١٨/٢) و ابن القیم لە هدایة الحیاري ٢٧/١ بە دوورو درێژی هێناویانەتەوە کردوویانە بە بەڵگە بۆ بە کافر دانانی هەر کەس یاسای پێچەوانە بە شەریعەتی ئیسلام دارێژێت.. ابن کثیر دەفەرموێ: رَوَى الْإِمَام أَحْمَد وَالتِّرْمِذِيّ وَابْن جَرِير مِنْ طُرُق عَنْ عَدِيّ بْن حَاتِم رَضِيَ اللَّه عَنْهُ أَنَّهُ لَمَّا بَلَغَتْهُ دَعْوَة رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرَّ إِلَى الشَّام وَكَانَ قَدْ تَنَصَّرَ فِي الْجَاهِلِيَّة فَأُسِرَتْ أُخْته وَجَمَاعَة مِنْ قَوْمه ثُمَّ مَنَّ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى أُخْته وَأَعْتَقَهَا فَرَجَعَتْ إِلَى أَخِيهَا فَرَغَّبَتْهُ فِي الْإِسْلَام وَفِي الْقُدُوم عَلَى رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَتَقَدَّمَ عَدِيّ إِلَى الْمَدِينَة وَكَانَ رَئِيسًا فِي قَوْمه طَيِّئ وَأَبُوهُ حَاتِم الطَّائِيّ الْمَشْهُور بِالْكَرْمِ فَتَحَدَّثَ النَّاس بِقُدُومِهِ فَدَخَلَ عَلَى رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَآله وَسَلَّمَ وَفِي

و حەڵاڵیشیان لێ حەرام دەکردن. ئەمانیش پێڕەویان دەکردن (واتە مل کەچی تەعلیماتەکانیان بوون و پێوەی پابەند دەبوون). ئەمەشە پەرستنی ئەو قەشەو حیبرو راهیبانە.



عُنُق عَدِيّ صَلِيب مِنْ فِضَّة وَهُوَ يَقْرَأ هَذِهِ الْآيَة" اِتَّخَذُوا أَحْبَارهمْ وَرُهْبَانهمْ أَرْبَابًا مِنْ دُون اللَّه" قَالَ: فَقُلْت إِنَّهُمْ لَمْ يَعْبُدُوهُمْ فَقَالَ" بَلَى إِنَّهُمْ حَرَّمُوا عَلَيْهِمْ الْحَلَال وَأَحَلُّوا لَهُمْ الْحَرَام فَاتَّبَعُوهُمْ فَذَلِكَ عِبَادَتهمْ إِيَّاهُمْ" وَقَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ" يَا عَدِيّ مَا تَقُول؟ أَيَضُرُّك أَنْ يُقَال اللَّه أَكْبَر؟ فَهَلْ تَعْلَم شَيْئًا أَكْبَر مِنْ اللَّه؟ مَا يَضُرّك أَيَضُرُّك أَنْ يُقَال لَا إِلَه إِلَّا اللَّه فَهَلْ تَعْلَم إِلَهًا غَيْر اللَّه؟ ثُمَّ دَعَاهُ إِلَى الْإِسْلَام فَأَسْلَمَ وَشَهِدَ شَهَادَة الْحَقّ قَالَ: فَلَقَدْ رَأَيْت وَجْهه اِسْتَبْشَرَ ثُمَّ قَالَ" إِنَّ الْيَهُود مَغْضُوب عَلَيْهِمْ وَالنَّصَارَى ضَالُّونَ" وَهَكَذَا قَالَ حُذَيْفَة بْن الْيَمَان وَعَبْد اللَّه بْن عَبَّاس وَغَيْرهمَا فِي تَفْسِير" اِتَّخَذُوا أَحْبَارهمْ وَرُهْبَانهمْ أَرْبَابًا مِنْ دُون اللَّه" إِنَّهُمْ اِتَّبَعُوهُمْ فِيمَا حَلَّلُوا وَحَرَّمُوا وَقَالَ السُّدِّيّ اِسْتَنْصَحُوا الرِّجَال وَنَبَذُوا كِتَاب اللَّه وَرَاء ظُهُورهمْ وَلِهَذَا قَالَ تَعَالَى"وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا" أَيْ الَّذِي إِذَا حَرَّمَ الشَّيْء فَهُوَ الْحَرَام وَمَا حَلَّلَهُ فَهُوَ الْحَلَال وَمَا شَرَعَهُ اُتُّبِعَ وَمَا حَكَمَ بِهِ نَفَذَ " لَا إِلَه إِلَّا هُوَ وَلَا رَبّ سِوَاهُ.

لە دین لادان

ئێمە لەم زەمانەی خۆماندا، زۆر جۆر شیرك لەناو ئەو كەسانەدا دەبینین كە لافی ئیسلامەتی و یەكخواناسی لێ دەدەن. پلە بە پلەی شیرك بەچاوی خۆمان لە هەڵس و كەوتیاندا دەبینین.. ئەمڕۆ خەڵكی جۆرەها خوایان هەیە كە ناویان (نەتەوە) و(نیشتمان) و(گەل) و.. هتد. ئەمانە هەمووی بتن. بەڵام وەكو شێوە سادەكەی جاهیلییەتی جاران پەیكەری دارو بەردی بۆ دانەتاشراوە. بەڵام هەر هەموویان سیفاتی خوایەتیان بۆ دانراوە. قوربانیان بۆ دەكریت و خوین و گیان لە پێناویدا دەدرێت. هەر وەكو كە لە بەردەم بتەكانی پێشوودا سەر دەبڕران. خەڵكی ئەمڕۆش باوەڕیان بە بوونی خوا هەیە. بەڵام تەعلیماتەكانی دەخەنە پشت گوێ! و شەریعەتەكەی دەخەنە كەنار! لە كاتێكدا كە تەعلیمات و داواكاریە قورسەكان ئەو بتانە بە (پیرۆز) دەزانن، گەرچی پێچەوانەی فەرمان و شەریعەتەكەی خواشن! بگرە زۆرجار هەر بە تەواوی واز لە شەرعی خوا دەهێنرێت.. جا ئەگەر ئەمە خوایەتی نییەو ئەمەش شیرك نییەو ئەوانەش موشریك نین؟! ئەدی فرە خوایەتی و شیرك و موشریك چین و كێن و چۆنن؟! ئەمانە هەمووی شیركن و لە جاهیلییەتە بۆگەنەكەی ئەمڕۆدا بوونەتە دیاردەو رواڵەت و جەوهەر.. جاهیلییەتی پێشوو زۆر لە جاهیلییەتی ئەمڕۆ بە ئەدەبتر بوون چونكە لە جاهیلییەتی پێشوودا ئەو بتانە -لە جێی خوا- دادەنران و قوربانیان بۆ دەكرا، وەك شەریكی خوا دادەنران.. واتە هاوبەشی بوون و

دەسەڵاتی خوا بوون.. لە هەست و سۆزی خەڵکە موشریکەکەی پێشوودا، خوای گەورە هەر پاك و بەڕێزو بێ خەوش دەژمێررا.. بەڵام لە جاهیلییەتی ئەمڕۆدا ئەو بتانە بە بەرزترو بەڕێزتر دادەنرێن! داواکاری و فەرمانەکانی ئەو بتانە - بێ چەندوچوون و بێ سڵکردنەوە- رادەپەڕێنرێن. کەچی شەریعەتەکەی خوا وازی لێ دەهێنرێت و کار کەنار دەکرێت! ئێمە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین گەر واحساب بکەین کە بتپەرستی تەنها لەو شێوە سادەو ساویلکەی بت دانان و پەرستن و قوربانی بۆ کرنەکەی جارانە!

یان وابزانین تەنها ئەو جۆرە پەرستن و نەزر بۆ کردن و چەمانەوە کڕنووش بۆ بردنەی جارانە، یان وابزانین هەر بەو ئیعتبارەی جارانن کە گوایە تکاکار (شافع)ی لای خوای پەروەردگارن!

لە ڕاستیدا ئەوەی کە گۆڕاوە تەنها جۆری بت و شێوەی بتپەرستیەکەیە. چونکە دروشمی پەرستنەکان ئاڵۆزتر بوون، ناونیشانی نوێیان لێنراوە.. ئەمما حەقیقەتی شیرکەکە هەر وەکو خوی ماوە. ئا ئەمەیە کە دەبێت ئاگادار بین و خەڵکیشی لێ ئاگادار بکەینەوە. نەهێڵین راستی نە لە خۆمان و نە لەو خەڵکەش بشێوێت، نەبادا ئێمەو ئەوانیش فریوی دوژمنان بخۆین خوای گەورە فەرمانی بە غیرەت و پیاوەتی و داوێن پاکی و چاکەخوازی داوە. بتەکانی سەردەمیش (پارە) و(بەرهەم) و(نەتەوە)و (نیشتمان)و هتد.. فەرمان دەدەن بە ڕووتیی ئافرەت و لەش فرۆشییان و چەوسانەوەو ڕوتانەوەی میللەتان.. باشە ئەو خوایە کامەیە کە

دەبێت فەرمان وتەعلیماتی راپەڕێنرێت؟ خوای پەروەردگارە یان ئەم بتە نوێیانەی سەردەم کە لە جێی خوا دانراون؟!

خوای گەورە فەرمانی داوە کە دەبێت ئەو عەقیدەیەی پەیوەندی هەموو خەڵکی بە یەکەوە دەبەستێت هەر عەقیدە بێت وبەس. بەڵام بتی نوێ (نەتەوایەتی) یان (نیشتمان) فەرمان دەدەن کە دەبێت پەیوەندی عەقیدە لە نێو تاکی کۆمەڵگەکاندا دوور بخرێتەوە! دەبێت (نەژاد) یان (هەستی نەتەوایەتی) ببێتە ئاڵقەی پەیوەندی نێوان خەڵکی!! باشە ئەو خوایە کامەیە کە دەبێت فەرمان و تەعلیماتی راپەڕێنرێت؟ خوای پەروەردگارە یان ئەم بتە نوێیانەی سەردەمن کە لە جێی خوای گەورە دانراون؟!.

ئەمانە هەمووی نموونەی ئەو گۆڕانانەن کە لەسەر زەمینی ئەمڕۆدا ڕوویان داوە. کە لە ڕاستیدا حەقیقەتەکانی بت پەرستی ئەمڕۆ دەردەخەن. حەقیقەتی بتەکان دەردەخەن. ئەو بتە نادیارانەی لە جێی بتە کۆنە دیارەکان دانراون و دەپەرسترێن.. بۆیە دەبێت زۆر بە حەزەر بین هەڵ نەخەڵەتێین، فریوو نەدرێین. دەبێت چاك بزانین کە شیرك و بتپەرستی وەکو جارانی نەماوە لە شێوەیەکی سادەو ساویلکەدا بێت.. شیرك و بتپەرستی هەر بەردەوامە و هەر ماوە. بەڵام شێوازو دیاردەو ڕواڵەتی بت و بتپەرستیە کە گۆڕاوە.

ئەگەر شەیتانەکانی جن و مرۆڤ لە ژێری مرۆڤایەتی بگەڕێن تا سەربەستانە ئەم واقیعە ببینێت، هەرگیز پێی رازی نابێت و نایەوێت. بەڵام ئەوی رێی لێ

دەگرێت هەواوهەوەس و ئارەزووی سەرانی گومڕایی و فریودانن. ئەوانەی وایان کردووە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی - دوای چواردە سەدەی تەواو لە هاتنە خوارەوەی قورئان- ئاوا واز لە دین بهێنێت و هەڵگەڕێتەوەو لەم شێوە نوێیەی جاهیلییەتدا بکەوێتەوە شیرك و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات.. لەو شەریکە بێ دەسەڵاتانەی هیچیان لەم گەردوونەدا دروست نەکردووە، بەڵکو خۆیان دروست کراون. کە ناتوانن لایەنگری هیچ کەسێك بن و سەری خەن، خۆشیان پێ سەر ناخرێت وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئاً وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ)الأعراف/١٩٢واتە: یان هاوبەشی وا بۆ خوا بڕیار دەدەن کە هیچیان دروست نەکردووە، بەڵکو خۆیان دروست کراون. هاوبەشی وا بۆ خوا بڕیارِ دەدەن کە ناتوانن وەدەست بهێنن وخۆشیان هەر سەرناکەون..

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆی هەروەکو دوێنێ پێویستی بەوە هەیە بەم قورئانە بدۆزرێتەوە پێویستی بە کەسێکە سەرکردایەتی بکاتەوە تا جارێکی تر لەجاهیلییەتەوە بهێنێتەوە بەرەو ئیسلام. تا لە شەوە زەنگی تاریکی کوفرەوە بیباتەوە بەرەو ئاسۆی روناکی باوەڕ.. پێویستی بە کەسێکە بێتەوە سەرلە نوێ بەم دینە دڵ و ژیری و دیدو بۆچوونی لەم بتپەرستیە نوێیە، لەم بێ مێشکیە نوێیەی دیسان تێیدا جمەی دێت رزگاری بکات. هەر وەکو لە یەکەم جاردا هەر بەم دینە رزگاری کرد بوو.. تا دڵ و دەرونەکان بە باوەڕهێنان بە حەقیقەتی یەکخواپەرستی ئاوەدان ببێتەوەو هەست و هۆشی پێ بخروشێتەوە. تا نەوەی نوێی مرۆڤایەتی ئەم گەشتە دوورەی سەرزەمینی لەبەر رۆشنایی رێنمایی خوادا ببڕێت.. بڕوات و چاوی

لە تەنها ئەستێرەکەی ئاسۆی ژیان بێت و لەڕێ لانەدات. بڕوات و پشتی بە تەنها سەرچاوەکەی بوون ببەخشێت لە ژیان و هێزو ڕۆزیدا تەنها سەرچاوەی سودو زیان.. تەنها سەرچاوەی دان و نەدان.. تا لە گەشتی درێژ خایەنی بەرەو ئەو سەرچاوەیدا رێك و راست بڕوات. بەرەوخوا.. هەر لەوێشەوە وەرگرێت و لەسەر رێبازی ئەویش بڕوات.. لا نەکات بەلای رێچکەی تەنگەبەرو بنبەست با ئاڵ و والاو رازاوەش کرا بن.. تا دڵنیا ترو هێمنتر بێت لە گەشتی گەیشتنە هیواو ئامانج.. بڕوات و بەحەزەر بێت. بزانێت گەورەکەی چی پێ خۆشە ئەنجامی بدات و چی پێ ناخۆشە توخنی نەکەوێت.. جا ئەگەر بەم رێبازەو بەرەو ئەو ئاواتەی پشتی بەو سەرچاوە لەبن نەهاتووە بەست و کەوتە رێ، گومانی تێدا نییە کە هەموو وورەو ووزەی لەو رێیەدا سەرف دەکات.. چونکە لەو حاڵەتە دابینەدا، پێی لەسەر زەمین قایمەو چاویشی لە خوای تاك و تەنهای زەوی و ئاسمانەکان بڕیووە.. خوای گەورە دەفەرموێ: (ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَاء مُتَشَاكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ)الزمر/٢٩ واتە: خوای گەورە نموونەی دوو پیاوی کۆیلە دەهێنێتەوە. کە یەکێکیان کۆیلەی چەند کەسێکە، کە هەمیشە ناکۆکییانە لەسەری. دووەمیشیان کۆیلەی یەك کەسە. ئایا هەردوو کۆیلەکە وەك یەکن؟ سوپاس بۆ خوا. بەڵام زۆریان نازانن.

خوای گەورە ئەم نموونە دەهێنێتەوە: نموونەی بەندەیەکی یەکخواپەرست و بەندەیەکی فرە خواپەرست. بەندەیەکیان کۆیلەی چەند کەسێکە، هەر یەکەیان

خاوەن حەزو ئاڕاستەیەکە لە ناو خۆیاندا ناکۆکییانە لەسەری و ئەویش سەرگەردان ماوە، نازانێت ڕوو لە کامیان کات و بە قسەی کامیان بکات!! هەر یەکەیان بەجۆرێك ئاڕاستەی دەکەن و هەر یەکەیان جۆرە فەرمانێکی بەسەردا دەدەن. ئەویش لە نێوان ئەم هەموو فەرمان و بەرهەڵستیەی ئەو بکەو ئەویان مەکەدا سەرگەردانەو نازانێت کامیان ئەنجام بدات. واقی وڕماوە.. سەری سوڕماوە. لەسەر هیچ رایەك خۆی پێ راناگیرێت! ناشتوانێت ئەم هەموو هەواو هەوەسە دژ بەیەك و تێکچڕژاوانە لێك هەڵاوێرێت و پێکەوە بیان سازێنییێت. ئەمە یەکێکیانە. ئەوی تریشیان: کۆیلەی یەك کەسە. دەزانێت چ فەرمانێکی بەسەردا دەدەن، چی لێ داوا دەکەن بۆیە خێرا وەری دەگرێت ورای دەپەڕێنێت، پاشان دڵنیاو هێمنانە ستار دەگرێت و دەحەوێتەوە. چونکە لەسەر یەك بەرنامەو یەك پڕۆگرامی ڕۆشن و بەرەو هیواو ئامانجێکی دیار هەنگاو دەنێت



باسی دووەم:مژدەو ئاگادار کردنەوە

(هَذَا بَلاَغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُواْ بِهِ وَلِيَعْلَمُواْ أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ)ابراهیم/٥٢ واتە: ئەمە مژدەیەو ڕوون کرنەوەیەکە بۆ خەڵکی، تا پێی ئاگادار بکەنەوەو بزانن کە خوا تاك و تەنهایە تا خاوەن ژیرەکان لە یادیان بێت.

مەبەستی سەرەکی ئەم مژدەو ئاگادارکردنەوەو ڕوون کردنەوەیە، ئەوەیە کە هەموو خەڵکی بزانن کە أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ: خوا تاك و تەنهایە. ئەمەش ئەو بناغەیە کە ئیسلام پرۆگرامی خۆی لە ژیانێکی واقیعدا لەسەر دادەمەزرێنێت. بێ گومان مەبەست لەمە تەنها زانین نییە. بەڵکو بریتییە لە دامەزراندنی ژیانیان بە گوێرەی ئەو زانینە. مەبەست لەمە: راپەڕاندن و جێ بەجێ کردنی دینەکەی خوایە. مادام هیچ کەس و هیچ شتێك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای پەروەردگار، کەوا بوو هەر دەبێت ئەو بپەرسترێت و هەر ئەویش حاکم و سەرۆك و سەروەرو هەڵسوڕێنەرو یاسادانەرو ڕێنیشاندەر بێت. ئەوجا دامەزراندنی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش لەسەر ئەم بناغە بێت. ئەمەش جیاوازیەکی سەرەکی هەیە لەگەڵ ژیانی هەموو جۆرە کۆمەڵگەیەکی تری مرۆڤایەتیدا، کە لە سەر بناغەی خوایەتی مرۆڤ دامەزرا بێت واتە لەسەر حاکمێتی مرۆڤ و پەرستنی مرۆڤ. ئەم جیاوازیەش لە هەموو شتێکدایە: لەباوەڕو بیروهۆش. لەدروشمی پەرستن. لەخووڕەوشت و نەریت، لە ڕەسم و عادەت.. هەروەها لە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەموو لایەنەکانی تری ژیانی تاك و کۆمەڵدا هەیە.

باوەڕهێنان بەخوایەتی و دەسەڵاتداریّتی خوای گەورە. وەنەبێت بریتی بێت لە ئایدیۆلۆژییەکی ڕووتیی وا کە تەنها لە بیرو هۆشدا بچەسپێت. بەڵکو خوایەتی خوای گەورە پرۆگرامێکی سەربەخۆیە و هەموو لایەنەکانی ژیانی لەسەر دادەمەزرێت.. سنوری عەقیدە ئەوەندە بەرفراوانە کە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە. کێشەی حاکمێتی لە ئیسلامدا - بەهەموو لق و پەلەکانییەوە- کێشەیەکی عەقیدەیە. مەسەلە سەرەکی یەکانی خووڕەوشتیش هەرهەموویان مەسەلەی عەقیدەن. ئەو پرۆگرامە بەرفراوانەی ژیانیش، کە خووڕەوشت وعادەت نەریت دەگرێتەوە، هەر لە عەقیدەو ئایدیولۆژیەوە وەردەگیرێت. هەروەها هەموو بارودۆخ و هەڵس و کەوتێکی تری ژیان هەر عەقیدەیین. ئێمە ئەگەر چوارچێوەی عەقیدەی ئەم دینەمان نەناسی و شارەزای نەبووین و بە تەواوی لە شایەتمانەکەمان (لا إِلهَ إِلا الله، مُحَمَّداً رَسُولُ الله) نەگەیشتین، ئەوە لە مەبەستی قورئانەکە تێناگەین. کەوابوو پێش هەموو شتێك دەبێت لە واتای (پەرستن تەنها بۆ خوایە) تێ بگەین و دینداریّتی -بەهەموو لایەنەکانییەوە- بیگێڕینەوە بۆ خوای گەورە، نەك هەر لەساتەکانی نوێژدا بەڵکو لە هەموو گۆشەو کەنارێکی ژیاندا..

ئەو بتپەرستییەی کە سیدنا ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت داوای لە خوای گەورە کرد کە خۆی و کوڕو نەوەکانی لێ لابدات، وەنەبێت هەرلە شێوە سادەکەی بتپەرستی عەرەبەکاندا بوو بێت کە لە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا دەیان کرد، یان لە جاهیلییەتەکانی تردا کە لە بەردو دار پەرستی، یان ئاژەڵ و باڵندە پەرستیدا

دەردەکەوت. ئەم شێوانەش هەموو جۆرە بتپەرستیەکان ناگرێتەوە هەموو شێوازو جۆرەکانی شیرك ناگرێتە خۆ.

ئەگەر ئەوەندە سادە بین و وابزانین کە تەنها ئەمانە شیرکن ئەوا پەردەیەك دێنین بەسەر بینایی خۆمانداو ناهێڵین حەقیقەتی جاهیلییەت و وێنەو جۆرە جیاوازەکانی شیرك بناسن. کەوا بوو دەبێت زۆر بە قووڵی بە لێکۆڵینەوەدا ڕۆچین. سروشتی شیرك و مانای بت و پەیوەندی نێوان بت و شیرك شارەزا بین و جۆرە نوێکانی جاهیلییەتی سەردەم بزانین و بزانین شیرك لەچی لایەنێکدا هەیە. لەو شیرکەی پێچەوانەی لا إِلهَ إِلا اللّٰه یە. کە بریتییە لە هەموو جۆرە بارودۆخ و ڕەوتێك کە بەگوێرەی دینی خوا دانەڕێژرا بێت. حەقیقەتی شیرك لەمەدا دەردەکەوێت کە کەسێك لە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیاندا خۆی بەگوێرەی دینی خوا ساز دابێت بەڵام لایەنەکانی تری ژیانی بەگوێرەی ڕێبازێکی تر داڕشتبێت! زەقترین نموونەش ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتییە. کە جۆرەکانی شیرك لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانیدا دەردەکەوێت.



بتـی بۆ پەیکـەر

ئەو کەسەی کە باوەڕ بەخوایەتی خوا دەهێنێت ونوێژو ڕۆژو حەج وپەرستنەکانی تری بەپێی شەریعەتی خوا بەجێ دەهێنێت کەچی لە هەمان کاتدا بۆ باری سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی لە یاساو ڕێساو بەرنامەی تری غەیری خوای گەورەوە وەردەگرێت. بیروهۆش ودیدو بۆچوونی بەگوێرەی بیروباوەڕێکی تری غەیری ئیسلام دادەڕێژێت. ئەو کەسە لە نێو جەرگەی شیرکدا خول دەخوات. بە تەواوی پێچەوانەی شایەتمان (لا إِلهَ إلا الله، مُحَمَّداً رَسُولُ الله) دەوەستێتەوە! با پەرستنەکانیشی بهێنێتە دی. ئا ئەوەیە کە خەڵکی ئەمڕۆ لێی بێ ئاگان و بێ دەربەستانە دەکەونە ناوی و گوێی نادەنێ. چونکە ئەم خەڵکە نازانن کە ئەم شیرکەی ئەوان، هەر هەمان شیرکە کە کافرەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا کردوویانە، خۆ بت مەرج نییە لە شێوە سادەکەی جارانیدا بێت. نەخێر.. ئەو درووشمانەی کە تاغووتێك بەرزیان دەکاتەوەو خەڵکی لە ژێر ئاڵایاندا کۆ دەکاتەوەو دەیان خاتە سەر دینێکی تر پێی. جۆرێکە لە بت. خۆ بتی جاران کە قسەی نەدەکردو نەیدەبیست و نەیدەبینی، بتەکانی ئەم سەردەمەش هەروان.. جاران کۆمەڵە زێوانێك کە لە پشت بتەکانەوە بوون، کە خۆیان -لە رواڵەتدا- بۆ خزمەتی بت و بتگاکان تەرخان کرد بوو، ئەمانەی کە وێردیان دەخوێندو دوعایان دەکردو شاڵ و مووفەڕك و تەبەڕوکیان دابەش دەکرد، هەر ئەمانەبوون کە حوکمیان دەردەکردو دەیان ووت: ئەمە حوکمی بتە پیرۆزەکانە! ئەمان دەیان ووت کە (جەنابی بت) فەرموویەتی چی حەڵاڵەو چی حەرامە! پیرۆزی بتەکان خەرمانەی ڕێزی دەوری ئەمان بوو.. هەرچی ئەمان دەیان ووت و دەیان

کرد هەر بەناوی (جەنابی بت)ە وە بەناو خەڵکدا بڵاودەبۆوەو دەبووە یاساو دەستوورا! ئەمڕۆش هەر وایە. هەزاران درووشم و هێماو لافیتەی بتانە هەن کە زێوان و حاکم و سکرتێرو رێبەرو سەرکردایەتی حزبەکان لەژێر ناوو لە پشتی ئەو درووشمانەوە یاساو رێساو حوکم دەردەکەن هەر بەناوی ئەوانەشەوە رێبازو بەرنامەو یاساو رێساو خوو نەریت و بەهاو رەهەند دیاری دەکرێت.. بەراستی ئەمانەش هەر بتن، سروشتی بتن. حەقیقەتی بتن، ئەرکی بتیش جێ بەجێ دەکەن و رۆڵی بتیش دەبینن..

ئەگەر لە جێیەك نەتەوایەتی کرا بە ئاڵا، نیشتمان کرا بە ئاڵا گەل و دەسەڵات کرا بە ئاڵا، یان چین و توێژێکی کۆمەڵ کرا بە ئاڵاو خەڵکیان بۆ پەرستنی کۆکردەوەو لەجێی دینی خوا کرانە بەرنامەی ژیان و قوربانیان لە پێناودا دراو سامان و تەمەن و ئابڕوویان لە پێناودا بەخت کرا.. ئەوە کراونەتە بت و لە جێی خوا دەپەرسترێن.. ئەگەر یاساو رێساو دەستور بەناوی ئەم لافیتەو ئاڵایانەوە دەرکراو شەریعەتەکەی خوا خرایە کەنارو ئەو دەستورانە بوونە سیستمی حوکمی ژیانی کۆمەڵگەکە.. یان بەواتایەکی تر بڵێین: ئەگەر دیدو بۆچوون و پێناسەو یاساو رێسای تاغووتان بووە بەرنامەی ژیان، ئەوە بتپەرستی لە زەقترین شێوەیدا نیشان دراوەو چەسپیووە.. ئیتر خۆ مەرج نییە لەجێی ئەم ئاڵاو بەرنامانە بت داتاشرێت و بپەرسترێت و بەشێوە ساویلکەکەی پێشوو لە دەوری گەڕێن و وێردی بەدەوردا بخوێنرێت..

بتپەرستی مەرج نییە داروبەرد پەرستی بێت. واتە چەمانەوەو كڕنوش بۆ بردن تەواف كردن بێت بەدەوری بتێكدا نەخێر.. لەوانەیە بیرو باوەڕێك، هەست و سۆزێك، ڕێبازێك بوو بێتە بت. خۆ ئیسلام هەر بۆ ئەوە نەهاتووە بتی داروبەرد بڕمێنێت و پەیكەرەكانیان بڕوخێنێت.. نەخێر.. لە ڕاستیدا ئەم ئیسلامە بۆ ئەوە هاتووە كە دوو ڕێیانی نێوان كوفرو باوەڕ، شیرك و یەكخوا پەرستی، جاهیلییەت و ئیسلام دیاری بكات.. دووڕێیانی نێوان دینی خواو دینی غەیری خوا.. تا لە هەموو هەڵس و كەوت و ڕەوتێكدا هەڵوێستی بەرامبەر هەموو ڕەفتارو گوفتارێك دیاری بكات. تا حوكمی هەموو دیدو بۆچوون و بیروباوەڕو ڕێبازو خەبات و سیستم و پڕۆگرامێك ڕوون بكاتەوە.. تا هەموو شتێكی دەوروبەری مرۆڤ پێناسە بكات. تا بزانرێت ئایا ئەمانە سیستم و پڕۆگرام و دیدی خواناسین یان هی فرەخواناسین. تا بزانرێت ئایا ئەو خەبات و هەوڵدانە بۆ سەروەری یاساو ڕێساو دەستوری تاغووتانە. یان بۆ سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەتەكەی خوایەو بۆ دامەزراندنی حوكمی خوایە لەسەر زەوی..



دین هەر شایەتمان نییە

ئەوانەی وا دەزانن هەر بەوەندەی بە زمان شایەتمان دەهێنن و نوێژ دەکەن و ڕۆژو دەگرن و ژن هێنان و تەڵاقدانیان، یان میرات و میراتگرییان کە بەگوێرەی تەعلیماتی ئیسلام دابەش دەکەن، ئیتر ئەمەندە بەسەو هاتوونەتە (دینی خوا) وە، بەڵام لەلایەکی ترەوە مل کەچ و گوێڕایەڵی یاساو ڕێسای دژ بە ئیسلامن. لەسەر ئەمەشەوە گیان و ماڵیان لە پێناوی ڕێبازێکی جاهیلییەتدا دەکەنە قوربانی و لە خەباتێکی بەردەوامدان و ووزەیان دەخەنە گەڕ تا ئاواتی بتی نوێ بێتە دی!!

دیسان سەرەڕای ئەمەش: کە دەبینن ئابڕوو ڕەوشت و نەریت و ڕەهەندو بەهاو بڕیارەکانی دین کە دەبێتە ڕێگری داواکارییەکانی جاهیلییەت و تەعلیماتی بتە نوێکان، ئەو بەها ئیسلامیانە دەخەنە لاوەو داواکارییەکانی جاهیلییەت جێ بەجێ دەکەن! ئەمە چ دیندارییەکە؟ ئەو کەسانەی ئەمە هەڵس و کەوت و حاڵیانە هەروا دەزانن هێشتا لە (دینی خوا)دان؟!

ئەوانە دەبێت بەهۆش خۆ بێنەوە.. دەبێت سەر لە نوێ حاڵی ببنەوە کە ئەو حاڵەتەی ئەوانی تێدان شیرکێکی زۆر گەورەو دژوارە!! ئەوانە لە دینی خوادا نین! دینی خوا گاڵتە بازاڕ نییە دینی خوا ئاوها لاوازو هیچ و پووچ و بێ قەدرو قیمەت نییە!! ئەمە (دینی خوا) نییە.. ئەم جۆرە کەسانە لاف و گەزافی موسوڵمانێتی لێ دەدەن، و خۆیان وخەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن.. یان زۆر گێل و هێڕو گەلحۆن، یان

زۆر نەزانن، یان زۆر لا ئوبالین و گوێ نادەن بەگرنگی دین و جیددیەتی دینداری.. دینی خوا بەرنامەو پەیرەوو پرۆگرامی هەموو گۆشەو بارێکی ژیانی رۆژانەیە. دینی خوا بریتییە لە: مل کەچکردنی هەموو فەرمان و بەرهەڵستی (امر و نهی)یەکی خوای گەورە.

دینی خوا: ئەو ئیسلامەیە کە خوای گەورە غەیری ئەوی پێ قبووڵ نییە.. ئەو بەرنامەیە کە هەموو لایەنی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە.. بەپێی ئەو ئیسلامەش شیرك تەنها لە بیروهۆش و باوەڕدا نییە.. بەڵکو پێش هەموو کێشەیەك، لە بەحاکم دانانی غەیری خوادایە. لەوەدایە کە کەسێك یان دەستورو یاساو رێسایەك لەجێی شەریعەت و سیستەمەکەی خوای گەورە بکرێتە حاکم و دەسەڵاتدارو سەروەر.. یان حەکەم و ناوبژیوان و دادوەر.. ئەوە شیرکە، ئەوە کوفرە، جاهیلییەتە..

بتپەرستی بریتی نییە لە دارو تەختە پەرستن، بەڵکو پێش هەموو شتێك بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاڵاو درووشمی غەیری ئیسلامی و کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەوریان و داننان بە دەسەڵاتدارێتی و سەروەری هێزو دادوەرییان..

با هەموو خەڵکی -لە هەر وولاتێك هەن- سەیری دەسەڵاتی باڵای وولاتەکەو سەروەری یاسایان بکەن بزانن ئەو دەسەڵات و سەروەرییە بۆ کێیە؟ دینی ئەو وولاتە -بەو سیفەتەی باسمان کرد- چیەو ملکەچی بۆ کێیەو تەعلیماتی کێ جێ بەجێ دەکرێت و خەڵکی گوێڕایەڵی کێن؟ ئەگەر ئەمانە هەرهەمووی بۆ خواو شەریعەتەکەیەتی، ئەوا ئەو خەڵکەش لە دینی خوا دان. ئەگەر بۆ غەیری

شەریعەتەکەیەتی ئەوا با چاك حاڵی بن کە لە دینی تاغووت و بتپەرستیدان.. خوا پەنامان بدات..[1]

(هَذَا بَلاَغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُواْ بِهِ وَلِيَعْلَمُواْ أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ)

ابراهيم/٥٢



[1] بێگومان ئەوە حوکمی ئەو کەسانەیە کە بەو بەرنامەو ڕێبازو سیستمی جاهیلییە رازین و هەوڵنادەن بیگۆڕن.

باسی سێیەم: طاغووت و دین

چی طاغووته؟!

ووشەی(طاغووت) لە (طغیان) وەرگیراوە وەزنی وەکو (مَلَكوت ورَحَمُوت)ه خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَى فَبَشِّرْ عِبَادِ * الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ)الزمر/١٧ واتە: ئەوکەسانەی کە توخنی تاغووت نە کەوتن،چ جای ئەوەی بیپەرستن. ئەوانە ئەوکەسانەن کە بەرەو خوا گەڕاونەتەوە. مژدەیان لێ بێت.. مژدەش بدەرە ئەو عەبدانەم کە گوێ لە قسان دەگرن،بەڵام تەنها چاکترینیان دەگرنە گوێ و شوێنی دەکەون. ئە وانە،ئەو کەسانەن کە خوا ڕێنمایی کردوون وئەوانەشن خاوەن دڵ وژیری..

کەوابوو ئەو کەسانەی دوورن لە تاغووت و تووخنی ناکەون و غەیری خوای گەورە ناپەرستن، هەر ئەوانەن کە بەرەو خوای گەورە گەڕاونەتەوە و کڕنووشی مل کەچی و پەرستنیان تەنها بۆ ئەو دەربڕیووە. تاغووت هەموو دەسەڵاتێك دەگرێتەوە کە شەرعیەتی دەسەڵاتەکەی لە خوای گەورەوە وەرنەگرتبێت.

هەروەها هەمووحوکم و یاساو سیستمێکە کە لە شەریعەتی خواوە هەڵنەقولابێت. بۆیە هەر جۆرە لە سنوور دەرچوونێك هەر جۆرە لە حەق لادانێك،دەست درێژی کردنە بۆ سەر دەسەڵات و خوایەتی خوای گەورە، بۆ سەر حاکمێتی خوای گەورە. ئەمەش ناڕەواترین وناقۆڵاترین دەستدرێژییەو لە هەموو ستەم و لە سنوور دەرچونێك خراپترە. ئەمە یاخی بوونێکە پێناسەی تاغووتی لە هەموو ڕوویەکەوە بە سەردا دەبڕێت کە خوای گەورە دەرهەق ئەهلی

کیتاب (جولەکەو مەسیحی یەکان) دەفەرموێ: (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ)التوبة/٣١ واتە:حیبرو راهیبەکانیان (کە پیاوی دینەکەیانن) لە جێی خوای گەورە دادەنا. خۆنەیان دەپەرستن (بە مانای کڕنوش بۆ بردن) بەڵکو یاساو ریێساو شەریعەتیان لێوە وەردەگرتن. خوای گەورە ئەمەشی بە (عیبادەت) لە سەر دانان و بە موشریکیشی ناساندن. چونکە ئەو خەڵکە گومڕایە تاغووتیان دەپەرست.. واتە ئەو دەسەڵاتدارانەی بە ناوی خواوە لە سنووری عەبدایەتی و ئەرکی خۆیان دەردەچوون. خۆ ئەو خەڵکە گومڕایە نوێژو ڕۆژوویان بۆ ئەو حیبرو قەشەو راهیبانە ئەنجام نەدەدا،بەڵکو مل کەچییان بۆ دەردەبڕین و گوێڕایەڵی تەعلیماتەکانیان دەبوون. ئەمەش پەرستنەو بۆ غەیری خوای پەروەردگار ئەنجام دەدرا. بەمەش ئەو پەرستیارانە لە دینی خوای گەورە دەچوونە دەرەوە.. مەبەستی بانگەوازی خوا وویستی ڕوون و ئاشکرایە. مانای دینداریّتی بۆ خوای گەورە ڕوون و ئاشکرایە. کە بریتییە لە سەندنەوەی دەسەڵات لە بەندە گومڕاو ملهوڕە تاغووتەکان و گێڕانەوەی بۆ خوای گەورە. ئەگەرچی لای تاغووتەکان ماناو مەبەستی بانگەوازی خوایی (خراپەکاری)یە! یان بەدەردی لە فەرهەنگی سیاسی ئەمڕۆدا دەڵێن (محاولة لقلب نظام الحكم)ە واتە: تێکۆشان بۆ هەڵگێڕانەوەی سیستمی حوکمی ووڵات! بڕوانە ئەم گفتوگۆیەی سیدنا موسا لە لایەك و فیرعەون داروودەستەکەی لە لایەکی تر: (وَقَالَ مُوسَى يَا فِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ) الأعراف/١٠٤واتە: موسا فەرمووی: ئەی فیرعەون، من نێردراوی خوای پەروەردگاری جیهانیانم.. (وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَونَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ

فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ)الأعراف/١٢٧واتە: دەستەی حاشیە و راوێژكارەكانی فیرعەون پێیان ووت: تۆ ئاوا لە موساو گەلەكەی دەگەڕێیت خراپەكاری لە ووڵاتەكەدا بكەن و واز لە خوایەتی تۆ بهێنن؟!!

سیستەمی حوكم لە جاهیلیەتدا لە سەر ئەو ڕێساو بناغەیە دادەمەزرێت كە یەكێك لە بەندەكان خۆی لە وانی تر دەكاتە خوا!!

لە بانگەوازی ئیسلامیشدا خوایەتی (پەرستن و یاسا دانان) هەرهی خوای گەورەیە كە دەسەڵاتی بەسەر هەموو بوونەوەردا هەیەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو بەندەكانیدا وەكو یەكە.. ئەو سیحربازانەی كە باوەڕیان بە خوای پەروەردگاری جیهان هێنا،تەسلیم بە دەسەڵات و خوایەتی خوای گەورە بوون. بەمەش ئیعلانی ئەوەیان كرد كە لە ژێر ركێف و دەسەڵاتی لادەری تاغووت دەرچون كە مافی خوایەتی خوای گەورەی بۆ خۆی زەوت كردووە ئەو سیحربازانەی -بۆ دژایەتی و بە درۆخستنەوەی سیدنا موسا هاتبوونە مەیدان- كە موسوڵمان بوون،دەیانزانی شەڕی داهاتوویان شەڕی عەقیدەیە. دەیانزانی هەر بەوەندەی ئەم عەقیدە دینییە ئاشكرا بكرێت،ئەمە نیشاندانی مەترسی دژوارو هەڕەشەی كاریگەری عەمەلییە لە دەسەڵاتی تاغووتەكان. بگرە هەر بەوەندەی ئیعلان دەكرێت كە خوای پەروەردگار خوای هەموو جیهانیانە، هەر ئەمە خۆی ئیعلانی رەفزی دەسەڵاتی ئەو تاغووتانەیە.. پاشان فیرعەون پێی ووتن (إِنَّ هَذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُواْ مِنْهَا أَهْلَهَا)الأعراف/١٢٣ واتە: ئەمە هەر فاك و فیكی خۆتانە دەتانەوێ خەڵكی ووڵات ئاوارەبكەن و بیانبەنە دەرەوە.. ئەمەش هەر وەكو ئەو تۆمەتانە وایە كە جاهیلیەتی نوێ دەیخاتە پاڵ ئەو

کەسانەی خوایەتی -بە مانا حەقیقی یەکەی- دزێوو لە تاغوتەکانی مێژوو دەیانخستە پاڵ هەموو داعیە چاکە خوازەکان.. مەگەر فیرعەون نەیدەووت: (إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ)غافر/٢٦ واتە: دەترسم دینەکەتان (بەرنامەی ژیان و ڕێبازتان) بگۆڕێت، یان بکەوێتە خراپەکاری لە وولاتدا! مەگەر ئەم قسە هیچ و پووچانە هەر هەمان قسەی شەڕخوازە ڕقنەکان نییە کە بەڕووی پاکی ئەهلی چاکی حەق و ڕەوادا دەکرا.. مەگەر هەمان پڕوپاگەندەی فریودان و قسەی لووسی هەڵخەڵەتاندنی ئەهلی باتڵ نییە لە هەموو کات و شوێنێکدا کە دەیانەوێت خەڵکێکی گێل بەرامبەر حەق و ئەهلی ئیسلام بوروژێنن؟! بەڵێ هەر ئەمانەن!! هەمان هەڵوێست، قسەو قسەڵۆك.. هەر کاتێك حەق و ناحەق بەیەکتر گەیشتن، ئەم بەیت و باڵۆرانە دوویات دەبنەوە.. هەمان تۆمەتی ناڕەوایە.. هەمان پێناسەو دیدە، هەرکاتێك چاکەخوازی و شەڕخوازی دەبەرێك رادەچن، ئەمانەش دیسان بەکار دەهێنرێنەوە.. کۆن نابن.. ئەم تانەو بوختانانە دەڵێی لەگەڵ چەرخی زەمانەدا دەچەرخێن..



تاغووت دەڵێ دیندار ترم!

هەر تاغووتێك کە ڕێی خواوویستی نیشان دەدرێت و ئامۆژگاری دەکرێت هەواو هەوەس و نەفسی هەڕاڵی ناهێڵێت گوێ بیستی هەق بێت. هەر سوور دەبێت لەسەر دیکتاتۆری فیرعەونێتی و خۆپەسەندییەکەی خۆی.. مەگەر نابینیت فیرعەون دەیووت: (مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ) غافر/٢٩ واتە: تەنها ئەو ڕێیەتان نیشان دەدەم کە خۆم دەیبینم، خۆشم جگە لە ڕێی سەرفرازی هیچی ترتان نیشان نادەم! بەڵێ.. تاغووتان هەر ڕێی سەرفرازی و بەختەوەری و ئاسودەیی دەبینن و هەر ئەوەش نیشانی جەماوەرەکە دەدەن!! دیوتانە بە درێژایی مێژوو تاغووتێك ڕای کەسێکی حەق خوازی بەڕاست زانیبێت ئەگەر پێی ووتبێت: لەوانەیە بەهەڵەدا چووبێت؟! هێشتوویانە کەسێك ڕایەکی تر- جگە لەوەی تاغووت خۆی هەیەتی- هەبێت؟! جا ئەگەر گوێیان لە خەڵك بگرتایەو هێندە خۆپەرست نەبوونایە، بۆچی دەبوونە تاغووت؟!... تاغووت سوورە لەسەر باتڵی خۆی و کەللە ڕەقە لە بەرهەڵستی بانگەوازی خوای پەروەردگاری جیهانیان. چونکە زۆر چاك دەزانێت کە ئەم بانگەوازە خۆی لە خۆیدا، شەڕی ڕیشە کێشکردنی ئەوی بە دەستەوەیە. .ناهێڵێت شەریعەتە تەزویرەکەی بمێنێت.. بە مەش ڕەگ و ڕیشاڵی دەسەڵاتەکەی هەڵدەتەکێت.. بۆیە مومکین نییە تاغووتێك ڕێگا بە خەڵکی بدات بڵێن: لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه .. مەگەر لەوکات و شوێنانەدا کەخەڵکی حەقیقەتی مانای ئەم شایەتمانە نازانن.. دڵنیان کە ئەو جەماوەرە زۆرە نازانێت لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه یەعنی چی؟! بۆیە لەوکات و شوێنانەدا ڕێ دەدەن، چونکە دڵنیان خەڵکی هەروەکو وێردێکی زیکری سەرزمان ئەو ڕستەیە

دەڵێن. ئەمەش هیچ جۆرە زیانێك لە بوون (وجود)ی تاغووت و جاهیلیەتیان نادات. بۆیە تاغووتان هەر هەقیان بەسەر ئەوانەوە نییە کە سەرزارەکی و بێ تێگەیشتن دەلێن لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ ئەمما ئەگەر کۆمەڵێك خواوویستی سەرڕاست، بەراستی لە واتای دین و شایەتمان تێگەیشتن، حەتمەن تاغووت تەحەمولی بوونیان ناکات.. چونکە تاغووت ئەوجەماوەری خەڵکەی بە خوایەتیەکی تەزویر بۆ خۆی ئیغفال کردوە! بەوەی دەسەلاتی حاکمێتییەکەی - کە دەبوو بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام بێت- بە فریودان، یان بە زۆر بەسەر ئەو خەڵکەدا سەپاندووەو خەڵکەکەشی کردۆتە کۆیلەو بەندە..

دین و سیاسەت؟!

هەموو جارێك و لە هەموو جێیەك باتڵ وا لە خەڵکی دەگەێنیێت کە گوایە ئەم بانگەوازە دینییە، تازەیەو مەبەستی تری لە ژێر سەرەوەیە!! ئامانجی تری لە پشتەوەیە.. ئەهلی ئەم بانگەوازە خواوویستیە (تازە) یە، دینەکە بۆ ئامانجی سیاسی خۆیان بەکار دەهێنن.. ئەمەش هەموو کەس پەی پێ نابات.. تەنها ئەمانی تاغووت ودارو دەستە وسیحیربازانی فیرعەون، ئەمانی گەورە پیاوو ئاقڵ و ماقوڵ دەرکی پێ دەکەن.. چونکە ئەمان سیاسەتمەدارن و دەزانن لە شت بکۆڵنەوە.. دەزانن لە پشت بانگەوازی دینی ئاواوە چ مەبەستێکی تری شاراوە هە یە!!(وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ) ص/٦ واتە: دەمڕاست و حاشیەکان دەیان ووت: لە سەر رێبازی خۆتان بەردەوام بن و ئارام

لە سەر خواپەرستیەکەی خۆتان بگرن و خوای خۆتان - گەرچی بتیش بن-بوێت!! ئەم بانگەوازە نوێیە شتی تری لە ژێر ئاڵادایە.. ئەم بانگەوازەیان بۆ ئامانجی تری شاراوە دەوێت..[1] لاوەکیش بەخەڵکیان دەووت: با جەماوەری خەڵکی چارەسەرو بەرگری و ڕاگرتنی ئەم جۆرە بانگەوازە نوێیەو کەشف کردنی ئامانجە شاراوەکانی لێ گەڕێن بۆ ئەمانی تاغووت.. بۆ ئەمانی پسپۆر! چونکە ئەمان ژیرن، پەی بەو ئامانجە پەنهانانە هەمووی دەبەن کە ئەم بانگەوازە نوێیە لە خۆی گرتوون.. لێی گەڕێن!! جەماوەریش دەچێتەوە سەر عادەتی کۆن و خوا بێ دەسەڵاتەکەی خۆی! ئیتر هەقی بەسەر ئەم جۆرە مناوەرانەوە نییە.. تەواو.. کەشف کردنی ئەم بانگەوازو ڕێبازە نوێیەو ئەو تاقمەی لە پشتییەوەن، ئەمە ئیتر ئەهلی تایبەتمەندی خۆی بۆی چوونەتە پێش.. گەورە پیاوان و سیاسەتمەدارانی ووڵات چوونەتە مەیدان بۆیان.. دڵسۆزانی گەل لە شەونخویدان و هەمیشە پەرۆشی بەرژەوەندی دین و دینداری جەماوەرن!! ئەم شێوازانەی فریوو دان. ئەم جۆرە ڕەفتارانە.. ئەم دوو سێ ڕوویە.. بۆتە پلانێکی عادەتی و لە گەڵ زەمەندا دوپات و سێ پات دەبنەوە!! بەم نەخشانەیە کە تاغووتان نایەڵن گەل بایەخ بە کاروبارە گشتیەکانی ژیانی بدات ناهێڵن گەل چاوی بکرێتەوەو بە سۆراغی حەقیقەتی هەڵوێستەکاندا بچێتەوەو ڕەفتارەکان هەڵەسەنگێنێت و ناوەرۆکیان -وەکو حەقیقەتیان- بۆدەربکەوێت چونکە ئاشکرایە ئەگەر جەماوەری هەر

---

[1] ئێستاش بە موسوڵمانان دەوترێت: کۆنەپەرست وگێل و ئوسوڵیگەرو تاروویست و تیرۆریست.. پێمان دەڵێن: دەتانەوێ دەسکەوتەکانی شۆڕش و گەل و حکومەت بفەوتێنن و دژی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی مرۆڤایەتی بوەستنەوە..!

میللەتێك خۆی بە دووی حەقیقەتی شتەکاندا چوو، خۆی چووە بنج و بناوانی مەسەلەکان، خۆی سەری لە کێشەکان دەرکرد، دژواریەکی گەورە بۆ تاغووتان دەخولقێنێت.. دژواری لەسەر ڕێبازو سیاسەتمەدارەکان، چونکە درۆو دەلەسەکان ئاشکرا دەبن.. دەردەکەوێت کە ئەم تاغووتانە میللەتەکەیان نوقمی دەریای وەهم و خەیاڵ پڵاو کرد بوو.. ئەم خەڵکەیان لە ئەڵقەیەکی بۆشدا هەڵدەسوڕاند! جا کە تاغووتان هەست دەکەن وا زەمینەی ژێر پێیان دەجمێت، کورسیەکان وادەلەقێت، کە دەبینن جەماوەر رابووەو هۆشی هاتوەتەوە، لە ترسی بوون و قەوارەو دەسەڵاتە فشەڵەکەی خۆیان قسەی نەرم و نیانیان لەگەڵ خەڵکی دەکەن و دەڵێن: بەڵێ ئەو کێشانە هەن.. بەڵام با بزانین رای گەلەکەمان چیەو چی بە چارەسەر دەزانن؟!! (قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ)الشعراء/٣٤ واتە: فیرعەن بە حاشیەو دەست و پێوەندەکەی دەوروپشتی خۆی ووت: ئەم کابرایە (سیدنا موسی) جادوگەرێکی زۆر شارەزایەو دەیەوێت بە سیحرەکەی خۆی ئێوە لە ووڵاتی خۆتان وەدەرنێت! جا ئێوە فەرمانتان بەچییە؟

ئەوە لە چ زەمانێکەوە تاغووت وای لێ هاتووە فەرمان لە شوێن کەوتووەکانی وەربگرێت؟ ئەو شوێنکەوتووە گەلۆرو گەمبۆڵانەی کڕنووشی پەرستن بۆ ئەو دەبەن؟ ئەمە مەکری سیاسەتمەدارانی جاهیلیە.. کە هەر کات هەستیان بە تەوژمی دژواری کرد، پەنا دەبەنەوە بەر گەل! ئەو گەلەی تا دوێنێ لە ژێر پۆستاڵی

خۆیان دادەنا، ئەوەتا ئەمڕۆ خۆ وانیشان دەدەن کە نەك پرس و رای پێدەکەن، داوای فەرمان کردنیشی لێ دەکەن، با گەل فەرمان بدات جەنابی تاغووتیش جێبەجێی دەکات!!

ئایا ئەمە وایە؟! ئەمە ماقوڵە؟! تاغووت وازی لە ڕای دیکتاتۆریەتی خۆی هێناوەو چاوەڕوانی مەشورەتی (پیاوماقوڵ)انی جەماوەرە!!

ئەوەش تاماوەیەکە.. تا ئەو زەمانەی لەکات و شوێنە دژوارە کە دەردەچن.. تا ئەو زەمانەی رەشەبای قینی مەحرومان کپ دەبێتەوە.. ئەوجا دیسان دەکەونەوە وێزەی خەڵکی!! چونکە ئەم تاغووتانە هەر هەمان دیکتاتۆری دڕندەو ئاغای رقن وەدەسەڵاتدارە سپڵەکەی پێشوون!



ئیعلان کردنی خوایەتی خوای پەروەردگاری جیهانیان، ئیعلان کردنی ئازادی مرۆڤە. ئازادکردنێتی لە مل کەچی و گوێ ڕایەڵی و شوێنکەوتن و پەرستنی غەیری خوا.. ئازادکردنی لە یاساو ڕێساکانی مرۆڤ.. لە خوونەریت و داب و رەسمی مرۆڤ.. لە حوکمی مرۆڤ.. چونکە ئیعلان کردنی خوایەتی خوای پەروەردگار بۆ هەموو جیهان، لەگەڵ ملکەچی و گوێڕایەڵی و بەندایەتی بۆ غەیری خوای گەورە لە یەك دڵ و دەرون و ژیریدا کۆ نابنەوە.. هەروەها ئەوی ئازادانە ئیعلانی خوایەتی و حاکمێتی خوای پەروەردگار دەکات ناکەوێتەوە ژێر حاکمێتی غەیری شەریعەتەکەی خوای گەورە.. ئەو کەسانەی هێشتا وان لە ژێر سایەی یاساو ڕێسای مرۆڤی وەکو خۆیان و واش دەزانن هەر موسڵمان ماون، ئەوانە کە خوایەتیەکی تری غەیری خوایەتی خوای پەروەردگاریان بە سەرەوەیەو وا دەزانن هەر موسڵمانن! وانییە.. ئەوە هەر گومانی خۆیانە و بەس.. ئەوانەی لەژێر سایەی حوکمی حاکمێیتی غەیری خوای پەروەردگاردان لە دینی پاشا (الملك)دان! نەك لە دینی خوای گەورە دا ..[1]

[1] بێگومان مەبەستی سەیید رحمه الله، ئەو کەسانەن کە بە ئازادی و سەربەستی خۆیان یاساو ڕێساو حاکمێتی غەیری خوای گەورەیان پێ قبوڵەو پێی رازی بوون و وەریان گرتووە و ملکەچانەش رایدەپەڕێنن. حەتمەن ئەوانە لە بازنەی ئیسلامدا نەماون.. ئەمما ئەوانەی ناچار

تاغووتەکان خۆیان پەی بەم نهێنییە دەبەن و دەشزانن ئەم هەڵوێستە چەند دژوارو کاریگەرە لە سەر بانگەوازی خوایی و خواویستان. بۆیە کابرای عەرەبی - هەر بە سروشت و سەلیقەی دەشتەکی خۆی- کە گوێی لێ بوو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەڵکی بانگ دەکرد بۆ شایەتمان (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله مُحَمَّداً رَسُولُ الله) ووتی:(**هَذَا الأَمْرُ تَكْرَهُهُ الْمُلُوكُ**) واتە: ئەمە کارێکە پاشاکان دەیبوغزێن.. عەرەبێکی تریش هەر بە سەر سروشت و سەلیقەی خۆی ووتی: (**إِذَنْ تُحارِبُكَ الْعَرَبَ وَالْعَجَم**) واتە:جا کەوابوو عەرەب و عەجەم دژت جەنگ بەرپا دەکەن.. ئەم دوو عەرەبە لە ماناو واتای زمانەکەی خۆیان تێدەگەیشتن.. دەیانزانی لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله شۆڕشێکە دژی ئەو کەسانەی کە بە شەریعەتی خوا حوکم ناکەن جا عەرەب بن یان غەیری عەرەب .. عەقیدەو جیددیەت و کاریگەری شایەتمان لە هەست و هۆشیاندا زۆر قوڵ ڕۆ چوو بوو.. دەیان زانی کە ممکین نییە نە لە یەك دڵ و دەروندا و نە لە یەك ناوچەی سەر زەویدا لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله و حوکمی غەیری خوای گەورە پێکەوە ناسازێن.. چونکە ئەستەمە ئەو دوو دیدو بەرنامەیە پێکەوە هەڵکەن! نابێ و ناشێ ناکرێ خوای تر لەگەڵ خوای پەروەردگاردا دابنرێت -کەس لەو زەمانەدا واحاڵی نەبوو بوو- وەکو موسڵمانانی ئەم زەمانە، کە لاف و گەزافی موسڵمانیش لێ دەدن، وا لێڵ حاڵی بوون، ئەوان وەکو موسوڵمانانی ئەم زەمانەی ئێمە ئاوا سەتحی و کزۆڵ و ساویلکە لەم دینە تێ نەگەیشتبوون! کاتێ ئەو خەڵکە غەیری خوا دەپەرستن، ئیتر دڵ و دەرونیان لە سەر زەلیلی رادێت! خوای

(موکرەه) کراون و موستەزعەفن و هەوڵی گۆڕینیشی دەدەن یان ناتوانن بیگۆڕن و هیجرەتیشیان بۆ ناکرێت، ئەوانە خاوەن بەهانەی شەرعین و عوزریان هەیە..

گەورەش دەیەوێت خواپەرستی لە سەر رێزو عیزەت دابمەزرێت.. کاتێ خەڵکی غەیری خوای گەورە دەپەرستن، ژیانیان لە سەر ستەم و دەس درێژی دادەمەزرێت! خوای گەورەش نایەوێ رەنجی دینداران بێ هودەو بەهەدەر بڕوات. لە پەرستنی غەیری خوای گەورەدا.. نایەوێت ووزەی جەماوەر، لە تەپڵ و دەهۆل کوتی و زوڕنا ژەنیدا سەرف ببێت کە لەگەڵ سەمای مەستانەدا بەدوای خوا درۆزنەکاندا ئەنجام دەدرێت.. نایەوێت فووی هەڕاڵی (غرور)و خۆ بەزل زانین بکرێت بە لووتی تاغوتەکاندا تا دەگەنە ئەو پلەی وا حاڵی بکرێن کە فیعلەن خوان و مافی پەرستن و شوێن کەوتنیان لەسەر جەماوەر هەیە چونکە ئەمانە خۆیان لاوازن، بچوکن، گرگنن، کەم وکورت و بێ دەسەڵاتن! ئیتر چۆن جێی خوای گەورەو کاربەجێ دەگرن و مافی شەرعیەتی ئەو زەوت دەکەن؟! ئەم تاغووتانە.. ئەم درۆزنانە.. جەماوەرە چەواشە کراوەکە وا ڕادەهێنن تا بەدەوریاندا بێن و بچن.. شەو و ڕۆژ لە هەلەکەسەمادا بن و لە دەوری سەریان گەڕێن، بۆ ناو و سومعەو نازناوی فشەو قەبەیان! زێوانە زوڕنا ژەنەکانی دەوروپشتیشیان زیاتر بەشان و باهویاندا هەڵدەدەن.. مەدحیان دەکەن.. بە رەفتارو کارو کردەوەی بەدو ناپاکیاندا هەڵ دەدەن.. سرودیان بۆ دەڵێن.. تا ئەو جەماوەرە وای لێ دێت - بێ هۆشانە لەدەوری تاغووت دەگەڕێ- ئەو حاشیەو زێوانە هامانیانە کە ئاوا خەرمانەی زێڕینی دەوری مانگی چواردە دەکەن بەبەر ئەماندا و پێ و قەدەمیان لەبەر چاوی میللەت - بۆ فەڕو پیرۆزی - ماچ دەکەن و سەلاواتیان لەدیار لێ دەدەن.. مافی بوونی جەماوەر. بە ووزەو ورەو رەمزیانەوە دەکەنە سوتەمەنی

مانەوەی ئەوان و بۆیانیان دەتوێننەوە.. تا هەر هەموو دەبنە دەروێشیان.. دەروێشی فریوو دراو دەسخەڕۆ.. دەروێشی ماندوو هیلاك و ڕەنج بە خەسار.. ئیتر گەل و میللەتی داماو غەیری ئەوان کەسی تر نابینێت.. خۆشی لە دەستاڕی دەستدرێژی و توغیانی خۆیدا هەر دەهاڕرێت!

خۆشی ڕەنجێکی وا ئاڕاستە کراوی پێ نامێنێتەوە کە لە دنیادا بەرهەمێکی بۆ ئاسودەیی و بەختەوەری خۆی و کۆمەڵگەکەی پێ بمێنێتەوە.. بەڵکو هەرئاوا.. نەوە بە نەوە.. جەنجەری گێرە رادەکێشن و هەر لە ناسۆرو زەحمەتدا هەر یەك بە جۆرێك هەڵپە دەکات حاشیەو جەماوەرەکە بێ گومان زەلیلتر دەبن، چونکە بوونییان نەماوەو چاوەڕوانی کەرەمی تاغووتن! چاوەڕوانن جارجارە تاغووت مستێك کا! بۆ ژیانێکی کولەمەرگی بکات بەدەمیانەوە.. نەبادا یەکجاری بکەون! ئەم جەنجەڕو دەستاڕو هاڕینەش هەر بەردەوامە تا گۆڕانکاری کۆمەڵگەکە بەرە و خواوویستی دێت و هەستی گۆڕان و گۆڕین لە ناخی تاك و بەرپرسی گۆڕان و گۆڕین لە ناو ریزی کۆمەڵگەکەوە دەست پێ دەکات.. خوای پەروەردگار سروشتی ئەم مرۆڤە دەناسێت، چونکە خۆی دروستی کردووە، دەشزانێت سنوری ووزەو توانای تا کوێیە. بۆیە شتێکی وای لەم دینەی -کە بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤی ناردووە - لەسەر فەرز نەکردووە قورس بێت و بۆیان ئەنجام نەدرێت.. هەرچی فەرز کردووە جێبەجێ کردنیشی ئاسانە.. موسوڵمانان -ئەگەر وویستیان بوونیان هەبێت و جیددی بن لە وویستەکەیاندا -دەتوانن هەموو دینەکە وەرگرن و هەمووشی بچەسپێنن.. ئەگەر سروشتیان ساغ و پاك و هاوسەنگ بێت و نییەتیان وابێت کە خوای گەورە لە خۆ رازی کەن، دەتوانن سەر لە نوێ ئەم

دینە خواییە بهێننەوە.. ڕوون کردنەوەو بەرچاو خستنەوەی ئەم حەقیقەتە گرنگییەکی زۆری هەیە. گرنگە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەکانی رۆژانەی شەڕخوازی جاهیلیەت، کە تاغووتەکان سەرپەرشتی دەکەن. ئەوان دەیانەوێت مرۆڤ لە ژیانێکی بەرەڵایی ئاژەڵیدا بژی.. دەیانەوێت مرۆڤ وەکو سەرەمێکوتە لە زەلکاوێکدا بژی.. گوایە (ئەمە واقیعە واقیع) سروشت و سنوور پێناسەیەکی ئایدیالییەو لە واقیعی سەرزەمینی ئەمرۆدا ناچەسپێت!! تا یەکێك دەتوانێت دیندار بێت سەد کەس لێی هەڵدێن! بەڵام ئەمە پاڵانتەو گەزافێکی درۆیە.. هەم درۆیە، هەم پروپاگەندەی فریوودانە.. هەم بانگەشەیەکی نەزانانەشە.. ئەو کەسەی وا دەڵێ مرۆڤی نەناسیووە.. ئەو سیفەتانەش کە لە مرۆڤدا هەن، کە خوای گەورە شارەزایانە، ئەو هەموو جۆرە تەبیعەتەی تەنها خوای گەورە دەیانزانێت چین و چۆنن.. مرۆڤ خۆی پەییان پێ نابات.. خوای گەورە خۆی مرۆڤی دروست کردووە.. دەزانێ چۆنی دروست کردووە و زۆرچاکیشی دەناسێت، بۆیە تەکلیفی ئەو دینداریەی بەو شێوە لێکردووە..خوای گەورە و میهرەبان دەزانێ کە ئەم مرۆڤە دەتوانێت ئەم داواکاریانەی دین راپەڕێنێت.. خۆ دین بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت نەهاتووە.. بەڵام، نا.. مەسەلەکە هەر وویست و ئیرادەو عەزیمەتە.. وویست و ئیرادەی مرۆڤی ئاسایی.. پاشان نییەتی پاکی خواوویستی یە.. ئینجا کەوتنە رێ.. ئینجا هاوکاری خوای گەورەیە بە رێنمایی و پشتگیری و پاداشت.. (وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا * وَإِذًا

لَّآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا * وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا) النساء/٦٦-٦٨واته:

ئەگەر ئەوان ئەوەیان بکردایە کە ئامۆژگاری کرابوون، چاکتر بوو بۆیان. زیاتر جێگیرو جێ پێ قایم دەبوون و ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە پاداشتی زۆر گەورە ترمان دەدانەوەو زیاتر ڕێنمایمان بۆ ڕێگای ڕاست دەکردن.. کەوابوو هەر لەگەڵ دەست پێ کردنەکە یارمەتی خوای گەورەش مسۆگەرە.. ئینجا ڕاگری و مانەوەو جێ پێ قایم بوون. ئینجا بەردەوامی و پشوو درێژی و هیوا ڕوونی.. ئینجا پاداشت و خەڵات.. پێ هەڵگرتن لەم سەرەتا ڕاستەوە، حەتمەن خاوەنەکەی دەگەیێنێتە ڕێنمایی خوایی..

(وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا)

صدق الله العظيم



باسی چوارەم: بزاڤی دین

جارجارە گومانێکی فێڵاوی، یان خۆزگەیەکی بە گلەیی و گازاندەی گێلانە بە شێوەی پرسیار دێتە گۆڕێ کە (خوایە، بۆچی وا ڕوویدا؟! بۆچی حەق ئاوا تووشی نەهامەتی هات و باتڵیش ئاوا بۆی دەرچوو؟! بۆچی ئەهلی حەق ئاوا دوچاری بەڵاو موسیبەت دێن و ئەهلی باتڵیش نەك هەر قوتار دەبن، زاڵیش دەبن؟!! بۆچی هەر کاتێك و لە هەر شوێنێك حەق و باتڵ دەبەرێك رادەچن، باتڵەکە سەردەکەوێت؟!! مەگەر ئەم حەقە هەر ئەوە نییە کە دەبێت حەتمەن هەمیشە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟! ئەدی بۆچی لەوەتای هەین! جەولەی خۆبادان شان هەڵتەکاندن هەر بە نسیبی باتڵ دەبێت و دڵ و دەروون و ئیرادەی حەقخوازانیش تووشی دەیان نەکسەو بوومەلەرزەی دەروونی دەبن؟!!).

خۆ یاوەرانی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەندێکیان ئەمەیان لە غەزای ئوحوددا فەرموو بوو: (قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا)؟! آل عمران/١٦٥ واتە: خوایە ئەمە چۆن بوو؟ بەڵام خوای گەورە گورو تین لە ئیرادە لاوازو جەستە ماندوو دڵە بێ تاقەتەکان دەکاتەوەو لەو وەسوەسانە پاکیان دەکاتەوە، بەوەی کە ڕێسای کارو گۆڕانکاری و ئیدارەی خوایەتی - دوێنێ و ئەمڕۆو سبەی- خۆییان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بۆیان دەردەخات کە کاتێك باتڵ لە زەمان و سەردەمێکدا گرەو دەباتەوەو لە جەولەیەکی ڕوو بەڕوو بوونەوەدا بە زاڵ و هەڕاڵییەوە بۆی دەردەچێت و فشەو فیشاڵ دەنوێنێت، مانای وا نییە کە خوای گەورە لێی

گەڕاوەو هەقی بەسەریەوە ماوە!! ئەوە ناگەیێنێت کە هێزی باتڵ وای لێ هاتوو هیچ هێزێك دەرەقەتی نایات و هەموو ساتێك دەتوانێت ئاوا سەرکەوێت و حەق دووچاری زیان و ژان و ناسۆری شکستی بکات.. هەروەکو چۆن کە حەقیش لەو جەولەدا شکستی هێناوەو کزۆڵ و بێ تاقەت و بێ ناز کەوتووە، مانای وا نییە کە خوای گەورە پشتی تێ کردووەو فەرامۆشی کردووەو لێ گەڕاوە باتڵ بە کەیفی خۆی گورزی لێدا، تا دەتاسێت و هەناسەی لەبەر دەبڕێت!! نەخێر، ئەمە وویست و حیکمەتی خوای گەورەو کاربەجێیە، هەر دوو هەڵوێستەکە هەر بە گوێرەی قەدەری خوا بوون، حیکمەتی خوای گەورە وای دیاری کرد کە بوارێك بۆ باتڵ بڕەخسێنێت تا ماهییەتی خۆی بە تەواوی بخاتە ڕوو، تا هەرچی ناشیرینە لێوەی دەرکەوێت، تا کام تاوانەی ناقۆڵاو دزێوە لەبەر چاوی خەڵکی بیکات، تا کۆڵی فەسادو خراپەکاری قورستر کات، تا دوایی بە ژانترین سزای بەسەردا بدرێت و خەڵکی بڵێن: ئۆخەی، بەراستی موستەحەققە!

دیسان هەر حیکمەتی خوای گەورەیە کە دەیەوێت حەقیش دووچاری تاقی کردنەوە بکات.. تا پاك و پیس لێك جودا ببنەوە، تا پاداشتی ئەوانەی بەردەوام بوون و سوور بوون لەسەر رێ و سوور بوون لەسەر هەڵوێستی ئیماندارانەی خۆیان زۆرترو گرانترو گەورەتر بێت..

ئەنجامی کۆتایی هەر بردنەوەی حەق و دۆڕاندنی باتڵە، هەم لێرە، هەم لەوێ.. خوای گەورە دەیەوێت ئەم جەنگ و ململانێیەی حەق و باتڵ بکات بە هی خۆی. بیکاتە کێشەی خۆی.

ئەو گومان و گرێ و گۆڵەش کە لە دڵ و دەروونی هەندێکدا پەیدا بووە، خوای گەورە بە لوتفی خۆی دەیڕەوێنێتەوە. چونکە گومانی جاهیلییانەن و لە جێی خۆیدا نین.. کزی باوەڕو نەفەسی کورت و تینی دەرەکی درووستی کردوون. لەوە هاتوون کە خاوەن ئەو دەروونە لەرزۆك و باوەڕە کزانە، کە دوژمنانی خواو بەرهەڵستکارانی حەق دەبینن، نەك هەر تووشی نەهامەتی و زیان نەهاتوون، بەڵکو ئەوەتا دەبینرێن گرەویان بردۆتەوەو بوونەتە خاوەن هێزو دەسەڵات و سەروەری و سامان! ئەمەش خۆی بۆ خۆی دڵە راوکەیەکی تر لە دڵ و دەروونی خەڵکی دەوروبەریاندا دروست دەکات و باوەڕ لاوازەکان بەرامبەر خوای گەورە دەخاتە گومانی خراپەوە! وا دەزانن کە خوای گەورە وازی لەم دەبەڕێك راچوون و ململانێیەی نێوان حەق و باتڵ هێناوەو حەقی بەسەر هیچ لایەنێکیانەوە نەماوەو تەدەخوولی ئەم جەنگە ناڕەوایە ناکات!! بەڵکو لێ دەگەڕێت باتڵی ناپەسەند ئاوا حەق تێکشکێنێت و بیبەزێنێت و خوای گەورەش - هەر چەندە بە تواناو بەبەزەییشە - دەستێك ناداتە باڵی حەقخوازان تا هاوکێشەکە بگۆڕێت!! یان وا حاڵی دەبن کە باتڵ لەسەر حەقە، بۆیە ئاوا خوای گەورە رێی داوە نەك هەر بێتە کایەوە بەڵکو زاڵیش بێت و گەشە و تەشەنەش بکات.. یان وا دەزانن سروشتی ململانێکە وایە کە باتڵ گرەوی خۆی لەم دنیایەدا حەتمەن دەباتەوەو ژیانی دنیا هی ئەوە بۆیە هەر زاڵ دەبێت! بواری سەرکەوتنی حەقیش ئێرە نییە! سەر زەمینی ئەم دنیایە نییە! پاشان وا دەزانن هاوکێشەی ئەم ناکۆکیە هەر دەبێ -لەم دنیایەدا- ئاوا لاسەنگ بێت! هەر دەبێ بوار بۆ جەللادو زاڵم و ستەمکاران واڵێ

بێت تا زیاتر بە زەلکاوی فەسادو خراپەکاریدا ڕۆ دەچن، تا کوفرو بێ دینی خۆیان زیاتر ئاشکرا دەکەن، تا ئیتر قەناعەتی وایان لا دروست دەبێت کە هەر خۆیان ڕاست و ڕەواو دادپەروەرن، هەر خۆیان ئازاو بەهێزو نەفەس درێژن و هیچ هێزێکی خواوویستی ناتوانێت لە ڕێیاندا بوەستێتەوە!!

ئەمانە هەمووی وەهمن.. بە هەڵەدا چوونن.. خراپ تێگەیشتنن.. گومانی خراپن و بە خوای گەورە دەبرێن.. ئەمانە هیچیان لە جێی خۆیاندا نین..

ئەوەتا خوای گەورە بە حەزەرەوە بە کافرەکان رادەگەیێنێت کە گومانی وا بەد بە خوای زاناو کاربەجێ نەبەن.. چونکە خوای گەورەو بەدەسەڵات، لەگەڵ ئەو هەموو کوفرو بێ دینییەشدا کە ئەوان دەیکەن، هێشتا تێکی نەشکاندوون و لەناوی نەبردوون، ئەو دەسەڵات و پلەو سامانەی خوای گەورە پێی بەخشیوون، مادەی تاق کردنەوەو مایەی بەدبەختی و سەرئێشەیە، لە مەدای دووردا دەردەکەوێت کە ئەوە زنجیری جڵەوە! پەتی هەوسارەو بە ئەنقەست بۆیان شل و درێژ کراوە!! ڕۆژی خۆی دێت لە لا لغاوەیان توند بکرێتەوەو سەریانی پێوە بادرێت و لە جێی خۆیان مۆڵ درێن و بەشەتەکی ببەسترێنەوە: (وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُواْ إِثْمًا وَلَهْمُ عَذَابٌ مُّهِينٌ) آل عمران/١٧٨ واتە: با ئەوانەی کافر بوون وا نەزانن ئەوەی پێمان بەخشیوون خێرو فەڕەو هاتۆتە ڕێیان، نا، ئەمە هەر هەمووی بۆ ئەوەیە کە تاوانی تری پێ زیاد کەن و گوناحی پێ کەڵەکە کەن، دواییش سزای بەژان دەدرێن!!

بەڵاو موسیبەت و نەبوونی و چەرمەسەری، گێرەو کێشەی تاقی کردنەوەی خوای گەورەن، خوای گەورە بە زانستی و ئاگایی حیکمەتی خۆی -بۆ سوودی خودی موسوڵمان- دەیهێنێتە سەر رێی ئەو کەسانەی چاکن. خۆی دەیەوێت تووشی چاکەی تریان کات. خوای گەورە کە ئەولیا پیاوچاکە خۆشەوویستەکانی خۆی دووچاری ئەم هەموو کەندو کۆسپ و هەڵدێرانە دەکات بۆ ئەوەیە خێری تریان بۆ زەخیرە کات، کە ئەو پاك و سەڕراست وساڵحانەی خۆی موبتەلای ئەو کێشە سەختانە دەکات، لە سوودو قازانجی ئەو پیاوچاکانە خۆیانە، خۆ خوای گەورەکە ئەوان لە خۆشەوویستی ئەمدا دەیپەرستن -حاشا وەلیللا- ئەوە لەوی بە ئاگاو میهرەبان ناوەشێتەوە، لە جێی ئەو پەرستن و سوپاسگوزارییە ئەم ئیهمالیان کات، ئەم لە بێ بایەخیدا لێیان گەڕێ بە دەست کافرە رقنەکانەوە بە زەلیلی بناڵن!! نا، هەرگیزاو هەرگیز ئەمە لە دادی خوایی ناوەشێتەوە بەڵام بە تەئکید ئەم کۆسپانەی سەر رێ سروشتین و ئاسایین و هەر دێنە رێی پیاوچاکان و ئەولیایانی خوا..

باوەڕو دینداری و خۆشەوویستی خوا ئاوا لە دڵ و دەروونیدا دەبێ دابمەزرێن، رەگ و ریشاڵی حەقەیقەتەکان دەبێ ئاوا سادە بەڵام رەسەن و پەسەن لە بیرو ژیری موسوڵماندا رۆچن.. دەبێ دیدو بۆچوونی ئیسلامی ئاوا بەو ڕوون و ئاشکرایی و راست و رەوانییە خۆ بگرێت و نەش و نما بکات و چونکە هەر ئاواش دێتە بەر!! دەبێ موسوڵمان ئەوەی لا بەڵگەنەوویست بێ کە هەموو

گۆڕانکاریەکانی بوون و ژین بە وویست و زانست و توانای خوای گەورە و بە پێی حیکمەتی ڕەهای ئەو ڕوو دەدەن

سۆزو خۆشەوویستی خوای گەورە بەرامبەر موسوڵمانان وا بوو کە ریزەکانیان لەو دووڕووانە پاك بکەنەوە کە خۆیان خزاندۆتە ناو ریزەکانیانەوە، خوای گەورە دەیوویست بە هۆی هەڵس و کەوت و هەڵوێستی ناپەسەندی ئەوانەوە هەموویان موبتەلا کات، هەموویان تاقی کاتەوە، تا خۆلاسەکەیان بە پاڵفتە کراوی ئامادە کات بۆ هەڵگرتنی پەیامەکەی.. دەیوویست ڕاست و چەوتەکان لێك هەڵاوێرێت، ئینجا سەرڕاستەکان-کە لەبەر چاوی هەمووان سەلماندیان کە شایانی خەڵاتی خوایین- بە هێزو هۆشەوە بخاتە سەر ڕاستە شەقامی بانگەوازەکەی: (مَّا كَانَ اللّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ) آل عمران/١٧٩ واتە: نەدەکرا خوای گەورە لە موسوڵمانە پاکەکان گەڕێ هەر لەو بارودۆخەتاندا بمێننەوە کە هەمووتانی تێدا بوون، نا، هەر دەبوو چەپەڵ و ناهەموارو دەغەڵەکان لە پاك و سەرڕاستەکان جوێ کاتەوە..

خوای گەورە ناهێڵێت ریزی موسوڵمانان ببێتە سەرەنگوێلکی خڵتەو پڵتەی دەغەڵان تا نە ئەوان و نە هیچ دەروون لاوازێکی تر نەتوانن بە لاف و گەزاف باوەڕو دینداری خۆیانی تێدا مەلاس دەن.. تا کەسی دووڕوو نەتوانێت خۆی دەم بە وێردو سەلاوات نیشانداو دڵیشی بیابانی بێرونی ووشکە ساڵی بێت! نە تۆوی ئیمانی بەر کەوتووەو نە نەمامی ئیسلامەتیش چەکەرەی تێدا کردووە!!

خوای گەورە دەیەوێت ئەم ئوممەتە موسوڵمانە رۆڵێکی گەردوونی گەورە ببینێت، دەیەوێت بەرنامەو پەیام و بانگەوازی خوایی هەڵگرێت، تا لە واقیعێکی زیندووی سەر زەمیندا سیستمێکی نوێ و تایبەت بهێنێتە کایەوە. ئەم رۆڵە گرنگەش وا دەخوازێت کە ئەندامانی ئوممەتەکە لە خۆ بورا بن، خۆیان چاك و ریزیان پاك دارِشتبێت، خۆیان بەرِێزو ریزیان بەهێز بێت، نابێ لە ناخیاندا ئاسەواری خۆوویستیان بە هیچ شێوەیەك تێدا ما بێت، یان لە ریزیاندا نابێت بە هیچ کلۆجێك دەمارگیری و خەت خەتێن و پەت پەتێنی بۆ هیچ لایەن و کەس و تیرەو هۆزێك تێدا بێت.. ئەمەش هەموو ئەوە دەخوازێت کە ریزەکانیان بە تاقی کردنەوە لە بێژەنگ بدرێت و بە میحنەت داتەکێت! تا چەکووشی ناسۆرو غەریبی وەك سنگ دەیان چەقێنێت، تا نەرمەلیقەیی و دنیاوویستی موسوڵمان و و درِك و داڵ و دەغەڵی دوورِوویی دەکەون و چیدی کۆڵی ئەم بانگەوازە قورستر ناکەن، لەوانەی رەوتی ئەم کاروانە خواییەیان دەشێواندو هەنگاوەکانیان سست دەکرد، با لە ژێر تین و فشاری میحنەتتدا خشتە رزیو و داخوراوەکان بکەونە خوارێ، دیوارو سەربانی ئەم ئیسلامەتییە لەسەر ئەو دەروون بەزیوو ناو رزیوو غیرەت گەندەڵانە بنیات نانرێت..

قورئان بە نووری رِوناکی خۆی تیشك دەهاوێتە ناو پێچ و پەناکانی دڵ و دەروون، ئەو گۆشانە دەردەخات کە دەبە بوون، رزیوون، کون و کەلەبەرو

قوژبنەکان نیشان دەدات کە ڕۆحی دووڕوویی و بەزین دەیکەنە کولانەو پەناگەی خۆ حەشار دان!

قورئان بەرنامەی ئەم دینەی داڕشتووەو مەشخەڵ و بەردەبازی ڕێگاکەشی بۆ هەڵگرانی پەیامی ئیسلام دیاری کردووە، وەکو حەقیقەتی نەگۆڕ باسی کردوون:

ا- ئەم دینە سیحری نییە:

لە شێوازو سروشتی ئەم دینەدا -کە بەرنامەی خوایەو بۆ مرۆڤی ناردووە- ڕاستیەکی سەرەتایی زۆر ئاسان و سادە هەیە زۆر جارو زۆر کەس لەبیری دەکەن یان گوێی نادەنێ، یان وەکو بەڵگەنەویستێك نایخەنەوە پێش چاو.. پەی پێ نەبردنی یان بیر چوونەوەی، یان بە هەندو بایەخ وەرنەگرتنی ئەو ڕاستییە، هەڵەی زۆر دژوارو کوشندەی لێوە دروست دەبێت، کە دیدو بۆچوونەکان بەرامبەر خودی دینەکە لێڵ و تەم و مژاوی دەکەن، چ لە تێگەیشتنی ڕاستیەکانی، چ لە واقیعیە مێژوویەکەی کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا بە درێژایی زەمەنێکی دوورو درێژ ڕەفتارو مامەڵەی کردووە، ئەو لێڵ دیتنەش کارتێکردنی خراپی لێ دەبێتەوە، چ لە لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنی دوێنێ، چ لە هی ئەمڕۆی یان هی سبەی..

ئەو ڕاستیەش ئەوەیە کە: هەندێکمان وا لەم دینە چاوەڕوان دەکەین-کە مادام لە لایەن خوای گەورەو بەدەسەڵاتەوە هاتووەو ئەو خۆی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە- دەبێت بە شێوەیەکی ناسایی و سیحری و دوور لە ڕێسای گەردوونی و گۆڕانکاری مرۆڤ کار بکات، بە مانایەکی لاوەکی یەعنی هەر دەبێ خوای گەورە بۆمانی

سەرخات!! وایان خۆ حاڵی کردووە کە نابێت سروشتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کارتێکردنی لە سەرخستن و سەرنەخستنیدا هەبێت! تاقەت و توانای شوێن کەوتووان و واقیعی ماددی قۆناغەکانی ژیان و کەش و بارودۆخ نابێت ببنە هۆی سەرکەوتن یان شکستی ئەم دینە!! جا ئەم کەسانە کە دەبینن وا نییەو لە خۆوە دینەکە زاڵ نابێت، بەڵکو -دوای خوای گەورە- هەر ئیعتیماد دەکاتەوە سەر کارو کاردانەوەی ووزەو تواناو کارامەیی مرۆڤەکان و سنووری واقیعی ژیانیان و کارو کارتێکردنی قۆناغەکانی بانگەوازەکەیان، باوەڕیان لەق و دیدیان لێڵ و دەروونیان رەشبین دەبێت!!

ئەم دوو لایەنە هۆکارەش (ووزەو توانای مرۆڤەکان و سنوری واقیع و دەرچەکانی) لە بڵاو بوونەوەی بانگەوازەکەو وەڵامدانەوەی خەڵکەکە بۆیدا کاریگەرن، جا جاری وا هەی کاریگەرییەکە خراپە واتە سلبی (نێگەتیڤ)ە و جاری واش هەیە چاکە، واتە ئیجابی (پۆزەتیڤ)ە. جاری وا هەیە خەڵکەکە هێزی راکێشانی هەواو هەوەس و حەزو ئارەزووەکانیان زیاتر - وەك لە بانگەوازە خواییەکە- کەمەند کێشیان دەکات! چ لەوەی بە تەواوی بێنە ناوی و بۆی دابڕێن، چ بەوەی هاتوونەتە ناوی بەڵام دینداریەکەیان شل گرتووەو لە تێگەیشتنیدا جیددی نین! یان لە کار بۆ کردن و هەڵگرتنی بانگەوازەکەدا خۆ بە بەرپرس نازانن، یان وا نازانن بپرسن لە پاراستنی! جا کە ئەو دیاردەیەش دەبینن (تین و فشاری جاهیلییەت و شکستی حەقخوازان) ئیدی دووچاری بێ ئومێدی

دێن. چونکە هەر لە سەرەتاوە وایان بە بیردا نەهاتبوو کە ئەم دینەی بەرنامەی خوای بە هێزو بەدەسەڵات و زانایەو ئەم دیندارانەش کە خۆشەویستی خوان و ئەولیای ئەون، ئاوایان لێ بەسەر بێت! بۆیە تووشی ئەو ڕەشبینییە دەبن، یان باوەڕیان لەق دەبێت، یان متمانەیان بە جیددییەتی بەرنامەکەی خوا -کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی داناوە- کەم دەبێتەوە.. هیوا بڕاو دەکەون لەوەی کە ئەم دینە لە واقیعدا بە کەس بێتە دی!! ڕەنگە - خوا لاماندا- ئەم بۆڵە بۆڵە و خوتە خوتەیان سەر بکێشێت بۆ گومان کردن لە دینەکە خۆشی.

ئەم زنجیرە هەڵەیە، هەموویان بە دوای یەك هەڵەی سەرەتاییدا هاتوون ئەویش: پەی نەبردنە بە سروشتی ئەم دینەو شێوازی تایبەتی کارکردنی. یان لەسەرەتاوە ئەم خەڵکە ئەم خاڵەیان لا بەڵگەنەویست بووەو زانیوویانە، بەڵام دوایی بیریان چۆتەوە.. گەرچی حەقیقەتێکی سەرەتایی زۆر ساناو سادەشە..

ئەم دینە بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتییە و دەبێ بە ڕەنجی مرۆڤیش لە ژیاندا بچەسپێت. سەرەتای کار بۆ کردنیشی هەر لەو خاڵەوەیە کە مرۆڤەکان لە ژیانی ماددی خۆیاندان. ڕەنجی مرۆڤانەی خۆیان -بۆ سەرخستنی دینەکە- دەخەنە کار، دینەکەش ڕەنجی هەر هەموو شوێن کەوتووەکانی دەوێت بەو سیفەتەیان کە مرۆڤن و لە واقیعی مرۆڤایەتیشدا دەبزوێن دینەکە هەر لە سەرەتاوە وا لە شوێن کەوتووەکانی دەخوازێت کە دەبێ بۆ سەرخستنی بانگەوازەکەی هەموو ووزەی خۆیان بە گەڕ خەن، چ وەك تاك و بە تاککاری، چ وەك کۆمەڵ و بە

کۆمەڵکاری، هەر یەکەیان بە جیاو هەمووشیان بە هەرەوەزی و دەستەجەمعی و پێکەوە..

دیسان یەکێك لە سیفەتە سەرەکیەکانی شارەزا بوون لە سروشتی ئەم دینە و لە کار بۆ کردنی ئەوەیە کە لە هیچ ساتێك و لە هیچ پلانێك و لە لە هیچ هەنگاوێکدا سروشتی مرۆڤ و سنووری تواناو واقیعە ماددیەکەی -کە تێیدا دەژین- لە یاد نەکرێت.. لە هەمان کاتیشدا ئەم دینە هەر بەو تواناو ووزەی مرۆڤە خۆیەوەو بە بەرنامە خواییەکەوە دەیگەیێنێتە ئاستێکی وا کە بە هیچ بەرنامەیەکی تری مرۆڤکرد نەگاتە ئەو ئاستە.. بۆ بەڵگەی ئەم ڕاستیەش نموونەی واقیعی لە مێژووی ئیسلامەکەدا زۆرە، بۆیە باش حاڵی بوون لە سروشتی دینەکەو کار بۆ کردنی زوو شوێن کەوتووان دەگەیێنێتە ئەو قەناعەتەی کە هێنانەوەو چەسپاندنەوەی دینەکە سەر لە نوێ و لە واقیعی نوێی خۆیاندا زۆر ئاسانە بەو مەرجەی دینداریێتی بەم ئیسلامە وەکو جاران بێت و هەوڵ و رەنجیشی بە جیددی وەکو جاران بۆ بدرێتەوە .

بەڵام هەڵەی سەرەتایی هەرە گەورە ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنەوویستەی سروشت و تەبیعەتی دینەکە لە دڵ و دەروون و بیرو ژیریدا بە تەواوی و وەکو خوای گەورە دەیەوێت نەچەسپا بێت، یان ئاڵۆزانە بچەسپێت، یان بیر چوو بێتەوە.. چاوەڕوان کردنی سەرخستنی ئەم دینە بە رێسای غەیری سروشتی وا کە لە واقیعی مرۆڤدا نەبێت، دیدو بۆچوون و بیروهۆشی مرۆڤەکان دەگۆڕێت و بە

شێوەیەکی تری پێچەوانەی سروشتی ئەم دینە دروست دەبن کە پەیوەندییان بە سروشت و حەزو تواناو ئامادەباشی و واقیعی ماددی مرۆڤ خۆیەوە نابێت.. بۆیە گەر وا نەبوو پرسیارە ساویلکەکان وەك ئەوەی یەکەم: (خوایە ئەوە بۆچی وا بوو؟!) سەر هەڵدەدەنەوە! ئەم پرسیارە ساویلکەو گومانە گێلانە لەوە دێن کە هەر لە سەرەتاوە پەی بە ڕاستییە سەرەکیە سادەکانی سروشتی ئەم دینەو شێوازی کار بۆ کردنەکەی نەبراوە، یان وەکو ووتمان بیر چوونەتەوە!!

بێ گومان خوای گەورە دەیتوانی سروشتی مرۆڤ چ بەم دینە چ بە شێوەیەکی تر بگۆڕێت، دەشیتوانی هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی تر خەلقی بکات، بەڵام ویستی وا بووە کە هەر ئاوا بێت، ویستوێتی کە سروشتی مرۆڤ هەمیشە لە کاردا بێت، ویست و ئیرادەو وەڵامدانەوەی هەبێت، ئیلغا نەکرێت و نەگۆڕرێت و پەك نەخرێت، ویستوێتی کە ڕێنمایی خوایی هەر بە ڕەنجی مرۆڤ خۆی بێتە دی.. بەو ڕادەو بڕەی لە تواناو ووزەی مرۆڤ خۆیدا هەیە.. ویستوێتی مرۆڤ ئەوەندەی خۆی لە توانایدایە ڕەنج بدات و تێ بکۆشێت و بەرهەمی تێکۆشانەکەی خۆشی لە هەمان واقیعی گۆڕاوی خۆیدا وە دەست بهێنێت..

خوای گەورە نایەوێت یەکێك لە مەخلوقاتەکانی -مادام وەکو خۆی نین- لێی بپرسێت کە بۆچی وای ویست یان وای کرد؟! خۆ ئەم مەخلوقاتانە وەکو خوا زاناو بە دەسەڵات و بەبەزەیی نین، وەکو ئەویش پەی بە سیستەم و نەزمی گەردون و ژیان نابەن و حیکمەتی نادیاری شاراوەکان نازانن، ناشزانن بۆچی فڵان دروست کراو بەو شێوازو بەو چۆنییەتی و چەندێتییە دروست بووە؟! نازانن فڵان ڕوداو

بۆچی ئاواو لەو کات و شوێنەدا وا ڕوویدا؟! ئیتر ئەو پرسیارە سەیرە چییە؟ خوایە بۆچی وا بوو؟!

(خوایە بۆچی!!) ئەم پرسیارە نە موسوڵمانی راستەقینە دەیکات، نە کافری راستەقینە. موسوڵمان هەر ناپرسێت، چونکە سنووری ئەدەبی خۆی لەگەڵ خوای پەروەردگاری گەورەو خاوەنیدا دەزانێت و نایبەزێنێت.. موسوڵمان لە ناخی دڵییەوە خوای ناسیووەو هەستی بە بوون و حەقیقەت و سیفەتەکانی کردووەو دەشزانێت کە ئیدراکی مرۆڤ ئەوەندە ئامادە نەکراوە تا لە زاتی خوای گەورەی خۆی بکۆڵێتەوەو حیکمەت و نهێنییەکانی هەموو بڕیارو فەرمانەکانی بزانێت.. هەر لە سەرەتاوە کە باوەڕی هێناوەو موسوڵمان بووە، قەناعەتی بەوە هێناوە کە خوای گەورە زاناو کاربەجێیەو هەموو شتێك لە جێی خۆی و لە کاتی خۆیدا بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی ئەنجام دەدات..

کافری راستەقینەش نالێ: خوایە بۆچی؟! چونکە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە بوونی خوا نییە! گەر باوەڕی بە خوای گەورە هێنا، حەتمەن قەناعەت بەوەش دەکات کە ئەمەی ڕوو دەدات وویست و حەزی خوای گەورەیەو بە پێی زانست و وویست و توانای خۆی ئەو کارەی کردووەو ئەویانی نەکردووە.

پرسیاری وا کابرایەکی بیر کولی باوەڕ کۆڵ، یان هەرزە بیرو هەزەلی دەیکات! کە نە موسوڵمانی سەر راستە و نە کافری جیددیشە! بۆیە بە لای ئێمەشەوە ئەمە پرسیارێك نییە لای لێ بکەینەوەو خۆمان بکەینە خاوەنی وەڵامەکەی.. ئەگەر

کەسێك لەوانە پرسییان کە حەقیقەتی خوایەتی خوای پەروەردگاری نەدەزانی، وەڵامی ئەو کەسە ئەوەیە کە حەقیقەتی خوایەتی خوای گەورەی تێگەیەنرێت، تا پەی بە حەقیقەتی خوایەتی و بوون و مرۆڤ و ژیان و گەردوون ببات و موسوڵمان بێت، یان ئەوسا لە زەمینەی زانینەوە نکوڵ دەکات و کافرانە رەفتار دەکات.. بەمەش ئەو جەنگ و جیداله بەتاڵ و نەزۆکە کۆتایی دێت..

کەوا بوو کەس بۆی نییە لە خوای گەورە بپرسێت کە بۆچی مرۆڤی لەسەر ئەو سروشت شێوازە دروست کردووە! یان بۆچی وای وویستووە کە ئەم مرۆڤە دەبێت خۆی کارو کارتێکردنی لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیدا هەبێت. یان بۆچی وویستی وا بووە کە هەر دەبێ رەنجی مرۆڤ لە چوارچێوەی توانایدا -لە چەسپاندن و هێنانە دی بەرنامەی خوادا لەسەر زەوی - بەرپرسیار بێت؟!

دەبێ هەموو کەس ئەم بڕیارەی لا بەڵگە نەوویست بێت، دەبێ دیقەت بداتە ئەوەی کە چۆن لە واقیعی مرۆڤدا لە کاردایەو چەندیش بەکارو کاریگەرە؟! دەبێ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی رەوتی مێژوو لەبەر رۆشنایی ئەم سروشتەی مرۆڤ بێت. تا لە لایەکەوە بزانرێت بۆچی فلان روداو یان فیسار هەڵوێست وا ڕوویداو وا قەوماو وا گیرایە بەر ؟ لە لایەکی تریشەوە بزانرێت چۆن لەگەڵ ئەم سروشتەی مرۆڤدا رەفتار دەکرێت؟!

ئەم بەرنامە خواییە -بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویێتی- لەسەر زەوی و لە دنیای خەڵکیدا هەر بەوەندە ناچەسپێت بۆ خەڵکی ڕوون بکرێتەوەو بگەیەنرێت پێیان! یان بەو سیفەتەی کە پیرۆزەو هەڵبژاردەی

خوای گەورەیەو خواش بەدەسەڵاتەو هێزی بێ پایانی هەیەو دەتوانێت وەك چۆن گەردوونی دروست کردووەو لەسەر ڕێسای خۆی ئەستێرەکان دەخاتە گەڕو هەموویان ناچارن بە وویست و ئیرادەی خوای گەورە بکەن، خوای گەورە دەشتوانێت ئاوا بە ڕێسایەکی ناچار کردنی خۆی ئەو خەڵکە (قەهر)کات تا دینەکەی وەردەگرن و شەریعەتەکەی جێبەجێ بکەن.. ئیسلام ئاوا نایاتە دی.. بەڵکو بەوە دێتە دی و دەچەسپێتەوە کە کۆمەڵێك مرۆڤ باوەڕێکی پتەوی پێ بهێنن و قەناعەتی تەواویان پێی هەبێت و بە گوێرەی توانای بیرو ژیری و جەستەیی خۆیانەوە بە تەعلیماتەکانییەوە پابەند بن و هەمووشیان بڵاو کردنەوەی بانگەوازەکەی بکەنە ئەرکی رۆژانەی تاك و کۆمەڵەکەیان و وەکو ئامانجێکی ستراتیژیش ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ گەیاندنی دینەکە بە حوکمی ناوچەکەیان و ئینجا خەڵکی تریش بانگهێشت بکەن تا بێنە ریزی دینەکەیانەوە..

دەبێ هەموو رەنجەکان بۆ ئەو ئامانجە بخەنە کار، لە لایەکەوە دژی لاوازی مرۆڤایەتی خۆیان و خەڵکی ترو هەواو هەوەس و نەزانی و ئارەزوو پەرستی خۆیان و خەڵکی تر راوەستنەوەو لە هەمان کاتیشدا خۆگر بن و بەرگری بەرهەڵستکارانیان بکەن کە ئەوانیش هەر بە هۆی لاوازی مرۆڤایەتی و هەواو هەوەس و نەزانین و ئارەزوو پەرستی خۆیانەوە ئەو هەڵوێستە دژەیان بەرامبەر بەرنامەکەی خوای گەورە گرتۆتە بەر.. ئەو جا هێنانە دی و چەسپاندنی بەرنامەکەی خوا دەگاتە ئەو ئاست و سنوورەی سروشتی مرۆڤ دەتوانێ بیگاتێ و

پێوەی پابەند بێت، بۆ ئەوەی واقیعی تاك و ئوممەتەکەو کۆمەڵگەکەی تێیدا کار دەکەن ئیهمال بکەن..

هەنگاوی گۆڕانکاری کۆمەڵگە تەریب و هاوشانە لەگەڵ برەو تەعلیماتەکانی بەرنامە خواییەکە. ئینجا دەبینی ئەم کۆمەڵە مرۆڤە دیندارە جاری وا هەیە زاڵ دەبن بەسەر نەفسی خۆیان و نەفسی خەڵکانی تردا. جاری واش هەیە لە ناوجەرگەی شەڕی نەفسی خۆیان و شەڕی نەفسی خەڵکیدا تێك دەشکێن.. سەرکەوتن و شکستەکانیان بەسەر نەفسی خۆیان و نەفسی خەڵکیدا پەیوەستە بە رادەو بڕی پابەند بوونی خۆیان بە دینەکەو رادەو بڕی ئەو رەنج و هەوڵەی داویانە بۆ سەرخستنی دینەکەی خوا، هەروەها پەیوەستە بەو شێوازو هۆکارو وەسیلانەی لە مەیدانی کارو رەفتاردا گرتوویانەتە بەر..

بەڵام پێش هەموو شتێك، پێش هەموو رەنجێك، پێش هەموو شێوازو هۆکارێك ئەم کۆمەڵە دیندارەی بەم دینە بزاڤی گۆڕانکاری دەکەن دەبێت بۆ خوا بە تەواوی ساغ بوو بنەوە، دەبێ لە خۆیان پرسی بێت: چەند لێبڕاون بۆ ئەم دینەو بۆ بانگەوازو ئامانجەکەی؟ تا چ رادەیەك خۆیان بە بەرنامەکەیەوە پەیوەست کردووە و تا چ رادەیەك تەعلیماتی ئەم دینە لە خۆیان و دەورو بەریاندا دەچەسپێنن؟ ئەمانە وەکو تاك و وەکو کۆمەڵ چەند بۆ خوا سوڵحاون؟ چەند پشتیان بەو بەستووەو چەند متمانەیان بەوە؟!

ئەمە حەقیقەتی دین و دینداریەکەیە، ئەمەشە نەخشەو پلان و شێوازی بزاڤە کۆمەڵکاریەکەی.. ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە خوای گەورە دەیوویست بە کۆمەڵی موسوڵمانانی یەکەمی رابگەێنێت و لەسەری پەروەردەیان کات..

کاتێك موسوڵمانان لە پابەند بوون بە حەقیقەتی ئەم دینەو چەسپاندنی لە خۆو درەوشاندنەوەی لە هەڵوێست و ململانێکانیاندا کەمتەرخەم دەبن، کاتێك لە گرتنە بەری شێوازە عەمەلیەکانی راستییە سەرەتاییەکانی دین و دینداری کەمتەرخەم دەبن، یان کە لە بیری دەکەن، یان کە ئاوەژوو لێی حاڵ دەبن و وا دەزانن -گەرچی دید لێڵ و رەفتار چەوت و بار لا سەنگیش بن- مادام موسوڵمانن هەر سەر دەکەون! کە ئاوا ساویلکانە لەو دینە تێگەیشتن، خوای گەورە لێیان دەگەڕێ تووشی هەندێك دەردەسەری و ناسۆر بین، با کەمێك شکست بخۆن، با ماوەیەك بە ژان و خەمی بەزین و شکستەوە بتلێنەوە با تاڵاوی ساویلەکیی و کەمتەرخەمی و گوێ نەدان بچێژن.. ئەمەش یەکێکە لەو حەقیقەتانەی خوای گەورە بە راشکاوی بۆ یاوەرانی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربڕیووە، کە دەفەرموێ: (أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَـذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) آل عمران/١٦٥واتە: ئەوە بۆچی کە نارەحەتیتان تووش بوو (لە تێکشکانەکەی ئوحوددا) کە لەوەو پێش هی تری واتان تووش بوو بوو، ووتتان: چۆن وامان لێ بەسەر هات؟! پێیان بڵێ: ئەوە

خەتای خۆتان بوو.. خۆتان هۆکاری ڕوودانی ئەو کارەساتە ناخۆشەن، دەنا خۆ خوا بە توانایە بەسەر هەموو شتێکدا..

خوای میهرەبان موسوڵمانان لەم سەرزەنشت کردنەدا جێ ناهێڵێت، بەڵکو بە هۆکارو ئەنجامی کارەکانی خۆیانەوە پەیوەستیان دەکاتەوە.. بۆیان دەسەلمێنێت کە ئەو لەم بەسەر هێنانی شکستیەیاندا، لە هێنانی ئەم بەڵاو موسیبەت و ناسۆرەی سەر ڕێیاندا، خێری ئەوانی ویستووە، وویستویێتی بۆیان ڕوون بێتەوە کە ئەو ڕەفتارانەی ئەوان خۆیان لە واقیعی حاڵدا کردویانن لە ئاستی بەرپرسی ئەم بانگەوازەدا نین، بۆیە بوونە هۆکاری ئەم ئەنجامە تاڵە..

کار کردن و گەشەو چەسپاندنی بەرنامەی خوای گەورە لە ڕێی ڕەنجی مرۆڤەوە -کە کارو کارتێکردنی بەردەوام لە نێوان بەرنامەکەو ڕەنجەکەدا دروست دەبێت- خێرێکی گشتی و شتێکی چاکە، چونکە لە لایەکەوە ژیانی مرۆڤایەتی چاك دەسازێنێت و ناهێڵێت پەکی بکەوێت، یان لاسەنگ ببێت، یان پێوەری نامۆو ناقۆڵای بۆ ببێتە حاکم! لە لایەکی تریشەوە سروشتی مرۆڤەکانیش دەبزوێنێت و زیتیان دەکاتەوەو ڕەفتاری واقیعیانەیان لەگەڵدا دەکات و ناهێڵێت سروشتی مرۆڤ تێك بچێت و پەڕیدەو یاخی ببێت. چونکە ڕاستیەکانی باوەڕ -ئەگەر جیهادیان لە پێناودا نەکرێت- لە دڵ و دەرووندا جێگیر نابن! جیهاد بە زمان (خەباتی سیاسی) کە بە بڵاو کردنەوەو گەیاندنی بانگەوازەکەیە بە زمان هەروەها جیهادی دەست و بازوو (خەباتی چەکداری) کە بۆ ڕاوەستاندنی

ستەمکاری و بەرپەرچدانەوەی تاغووتان و پاراستنی بەرنامەکەی خوای گەورەو شوێن کەوتووەکانێتی..

کاتێك داعی و موجاهید و رەنجدەرو تێکۆشەرانی ئەم دینە دووچاری ناخۆشی دێن، دەبێ ئارام بگرن، لەسەر ئازارو ناسۆر خۆگر بن، دەبێ لەسەر زاڵ بوون و سەرکەوتن بە ئارام بن و خۆگر بن هەر وەکو کە لەسەر بەزین و شکست دەبێ بە ئارام و خۆگر بن.. خۆگرتن و هەڕاڵ (مەغرور) نەبوون لە سەرکەوتندا قورسترو نارەحەتترە لە خۆگرتن لەسەر تێکشکان و میحنەتەکانی بەزین..

کەندو کۆسپی سەر رێ و کێشە قورسەکانی خەبات، دڵەکان پاڵفتە دەکەن، ریزەکان لە بێژنگ دەدەن، سەر راست و چەوتەکان لێك هەڵداوێرن.. بەمەش کۆمەڵە موسوڵمانەکە دەکەوێتە سەر راستە شەقامی رێبازە خواییەکەو پارسەنگانە هەنگاو هەڵ دەهێنێتەوە، چونکە لەگەڵ موسیبەتەکان را دێت و بە میحنەتەکان بەرگری فێر دەبێت و گەشەو نەش و نما دەکات.. تا زیاتر کامڵ تر دەبێت و پێ دەگات.. ناسینی خوای گەورەو پشت پێ بەستنی بەهێزتر دەبێت..

راستیەکانی باوەڕ لە ناخی دڵ و دەروونندا رەگ داناکوتن تا لە واقیعی تێکۆشاندا نەڕوێن.. دەبێ گورزی میحنەت ئیرادە قایمتر کات، باوەڕیش دەبێ لە دەبەرێك راچوون و ململانێدا جێگیر ترو پتەوتر بێت.. هەر واشە، چونکە موسوڵمان لە لایەکەوە بەرامبەر نەفسی خۆی لە ململانێدایە، لە لایەکی تریشەوە بەرامبەر نەفسی چەواشەو سەرکەشی ئەو خەڵکەش لە بەرەی شەڕدایە.. حەقیقەتی

شتیش لەم ململانێ و پێکدادانانەدا ڕوون دەبنەوە! لەم ناکۆکیە واقیعەدا شتی زۆر سەیر کەشف دەبێت. وەك حەقیقەتی باوەڕو هەڵوێستی ئیماندارانە، حەقیقەتەکانی ناو بەرەی ڕووبەڕوو بوونەوەو پێك هەڵپڕژان، حەقیقەتەکانی ژیان و قەدەرو ئەجەل و مەرگ حەقیقەتی هەموو ئەمانە لە کاتی ململانێدا دەردەکەون! ئەمانە هەرگیزاو هەرگیز بۆ خەڵکانی هێمن و موسالیمی دانیشتووی بەر سێبەر دەرناکەون.. بۆ ئەوانەی پێیان وایە نابێت خەڵکی لە خۆمان بکەینە دوژمن!![1]

---

[1] جێگەی سەر سوڕمانە کەسێك قورئان بخوێنێت و قسەی وا بکات، چونکە قورئان خوێن دەزانێت، کە قابیلی کوڕی سیدنا ئادەم، کە هابیلی برای کوشت، هیچ ناکۆکیەکی کوفرو ئیمان لە ئارادا نەبوو، زەوی بۆ وولات و وولاتیش بۆ دەسەڵات دابەش نەکرابوو، بەروبوومی زەوی بۆ هەموان بوو، خاوەنێتی نەبوو، ئەدی لەبەر چی قابیل هابیلی کوشت؟! لەبەر ئەو ڕقە بوو کە لە ناخیدا لەبەر پیاو چاکی ئەم دروست ببوو. خۆ مەرج نییە، لەبەر ئەوەی جاهیلییەت دەمانخاتە ژێر تین و فشارو حەملەی ریشەکێشی خۆیەوە، لەبەر ئەوە بێت هەڵەمان کردووە، یان وەکو هەندێك ساویلکە دەڵێن لە خۆمان ورووژاندن!! نا، وا نییە سروشتی ململانێ فیکرییەکە وا دەخوازێت، ساحەی ململانێکە دوو بەرەیە، بەرەکان دیدو تێڕوانینیان جودایە، ئینجا نەرینی کۆمەڵایەتیان جودایە، کۆمەڵە ئیسلامییەکەش، کە قورئان ناوی ناوە ئوممەت لەسەر ئەم چوار بنەما فیکرییە دامەزراوە، بۆیە لەبەرەی موسڵمانێتیەکەدا، ئوممەتێکی مسڵمان بە بانگەوازێکی جودا لە ژێر ئاڵاو سەرکردایەتییەکی جودادا وەستاوەو، بەرامبەرەکەشی بە جاهیلیەت دەناسێنێت و لە گەڵیدا ئامادەی مساوەمە نییە بۆیە لەسەر ئەم هەڵوێستە ڕەقە تووشی ئەو میحنەتانە دێت، کە پێغەمبەرە مەعسومەکانیش سەلامی خوایان لێبێت، بێ ئەوەی هەڵەیان کردبێت تووشی دەبوون..

موسوڵمانی خاوەن باوەڕ، خاوەن پەیامی بزاڤ و گۆڕانکاری، چونکە لە واقیعی کارو کاردانەوەدا خەریکی بانگەوازو سەلماندنی بوون و هێنانەوەی حوکمی ئیسلامە، زیاترو خۆی دەناسێت، زووتر دەگاتە ئاسۆی بەرفراوانی هەست و نەست و دیدو بۆچوون و ناسین و پێناسەو داب و ئاداب و نەریت و بەهاو ئینفیعال هەستی نەگۆڕ.. زووترو زیاتر هەست بە زەرورەتی بەهانا هاتنی خەڵکەوە دەکات.. چونکە هیچ کەس لە ژیانیدا بێ ئەم جۆرە تەفاعول و تەجروبانەی کارو ڕێ، بێ ئەم جۆرە خەبات و ڕەنجە پڕ ناسۆرە کاریگەر نابێت.

ئەو کاتانەی ڕاستیەکانی باوەڕ لە کۆمەڵێکدا دەچەسپێن و ڕەنگ دەدەنەوە، لەو کاتانەدا کە کۆمەڵە موسوڵمانە داعیەکانی تووشی ئەو هەموو تاقی کردنەوەی بەڵاو موسیبەت و ڕاکەڕاکەو دەردەسەرییە دێن، هەر یەك لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە شارەزای تواناى خۆیان دەبن، حەقیقەتی ئامانجەکانی خۆیان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە، کۆمەڵەکەو سەرکردایەتییەکەیان ووردتر شارەزای یەك یەکی خشتی بیناکەیان دەبن و دەزانن تواناو تاقەت و تەحەممولی هەر یەکە لە ئەندامەکانیان چەندەو تا چ ڕادەیەك لە ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرگریدا خۆ دەگرن ئائەمەشە کە خوای پەروەردگاری کارجوان دەیەوێت کۆمەڵە موسوڵمانەکەی لەسەر پەروەردە کات. چونکە خوای گەورە شوێن کەوتووی پێغەمبەرانی بە ڕوداوەکانی ژیانی بزاڤ و کۆمەڵ و بانگەوازەکەیان پەروەردە دەکرد. تا خۆشیان لە واقیعدا جۆرو ئاستی یەکتری بناسن: (مَّا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَآ أَنتُمْ

عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ)آل عمران/١٧٩ واتە: نەدەكرا خوای گەورە لە موسوڵمانە پاكەكان گەڕێ هەر لەو بارودۆخەتاندا بمێننەوە كە هەمووتانی تێدا بوون، نا، هەر دەبوو چەپەڵ و ناهەموارو دەغەڵەكان لە پاك و سەر ڕاستەكان جویَ كاتەوە..

پاشان خوای گەورە كۆمەڵە موسوڵمانەكە دەگێڕێتەوە لای قەدەری خوایی خۆی بەڵام هەندێك لەو حیكمەتانەی لە قەدەرەكەی خوادا شاراوە بوون، ڕوون دەكاتەوە، بەمەش حەقیقەتەكانی باوەڕ لە دڵ و دەروونە بە پیتەكاندا بەهێزتر دەكات، لە دیدو بۆچوونە ڕوونەكانیشدا -كە بە روداوەكان بەرفراوانتری كرد بوون- قایمتر دەكات: (إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ * وَلِيُمَحِّصَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ) آل عمران/١٤٠-١٤١

واتە: تەنها ئێوە نین كە دڵ و دەروونتان زامدار بوو بێت، ئەو زام و ناسۆرە چۆتە دڵی خەڵكی تریشەوە ئەمە رۆژگارە، هەر جارەو دەیدەینە دەست كۆمەڵێك، تا خوای گەورەش موسوڵمانە راستەكانی ناو كۆمەڵەكەتان بناسێت و شاهیدو شەهیدیان لێ هەڵبژێرێت. خوای گەورە زاڵم و ستەمكارانی خۆش ناوێت. خوای گەورە دەیەوێت باوەڕداران پاڵفتە كات و لە كافرانیان هەڵاوێرێت و كافرەكانیش مەفح كاتەوە..

كەوا بوو كۆتاش هەر وەكو سەرەتایە، هەر قەدەری خوایە وویست و ئیرادەی ئەوە كار دەكات، تەگبیرو حیكمەتی ئەوە لە هۆكارو روداوو شەخسیات و

بزاڤەکاندا دەردەکەوێت.. ئەمەشە ئەو دیدو بۆچوونە ئایدیۆلۆژیە گشتگیری کامڵەی کە دەبێ لە بیروهۆشی دینداراندا بچەسپێت و بکرێتە ئەو روانگەیەی لێوەی دەڕوانرێتە مێژوو..

٢- موسوڵمان لەوەش زۆرتری پێ دەکرێت:

حەقیقەتێکی گەورەی سەرەکی تریش هەیە دەربارەی سروشتی دەروونی و سروشتی تەبیعەت و سروشتی رەنج و تێکۆشانی مرۆڤ، کە تا چ رادەیەك دەتوانێت بە بەرنامەی خواییەوە پابەند بێت و چەندیش دەتوانێت بهێنێتە دی..

نەفسی مرۆڤ کامڵ نییە، بەڵام توانای گەشەو نەش و نمای زۆرە. دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستە بڵندەی کە کۆتا پلەی تەواوێتی سەر زەمینە، ئەمەش سیفەتێکی گرنگی هیوا بەخشە، چونکە هەموو کاتێك ئەو گەشبینییە دروست دەکات کە مرۆڤایەتی -هەر کاتێك بۆ ئەم بەرنامەو بەم بەرنامەیە- هەموو رەنجی خستە کار، دەتوانێت بگاتە لوتکەی ئەو تەواوێتییە.. مەگەر نابینن کە کۆمەڵە خەڵکێکی چاك گەیشتە چڵە پۆپەی ئەو کامڵی و تەواوێتییە، کۆمەڵەکەی دەورو بەری پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟! گە پێشڕەوانی ئەم ئوممەتە موسوڵمانەن: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ) آل عمران/١١٠ واتە: ئیوە چاکترین ئوممەت بوون بۆ خەڵکی هاتنە کایەوە. ئەمە کۆمەڵگە دینداره‌کەی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ که بوونە نموونەی تەواوێتی نەفسی مرۆڤایەتی. ئەم کۆمەڵە کێن؟ کۆمەڵێك مرۆڤن، کەم و کورتییان تێدایە لاوازییان تێدایە، تەنانەت هی واشیان

تێدایە کە خوای گەروە دەربارەیان فەرموویەتی: (إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُواْ وَلَقَدْ عَفَا اللّهُ عَنْهُمْ) آل عمران/١٥٥ واتە: ئەوانەتان کە لە غەزای ئوحود هەڵاتن، لە کاتێکدا بوو کە بەرەی هەردوولا پێك گەیشتبوون، ئەوانە شەیتان پێی هەڵخلیسکاندن و بە گوناحی خۆیانەوە بەستنییەوەو زیاتر هانی دان بۆ گوناحی تر بەڵام خوای گەورە لێیان خۆش بوو..

ئەمانەش هەر موسوڵمان بوون، ئیماندار بوون، بەڵام سەرەتای ئیسلامەتییان بوو، هێشتا لە دەرسە سەرەتاییەکانی پەروەردەو پێگەیشتندا بوون، بەڵام لە وەرگرتنی ئیسلامەتیدا سەر ڕاست بوون، ڕازی بوون بە سەرکردایەتییە خواویستیەکەیان، بەرنامەکەی خوایان پێ قبوڵ بوو، بۆیە خوای میهرەبانیش لە داڵدەی خۆی دەری نەکردنە دەرەوە،بەڵکو بەزەیی پێیاندا هاتەوەو لێیان خۆش بوو، لێیان گەڕا تا جارێ ئەنجامی ڕەفتارە هەڵەکەیان ببینن و بزانن لە هەڵەیەکی ئەوانەوە چ بەڵایەك ڕووی لە خۆیان و کۆمەڵ و سەرکردایەتیەکەیان کردا! بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوای بەبەزەیی نە لە ریزی ئیمانداران دەری کردن، نە گۆشەگیریشی کردن و نە تەرەشی کردن! پێی نەفەرموون: لاوازی و کەمتەرخەمیتان بە تەجروبەی واقیعی دەرکەوت، کەوا بوو ئێوە بە کەڵکی هیچ نایەن و سوود بەم دینە ناگەیێنن! نا، لە جیاتی ئەوە لاوازیەکەی لێ قبوڵ کردن، کەم و کورتیەکەیانی خستەوە پێش چاوی خۆیان بێ ئەوەی ئەوەندە زۆر لەسەریان قورس کات، پێی بڕوخێن! لە جیاتی ئەوە لەگەڵ رەحمەت و بەزەیی و دڵنەواییدا بە میحنەتەکان (هەر لەو ساتە وەختەدا کە کارەساتەکە گەرمە)

داخی دەکردن. ئاوا پەروەردەی دەکردن! هەر وەك چۆن گەورەیەك دەست بەسەر بچوکێکیدا دەهێنێت، خوای گەورە ئاوا بوو بۆیان.. دەیوویست باشتر پەی بەشت ببەن، ووریاتر بن، هەست بە دژواری هەڵوێستی هەڵە بکەن، تا پێ بگەن.. خاڵی لاوازی خۆیانی بۆ دەکردنە دەرس و پەندو ئامۆژگاری و بە شێوەیەکی ئاسان و سادە، لەگەڵ سۆزو بەزەییدا دەیخستەوە پێش چاوی خۆیان.. وەحی خۆشی بەردەوام بۆ دەناردنەوە تا متمانەیان بە خۆیان و خاوەنەکەیان نەڕوخێت، تا لە گەڵ گلانەکاندا هەستنەوە، نەك هەر بۆ ئەوەی رەشبین نەبن بەڵکو بۆ ئەوەی هیواو ئومێدیان زیاتر گەشە بکات! ئاوا هەستیان دەکرد کە تا زیاتر بۆ خوا بسوڵحێن، خواش زیاتر بایەخیان پێ دەدات و هاریکاریان دەکات.. ئیتر ئاوا پێگەیشتن و ئاواش گەیشتن.. گەیشتنە مەنزڵ، مەنزڵی نموونەی دەگمەنی مێژوویی، ئەوەی کە خوای گەورە خۆی لە وەسف و باسیاندا فەرمووی: (الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ) آل عمران/١٧٣ واتە: ئەوانەی کە خەڵکی پێی ووتن: وا خەڵکانێکی زۆر کۆبوونەتەوەو گەلە کۆمەکێتان لێ دەکەن، بە خەمەوە بن، بە حەزەر بن، بترسن، بەڵام ئەوان باوەڕیان بەوە پتەو تر دەبوو بۆیە ووتیان: ئێمە خوای گەورەمان هەیەو ئەویش بەسمانە، خواش باشترین پشتگیرو پشتیوان و پاڵپشتە.

پەروەردەی خوایی ئەم کۆمەڵە موسوڵمانەی گەیاندە ئاستێکی زۆر بڵند، ئەمان هەر مرۆڤ بوون، هەر بەو سیفەتانەی مرۆڤیشەوە مانەوە، هەڵەو لاوازی، کەم و کورتی هەر هاوڕێیان بوو، بەڵام هەمیشە هۆشیان لە تۆبەو گەڕانەوەی لای خوا بوو..

ئەمە هەر سروشتی مرۆڤەکەیە کە ئەم بەرنامە خواییە دەپارێزێت و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات. ئیسلام ئەم سروشت و تەبیعەتەی مرۆڤ ناگۆڕێت، پەکی ناخات، کۆڵی وای ناخاتە سەر شان کە توانای بەسەریدا نەشکێت، بەڵکو هەر ئاڕاستەی ڕەسەنی و پارسەنگی دەکات تا دەیگەیێنێتە ئاستی کاملی و لە واقیعێکی زیندووی سەرزەمینیشدا ئەمەی بە عەمەلی دەخاتە پێش چاو.. ئەم ڕاستییە بەهایەکی گەورەی لە گەشبینیدا هەیە چونکە بەردەوام ئومێدێکی هەمیشەیی دەداتە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا زیاتر هەوڵ بدات، تێبکۆشێت تا بگاتە نزیك ئەو ئاستەی نەوەی بەردەستی پێغەمبەران گەیشتبوونێ.. لە چییان کەمە؟ بۆ نایگەنێ؟ خۆ بەرنامەی خوای گەورەیان لەبەر دەستدایە، با لە بارودۆخی ناهەمواریشدا بژین خۆ دەتوانن هیممەت بکەن و بەرەو ئەو ئاستە هەڵکشێن، با وەك ئەوانیش نەگەنە چڵە پۆپە بەڵام خۆ لە ئاستی خەڵکی بڵندتر دەبنەوە.. خۆ ئەو کۆمەڵەی یەکەمی ئەم ئوممەتە کە بە سەرپەرشتی وەحی خوایی و لەسەر دەستی پێغەمبەری نازداردا پەروەردە بوون، وەنەبێت موعجیزە بوو بن و قابیلی دوپات بوونەوە نەبن، نا، بەرنامەکە هەر ئەوە، سروشتی مرۆڤی هەموو نەوەیەکیش هەر وەکو یەکن، بەڵام بێگومان ڕادەو بڕی ڕەنجدانەکە پێویستە

وەکو هی نەوەی یەکەمی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە بدرێتەوە.. پلەی ئاستەکانیش بە گوێرەی بڕی توانای سەرف کراو دابەش دەکرێتەوە..

ئەم بەرنامەیە لەگەڵ هەموو کۆمەڵە مرۆڤێکدا لەو ئاستەوە لەگەڵیاندا دەکەوێتە گەڕ کە تەفاعول و کارو کارتێکردنیان دەرکەوتووە، لەو واقیعەوە لەگەڵیاندا دەکەوێتە رێ کە ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژی، لەوێوە هەنگاویان پێ هەڵدەنێت و بەرەو لوتکەو هانیان دەدات. هەر وەکو کە هەنگاوەکانی یەکەمی (گۆڕانکاری دەروون و دەوروبەر)ی بە کۆمەڵە موسوڵمانەکەی یەکەمجار هەڵگرت، کە لەو جاهیلییەتە ساویلکەیەی عەرەبەکانەوە، لەو شیوو دۆڵ و چەم و چۆڵەی جاهیلییەتی دوور لە هەموو جوانییەکی مەعریفەتەوە دەستی گرتن و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەرەو لوتکەی رزگاری و بەختەوەری دنیاو قیامەت بەرزی کردنەوە!! بیست و پێنج ساڵی نەبرد ئەو کۆمەڵە پاك و هەڵبژاردە خواییە لەسەر لوتکەی بڵندی کامڵی رێژەیی مرۆڤایەتی وەستان، چ وەك تاك چ وەك کۆمەڵ و کۆمەڵگە.

مەرجێکی سەرەتایی هەیە لەم گۆڕانکاریەدا کە دەبێت لە یەکەم هەنگاوەوە هاتبێتە دی، ئەویش ئەوەیە کەدەبێ موسوڵمانان هەر لە سەرەتای باوەڕ هێنانیانەوە سەرکردایەتی و رێبەرێتی خۆیان بدەنە دەست بەرنامەکەی خوا، دەبێ تەسلیمی بن، پێوەی پابەند بن، بیکەنە رێساو پێگەی ژیانیان، دەبێ بیکەنە دروشمی بزاڤی گۆڕانکاری و ئاوازی ئەو رێگە دوورو پڕ کەندو کۆسپە..

٣- ڕاستی سێیەم: پەیوەندی نێوان دەروون و کۆمەڵکاری و واقیعەکان

ئەم ڕاستیە بریتییە لە حەقیقەتی ئەو پەیوەندیە پتەوەی وا لە نێوان واقیعی دەروونی موسوڵمان و کۆمەڵە موسوڵمانەکەی لەلایەك و ئەو شەڕو ململانێیەش لە لایەکی ترەوە کە ئەو تاك و کۆمەڵە موسوڵمانە بەرامبەر دوژمنانیان لە هەموو مەیدانێکی زۆرانبازی و ڕووبەڕوو بوونەوەیاندا دەیکەن.. پەیوەندی نێوان عەقیدەو بیروهۆش، نێوان سەرکەوتن و بەزینی نێوان هەموو دەبەڕێك ڕاچوونێك ئەمانە هەمووی هۆی سەرەکین لە دیاری کردنی سەرکەوتن و بەزیندا..

بەرنامەی خوای گەورە لە بوارێکی بەرفراوانی دەروونی مرۆڤایەتی و ژیانی مرۆڤایەتیدا شوێن کەوتووەکانی ئاڕاستە دەکات، هەم دڵ و دەروونیان ئاڕاستە دەکات، هەم کۆمەڵە دیندارەکەیان، هەر دووکیشیان لە واقیعی ململانێکەی ژیان و سەلماندنی بووندا ئاڕاستە دەکات.. بە یەك روداو، بەڵام بە هۆکارو شێوازو لایەن و هێڵە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەکانی ئەو روداوە کە وەکو جۆری دڵ و دەروون و تەبیعەتی مرۆڤ خۆیانن.. ئاوا دەروونی موسوڵمانان - تاك و کۆمەڵیان- پەروەردە دەکات..

ئەمە سیفەتێکی گرنگی ئەم بەرنامە خواییەیە کە تەواوو گشتگیرە، کە هەموو ژیان دەگرێتە خۆ. هەر هەموو لایەنەکان و پێکەوەش، بێ ئەوەی لایەنێکی ژیانی مرۆڤ ئیهمال بکات! دەروون -بەو هەموو حەزو ئارەزوو خەم و ترس و سڵ و

ئینفیعالانەیەوە کە بەسەریدا دێت- لە بزاڤێکی گونجاوی رێك و پێکدا تەفاعول پێ دەکات، بۆ ئەوەی بهێڵێت مەئیوس یان گۆشەگیر بێت. یان تووشی ئیزدیواجیەتی کەسێتی (انفصام الشخصية) ببێت.

٤- سروشتی پرۆگرامی پەروەردەیی ئیسلام:

بەرنامەی ئیسلام کۆمەڵە موسوڵمانەکەی خۆی بە ڕووداوەکان پەروەردە دەکات بەو کاردانەوەو ئینفیعالانەی روداوێك لە جیهانی هەست و هۆشی خەڵکیدا دروستیان دەکات، ئینفیعالەکان بۆ شوێنکەوتووەکانی هەڵ دەسەنگێنێت چونکە هەر یەکەیان لە جۆرە شەخسێتێکەوە هاتوون، هەر یەکەیان مۆرك و سیماو سیفاتی جۆرە تەبیعەتێکی پێوەیە، هەر یەکەیان لە رادە تێگەیشتن و جۆرە رەفتارێکەوە هاتوون، بۆیە سەرەتا ئیسلام تەماشای هەموویان دەکات، ئینجا لەبەر چاوی هەموان هەڵوێستە هەڵە یان لاسەنگ یان نارەواکان - با لە ناخی دەروونی خاوەنەکانیشیاندا هەر وەکو گومانیش بوو بن- دیاری دەکات، هەر کاردانەوەیەك ناپەسەندو شیاو نەبوو بێت، لایەنە سلبیاتەکانی دەردەخات و دەیخاتە لاوە، هەر کاردانەوەیەك سنوور بەزینی تێدا بوو بێت و پێچەوانەی ئامانج لە روداوەکە بوو بێت، خوای گەورە لەگەڵ نەشکاندنی خاوەنەکەیدا، وەك شتێکی قێزەوون وای لە موسوڵمانان دوور دەخاتەوە کە بێزی لێ بکەنەوە!

خوای گەورە هەلەکان -لەگەڵ ڕەحمەت و بەزەییدا- دیاری دەکات و هەڵوێستە ڕاستەکەش وەك مرواری ئەسڵ بە درەوشاوەیی دەخاتە ڕوو، تا هەموو لایەك بەرەو ئەو حەقیقەتانە ئاڕاستە بکات کە خۆی -بۆ بەرژەوەندی ئەوان- لە ڕوودانی ڕوداوەکەدا مەبەستی بوون.

جۆری کاردانەوەکان -ئەگەر مافی کەسیان تێدا پێشێل نەکرێت- زۆر گرنگ نین ئایا ختورەو ئینفیعالی ناخن یان قسەن یان کردەوەن یان زمانی لەشن؟ (وەك شان هەڵتەکان و لچ و لێو هەڵقورچاندن و ڕوو گرژ کردن و.. هتد)! مەگەر نابینیت قورئان باس لە هەڵوێستی شاراوەی ناو پێچ و پەناو سووچ و کون و کەلەبەرەکانی دڵ و دەروونەکان چۆن دەکات؟! چ هی موسوڵمانان،[١] چ هی کافران!..[٢] بەم شێوازە دڵ و دەروونەکان پاڵفتە دەکات، دڵیان بە ڕوداوو هۆشیان بە قورئانەکە ئاڕاستە دەکات، تا وا پاکیان دەکاتەوە کە شاراوەو ئاشکرا وەك شووشەی ڕوون و ساف بێت لایان، ئاوا هەست و دیدو هەڵوێستەکانیان بۆ هەڵدەسەنگێنێت، ڕاست و چەوتییان دەخاتە ڕوو، تا قەناعەتی زاتی خۆیان لا دروست دەبێت، ئینجا ئاڕاستە خواییەکەیان بۆ دێت، کە دەبێتە تەعلیماتی بڕیارو یاساو ڕێسای دەستوور.. ئاوا بیروباوەڕە ئیسلامیەکەیان لەسەر بناغەیەکی واقیعی هەست پێ کراوو لە ئەنجامی ڕوداوێکدا -کە بەسەر خۆیاندا هاتووە- بۆ دادەمەزرێنێت، کە ئاڕاستە دینیەکەیان دەکەوێتە بەر دەست هەست دەکەن حەقیقەتی ڕوداوەکە ئاوا بووە کە دەقەکە باسی کردووەو

---

[١] وەکو ئایەتی(ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا) النور/١٢

[٢] وەکو ئایەتی (يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِي الْأَعْرَابِ) الاحزاب/٢٠

هەڵوێستی رەسەن و پەسەن و پارسەنگیش هەر ئەوەیە کە دەقەکە فەرمانی پێداوە.. ژیانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە لەسەر بڕیارو بڕگەو یاساو رێسای وا دامەزراوە کە ئاوا واقیعیانە دارێژراوە. چونکە ئەو یاساو رێسایانە خۆ هەر بۆ ئەو نەوە ئیسلامەتیە نەبووە کە لە خزمەتی پێغەمبەردا بوون، بەڵکو بۆ نەوەکانی دواتری ئەوانیشە، نەوە بە نەوە تا رۆژی دوایی، تا هەمیشە هەموو ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە پەروەردە بە روداو زۆر گرنگەو دەبێت داعی و شەرعناسەکان ئەو روداوانەی بەسەر موسوڵماناندا دێت بۆ پەروەردە کردن و ئاڕاستە کردنی قورئانیانەیان بقۆزنەوە. با بزانن کە روداو کتێبی کراوەی پەروەردەو رێنماییە..

٥- واقیعێتی پرۆگرامە خواییەکە:

ئیسلام بۆ ئەوەی لە دنیای واقیعدا بێتە دی و بە شێوەیەکی عەمەلی لە ناو خەڵکیدا پیادە بکرێت، نەهاتووە پرۆگرامەکەی خۆی لە شێوەی تیۆر (نظرية)یەیەکدا داڕشتبێت وخستبێیە بەر دەست و پاشان فەرمووی لە خەڵکی کردبێت کە مومارەسەی کەن!! نا، ئیسلام هەر لەیەکەم هەنگاوی موسوڵمان بوونی کەسێکەوە -بە کردەوە هەنگاو بە هەنگاو- ئیسلامەکەی پێ دەهێنێتە دی..

٦- پرۆگرامی خوای گەورە نەگۆڕە:

ئەمەش ڕاستیەکی تری گرنگ و بە سوودە، یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانەوەی سەر لە نوێی ژیانی ئیسلامەتی.. پرۆگرامی خوایی نەگۆڕە، نرخ و بەهاو پێوەرو حساباتی هەڵسەنگاندنیشی هەر نەگۆڕە.. ئەوی مرۆڤی پێ نزیك یان دوور دەکەوێتەوە لە خوای گەورەو لە بەرنامەکەی هەر هەڵوێستی خودی مرۆڤەکان خۆیانن، مرۆڤ خۆی بەرپرسە لەوەی هەڵوێستی ڕاست یان هی چەوت بگرێتە بەر بۆیە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە زۆر هەڵەیە مرۆڤ خۆی ڕێساو دەستوور بۆ دیدو تێڕوانین و پێناسەی شت و داب و نەریتی ڕەفتارو ڕەوشت دانێت. چونکە دیدو بۆچوون و پێناسەو مەرجی پەسەندی و بڕی هەڵوێستی قبوڵ کراو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێن، بەڵام ئەگەر پرۆگرامە خواییەکە بووە پێوەر، دینەکە بووە مەرجەعییەتی چارەسەری ناکۆکی، ئەو کاتە ئەو حوکم لەسەر ئەو دیدو بۆچوون و هەڵوێستە لێك جوداو دوورانەی ناو مرۆڤایەتی دەدات.. ئەو دیاری دەکات کە کامیانم ڕاستەو کامیان چەوتە، کامیان ڕەوایەو کامیان ستەمە ئیسلامیش مساوەمە لەسەر هەڵەو ڕاستی هیچ کەسێك ناکات کەسی پێ باشتر نییە لە کەسێکی تر.. ئیسلام لەبەر خاتری ئەم و ئاو پرۆگرام و پێوەری خۆی ئینحیراف پێ ناکات. شوێن کەوتووەکانیشی لەم ڕوانگەوە وا پەروەردە دەکات کە بەرائەتی کەسێك لە هەڵەو تاوان، نابێ لەسەر حسێبی حەق بێت. مانەوەو ڕاگرتنی بیروباوەڕو یاساو ڕێسا شەرعیەکان بە پاك و سەلامەتی چاکترە وەك لە شەرمەزاری نەهێنان بەسەر تاوانباراندا، هەر کەسێك و لە هەر ئاست و پلەو

پایەیەکدا بن، لە روانگەی ئیسلامەوە: تاوانباران کێن و چین و حوکمیان چییە وا بناسرێن چاکترە وەك لەوەی لەبەر خاتری ئەوان یان بۆ موراعات کردنی بەرژەوەندی!! ئەحکامی دینەکەو پێناسەی پرۆگرامەکە بگۆڕرێن! ئەم گۆڕان و گۆڕینە زۆر دژوار ترو کوشندە ترە وەك لەوەی ناوو سومعەی هەندێ گەورە پیاوی بەرپرس و ناوداری موسوڵمانان بزڕێت و بشکێت!! پرۆگرامە خواییەکە گەورەترو گرنگترو بەتەمەنترە لە کەسایەتی و پلەو پایەو ناوو سومعەی هەموو کەسێك..

واقیعی مێژووی ئیسلام بریتی نییە لە هەر کارو کردەوەو هەڵوێستێکی موسوڵمانان، بریتیش نییە لە بارودۆخی زەمانێك کە موسوڵمانان لە مێژووی خۆیاندا دروستیان کرد بێت، بەڵکو مێژووەکە خۆی ئەو کارو کردەوەو هەڵوێست و بارودۆخانەیە کە موسوڵمانان بە گوێرەی دینەکەیان دروستیان کردووە.. ئەوەی کە پڕاوپڕ هاوجووتە لەگەڵ بیروباوەڕ و دیدو تێڕوانین و پێناسەو بەهاو پێوەری شەریعەتە نەگۆڕەکەی ئیسلام، هەر شتێك لەگەڵ ڕێساو تەعلیماتی دینەکەدا یەکانگیر بووەوە ئەوە هی ئیسلامە، هەر شتێکیش لەگەڵ ئەودا یەکانگیر نەبۆوە ئەوە هەڵەیە، خوارو خێچە، چەوتە، ناڕەوایە بۆیە ئیسلام پێی قبوڵ نەبووەو بڕیاری لەسەر نەداوە، هیچ کردەوەیەکی ناپەسەن (بە نەزەری شەرعی خوا) هی هەر کەسێك بێت لەسەر ئیسلام ماڵ نییەو ناشبێتە مێژووی

ئیسلام.. ئەوە وەك پارەی قەڵب سەری خاوەنی دەگرێتەوە، ئەوان -نەك ئیسلام - شایانی ئەو وەسفانەن کە هەڵەن، خوارو خێچن، چەوتن، ناڕەوان.. هتد..

مێژووی ئیسلام بریتی نییە لە لە مێژووی موسوڵمانان، بەڵکو بریتییە لە مێژووی چەسپاندنی واقیعی ئیسلامەکە لە دیدو تێڕوانین و ڕەوشت و ڕەفتارو واقیعی خەڵکیدا.. لە جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی تەعلیماتی شەریعەتەکەی.. لە بارودۆخی ژیان و سیستمی کۆمەڵگاکەیان.. چونکە ئیسلام تەوەرێکی نەگۆڕەو موسوڵمانان بەدەوریدا دەگەڕێن، چوارچێوەیەکی نەگۆڕەو موسوڵمانان لە نێویدا دەبزوێن.. گەر تەوەرەکەیان گۆڕی، یان لە چوارچێوەکە چوونە دەرەوە ئیدی ئیسلام هەقی بەسەریانەوە چییە؟! بۆچی ماڵ بن لەسەر ئیسلامەکە؟! کارو کردارو ڕەفتارو ڕەوشتیان -کە بە پێی تەعلیماتی خودی ئیسلامەکە نییە- بۆچی ببێتە موڵکی ئیسلام؟! بۆچی بووترێت: ئەوە ئیسلامە؟!.. نا، دەبێت بووترێت: ئەوانە مادام لە پرۆگرامە ئیسلامیەکە چوونەتە دەرەوەو وازیان لە ئیسلام هێناوە، هەر موسوڵمان نەماون چ جای ڕەفتاریان ببێتە دیاردەو جەوهەری ئیسلام! ئەوانە کاتێك بە موسوڵمان حسێب بوون کە دینەکەی خوایان قبوڵ بوو، پێوەری پابەند بوون و جێبەجێ کردنی ئیسلامیان لا قبوڵ بوو. ژیانیان مۆرکی ئیسلامەتی پێوە بوو.. نەك دواتر کە لە ئیسلام چوونە دەرەوەو هەر بە زمان و سەرزارەکی دەیان ووت: موسوڵمانین و تەنها ناوی بێ ناوەڕۆکیان موسوڵمانانە بوو..



باسی پێنجەم: دەستووری دین (فقە)[1]

ئەحکامی بزاف و بزاڤی ئەحکام:

ئەحکامی شەریعەتەکەی ئیسلام لە بێکاری و دەست بەتاڵیەوە نەهاتووە، نامومکینیشە لە بێکاری و دەست بەتاڵی و بۆشایشدا بژی. ئەوانەی کە بێکارو بەتاڵن لێی حاڵی نابن! چونکە شەریعەتی ئیسلام لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا هاتۆتە دی کە لەگەڵ هەنگاوەکانی بزاڤی ئەو کۆمەڵگەدا گەشەی دەکرد. ئەو بزاڤەی رۆژانە لە واقیعدا ڕووبەڕووی ژیانی ئیسلامیانە دەبووەوە..

دەبێت هەمیشە ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە ئەحکامە شەرعی یەکان کۆمەڵگە موسوڵمانەکەیان دروست نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵگە موسوڵمانەکە بە بزاڤە واقیعیەکەی خۆی ئەوی دروست کردوو هێنایە دی.. چونکە کۆمەڵگەکە رۆژانە ڕووەوڕووی پێداویستیە واقیعیەکان دەبووەوە، دەبوو حوکمی پڕاوپڕیان بۆ دەرکات.. ئەو حوکمە رۆژانە بوو.. پاشان بووە ئەو ئەحکامە شەرعیانەی دوایی ناوی فیقهی لێ نرا.. ئەم حەقیقەتە مێژوویە واقیعیانە بەڵگەی زۆر بەهێزن. زۆر

[1] لە کوردیدا بە ئەحکامە شەرعییەکانی فیقهی ئیسلام دەڵێن: (شەرع) و لەیاساو رێسای حکومەتیش جوێ دەکەنەوە. بۆیە دەڵێن: بە پێی یاسا ئاوایەو بە پێی شەرعیش ئاوایە.. بەڵام من لێرەدا هەر فقهەکەم بە (ئەحکامی شەرعی) ناو بردۆتەوە، چونکە زۆرجار بە هەموو ئیسلام دەوترێت شەرع..

کاریگەرو گرنگن رۆڵیشیان لە شارەزا بوون و تێگەیشتنەوەی سەر لەنوێی سروشتی ئەحکامە شەرعیەکان و پەی بردن و دەرك کردنەوەی سروشتە بزاڤیەکەی ئەحکامە شەرعیەکان زۆر گەورەو سەرەکی یە..

ئەو کەسانەی ئەمڕۆ ئەو ئەحکامە شەرعیانە، کە هەمووی لە دوو توێی کتێبدا نووسراونەتەوەو ئامادەو تۆمارکراون دەخوێنن، بێ ئەوەی ئەو حەقیقەتانە لەبەر چاو بگرن و لەو بارودۆخانە حاڵی بن کە ئەو دەقانەیان تێدا هاتۆتە دی. یان ئەو کەش و هەواو حاڵەتانە ئیستیعاب ناکەنەوە کە دەقە شەرعیەکان بەدەنگیانەوە دەچوون و چارەسەریان بۆ دادەنا و ئاڕاستەیان دەکردن پێی.

یان لەو زەمان و خەڵك و حاڵەتانە ناکۆڵنەوە کە ئەو دەقانەیان تێدا هاتە دی و داوەریان پێ کرا. ئەوانەی وادەکەن، وا دەزانن ئەحکامە فیقهیەکان هەروا سادەو ئاسان دەرکراون بۆیە پێشیان وایە دەشکرێت لە دەست بەتاڵی و بێ ئیشیدا بچەسپێت! ئەوانەی وا دەکەن، نە مەلان و نە شەرعناسن و نە لە ئەحکامە شەرعیەکانیش گەیشتوون! بگرە هەر لە دینەکەش حاڵی نەبوون.. فیقهێك بە بزاڤێکی واقیعی هاتبێتە بوونەوە چۆن بێ بزاڤێکی واقیعی کاریگەر دێتەوە کار؟! مادام فیقهەکە لە دوای بزاڤەکەوە هاتووە، ئیتر چۆن دەشێ و دەکرێ بە فیقهەکە بزاڤ دروست بکرێت؟!

ئەحکامەکانی بزاڤ ئەو واقیعە چاك لەبەر چاو دەگرێت کە دەقەکانی تێدا دابەزیونەتە خوارەوەو ئەحکامە شەرعیەکانی لەسەر دارێژراوە. چونکە ئەو واقیعە لەگەڵ دەقە شەرعیەکاندا ئاوێتەیەکیان پێك هێناوە کە توخمەکانی لێك

جیا ناکرێنەوە. هەر کاتێکیش لێك ترازێنران سروشت و سیفەتەکانی ئاوێتەکەش نامێنن. ئەو توخمی سروشت و کەش و هەواو هەڵوێست و بارودۆخانەی بووبوونە کەرەستەی پێکهاتنی حوکمێکی فیقهی ناشێ و ناکرێ لێك هەڵاوێردرێن و لەحوکمە فیقهیەکە جودا بکرێنەوە. ئەگینا حوکمە شەرعیەکە تەنها دەکەوێت و زەحمەتیشە بە تەنها سوودبەخش بمێنێتەوە.. ئەحکامی بزاڤ زۆرجیاوازە لە ئەحکامی سەر کاغەز.. تەجروبەکان سەلماندویانە کە ئەو کەسانەی بەم دینەوە لەگەڵ بزاڤەکەیدا تەفاعول ناکەن و نابنە لازم و مەلزومی یەکتر، زۆر زەحمەتە لە خودی دینەکە تێ بگەن و شارەزای ئەحکامە شەرعیەکانی ببن، گەرچی هەر خەریکی خوێندنی فیقهەکەش بن.. فیقهەکە لە دوو توێی کتێبدایەو خوێندنی واش ساردو سڕو مردووە..

ئەو ساتەوەختانەی رۆحی تێدا دەژی و گیانی دینداری تێیدا گەشە دەکات ئەو کەسانە هەستی پێ دەکەن و دەیگەنێ کە بەم دینە لە بزاڤی گۆڕانکاریدان .. بزاڤی جیهادی کە بۆ هێنانە دی و ڕاپەراندنی لە واقیعی ژیانی خەڵکیدا لە رەنجدان و ناسرەوێن ئەستەمە هەست و لەزەتی ئەم ساتانەی رۆح و دەروون ئەو کەسانە بیگەنێ کە شەوو رۆژیان بەسەر کەلام و کتێبەوە گرێداوەو تەمەنیان وەکو پشتیان بەسەر کتێبەوە کووڕ بووە! ئەوی دەیەوێت لە دین تێ بگات و شارەزایی لە ئەحکامەکانی شەرعدا پەیدا بکات، دەبێ لە بزاڤێکی واقیعیدا گەشەونەش و نما بکات کە بەم دینە دروست بووەو گۆش کراوە.. زۆر ئەستەمە کەسێك

ئەحکامی شەرعی لە مەلایەکی دانیشتووی بێکارو دوور لە بزاڤی دینەوە وەربگرێت، یان لای شەرعزانێك فیقهێك وەربگرێت کە گۆشەگیری کونجی مزگەتێکەو دوورە پەرێز خۆی گرتۆتەوە لە بزاڤی دینداران و دوور لە واقیع، دین حونجە دەکات!!

ئەحکامەکانی شەرع هەڵقوڵاوی بزوتنەوەی ئیسلامین، سەرەتا دینەکە هاتە دی و چەسپی، پاشان ئەحکامە فیقهیەکان پەیدا بوون.. ئاوا.. نەك بەپێچەوانەوە. ئەو کاتەی دینداری چەسپی.. کە تاکەکان خۆیان تەسلیم بەدینی خوا کردو بە هەموو حوکمێکی خوایی رازی بوون. پاشان کۆمەڵگەیەکیشیان لە خۆیان پێك هێنا کە بەدینەکە رازی بوون و تەسلیمی ئەحکامە شەرعیەکانی بوون.. تاك و کۆمەڵگەکە هەموو داب و نەریت و دەستورو یاساو ڕێسایەکی کۆمەڵگەو سیستمی جاهیلییەتیان تورِ هەڵداو ڕازی نەبوون مرۆڤی وەکو خۆیان شەریعەتیان بۆ دارِێژن.. دوای ئەوەی تاك و کۆمەڵگەکە بە قەناعەتەوە، ئەوەیان رەفز کردەوە کە جاهیلییەت داب و نەریت و یاساو رێسا بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵگە دابنێت.. پاشان کە تاك و کۆمەڵگەکە کەوتنەوە ژیانی رۆژانەی نوێی خۆیان و کە بە گوێرەی رێساو ئەحکامی شەریعەتەکەی خوای گەورە رەفتاریان کرد، کە رۆژانە لە ژیان و سەوداو مامەڵەو هەڵس و کەوتیاندا پێویستیان بە ئاڕاستەی دین بوو، کە لە ڕووداوێکدا رادەمان و چاوەڕوانی هەڵوێستی دینەکەو حوکمی شەرعی دەبوون، کە دەیانوویست کارێك ئەنجام بدەن بەڵام نەیاندەزانی هەڵوێست و بریاری شەرع چۆنە بەرامبەری.. کە ژیانی نوێیان لق و پۆپی تازەی لێ جویێ دەبووەوە.. لەم هەموو کاتانەدا ئەحکامی شەرعی دروست دەبوو.. کەوا بوو ئەحکامە شەرعیەکان وەڵامی واقیعی پێداویستیەکان بوون.. ئاوا فیقهی ئیسلامی

هاتۆتە ئاراوە.. جم و جوڵ و چالاکی و بزاڤ کردن بەم دینە بوو ئەحکامی شەرعی هێنایە کایەوە. هەر ئەو بزاڤەی بەم دینە دەکرا هەر ئەوەبوو کە گەشەونەش و نمای بە فیقهەکە دەکرد. لق و پۆپی لێ وەرگرتن (استنباط)ی لێ جوێ دەکردەوە.. هەرگیزاو هەرگیز ئەحکامی شەرعی لە کتێبی ساردو سڕەوە نەدەهات.. بەڵکو لە گەرمەی ژیانی واقیعیدا لە دایك دەبوو.. لە گۆنگەڵی کێشەو دەبەڕێك ڕاچوونی ژیانی تاك و کۆمەڵگەکەشدا نەش و نمای دەکردو بەرەو پێش دەچوو.. بۆیە شەرعناسەکانی ئەو زەمانە دیندارترو تێگەیشتووتر بوون لە دینەکەدا.. شارەزا بوونەکەیان لەوەوە بۆیان دروست دەبوو کە بە دینەکە دەبزوتن. دینەکەیان دەخستە گەڕو خۆشیان لە لایەکەوە پێوەی پابەند دەبوون و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگەکەیان پێ دەگۆڕی.. جا کە دینەکەیان لە واقیعی زیندوودا دەیخستنە گەڕ، لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگە نوێکەی موسوڵماناندا دەبزوتن. خۆیان و دینەکەیان بەیەکتری و پێکەوە واقیعەکەیان دەگۆڕی. لەم گۆڕانکارییە بێ سرەوتەی ئەو دیندارانە کە بە دینەکە لە واقیعی ژیانیاندا ئەنجامیان دەدا، ئەحکامە شەرعیەکان لە دایك دەبوون.. ئاوا ئەحکامی شەرعی (فیقهی ئیسلامی) دەهاتە دی..



ژیانی ئەمڕۆو ئەحکامی شەرعی:

کوا ئەو کۆمەڵگە موسوڵمانەی خۆی تەسلیمی خوای گەورە کردووەو بەدینەکەی رازییە؟! کوا ئەو کۆمەڵگەیەی بە کردەوە کۆیلەیی رەفز کردۆتەوەو بە کردەوە سەلماندویەتی کە غەیری دینی خوای ناوێت و یاساو رێساو ئەحکامی هیچ دەستورێکی غەیری ئەحکامی شەریعەتەکەی خوای گەورەی ناوێت؟!

کەس ناتوانێت لاف و گەزافی ئەوە لێدات کە کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانی وا ئێستا هەیە. کەوا بوو هەر لە سەرەتاوە ئەو موسوڵمانەی کە ئیسلام دەناسێت و شارەزای بەرنامەو پرۆگرامەکەیەتی و دەزانێت مێژووی ئیسلام چۆن دروست بووە، هەوڵی ئەوە نادات بزاڤ بە ئەحکامی شەرعی دروست بکات لە کۆمەڵگەیەکدا کە تەسلیم بەدینی خوا نەبووەو هەر لە سەرەتاشەوە باوەڕی بەوە نەهێناوە کە دەبێ یاساو رێساو دەستوری ژیانی کۆمەڵگەکەی تەنها ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلام بێت.. چونکە موسوڵمانی سەر راست هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوە دەدات کە دینداری لە خەڵکیدا بچەسپێت.

دینداری بەو سیفەتەی کە تەسلیم بوونە بەخوای تاك و تەنهاو بڕیاردانە بەوەی کە غەیری خوا هیچ کەسێك حاکم نییەو دەسەڵاتی یاساو رێسا دانانی نییە وهیچ یاساو رێساو دەستورێك گەر لە شەریعەتەکەی خواوە وەرنەگیرابێت قبووڵ نابێت ولە کەس وەرناگیرێت خۆ خەریك کردن خەڵك بەنەش ونماو رێکخستن وپێشخستنی فیقهی ئیسلامی و ئەحکامی شەرع لەژێر سایەی کۆمەڵگەیەکدا کە رەفتارو هەڵس و کەوتی بە گوێرەی ئەو ئەحکامە شەرعیانە نییە وژیانی لەسەر

ڕێساکانی ئەو دانەمەزراوە، گاڵتەو گەمە کردنە و لەگەڵ جیددیەتی ئەم دینەدا ناگونجێت.. ئەو کۆمەڵگە لە کوێ و ئەو ئەحکامە شەرعیە لە کوێ؟! ئەمە حاڵی نەبوونە لە سروشتی ئەم دینە.. ئەمە گێلێتییە..

خەڵکێك وابزانێت سست و ساردو دەست بەتاڵ دانیشێ و ڕەفتار لەگەڵ کەلام و کتێبدا بکات و وابزانێت بەو شێوازە لە دینەکە تێ دەگات!!

کاتێك ئەحکامی شەرعی لەم دینەوە هەڵدەهێنجرێت، کە بزاڤێکی دینی لە جیهانێکی واقیعیدا وەك فوارە هەڵدەقوڵێت و وەك ئاو بە کون و کەلەبەری کۆمەڵگەکەدا تەشەنە بکات و سەدان بەردو تاوێرو لێژگەو هەورازو نشێوی بێتە ڕێ.. تەنها تەسلیم بوون بەدینی خواو دینداری بوو کە کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی یەکەمجاری هێنایە دی. کۆمەڵگە موسوڵمانەکەش ئەحکامە شەرعیەکانی دارشت. بۆیە دەبێ هەمیشە ئەم نۆبەو تەرتیبە لەبەرچاو بگیرێت و بگیرێتەوە بەر سەرەتا حەتمەن دەبێ کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانی وا بەدینداری و تەسلیم بوون بە خوای گەورە پێك بهێنرێت کە بە شەریعەتەکەی خواوە پابەند بێت و سور بێت لەسەر وەرگرتن و راپەراندن وچەسپاندنی.. ئینجا دوای ئەوە -نەك پێش ئەوە- فقهێکی ئیسلامی واقیعی دێتە کایەوە کە بەرفراوان و گشتگیرو پڕاوپڕی پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێت کە هێناوێتیە دی.. نەك کۆمەڵە ئەحکامێکی شەرعی پێشتری نوسراوەو ئامادە دانرا بێت و ئینجا کۆمەڵگەی موسوڵمانی لەسەر بنیات بنرێت!!

هەموو حوکمێکی فیقهی بریتییە لە چەسپاندن و راپەڕاندنی هەموو لایەنەکانی شەرع.. با ئەو حوکمەش بە رادەیەکی دیاری کراوو بۆ حاڵەتێکی دیاری کراویش بێت، چونکە ئەو روداوەی حوکمە فیقهیەکەی بەسەردا دەچەسپێت، هەر بەشێکە لەو بزاڤەی دینداره‌کان بە دینەکە لە واقیعەکەیاندا کردوویانە.. بۆیە حوکمە شەرعیەکە هەڵوێستێکی دینەکەیە و پڕاوپڕی قەبارەو شێوەو کەلێن و بارودۆخ و چۆنییەتی و چەندێتی پێداویستیەکانە.. وەکو پۆشاکێکەو هەموو پارچەیەکی بە گوێرەی قەدو باڵاو قەبارەی ڕووداوەکان دووراوە.. ئەمما ئەو ئەحکامە شەرعیانەی لە دوو توێی کتێبدا نوسراوەتەوەو ئێستا حازرو ئامادەن، ئەوانە ئەحکامی ڕووداوی ترن.. ئەوانە لە زەمانێکدا داڕێژراون کە ژیانی ئیسلامی بەگوێرەی حوکم وسیستم ودیدی ئیسلام بوو.. پێش ئەو زەمانە ئەم حوکمە شەرعیانە دانەڕێژرا بوون و چاوەڕێی ڕووداوەکانیان بکەن بقەومێ تا ئەمان راپەڕێنرێن! ئەو زەمانە حوکمە شەرعیەکان -وەکو ژیانەکە خۆی- زیت و زیندوو چوست و چالاك بوون. بۆیە ئەمڕۆش دەبێ ئێمە ئەحکامی شەرعی تر -وەکو کە هەڵوێستی دینەکە دەخوازێت- بۆ حاڵەتە نوێیەکانێ ژیانمان داڕێژین.. بەڵام بە تەئکید پێش ئەوە دەبێ ئەو کۆمەڵگەیە پێك بهێنرێت کە دیندارەو دینداریەکەشی بە ئیسلام پێکەوە ناوە.

ئەو کۆمەڵگە قەناعەتی بەوە کردووە کەجگە لە ئەحکامی شەرعی ئەم دینە هیچ نەکاتە یاساو رێسای ژیانی. ئەوسا رەنج و جیهادی موسوڵمانان وەك دینەکە جیددی و بە بەرهەم بێت و تێگەیشتنیش لە دینەکە قوڵترو راستر دەبێت. جگە لەم شێوەیە گاڵتەجاڕو گەمەی منداڵانەو ئیسلام نایەوێت.. چونکە هەموو

شێوەیەکی تر دارشتنی ئەحکامی شەرعی راکردنە لە جیهادەکە و خۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودانە و بە ناوی (نوێ کردنەوەی ئەحکامی شەرعی) یان (رێکخستن و پێشخستنی فیقهی ئیسلامی) رەواجی پێ دەدرێت! ئەو کەسانە لەجێی ئەوەی ئیعتراف بە لاوازی و بەزینی خۆیان بکەن لە شەڕو مل ملانێکە هەڵدێن.. با لە جیاتی ئەو هەڵاتن و فەلسەفاندنەی ترس و بەزینە داوای لێ بوردن لە خوای گەورە بکەن.. ئەرکی سەرەکی ئێستای موسوڵمانان جیهادە لە پێناوی خوادا.. جیهادە بۆ چەسپاندنی خوایەتی خوای گەورە لەسەر زەمین. دوای رماندن و تێکشکاندن و بەزاندنی ئەو تاغوتانەی دەسەڵاتی خوایەتیان بۆ خۆیان زەوت کردووە..

ئەحکامی شەرعی و مەلای بەتاڵ:

ئەحکامی شەرعی لە بێ ئیشی ودەست بەتاڵیەوە دروست نابێت. لە دەست بەتاڵی و بێ ئیشیشدا ناژی.. ئەحکامی شەرعی لە مێشکی بێ خەم و ئیرادەی بێ هیممەت و سەر کاغەزی بێ گیاندا ناڕوێت و گەشە ناکات.. بەڵکو لە واقیعی ژیاندا دەڕوێت و لەویشدا گەشەو نەش و نما دەکات.. واقیعی هەموو ژیانێکیش نا.. نەخێر.. واقیعی ئەو ژیانەی کۆمەڵگەیەکی موسوڵمان دەیباتە سەر.. بۆیە دەبێ لە سەرەتاوە هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگە موسوڵمانە بدرێت کە کۆمەڵگەیەکی سروشتی و لەش ئاسایە..

هەموو ئەندامەکانی پێکەوە سازاوانە دەبزوێن.. تەنها ئەو کۆمەڵگەیەیە کە دەبێتە کێڵگەی سروشتی و ئاسایی فیقهی ئیسلامی و تەنها لەوێدا ئەحکامە شەرعیەکان لە دایك دەبن و گەشە و نەش و نما دەکەن و وە بەرهەم دێن.. ئەو ئەحکامە شەرعیانە تەنها لەو کۆمەڵگەیەشدا دەچەسپێن..

بیر ئاڵۆزی و موعاناتی ئەو زانا و مەلایانە ئەوەیە کە وا دەزانن ئەم واقیعە جاهیلیەی کە تێیدا دەژین، ئەسڵەو رەسەنەو سروشتیەو ئەمان دەبێ دینەکەی لەگەڵدا بسازێنن. ئەحکامە شەرعیەکانی لەگەڵدا بگونجێنن! بە بەهانەی ئەوە گوایە دینەکە بۆ واقیعی ژیان هاتووە بەڵام نالێن کام واقیعە؟! واقیعی کۆمەڵگەی جاهیلی یان واقیعی کۆمەڵگەی موسوڵمان؟!

دەبێ ئەوە بەڵگەنەویست بێت چونکە دینەکەی خوای گەورە ئەسڵەو رەسەنەو لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە، کەوا بوو هەر دەبێت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆی لەگەڵدا بسازێنێت دەبێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی واقیعەکەی خۆی بەگوێرەی دینەکەی خوا بگۆڕێت.. شێوازی ئەم گۆڕینەش بە دیدو بۆچوون و مەیل و ئارەزووی کەسانێك نییە چۆنیان بوێت وا بکەن!! نەخێر.. تەنانەت شێوازی ئەو گۆرانکاریەیش دەبێت تەنها بەیەك شێوە بێت! بە رەنج و جیهادی بزاڤێکی ئیسلامی کە ڕووەوڕووی جاهیلیەت دەبێتەوەو بۆ چەسپاندنی هێنانە دی خوایەتی خوای گەورە لەسەر زەویدا تێ دەکۆشێت.. بۆ سەلماندنی پەروەردگارێیەتی ئەو.. بۆ رزگارکردنی خەڵکی لە ژێر مۆری تاغوتان و لە تاغووت پەرستی.. بۆ چەسپاندنی ئەحکامەکانی شەرعی خوا لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە

موسوڵمانەکەیاندا.. ئەم بزاڤەش حەتمەن لەو ڕێیەدا تووشی فیتنەو ئەشکەنجەو ژان و ناسۆر دێت. جا ئەوەی لاوازەو بێ هیمەتە دەکەوێت. ئەوەی لاوازترە لە دینەکەش پاشگەز دەبێتەوە.. ئەوەی سەر ڕاستانەش بەیعەتی بە خوای خاوەنی داوە بەردەوام دەبێت وخۆ دەگرێت.. تا دەگلێت و شەهید دەبێت یان ئارامگرانە بە ئارامیەوە لەسەر ڕێبازی خۆی دەڕوات و بزاڤەکەی بە هێزتر دەکات. تا بڕیاری خوای گەورە دێت وناوکۆیی ناکۆکی حەق و باتڵ دەکات و حەق سەردەخات جا ئەو کاتە سیستەمە ئیسلامیەکە دێتە کایەوەو حوکم دەکات جا ئەو کەسانەی بە ئیسلامەکە پەروەردە بوون و بە خۆشەویستی خوا گۆش کراون و بە دینەکەیەوە هاتوونەتە پێش و لەسەر ڕێبازی ئەو مانەوەو بە تەعلیماتی خوای گەورەوە پابەند بوون، ئەوانە دەبنە کارگێڕو ڕاپەڕێنەرانی ئەو سیستمە ئیسلامیە.. ئینجا پێداویستی ڕۆژانەی ئەوان و کۆمەڵگە موسوڵمانەکەشیان داوای هەڵوێستی شەرعییان لێ دەکات.. داوای بڕیاری دینەکەیان لێ دەکات. ئینجا ئەحکامە شەرعیەکان سەر لە نوێ لە بەر ڕۆشنایی قورئان وسوننەتدا دادەڕێژرێنەوە، بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ پێداویستی کۆمەڵگە نوێیەکەیاندا بگونجێت.. دوور لە کۆمەڵگەی جاهیلی و بارودۆخ و شێوازو یاساو ڕێساو داڕشتنی جاهیلی..

ئەحکامی شەرعی -لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقیعە نوێیەوە کە کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی تێدا دەژی- لە دینەکەوە وەردەگیرێت.. لەو واقیعەوە نەك لە

دەست بەتاڵی و بێ ئیشیەوە.. لەو واقیعەوە کە داواکاری تایبەتی هەیە.. پێداویستی خۆی هەیە.. داوای چارەسەری کێشەکانی دەکات.. هەنگاوی یەکەمی وون بوون و رێ بزرکرن ئەوەیە کە وەکو ووتمان: وا بزانرێت ئەم کۆمەڵگایانەی ئێستا موسوڵمانانی تێدا دەژین-بەو هەموو پێکهاتە تێکەڵەیەوە، بەو هەموو دیدو بۆچوون و هەست و هۆش و هەڵوێستە دژەیەوە، بەو هەموو خوونەریتە نامۆو ناپەسەندەیەوە- کۆمەڵگای موسوڵمانن! و دەشێ ئەحکامە شەرعی یەکانی ئیسلامیان -کە ئێستا لە دووتوێی کتێبی کۆندان- بدەینێ و تێیدا بیچەسپێنین!!

دیسان نیشانەی کۆڵەواری و کوێرەوەری و زەین کوێرییە وا هەست بکرێت کە واقیعی ئەم کۆمەڵگە جاهیلیانە و پێکهاتەی ئێستایان ئەسڵەو رەسەنەو سروشتیەو پێویستە دینەکەی خوای گەورە لە گەڵیاندا هەڵکات و رێکات و خۆی بسازێنێت! خۆی وابگۆڕێت تا بگونجێت.. تا فریای پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگە جاهیلییانە بکەوێت.. تا بە هانای کێشەکانیانەوە بچێت! لە کاتێکدا کە پێداویستیەکانی ئەو کومەڵگە جاهیلییانە هەر لەوەوە هاتوون کە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی نین! خۆیان پێچەوانەی ئیسلام دەبزوێن!! نا.. نابێت گوێ لەم گەڕەلاوژێ و گاڵتەجاڕییە بگرین.. وا دەزانم کاتی ئەوە هاتووە کە ئیسلام لە دڵ و دەروونی موسڵمانانیدا زۆر بەرز و بەنرخ راگیرێت.. نەهێڵین ئیسلام بکرێتە خزمەتکاری ئەم بارودۆخە جاهیلیانە. نەهێڵین بکرێتە رەنجبەری ئەم کۆمەڵگە جاهیلییانە.. نەهێڵین بکرێتە زامن و مسۆگەری چارەسەری ئەو پێداویستیانەی جاهیلییەت.. دەبێ موسڵمانان و خەڵکی گشتی بەو کەسانەی فەتوایان لێ داوادەکەن بە تایبەتی بڵێن: جارێ ئێوەخۆتان بەرەو ئیسلامەکە وەرن.. جارێ خۆتان ملکەچی

حوکمە شەرعیەکان ببن.. یان ئاشکراتر بڵێین جارێ ئێوە خۆتان وەرنەوە ناو دینی خواوەو وەری گرن.. جارێ خۆتان موسڵمان بن و بڕیار بدەن تەنها خوای گەورە بپەرستن.. جارێ خۆتان شایەتمانە بە حەقەکەی لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه بهێنن بەو واتاو ماناو شێوانەی کە باوەڕو ئیسلامیان لە سەر دادەمەزرێت کە بریتییە لە قەناعەت کردن و بڕیاردان بەوەی کە تەنها خوای پەروەردگار خوای دەسەڵاتدارە لەسەر زەمین و لە ئاسمانەکانیش.. بڕیاردان بەوەی کە تەنها خوای گەورە حاکمەو تەنها ئەو مافی بەرنامە دانانی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی هەیە ئەم بڕیارەشتان بەوە پیادە دەبن کە نەهێڵن هەندێ کەس ببنە خوای خەڵکی.. نەهێڵن هەندێ کەس لە جێی خوا بپەرسترێن.. نەهێڵن هەندێ کەس خۆیان لە جێی خوای گەورە دانێن و بە کەیفی خۆیان یاسا و رێسا - پێچەوانەی دینی خوا- دارێژن.. تەنانەت نەهێڵن هەندێ کەس ناشەرعیانە ببنە حاکم و دەسەڵاتداریش.. جا ئەو کاتەی خەڵکی یا هەندێ کەسی بە هیممەت وەدەنگ ئەم بانگەوازەوە دێن، مانای وایە یەکەم هەنگاویان بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە ناوە.. مانای وایە: ئەو واقیعە زیندووەی ئەحکامی شەرعی ئیسلامی تێدا دەڕوێت و گەشەو نەش و نمای تێدا دەکات، دێتە کایەوە.. لێرەوە فیقهی زیندوو لە دایك دەبێت، چونکە بەگوێرەی پێداوویستیەکانی رۆژانەی کۆمەڵگە موسڵمانەکەی -کە تەسلیم بە دینی خوا بووە- ئەحکام دەردەچێت..

پێش پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگە موسڵمانە هەموو کارکردنێك لە بواری ڕێکخستنەوەی فیقهو ئەحکامی شەرعی و داڕشتنەوەی بەو شێوەیەی کە وەڵامی پێداوویستیەکانی کۆمەڵگەی جا هیلی پێ بدرێتەوە، خۆهەڵخەڵەتاندن وخەڵکی فریودانە.. هەوا کێڵانە.. تۆو وەشاندنە بە هێڵی دەریادا.. چۆن تۆوی دانەوێڵە لە هەوادا ناڕوێت فیقهی ئیسلامی و ئەحکامی شەرعیش لە بێ ئیشی و دەست بەتاڵیدا چەکەرە ناکات.. کارکردنی (فیکر)ی لە کێڵگەی (فیقە)دا شتێکی خۆش و کارێکی ئاسان و سەلامەتە کاری حەساوەی بەر سێبەرە! چونکە هیچ دژواریەکی نایەتە ڕێ! بەڵام بە تەئکید ئەوە کارکردن نییە بۆ ئیسلام.. بە تەئکید ئەو خۆ ماندوو کردنە، نە سروشتی بانگەوازی ئەم دینەیە نە بەرنامەشیەتی.. ئەو کەسانەی ژیانی سەلامەتی و هێمنیان دەوێ، لە جێی ئەوەی وا خۆیان بە ئەحکامە شەرعیەکانەوە خەریك کردووە، با بڕۆن خوو بدەنە هونەرو ئەدەب.. یا با خۆیان بە بازرگانییەوە خەریك بکەن.. من وا دەزانم -واللّٰه اعلم- ئەوی ئەوانە دەیکەن هەر کات بەفیڕۆ دان و تەمەن زایە کردنە.. دینی خوا ئەوە قبوڵ ناکات ببێتە ئەسپ و عەرەبانەی کۆمەڵگەی جاهیلی.. یان ببێتە خزمەتکاری ئەو کۆمەڵگەیەی لە دینی خوا یاخی بووە.. ئەو کۆمەڵگایەی نەك گوێ لە دینی خوا ناگرێ بەڵکو نکۆڵیشی لێ دەکات.. جار جارەش لێرەو لەوێوەش گاڵتەیان بە دینی خواو ئەحکامەکانیشی دێت.. پێیان وایە ئەو شەریعەتە هی ئەوە نییە هەڵوێستی ڕاست و چارەسەری چاك بۆ کێشەو پێداوویستیەکانی کۆمەڵگەکەیان بدۆزرێتەوە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام هی ئەو جۆرە کۆمەڵگە جاهیلییانە نییە کە لە خوا یاخین و مل کەچی دەسەڵات و دینی خوا نین..

پینەی (دینی)ی!!:

ووتمان کە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام لە دەست بەتاڵی و بێئیشیەوە پەیدا نەبووە، تا لە بە تاڵی و بێئیشیدا گەشەونەش و نما بکات پێکهێنانی کۆمەڵگە موسڵمانەکەو قۆناغەکانی پێکهێنانی لە هەموو کات و شوێنێکدا هەر یەکە.گواستنەوەی کۆمەڵگەیەکیش لە جاهیلییەتەوە بۆ ئیسلام لە هیچ کات و شوێنێکدا کارێکی ئاسان نەبووەو بە ئەحکامی شەرعیش دەستی پێ نەکردووە. بۆیە قەت مومکین نییە پێکهێنانەوەی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان بە ئەحکامی شەرعی دەست پێ بکاتەوە. چونکە ئەحکامە شەرعیەکان پێویستیان بە کۆمەڵگەیەکی واقیعی موسڵمان هەیە تا تێیدا گەشەو نەش و نما بکەن.. دەنا دارشتنی ئەحکام بێ ئەو کۆمەڵگەیە دەست بەتاڵی و خۆخەریك کردنی بەرسێبەرە!

مومکین نییە کۆمەڵێك ئەحکامی شەرعی نوسراوی (ئامادەکراو) کە لە کاتی دەست بەتاڵی و دوور لە گەشەو نەش و نمای کۆمەڵگەی موسوڵمان هاتبێتە دی، ببێتە زەمینەی کارێکی ئیسلامی وا خەڵکی لە جاهیلییەتەوە بەرەو ئیسلام بگوێزێتەوە.. چونکە ئەوەی ئەو خەڵکە جاهیلیە پێویستیانە بۆ موسڵمان بوونیان، ئەحکامی شەرعی نییە.. خۆ ئەوان کە موسڵمان نەبوون لە بەر ئەوە نییە ئەحکامی شەرعەکە کەم و کورت بوو بێت و نەیتوانی بێت وەڵامی پێداوویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان بداتەوە.. یان لە بەر ئەوە بێت کە ئەحکامەکانی

شەرع قورسن و دەبێ ئاسانتر بکرێن! ئەمانە گومانە درۆزنەن خۆ فریودان و خۆ گێل کردنن..

ئەوەی کە بۆتە بەربەستی رێی موسڵمان بوونەوەی ئەو کۆمەڵگە جاهیلییانە، ئەوی ناهێلێت خەڵکی موسڵمان بن و لە ئیسلامەکە تێبگەنەوە، ئەوە ئەو تاغووتە رقنانەن کە ناهێڵن دەسەڵاتی حوکم بۆ خوای گەورە بگێڕرێتەوە. ئەوانەی کە ناهێڵن پەرستن و پەروەردگارێتی و دەسەڵات و مافی یاسا و رێسادانان بۆ خوای پاك و تاك بگێڕرێتەوە.. ئەو تاغووتانەی بەم بەرهەڵستکاریەیان بە تەواوی لە ئیسلام داماڵراون و لە بازنەی دینەکە چوونەتە دەرەوە.. چونکە حوکمی خوای گەورەیان خستۆتە لاوەکە زەروراتی دینەو ئیسلام (بێ حوکمی) وجودی نابێت.. دیسان زۆرجار جەماوەری خەڵکیش هەر دەبنە کەندو کۆسپ و بەربەستی سەر رێی موسڵمان بوونەوەیان، یان تێگەیشتنەوە لە ئیسلام و گەڕانەوە بۆی، بەوەی کە فریویان خواردووەو هەڵخەڵەتێنراون و بوونەتە پەرستیارو کۆیلەی تاغووتەکان! بەو مانایەی کە ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ ئەو تاغووتانە دەردەبڕن و بڕیارەکانیان رادەپەڕێنن.. بەمەش دەیانکەنە خواو لە جێی پەروەردگاری مەزن دایان دەنێن.. بەم جۆرە ملکەچی و گوێڕایەڵی کردن و فەرمان راپەڕاندنەیان (کە خوای گەورە بە پەرستنی دانان) لە یەکخواپەرستی دەچنە دەرەوەو لە ناو جەرگەی شیرکدا خول دەخۆن.. ئەمە یەکێکە لە مانا هەرە بەرزەکانی شیرك لە دیدو پێناسەی ئیسلامدا.. جاهیلییەت بەو شێوەیە سیستمی خۆی لە سەر زەمیندا دەچەسپێنێت: سەرەتا ئیعتیماد دەکاتە سەر بیروهۆش و دیدو بۆچوون و پاشان ئیعتیماد دەکاتە سەر روکنە ماددیەکان..

کەوا بوو داڕشتنی ئەحکامی فیقهی ئەوەی لە تواناادا نییە ڕووبەڕووی جاهیلییەت ببێتەوە. چونکە ئەوەی دەتوانێت ڕووبەڕووی جاهیلییەت ببێتەوەو بەرەنگاری بکات:

یەکەم: بانگەوازە خواییەکەیە کە خەڵکی بانگ دەکاتەوە بۆ ئیسلامەتی و موسڵمان بوون.

دووەم: ئەو بزاڤەیە کە لەگەڵ جاهیلییەتدا دەستەو یەخە بۆتەوەو خەریکی ململانێیەتی..

شتێکی سروشتی و ئاسایی و چاوەڕوان کراویشە کە مل ملانێکە پڕە لە ناسۆرو ژان و کسپەو قۆناغەکانیشی سەدان کەند و کۆسپی لە سەر رێیە.. هەروەکو کە لە هەموو کات و شوێنێکدا دێتە رێی بانگەوازو بزاڤە ئیسلامیەکە و ئەو موسوڵمانەی ڕووبەڕووی جاهیلییەت دەبنەوە.. ئەوجا خوای گەورەش لە دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی کەم یان زۆر لە ململانێ و دەبەڕێك راچوونی حەق و باتڵ، داوەری خۆی دەکات و باری موسوڵمانان راست دەکاتەوەو حەقیان پێ سەردەخات. پاش ئەم ململانێ و سەرکەوتن و دامەزراندنەی کۆمەڵگەی موسوڵمان ئینجا ئەحکامی شەرعی دێت و رۆڵی گرنگی خۆی لە رێکخستنی ژیاندا دەبینێت. چونکە ئەو کاتە لە دایك بوونەکەی و گەشەو نەش و نماکەی سروشتیەو دیدو بۆچوون و هەڵوێستەکانیشی کە دەبنە بڕیارو یاسای واقیعی و زیندوو، ئاسان دەبن.. ئەو کاتە هەرحوکمێکی شەرعی کە دینەکەو دەسەڵاتدارە دیندارەکە دەیدات پڕاو پڕی پێداویستیەو واقیعیەکانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە

دەبێت وخەیاڵی نابێت! ئەمانە هەمووی ئێستا داهاتووی نادیارو غەیبن و نازانین قەبارەو چۆنییەتی چەندێتیان چۆنە ناشتوانین لە خۆمانەوە روداوێك تەسەور کەین و جۆرە ئەحکامێك هەر لەخۆمانەوە داڕێژین بۆی.. بە ڕاستی ئەو کەسەی لە دینداریدا جیددیە خەریکی کاری جیددیش دەبێت کە بانگەوازو بزاڤەکەیە.. خۆی خەریك ناکات بەشتێکەوە کە نابێتە مایەی پێکهێنانەوەی کۆمەڵگەی موسوڵمان و گێڕانەوەی حوکمە ئیسلامیەکە..

ئەمە بە هیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ئەحکامە شەرعیانەی لە قورئان و حەدیسدا هاتوون رۆڵیان نەماوە! نەخێر.. ئەمە شتێك نییە موسوڵمان بیڵێت. بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیەی ئەم ئەحکامە شەرعیانەی بۆ داڕێژراوە، کە ئەحکامەکانی بەسەردا دەچەسپێنرێت.. ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەم ئەحکامانە نەبێت ناژی، ئێستا بوونی نییە. بۆیە بوونی ئەو ئەحکامە شەرعیانەش هیچ جۆرە کاریگەریەکی فیعلی نابێت مادام کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی نەماوە.. پێکهێنانەوەی ئەو کۆمەڵگە موسوڵمانەش بەرپرسیارێتیەکی دینەو فەرزەو لەسەرشانی هەموو موسوڵمانێکە کە لە کۆمەڵگەیەکی جاهیلیدا دەژی.. لەو موسوڵمانانەی لە پێناوی دامەزراندنەوەی حوکمی ئیسلامی بەرەنگاری جاهیلیەت دەبن و ڕووەو ڕووی دەوەستنەوە. ئەو موسوڵمانە چالاکانەی بزاڤی ئیسلام لەو پێناوەدا دووچاری ئەو هەموو دژواری و کەندو کۆسپ و ژان و ناسۆرانە دێن کە تاغووتەکان و جەماوەرە سەر لێ شێواوو نەزان و گومڕا کە دەیهێننە سەر ڕێ. ئەو جەماوەرە گێلەی فریوی تاغووتانی خواردووەو بەحوکمیان رازی بووەو لە شیرکدا مۆڵیووە..

دەرك كردنی شێوازو چۆنییەتی پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەو شێوازو ڕێگا نەگۆڕەی کە ئیسلام خۆی وویستوێتی هەنگاوی یەکەمی دەست پێکردنە.. هەنگاوی یەکەمی هێنانەوەی دینە بۆ بوونێکی عەمەلی کاریگەر.. ئەمەش ڕێسای کارەو لە هەموو کات و شوێنێکدا هەیە.. لە هەر جێیەك جاهیلییەت هەبێ و رەنج و جیهادی ئیسلامیش هاتبێتە مەیدانی بەربەرەکانی و شەڕە پاڵی گۆڕانکاری هەر دەبێت بەم ڕێسایە کار بکرێتەوە.. چونکە ئەو بوونە ئیسلامیە لەو کات و شوێنەدا نامێنێت کە یاسا و ڕێسای جاهیلییەت جێی شەریعەتەکەی خوای گرتۆتەوە بە تایبەتی لەم ماوەی ئەم دوو سەدەی دواییدا.. سەر زەمین بەتەواوی لە حەقیقەتی بوونی ئیسلامی سڕراوەتەوە. گەرچی منارەو مزگەوت و دروشمی پەرستن هەر ماون.. کە رەنگە ئەویش بۆ ئەوە بهێڵنەوە تا غیرەتی ئەو موسوڵمانانەش سڕ کەن پێی کە هێشتا عیزەت و هیممەتێکیان تێدا ماوە، تا هەست و هۆشیان مەست کەن و ئەو سۆزی دینداریەی لە دڵ و دەرونیاندا هێشتا بریسکەی دێت بەو (بوون)ە فریوو بخوات و واحاڵی بێت کە هێشتا ئیسلام سەلامەتەو موسڵمانان لە خێرو خۆشیدان.. لە کاتێکدا ئیسلام دەسڕڕێتەوەو موسوڵمانان ریشەکێش دەکرێن!!

کۆمەڵگەی موسوڵمان پێش فەرز بوونی پەرستنەکان دروست بوو.. پێش دروست کردنی مزگەوت لەو رۆژەوە دروست بووە کە بە خەڵکی ووترا (اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ) هود/٥٠ خوا بپەرستن: ئەوانیش پەرستیان.. ئەو

زەمانەی وای پێ دەفەرموون هێشتا نوێژ و رۆژو حەج فەرز نەبوو بوون! بەڵام مەبەست لە پەرستنەکە خۆ تەسلیم کردن بوو بە خوای پەروەردگارو وەرگرتنی دینەکەی بوو.. ئەو زەمانە هێشتا ئەحکامی شەرعی فەرز نەکرابوو. کاتێك موسوڵمانان دینەکەیان وەرگرت و هێنایانە سەر حوکم و بوون بە خاوەن دەسەڵات.. بوون بە دەوڵەت و ئوممەت.. ئیتر پێویستیان بە هەڵوێستی دینەکە هەبوو تا بزانن دەربارەی روداوەکان و پێداویستیەکانی کۆمەڵگەکەیان ڕای چی یە و چۆنە؟ ئەوجا هەندێك ئەحکامی شەرعی بە دەقی قورئان و حەدیس دا دەڕێژران و هەندێکی تریش لەوانە هەڵدەهێنجران.. ئەمەش تەنها شێوازو رێگایە و هی تری نییە..

هیچ رێگایەك لەوە ئاسانتر نییە کە هەر لە گەڵ یەکەم دەنگی بانگەوازی ئیسلام جەماوەر ڕووبکاتە ئیسلام و بە دەنگیەوە راکات، ئینجا گوێ بۆ ئەحکامی شەرعی شل کات! بەڵام ئەمە هەر (خۆزگە و هیوا)یە، چونکە هەرگیزاو هەرگیز هیچ جەماوەرێك ئاوا ئاسان و زوو رازی نابێت دەست لە جاهیلییەت و تاغووت پەرستی هەڵ گرێت و ڕوو بکاتە پەرستنی خوای تاك و تەنها! بەڵکو حەتمەن هەر دەبێ بەو شێوە هێدی و لەسەرخۆو بەو رێگا دوورەدا بێت کە هەموو جارێك و لە هەموو شوێنێکدا بانگەوازی ئیسلامی پێ بڵاو دەبێتەوە کە: بە کەسێك دەست پێ دەکات و پاشان کۆمەڵە پێشڕەوێك دروست دەبێت، ئەوجا پێشڕەوان ڕوو بەڕووی جاهیلییەت دەبنەوەو بەرەنگاری دەکەن.. جا زۆرتر دەبن و سواریشیان لێ دەگلێت.. تووشی ناسۆرو ژان و دەردەسەری دەبن.. بەڵام هەر بەردەوام دەبن و بە ئارامی دەروونیانەوە ئارامگرانە هەر دەمێننەوە، تا خوای گەورە ناوکۆیی

نێوانیان دەکات و جاهیلییەتیان بۆ تێك دەشکێنێت و حەقیان پێ سەردەخات و دەسەڵاتیان دەداتە دەست.. ئینجا جەماوەریش پۆل پۆل دێنە ناو دینەکەوەو بەرنامەکەی دەگرنە بەرو سیستمەکەی پیادە دەکەن و ئەحکامی شەریعەتەکەی رادەپەڕێنن.. ئاوا بە هەموو لایەنێکی دینەکە رازی دەبن، چونکە دڵنیا دەبن لەوەی کە هەر کەس غەیری ئیسلام وەرگرێت و بیکاتە رێبازو بەرنامەو پرۆگرامی ژیان لێی وەرناگیرێت و سەرەنجامیش زەرەرمەندی دەبێت. وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

(وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ)

آل عمران/٨٥



باسی شەشەم خۆرکەی دین[1]

کۆسپی مەلای ڕەسمی:

زۆرجار ئەوەی کە دەبێتە خۆرکەو ئەم دینە لە ناوەوە هەڵدەکۆڵێت، ئەو کۆمەڵە شۆێن کەوتووانەی خۆیین کە پێیان دەوترێت: پیاوی دین: (مەلا شێخ موفتی داعی..) چونکە خەڵکی وا لە پیاوانی دین چاوەڕێ دەکەن خۆرە کوژ بن، نەك خۆیان ببنە خۆرە. گەر بوون، دەبێ ئەم دینە چۆن و چەند لە ناوەوە هەڵکۆڵن.. حەتمەن دەبنە ئامێرێکی بڕندەو زورنا ژەنێکی کاریگەر بەدەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ شێواندن و کەم کردنەوەی کاریگەری حەقیقەتەکانی دین.. ئیتر بەو سیفەتەش کە مەلاو شێخ و موفتی و داعین زۆرتر زیانبەخش دەبن. قورئانی پیرۆز بەم سیفەتەو بەو ڕۆڵە سلبیەوەیە کە باسی دەستەیەك لە ئەهلی کیتاب دەکات: (وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُم بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) آل عمران/٧٨ واتە: بەڕاستی ئەوانە دەستەیەکیان تێدایە کە زمانیان وا دەگێڕن (واتە درۆ هەڵدەبەستن) کە لە گەڵ هەواو هەوەسی خۆیاندا بگونجێت لەوانەی کە نووسیویانەتەوەو گوایە ئەمەش هەر تەوراتەو لە لایەن خواوە بۆیان هاتووە. ڕاستیش ناکەن. ئەوە نە لە تەوراتدایەو نە لەلایەن خواشەوە بۆیان هاتووە. ئەوانە خۆشیان زۆرباش دەزانن کە درۆ بە دەم خوای گەورەوە هەڵدەبەستن..

---

[1] خۆرکە: جۆرە کرمێکە قەدی درەخت لە ناوەوە هەڵدەکۆڵێت تا کلۆری دەکات و دەیخات.

ئەوانە دەقی کتێبە پیرۆزەکانی خۆیان کە تەفسیر دەکرد، ملی دەقەکانیان وا دەسوڕاند کە لەگەڵ ئەو ئاڕاستەدا بێنەوە کە دەیان ویست دەقەکانی بۆ لێکدەنەوە. دەیانوویست دەقەکان وا تەفسیر کەن کە پاڵپشتی ئەو بڕیارانە بێت کە دەسەڵاتداران دەیانوویست دەرچێت! ئەوجا بۆ فریودان دەیان ووت مانای ئەو دەقانە ئاوایە کە ئێمە تەفسیرمان کردووەو خوای گەورە مەبەستی هەر ئاوابووە کە ئێمە لە دەقەکەی حاڵی بووین. لە کاتێکدا کە ئەو بڕیارانە بەتەواوی پێچەوانەی ماناو مەبەستی ئەو دەقانەن. بۆیە ئەمەشیان بۆ دەچێتە سەر چونکە زۆرینەی زۆری جەماوەری گوێگر ناتوانن مانا حەقیقییەکانی دەقە دینییەکان و تەفسیری ڕاستیان هەڵاوێرن و لەو تەفسیرە موزەوەرو لێکدانەوە فێڵاویانەی کە بوونەتە پاڵپشتی بڕیاری ناڕەوای دەسەڵاتداران جیایان بکەنەوە.. لەم سەردەمەی خۆماندا نموونەی پیاوی دینی وامان زۆر دیووە.. ئەوانەی بەناڕەوا بوونەتە کادیری ئەم دینە. ئەوانەی ئەم دینەیان کردۆتە مایەی کارو کاسبی بۆ هەواوهەوەسی ئەم و ئەو چۆنیان بوێت وا ملی دەسوڕێنن! چۆنیان بوێت وای لێك دەدەنەوە لە هەر کات و شوێنێك بینیان بەرژەوەندی خۆیان دێتەدی، ئەو دەقانە بەگوێرەی پێداویستی ئەو کات و شوێنانە لێك دەدەنەوە. لەکوێ بریق و باقی دونیا دەرکەوت، ئەمان خۆیان و تەفسیرەکەیان لەوێ لە خزمەتتدان! هەڵپەیانە.. بەدوای هەواو هەوەسدا وێڵن.. بارودۆخ و بەرژەوەندی چۆنی خواست، ئەوا تەفسیری پڕاوپڕی دەقی دینیش لە خزمەتدایە! هەموو مەبەستێکی دەقەکان لەبەر خاتری بڕیارو هەڵوێستی داواکراو دەگۆڕن! لە

کاتێکدا کە خۆشیان دەزانن لێکدانەوەکەیان پێچەوانەی دینەکەن.. بەڵام ئەوەیان لاپەسەندترە لەجیاتی شوێن کەوتنی حەق،چونکە ئەویان لەگەڵ هەواوهەوەسی خۆیان و ئەربابانیاندا دەسازێت! کام ئیحتیمالەی زۆر دوورە لە مەبەست و مانای دەقەکان، ئەوە دەکەنە سەرەکی! مادام لەگەڵ هەواو هەوەسدا دەسازێت.. کام ئیحتیمالەش سەرەکیەو مەبەستی سەرەکی دەقەکەیە دەیخەنە لاوە! مادام لەگەڵ هەواو هەوەسدا ناسازێت. ئینجا تەفسیرەکەی خۆیان دەکەنە مەبەستە خواییەکە!! (وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) آل عمران/٧٨ ئەم خۆرکەیە هەر لەناو ئەهلی کیتابدا نییە. بەڵکو لەناو هەموو ئوممەت و گەلێکدا هەیە لەوانەی کە دینی خوایان لا هەرزانە.. لەهەر کۆمەڵێکدا دینداری بووە عادەت و دینەکە بووە کەلەپوورو ڕێزی سووك بوو، ئیتر بازاڕی مەلای دین بەتاڵ و داعی دنیاویست و فرۆشیارانی دەق گەرم دەبێت. مەلاو موفتی هەلپەرست و داعی دەم هەراش و فێڵزان جمەیان دێت! ڕەواج بەکاسبیەکەیان دەدەن ئیتر درۆ بەدەم دینی خواوە هێندە دژواری و مەترسی نابێت. لێکدانەوەی دەق بە گوێرەی هەواو هەوەس بۆتە مەلوق و ماستاو ساردکردن و خۆهەڵپەساردن بە سێبەری تاغووتاندا، دەبێتە ئەرك و کاروو پیشە! دەبێتە حیکمەت و ژیری و پیاوماقوڵی!! ئەمە نموونەی مەلای دین فرۆشە.. نموونەی (پیاوی دین)دۆڕاوە. موفتی گومڕاو، شێخی فریوو، داعی بەزیوو. نموونەی بیری گەندەڵ و شەخسیەتی هەلپەرست و تەقوای ڕزیوو.. ئەوانە بە دینەکەی خوا دەخۆن و بەو دەژین نەك بۆی بژین!

ئایەتەکان دەکەنە ماددەی خۆبردنە پێش لە تاغووت بۆ زێدە گومڕای گەلان! بۆ وێڵبازی و فێڵبازی.

ئەم لادەرانە حەزیان لە ڕێچکەو کۆڵان و کوچەی تەنگ و بن بەستە! بۆیە واز لە ڕاستە شەقام دێنن.. حەزیان لە خواروو خێچییە.. بۆیە لە ڕاستگۆی و سەڕاستی هەڵدێن. چونکە سەر ڕاستی یەك جۆرە. ئەویش پابەند بوونە بە ڕێبازی خواوە. پابەند بوونە بە بەرنامەو شەرعی خواوە.. ئیدی هەرچی هەیە لارو وێرە.. لە ڕێبازی خوا بترازێت گومڕاییە.. چوونە بەرەو کوفرو ڕازی بوونە پێی.. چونکە مومکین نییە کەسێك باوەڕی بە ڕۆژی دوای هەبێت، لەم لاشەوە ڕێبازی راستی خوا وازی لێ بهێنێت و بکەوێتە سەر ڕێچکەی پڕ هەڵدێرو کوچەی تەنگە بەرو داڕماو و بن بەست! لەم لاوە دین وەرگرێت و لەو لاوە بەر هەڵستی ئیقامەو پیادەکردنی دینەکە بکات.. لەم لاوە لاف و گەزافی دینداری لێبدات و لەو لاشەوە لە بەرنامەی شەرعی خوا لابدات: (الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ) الأعراف/٤٥ واتە: ئەوانەی بەرهەڵستی دینی خوا دەکەن و دەیانەوێت ڕێبازەکەی لاروگێڕکەن و باوەڕیان بە ڕۆژی دوای نییەو پێی کافرن.. ئا ئەمەیە دیمەنی واقیعی و سروشتی ئەو دەروون نزمانەی کە بۆ هەواو هەوەس شەریعەتەکەی خوا دەگۆڕن. ئەمە دیمەنێکی ڕوون و ڕاستی دەروونی وێڵ و پڕ فێڵی ئەو تاقمە دین بەتاڵەیە کە پێیان دەوترێت: (پیاوانی دین) ئەوانەی

دینەکەیان بۆ دنیا وویستی گۆڕیووە.. بزانە چ وەسفێکیووردی پێچاو پێچی ئەو دەروونە بەزیوانەی کردووە.

کاتێك ئەم دینە، لە عەقیدەیەکی پاڵ پێوەنەری زیندووی ژیان و داینەمۆی بزاڤی گۆڕانکاری دەکرێتە پیشە و مایەی کاسبی، مەلاو شێخ و موفتی و داعیە دین فرۆشەکان دەبنە خۆرکەی دینەکە ئەوی بە زمان دەیڵێن هەر خۆیان کاری پێ ناکەن.. ئەوی لە دڵ و دەرونیاندایە غەیری ئەوەیە کە سەرزارەکی دەیڵێن.. فەرمان بە چاکە دەکەن، بەڵام خۆیان نایکەن. بە خەڵکی دەڵێن چاکەخواز بن بەڵام خۆیان ڕێی چاکە خوازی وەل دەکەن و دەکەونە سەر ڕێچکەی دنیا پەرستان! ئەحکامەکانی دین لەجێی خۆیان ناهێڵن و دەقەکانیان بەجۆرێك تەفسیر دەکەن کە خزمەتی هەواو هەوەس و مەبەستی خۆیان بکات.. تەفسیرو فەتوای وا دێننەوە کە لە رواڵەتدا لە دەق وەرگیراون، بەڵام لە ڕاستیدا لەگەڵ حەقیقەتی دیندا یەك ناگرنەوە.. لێك جودان.. دژ بە یەکن. دینەکە لەبەر خاتری پارەدارو دەسەڵاتداران دەگۆڕن.. هەر کاتێکیش داعیەك یان کادیرێکی ئەم دینە خەڵکی بۆ لای چاکە خوازی بانگ کردوو خۆی پێچەوانەی ئەوەی ئەنجامدا، بەم کارەی گومان لە دڵی خەڵکیدا دروست دەکات. باوەڕی لاوازەکان دەلەقێنێت. گومانەکە هەر بەرامبەر کابرای مەلا و شێخ و موفتی و داعیە دنیاوویستەکە دروست نابێت، بەڵکو دەگوێزرێتەوە بۆ خودی بانگەوازەکە. خەڵکی گومان لە راستی و رەوایی دینەکە دەکەن.. دەبینن بانگەوازێکی جوان و بەرنامەیەکی پاك و جێ ئومێدێکی باشە، بەڵام لەولاوە کە دەبینن کادیرە پێشکەوتووەکان لە مەلا و شێخ و داعیەکانی بە رەفتاری بەدو کردەوەی ناپەسەن، تینی عەزم و ئیرادەو

وویستیان سارد دەبیێەوەو بەرەو بێ ئومێدی دەچن! نوری ئیسلامەتیەکەیان لەبەر چاو کز و کورت دەبێتەوە. ئیتر وورده وورده کە متمانەیان بە (پیاوانی دین) نەما بە دینەکەشیان نامێنێت.

هەر ووشەیەك لە دڵێکی پڕ باوەڕو لە قەناعەتێکی تەواوەوە نەیەت، هەر چەند ڕەوانبێژی تام و فامی تێدا بێت، هەر بە مردوویی دەردەپەڕێت و بێ کاریگەریش دێت و دەڕوات. هیچ قسەیەکیش نابێتە نیشانەی قەناعەت و باوەڕو یەقین تا خاوەنەکەی ژیانی خۆی بە پێی ئەو دانەڕشتبێت و خۆی پێشتر پێوە پابەند نەکرد بێت و قسەکەی بەتەواوی لە خۆیدا نەدرەوشابێتەوە. هەرکاتێك و هەر کەسێك گوفتاری ڕاست و ڕەفتاری دروستی وەکو یەك بوون، هەر کەس قسەو کردەوەی بۆ خۆی و خەڵکی وەکو یەك بوون، دەبێتە جێی متمانەی خەڵکی و باوەڕی پێ دەکرێت با زۆر ناتق و ڕەوانبێژو قسەزانیش نەبێت. با قسەکەشی ڕەوانبێژانەش نەبێت.چونکە هێزو ڕێزو کارتێکردنی قسەی وا لەواقیعەکەیەوە دێت، نەك لە بریق و باق و کێش و سەروایەوە. ئەو جۆرە قسەیەیە کە ژیان دەگۆڕێت. کە دیدی نوێی پێ دەچەسپێت.. کردنی قسەو کردەوەش بەیەك، وەنەبێت کارێکی هەروا ئاسان بێت.. نا.. ئەوە ڕەنج و هەوڵدانی زۆری دەوێت. ئەوە ڕاهێنان و مەشقی دەوێت.چونکە بریتییە لە چەسپاندنی عەقیدەو باوەڕ بەکردەوەو ڕەوشت و ڕەفتار.. بۆیە خۆ کۆنترۆڵ کردنی دەوێت.. تەقواو لە خوا ترسانی دەوێت. بەهێزکردنی پەیوەستی و پشتیوانی خوای گەورەی دەوێت. پاڕانەوەو نزاو

داوای هاوکاری و پابەندی لەخوای گەورە دەوێت.. چونکە زۆر جار پێداویستی و کێشە واقیعیەکانی ژیان و ناچاری وادەکەن موسوڵمان لە داواکاریەکانی عەقیدەکە دور بخەنەوە! جاری وا هەیە هێزی راکێشان و دنیاوویستی موسوڵمانان بەرەو لایەکی ترو ئاڕاستەیەکی تر کێش دەکەن کە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە کە خۆی و بانگەوازەکەی خەڵکەکەی بۆ بانگ دەکەن.. مرۆڤیش لاوازە. بۆیە دەبێت توندترو چاکترو قایمتر خۆی بەهێزی نەمری خوای خۆیەوە پەیوەست کات. دەبێت هێزی خۆشەویستی خوای گەورە کاریگەرو بە هێزتر بێت لە هەموو ئەو هێزە شەڕخوازانەی گەمارۆی دەدەن و تەوژمی دەخەنە سەر.. نابێت ئەم وا بزانێت خۆی بە خۆیەوە بەهێز بووە.. جاری وا هەیە هێزی شەڕخوازی ئەم کێشمەکێش و زۆرانبازییەی ژیان دەباتەوە.. جاری واش هەیە ئەم لە لاوازی خۆیەوە دەگلێت.. هەرکەس وابزانێت تەنها بە هێزی خودی خۆیەوە دەتوانێت بەرەنگاری جاهیلیەت ببێتەوە، هەر زوو تێك دەشکێت و شکست دەخوات.. چونکە ماندوو دەبێت.. تاوای لێ دێت دەکەوێت.. پاشان دێتە سەر چۆك و تەسلیم دەبێت.. جا هەرچی هەیبوو لەدەستی دەدات: مێژووی رابوردووی خۆی و مێژووی ئێستای و داهاتووشی دەدۆڕێنێت! بەڵام کاکەی موسوڵمانی بەتەقواو دیندار- مادام پشتی بەهێزە نەمرە ئەزەلی یەکەی خوای گەورە بەستووە- هەر بەهێزە.. لە هەموو هێزێکی بەرامبەر بەهێزترە.. چونکە بەسەر هەواو هەوەسی خۆیدا زاڵ بووە.. بەسەر لاوازی و بێ وورەیی خۆیدا زاڵ بووە.. بەسەر دەرونی خۆیدا زاڵ بووەو نەیهێشتووە بۆ چارەسەر پێداویستی ژیان و ژینی

بەر سێبەر تەنازول بکات.. بۆیە ئێستاش وا بەهێزەو بەسەر ئەو هەموو هێزانەشدا زاڵ دەبێت کە ڕووەوڕووی وەستاونەتەوەو بەرهەڵستی دەکەن.

کلکە مەلاو شێخی تاژی و هەرزە داعی:

چەند مەلا و شێخ و موفتی و داعیمان دی، راستی دینیان دەزانی و چاکیش شارەزایان بوون، کەچی لایاندا.. بەڵکو بەرنامەی تریشیان هێنایە جێ.. چەند زانای لەبلەبان و مەلای دوانزە عیلم و شێخی شاڵ و زیکرمان دی.. چەند داعی قسە سازان و چالاکمان دی هەموو زانیاری دینەکەیان خستە خزمەتی تاغووت و ملهوڕانیان.. چەند موفتی دەروون بەزیومان دی فەتوای بۆ قایم کردنی دەسەڵاتداری جاهیلی دەداو (حیلە شەرعی) دەکردە بەڵگەی دینی لایەنگرتن و بەشەرعی ناساندنیان.. تا زیاتر بمێننەوەو رەگ داکوتن.. چەندمان لەوانە دی سووربوون لەسەر ئەوەی دینەکە راکێشنە خزمەتی ئەو لەخوا یاخی بووانەو، لە دین دەرچووانەی کە فڕیان بەسەر ئیسلامەوە نەما بوو، کەچی ئەمان هەر لاف و گەزافی ئیمان و ئیسلامەتیان بۆ لێدەدان مەگەر خوای گەورە لەباسی توتکە داعی و دێڵە مەلا و تانجیە موفتی و گەماڵە شێخدا نافەرمووێ: (وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ * وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ * سَاء مَثَلاً الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُوا

يَظْلِمُونَ) الأعراف/ ١٧٥-١٧٧واتە: هەواڵی ئەو کابرایەیان پێ رابگەیەنە کە چەندین نیشانەو بەڵگەی خۆمانمان دایێ کەچی هەر خۆی لەبەر خۆی داماڵی و شوێن شەیتان کەوت و خۆی بە فەتارەت داو چووە ریزی گومڕاو فەوتاوەکانەوە. گەر حەزمان بکردایە پلەو پایەیمان بەو نیشانەو بەڵگانە بەرز دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی باوەشی بە دنیادا کردوو، وەیزانی کە لەسەر زەوی بەنەمری دەمێنێتەوە. بۆیە ئیتر شوێنی هەواو هەوەسی خۆی کەوت و بەرەڵابوو.. نموونەی ئەو وەکو سەگ وایە کە چ راوی نێیت و چغەی لێ بکەیت، چ لێی گەڕێیت، ئەو هەر دەمەلاسکێیەتی و زمانی دەرکێشاوە و هانکە هانکێتی.. ئەوەیە نموونەی ئەو کەسانەی کە نیشانەو بەڵگەکانمانیان بە درۆ خستەوە. ئەم چیرۆکەیان بۆ بگێڕەوە تا بەهۆش خۆ بێنەوە و ئەقڵیان پێ بشکێت. نموونەی ئەو کەسانەی نیشانەو بەڵگەکانمانیان بە درۆ خستەوە، بە راستی نموونەی خراپ و بەدە.[1] هەر خۆیان زوڵمیان لە خۆیان کرد.. چ هەواڵێکە بیگەیەنێت؟! ئەمە هەواڵی ئەو کەسانەیە کە نیشانەو بەڵگەکانی خوای پەروەردگار بە درۆ دەخەنەوە. دوای ئەوەی بۆیان هاتووەو شارەزای بوون و لێی حاڵی بوون.. ئای ئەم جۆرە هەواڵە لە

---

[1] زۆربەی زۆری ئەهلی تەفسیر رایان لەسەر ئەوەیە کە ئەم کابرایە وەکو سەگی لێ هاتووە زانایەکی بەنو ئیسرائیلیەکان بووە، شوێن کەوتووی سیدنا موسا بوو- ئەم نارد بووی بۆ شارێك تا بانگەوازەکەی ئەم بڵاو بکاتەوە- بەڵام ئەو کە چووە شارەکە، کابرای فەرمانڕەوای شار لە خۆی نزیك کردەوەو تەماعی دنیایی لە سامان و پلەو پایە خستە پێش چاوی و ئەویش بانگەوازی دینەکەی سیدنا موسای بە خراپ بەکار هێنا بۆ خزمەتی ئەو حاکمەی دژی سیدنا موسا بوو.. بەمەش ئەو ئینحیرافە گەورەیەی کردوو بووبە سەگی هار. زانایان دەڵێن ناوی (بەلعامی کوڕی باعورا)بوو. بڕوانە: ابن کثیر: تفسیر القران العظیم/ ب/٢ ل١٩٨٣

چەند شوێن و کاتدا دووبارە دەبنەوە.. ئای ئەو کەسانە چەند زۆرن کە شارەزای نیشانەو بەڵگەی خوای پەروەردگار دەبن، کەچی پابەند نابن پێوەی! شارەزا دەبن، کەچی دوای دەیکەنە مایەی گۆڕین و تەحریفی دینەکە.. شوێن هەواو هەوەس دەکەون.. هەواوهەوەسی خۆیان و هەواو هەوەسی ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەمان وا دەزانن رزق و رۆزی و سامانی دنیای ئەمانیان لایە! زۆرمان دی لەوانەی شارەزای ئەحکامەکانی دینەکە بوون کە هەمیشە دەیان گووت: یاسا و رێسادانان مافی خوای گەورەیەو بەس. کەس بۆی نییە ئەو مافە نە بەخۆی و نە بە کەسی تر بدات هەر کەسەش بڕیاری ئەو مافە بۆ خۆی بدات کە بۆی هەیە یاساو رێسا بۆ خەڵکی دارێژێت ئەوە خۆی لەو خەڵکە کردووەتە خوا. هەر کەسیش وا بکات کافرە. هەر کەسێکیش بەو بڕیارەی ئەو رازی بێت و شوێنی بکەوێت وەکو ئەو کافرە.. دیمان لەگەڵ ئەم زانین و پەی پێ بردن و شارەزاییەشدا، لەگەڵ ئەم بڕیارو شاهیدی دانەشدا، لە بەر خاتری دنیاویستی ئینحرافی دەکردو ڕووی دەکردە تاغووتان و دەچووە خزمەتیان و ئیقراری دەکرد کە مافی یاساو رێسا دانیان هەیە!! مافی خوایەتی پێ دەدان! هەر بەپێی ئەو رێسایەی کە هەر خۆی لەوەو پێش خەڵکی پێ بە کافر دەناساند!! زۆرمان لەوانە دی زۆریان دەربارەی حەرامێتی سوو (ریبا) نووسی و پاشانیش فەتوای حەڵاڵێتیان دایەوە! ساڵێك دەیان ووت حەرامەو سالێکی تر دەیان ووت حەڵاڵە! زۆرمان لەوانە دی دەست خۆشی لەفەساد دەکردو لایەنگری داوێن پیسی بوو، حەزی بە بڵاوبوونەوەی خراپەکاری بوو.. ئەو زەلکاو زۆنگاوەی داوێن پیسی و خراپەکارێتیەی ناودەنا

دینداری! تاج و نەجمەی دەکردە سەر خراپەکاران و ناونیشانی دینی پێدا هەڵدەواسین! ئەمە چ هەڵوێستێکە؟!. مەگەر هەر ئەوە نییە کە ئایەتەکە باسی دەفەرموێ: (الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ) الأعراف/١٧٤ ئەمە هەر وەسفی ئەو مەلا و شێخ و موفتی وداعیە مونحەریفانەیە کە کادیری مایەپووت و کلکە تاغووتن. ئەوە هەر لە وانەن کە هێزی حەزی دنیای چۆکی پێیدادان و نەی هێشت خوای گەورە بەرزیانکاتەوە (وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث) الأعراف/١٧٤ گەر خوای پەروەردگار بیویستایە بەو زانیاریەی دەربارەی نیشانەو بەڵگەکانی خۆی دابوویێ بەرزی دەکردەوە.. بەڵام خوای گەورە حەزی بەوە نەکرد. چونکە ئەوکابرایە دوای زانین و شارەزا بوونی دینەکەی خوا حەزی لە دنیاکردو وایزانی بە نەمری تێیدا دەمێنێتەوە. خۆی دوای پەی پێ بردن و زانین باوەشی بەدنیادا کردو شوێن هەواوهەوەسی خۆی کەوت و هەڵپە هەڵپی بوو بۆ هێنانە دی حەز و ئارەزوەکانی.. ئەمە نمونەی هەر کەسێکە کە خوای گەورە زانین و تێگەیشتنی پێ دەبەخشێ، تا شارەزای بەڵگەو نیشانەکانی خۆی دەکات، بەڵام سودی لێ وەرناگرێت و پێیان ناکەوێتە سەر راستە شەقامی خواویستی.. نیعمەتی باوەڕو پلەی پابەندی و سەرڕاستی بەخۆی رەوا نابینێت و خۆی دەکاتە شوێن کەوتوویەکی زەلیلی شەیتان.. تا ئەویش ژێر فشاری دەنێت و دەینێتە ژێر تا دەیگەیەنێتە پلەی ئاژەڵ بە تایبەتی توتك و تانجی و سەگی هار!!

باشە ئەو دەمەلاسکێ و قروسکانە بۆ کۆتای نایەت؟!

چونکە لە هەڵپەیەکی بەردەوامەوە دێت، کە بە دووی لەزەتەکانی ژیانەوەیە! ئەم حاڵەتە کەسیفەش دەرچەی سروشتی ئەو وازهێنانە ساویلکەیە لە ئایەت و نیشانەو بەڵگەکانی خوای گەورە.. ئەم هانکە هانکە نیشانەی پشێوی ناخەو ناسۆری ئاخەو کۆتایش نایەت. چونکە کابرای توتکی تاغووت ئامۆژگاری بکەیت و نەکەیت ئەو تازە بۆ لەتکە نانێ ڕێی گرتۆتە بەرو تازە بە هەر چوار پەلەوە تێی کەوتووە، زەحمەتە دڵی بێت یان بیەوێت بێتەوە دواوە..لە ژیانی دنیادا، لە تەمەنی هەموو نەوەیەك و لەهەموو شوێن و کاتێکدا زانای وا دەکەونە بەر چاو.. کەم هەیە لەو مەلا و شێخ و موفتی و داعیانە لەو تاقی کردنەوانە دەرچن.. زۆر هەن دەکەون.. هەر ئەوانەیان خۆ دەگرن کە خوای گەورە دەیان گرێتە خۆ.. ئەوانەی بە ئایەت و بەڵگەو نیشانەکانی خوای گەورە لەبەر خۆ داناماڵن.. ئەوانەی باوەشیان بە دنیادا نەکردووە. سوێیان نەبۆتەوە بۆی. ئەوانەی نابنە کۆیلەی ئاڵقە لە گوێی هەواو هەوەس.. ئەوانەی نابنە گوێ تەپی زەلیلی شەیتان.. ئەوانەی هەڵپە ناکەن بۆ سایەو سامانی سوڵتان.. ئەمە نموونەیەکە قەت کۆتایی نایەت. هەمیشە هەیەو زووزووش دەکەوێتە بەرچاو. ئەمە روداوێك نییە جارێك لە نەوەیەکدا ڕووی دابێت و ئێستا بگێڕرێتەوەو کۆڕی پێ گەرم کرێت! نا.. نەخێر ئەمە هەڕەشەی خوای گەورەیەو بە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: بۆیان باس بکە.. بەسەریاندا بخوێنەوە.. بیریان بخەرەوە.. با لەو

کاتانەی ئایەتی قورئانیان بۆ دێتە خوارەوە چاو ببڕنە ئەم نموونەیە.. سەرنج بدەنە هۆکارو ئەنجامی ئەم روداوە.. فەرمانی دا بە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بۆ ئوممەتەکەی باس بکەرەوە، بابە حەزەر بن. نەبادا ئەوانیش ئەو ئایەت و بەڵگانەی خوای گەورە لەبەر خۆ داماڵن.. با نەوە دوای نەوە ئەم ئایەتەی قورئان بخوێننەوە.. با ئەوانەی شارەزای دینەکە دەبن، بە حەزەر بن.. با ئاگایان لە خۆیان بێت. نەکەونە ئەم چارە نووسە رەشەوە و کۆتاییان بە دیمەنی سەگی وا زەلیل و هیلاك بێتەوە! بابە حەزەر بن نەبادا غافڵ ببن و بکەونە ئەو زار داپچڕین و هانکە هانك و زمان دەرکێشانە! هەواوهەوەس نەیانخاتە ئەو هەڵپە هەڵپەی قەت کۆتای نایەت! نەبادا ئەو زوڵمە لە نەفسی خۆیان بکەن کە دوژمن لە دوژمنی خۆی ناکات.. با چاك بزانن کە ئەو چارەنووسە رەشەو ئەو دۆخە کەساسیە تەنها ئەوانەی تێ دەکەون کە ئەو زوڵمەیان لە نەفسی خۆیان کردووە و ئینحرافیان کردووە. ئەوان هێندە چڵێس و چاوچنۆکن لە هەموو کەسێکی تر دەمرێنن.. هەر کەس وەك خۆیان بێت و لێیان نزیك بێتەوە پێی دەوەڕن و دەکەونە نیزاع و ناکۆکی و شەڕە کەڵبە! هەر وەکو کە سەگەل شەڕیانە لەسەر لاکە تۆپیوو!!

ئەمانە هەر کە رۆژ دەبێتەوە هەڵپەیانە تا دەچنەوە کولانە، بەو هیوایەی زیاتر لە ئەربابان بچنە پێش.. تا زیاتریان دەسکەوێت.. تا لە تاغووتان نزیکتر ببنەوەو جێی بەرفراوانتر لە دۆزەخدا بۆ خۆیان مسۆگەر کەن! واوەیلا بە حاڵیان.. خوایە بمان گرە خۆت و جێگیرمان کەو ئارامی خۆتمان پێ ببەخشەو موسوڵمانانەش بمان مرێنە.. ئامین

ئیسلامی تەزویر:

قورئانی پیرۆز ئەوساو ئێستاش کاری خۆی لەسەرکردایەتی و ڕێبەرێتی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە دەکات. ئامادەی دەکاتەوە بۆ ئەرکە گرنگەکەی ئەو کۆمەڵگەی بۆ دروست بووە کەسیش لە قورئان تێ ناگات گەر بەو شێوە بزاڤیە دیراسەی نەکاتەوە. بەو سیفەتەی کە بەرنامەی بوارە بەرفراوانەکانی بزاڤی گۆڕانکاری کۆمەڵگەیە. تەنها ئەو کەسانەش لێی حاڵی دەبن کە پێوەی دەبزوون.

ئیسلام شوێن کەوتووەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە لە تەزویرکاری دینەکەتان بەحەزەر بن ووریا بن، بزاڤ و دەزگاو دیکۆری قەستی ئیسلامیانەتان لەبەردەمدا قوت نەکەنەوە لەوانەی لە حەقیقەتەکانی ئیسلام دوورن و زیانیش بە ئیسلام دەگەیەنن.. وەکو دەربارەی مزگەوتی(ضرار)[1] دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ اتَّخَذُواْ مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ اللّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفَنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ الْحُسْنَى وَاللّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ)التوبة/١٠٧ واتە: ئەوانەی کە مزگەوتێکیان کردەوە تا لێوەی زیان بە موسوڵمانان بگەیێنن و بیکەنە مایەی تەفرەقەو ناکۆکی نانەوە لە ناو موسوڵماناندا و لەوێوە سۆراغی موسوڵمانان بکەن و ئامادەی بکەن بۆ ئەوانەی کە جەنگ بەرامبەر خواو پێغەمبەرەکەی

[1] مزگەوتێك بوو، دووڕووەکانی مەدینە دروستیان کردو پاشان هاتنە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و داوایان لێ کرد تەشریف بباتە لایان و نوێژێکیان لە مزگەوتەکەیاندا بۆ بکات. بەڵام خوای گەورە نەیهێشت و پێی فەرموو ئەوە مزگەوتی تەزویرە.. مزگەوتی فێڵە.. جێ فاقەو تەڵەیە. بۆیە پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕوخاندی.

دەکەن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمە مزگەوت نی یە.. ئەمە جێ پیلانە مەبەست لەم مزگەوتە کافربوون بە خواو زیان لە موسوڵمانان دانە.. ئەمە سەنگەری دژ بە ئیسلام و موڵگەی فیتنەیە.. بۆ دژایەتی کردنی کۆمەڵە موسوڵمانەکە ساز کراوە تا لە ژێر باڵی دینیدا.. لە ژێر تارمایی نەخشەو پلانی دوژمن کارانەیاندا شەرعیەت وەرگرێت. تا دەبێتە هەنگاوی یەکەمی هاوبەشی دوژمنانی دین.. ئەمە مزگەوت نییە.. ئەمە رواڵەتێکی تەزویرو دیاردەیەکی جەعلییە و مۆری دینی لێ دراوە تا ببێتە مایەی فریوو دان!

با داعی و پێشڕەوانی ئیسلام لەهەموو کات و شوێنێکدا ئەوە بزانن کە ئێستاو لە هەموو کاتێکدا مزگەوتی ضراری تری وا بۆ شێوازی تەزویر و درۆو دەلەسە دروست دەکرێت.. مەرج نی یە هەر مزگەوت بێت. شێوەو جۆری تریش هەیە.. دوژمنانی ئیسلام لەگەڵ پێشڕەفتی ژیاندا شێوەو شێوازی چەپەڵی تر دەگرنە بەر. رواڵەتی دەرەوەی جموجوڵ و چالاکی ئیسلامیانەیە بەڵام لە ناوەڕۆك و جەوهەرو ناواخندا پلانی ریشەکێش کردنی ئیسلامەتیە! نەخشەی شێواندن و لاوازکردن و سست کردنی بانگەوازەکەیەتی. (ضرار)ی تر لە دروشمدا دەردەکەوێت. لە لاف و گەزافی ئیسلام خوازی وادا دەردەکەوێت هەر دەڵێی حەقیقەتی ئیسلامەکەیە! بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە کیسە خۆڵی سەر لێواری سەنگەرو دوژمنانی خوا لە پشتیەوە خۆیان مەڵاس داوە. لەو دیووەوە تیر دەگرنە ئیسلام.. (ضرار) لە تەنزیمات و پارت و کۆمەڵ و رێکخستنی ئیسلامیانەدا دەخرێتەوە ڕوو.. لە کتێب و باس و لێکۆڵینەوەی ئیسلامیانەدا دیسان (ضرار)ی تر دەخرێتەوە مەیدان.. هەموو ئەم دیاردەو رەواڵەتانە مۆرکی ئیسلامیان پێوە

دەبێت. بەڵام لە حەقیقەتیاندا دووڕوویی و دژایەتی ئەم دینەن.. بۆ ئەو مەبەستە دروست دەکرێن و نیشان دەدرێن تا خەڵکە ساویلکە دڵ پاکەکەی ئیسلام مەست کەن. تا ئەم دیندارانە لە خۆ گرن کە شارەزای دەبەرێك ڕاچوون و ململانێکەی ئیسلام وجاهیلیەت نین. لەوانەی خەم بۆ ئیسلامەتی دەخۆن، بەڵام سەنگەرە راستیەکانی ئەهلی ئیسلام ناناسنەوەو نایان دۆزنەوە.. موسوڵمانە سەر راست و پاك و چاکەکان ناناسنەوە. چونکە هەموو هەر سیماو دیاردەی ئیسلامیان پێوەیە!! جا ئەو (ضرار)انە مزگەوت بن یان رێکخستن.. گروپ بن یان دەزگای ئیسلامی..کۆمەڵ بن یان کتێب و لێکۆڵینەوە.. هەرچی بن هەر تەزویرن.. درۆو دەلەسەن.. فێڵ و تەڵەکەبازین. مەبەست لێیان فریوودانی موسوڵمانانە، مەبەست سەر لێ شێواندنیانە تا سەنگەری ئەهلی ئیسلامیان پێ جوێ نەکرێتەوە.. ئەو (ضرار)انە بە موسوڵمانان دەڵێن: نایەوێت خۆتان هەراسان و نارەحەت کەن. ئەوەتا ئیسلام ماوەو لە برەودایەو بێ خەم بن لەبەر ئەم فێڵ و مەکرو چاوبەستەیە کە دەبێ داعییانی ئیسلام و سەر ڕاستانی دین حەتمەن ئەم مزگەوتە (ضرار)انە ئاشکرا کەن.. حەقیقەتیان بناسێنن.. دەبێ ناویان بزڕێنن.. فەزحیان کەن.. دەبێ لافیتەو دروشمە ساختەکانیان بهێننە خوارەوە نەهێڵن چاوبەست لەخەڵکی بکرێت.. دەبێ حەقیقەتی ئەو دروشم و خاوەن دروشمانە ڕوون ببنەوە.. دەبێ مەبەستە چەپەڵ و نیازە خراپەکانیان بۆ خەڵکی کەشف بکرێن و ئاشکرا بکرێن. رماندنی مزگەوتە (ضرار)ە کەی دووڕووەکانی مەدینە لە لایەن پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای ئەو فەزح

کردنە ئاشکرایەی خوای زاناو کاربەجێ. ئەمە هەڵوێستی شیاوو کاری بەجێ و ئەرکی موسوڵمانە سەر راستەکانە و دەبێ ئیقتیدای پێ بکەنەوە..





بەندی دووەم



ڕێــڕەو ڕێ نـاسـیـن

ئیسلام بریتی نییە تەنها لە کۆمەڵە ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانێك، یان کۆمەڵە ڕێساو دەستورێکی ئادابی ڕەوشتی و بەس، یان کۆمەڵە بڕگەیەکی ئەحکامی یاسایی، یان کۆمەڵە تەعلیماتێکی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کە بۆ بارودۆخی تایبەت بشێت.. ئیسلام ئەمانە هەمووی دەگرێتەوە بێ ئەوەی ئەمانە هەموویان ببنە ئیسلام.. ئەمانە چ یەك یەك چ پێکەوە نابنە هەموو ئیسلام ئەگەرچی هەر یەکەیان بەشێکە لە ئیسلام.

ئیسلام خۆ تەسلیم کردنە، خۆ دانە بە دەست حەزو وویست و ئیرادەو قەدەری خواوە.. ئیسلامەتی هەر لە سەرەتاوە بریتییە لە ملکەچی و گوێ ڕایەڵی فەرمان و بەرهەڵستیەکانی خوای گەورە.. بریتییە لە شوێن کەوتنی ئەو پرۆگرامەی ئیسلام خۆی دایڕشتووە، بێ سڵ کردنەوەو ڕاڕایی و لا کردنەوە بە لای هیچ ئاڕاستەو هیچ تەعلیماتێکی تردا، بێ ئیعتیماد کردنە سەر هیچ بەرنامەیەکی تر.. ئەمەش ئەو باوەڕو هەستەیە کە مرۆڤ لەم سەر زەمینەدا ملکەچ و تەسلیمی ئەو سیستەم و ڕێسا خواییە دەکەن کە بۆی داڕشتوون. خوای گەورە کە ژیانی سەر زەمین ڕێك دەخات، هەر وەکو کە ئەستێرەو خولگەکانیانی ڕێك خستووە. باوەڕ هێنان بەوەی کە کاروباری هەموو بونەوەر شاراوە بن یان ئاشکرا، دوور بن یان نزیك، ژێری پەی پێ ببات یان دەرکی پێ نەکات هەر هەمووی هەر خوای تاك وپاك هەڵی دەسوڕێنێت.. موسوڵمان دەبێت لەمە دڵنیا بێت، دەبێت قەناعەتی تەواوی پێی هەبێت، یەقینی لا دروست بوو بێت کە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك بۆی نیە ئەو سنوورە ببەزێنێت کە خوای کردگارو خاوەنی دیاری کردووە. لە هەمان کاتیشدا داوای لێ کراوە کە هەموو هۆکارێك بۆ سەرفرازی و سەرکەوتن بگرێتە بەرو بۆ ئەنجامی ڕەنج و بەرهەمی تێکۆشانەکەی هەر دەبێت چاوەڕوانی قەدەری خوا بێت..

ئەمە ئەو رێسایەیە کە یاساو رێساکانی تری لەسەر دادەمەزرێت ئەو پێوانەیە کە بارودۆخ و داب ونەریتی پێ دەپێورێت، ئاداب و رەفتارە رەوشتی پێ دەکێشرێت..

ئەم رێسایە بە واقیع کردن و چەسپاندنی داواکاریەکانی ئەو عەقیدەیەیە کە لە ناخ و ویژداندا رەگ دادەکوتێت. دیاردەو روالەتی پابەندی وشوێنەواری کارتێکردنی ئەو خۆ تەسلیم کردنە بە خوای کردگاری خاوەنەوەن کە دەبنە بەڵگەی رازی بوون و وەرگرتن و پابەند بوون بە رێبازەکەی خوای گەورەوە..

ئیسلام عەقیدەیەکە یاساو رێسای شەرعی لێوە وەردەگیرێت.. سیستم و دەسەڵاتی لێوە وەردەگیرێت کە هەر لەسەر ئەم یاساو رێسایانە دەدامەزرێت، ئەم سێ روکنەش (عەقیدەو شەریعەت و دەسەڵات) کە لازم و مەلزومی یەکن، پێکەوە دەبن و پێکیشەوە دێن، بە هەموان ئیسلامەکە پێك دەهێنن..

خوای گەورە یەك دڵی بۆ مرۆڤ دروست کردووە: (مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ) الأحزاب/٤ واتە: خوای گەورە دوو دڵی لە بۆشایی سینەی پیاوێکدا دروست نەکردووە. دڵێکە. بۆیە هەر دەبێت یەك بیروباوەڕیش وەرگرێت، لەسەر یەك رێبازو پابەندی یەك بەرنامە بێت، دەبێت یەك دیدو بۆچوونی دەربارەی ژیان و بوون هەبێت کە هەر لەو یەك بیروباوەڕەشەوە هاتبن. دەبێت یەك پێپوەریشی هەبێت کە داب و نەریتی پێ دەپێورێت و روداوو واقیعەکانی پێ هەڵدەسەنگێنرێت.. گەر وای نەکرد، حەتمەن دڵی یەکپارچە نامێنێتەوە، یەك کەسێتی بۆ دانامەزرێت، سەرگەردان دەبێت، پێچ و پەناو دووڕوویی زۆر دەبێت، هەر جارەو بۆ هەر روداوێك لەسەر رایەك دەبێت! حەتمەن و حەتمەن ئاڕاستەی لێك جوێ وەردەگرێت و ناتوانێت لەسەر یەك رێباز خۆ دابین کات و بەرەو یەك لاو لایەن بڕوات..

مرۆڤ ناتوانێت داب و نەریت و ڕەوشتی لە سەرچاوەو ڕێبازێکەوە وەرگرێ و یاساو ڕێساو ئەحکامی حوکمیشی لە سەرچاوەیەکی ترو چارەسەری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەرچاوەیەکی سێیەم و دید فەلسەفی و هونەرو ئەدەبیشی لە سەرچاوەیەکی چوارەمەوە وەرگرێت..! ئەم تێکەڵاویە مرۆڤێك دانارێژێت کە یەك دڵی هەبێت..! بەڵکو کەسێك بەرهەم دەهێنێت کە دڵی لەگەڵ هەموو لاکردنەوەیەکدا دەسوڕێت..!

ئەوی خاوەن عەقیدەیە ناتوانێت لەملاوە عەقیدەکەی کە بە هەقی زانیوە لە دڵ و بیروهۆشیدا بچەسپێت و لەولاوەش هەڵوێستی پێچەوانەی بنوێنێت! لەملاوە قەناعەت بە خۆی بکات کە عەقیدەکەی ڕاستە و لەولاوەش لە ڕەفتارێکیدا یان لە کردارێکیدا بچوك بێت یان گەورە دژی عەقیدەکەی کە قەناعەتی تەواوی بەڕاستی و حەقیقەتی کردوە ببێتەوە..

ناتوانێت دیدو بۆچوون و پێناسەو هەڵوێست و گوفتارو ڕەفتاری خیلافی قەناعەت و باوەڕەکەی دارێژێت، چونکە خوای گەورە تەنها دڵێکی پێ بەخشیووە. پێوەرێکیشی داوەتێ.. خاوەن عەقیدە ناتوانێت ڕەفتارێك خیلافی عەقیدەکەی ئەنجام بدات و پاشان بڵێت من ئەوەم بە سیفەتی شەخسی خۆم کردووە..!! ناتوانێت بڵێ هەڵوێستی شەرعی لە فڵان مەسەلەدا ئاوایە بەڵام من بە سیفەتی شەخسی خۆم جۆرێکی تر هەڵوێست دەگرمە بەر..!! ئەوە ڕەفتاری خاوەن عەقیدە نییە.. ئەوە لە سیاسەتبازو خاوەن کۆمپانیاو پیاوانی واجیهەی کۆمەڵایەتی و زانستییەکانی ئەمڕۆی ناموسوڵمان دەوەشێتەوە، بەڵام لە خاوەن عەقیدەی ئیسلامی؟! نا، نەخێر..

ئەم مرۆڤە یەکەو یەك دڵیشی هەیە. هەر توانای جێ بوونەوەی یەك عەقیدەشی هەیە. خاوەن عەقیدە یەك دیدی بەرامبەر ژیان هەیە، یەك پێوەری هەڵسەنگاندنیشی هەیە، دیدو تێڕوانین و پێناسەی بۆ شتەکانی دەوروبەریشی هەر لە یەك عەقیدەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەموو هەڵس و کەوتێکی ژیانی

هەر مۆرو مۆرکی ئەو عەقیدەیان پێوەیە.. بەم دڵە تاکەیەوەیە کە وەکو تاك دەژی، وەکو ئەندامی خێزانێك رەفتار دەکات، بەم تاکە دڵەوە دەبێتە ئەندامی کۆمەڵێك، بەم تاکە دڵەیەوەیە کە بە بزاوتی تاکرەوی و کۆمەڵکاری خۆی خزمەتی سیستمی دەوڵەتەکەی دەکات. لە هەر گۆشەو کەنارێکی کات وشوێن بژی هەر ئەو تاکەیە کە یەك دڵی پڕ لە عەقیدەو دیدەکەی هەیە. ئاوا لە ژیاندایە، خۆی شاردبێتەوە یان ئاشکرا بێت هەر ئەوە سیفەتێتی.. کرێکار بێت یان خاوەن کار، حاکم بێت یان مەحکوم، دەسەڵاتدار بێت یان بێ دەسەڵات، لە گرانیدا بژی یان لە هەرزانیدا دیدو تێڕوانین و پێوەری ناگۆڕێت.. نرخ و بە ها شتێك نین بارودۆخ و دەوروبەر بیگۆڕن، یان کات وشوێن کاری تێ بکەن! نا: (مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ)الأحزاب/٤

پیاوی خاوەن عەقیدە لەسەر تاکە بەرنامەو پرۆگرامی خۆی نەگۆڕە. رێبازەکەی یەکەو سوورە لەسەری، دڵنیایە لە رێی وەحی خواییەوە پێی گەیشتووە، قەناعەتی وایە کە عەقیدەکەی بەرەو یەك ئاراستەی دەبات، بەرەو یەك مەبەست هانی دەدات، بەرەو پابەند بوون و جیددییەتی تەسلیم بوون بە خوای تاك و تەنها.. چونکە دڵی ئەو جێی دوو خوای تێدا نابێتەوە، یەکە دوو خوا ناپەرستێت.. خزمەتی دوو (گەورە) ناکات و دوو ئاراستە وەرناگرێت، بەرەو دوو لاو لایەن ناڕوات. چونکە دەزانێت مومکین نییە دوو خەنجەر لە کالانێکدا جێیان ببێتەوە.. هەر دڵێکیش دوو جۆر پێچەوانە بگرێتە خۆ حەتمەن هەلا هەلا دەبێت و بۆگەن دەکات..

ئیسلام هەر لەیەکەم هەنگاوەوە سوور بووە لەسەر پاڵفتە کردنی عەقیدە لە خڵتەو پڵتەی ئەو ئەفسانەو ئینحیرافاتەی تێکەڵ بە عەقیدەی نەوەکانی پێشوو ببوو.ئەوەندە سوور بوو لەسەر راست کردنەوەی باوەڕو پتەو کردنی عەقیدەکە لە ناخی دڵ و دەروونەکاندا.. چونکە خوابەیەکناسین (التوحيد) ئەو

حەقیقەتە سەرەکیە سەرەتاییەیە کە هەر هەموو بوونی لەسەر دادەمەزرێت. پاشان ئەو بوونەش ئەو شاهیدیە لەسەر یەکخوایی دەدات. خوا بەیەکناسین ئەو رەگ و ریشاڵەیە کە هەموو قەدو لق و پۆپێکی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ئەو نەبێت سالحانە دانامەزرێت..

خوایەتی خوا عەبدایەتی ئێمە دەخوازێت:

ئەو هاوەڵ بۆ خوا پەیداکردنەی کە قورئان سوور بوو لەسەر پاڵفتە کردنی عەقیدەی خوابەیەکناسی لێی، مەرج نەبووەو ئێستاش مەرج نییە خوایانێك بن و لەگەڵ خوای پەروەردگاردا بەو شێوە سادەو ساکارەی موشریکانی زەمانی جاهیلییەتی پێشوو دایان دەنا، دانرێنەوە بپەرسترێن.. نا، چونکە لەوانەیە ئەو (آلهة وأنداد)انە شاراوە بن. لەوانەیە مەبەست و هیوایەك بن و بە شێوەیەك لە شێوەکان بە غەیری خوای خاوەنەوە پەیوەست کرابن. یان ترس و حەزەرێك بن و بە شێوەیەك لە شێوەکان لە غەیری خوای کارزان بکرێن. یان باوەڕو ئیعتیقاداتێك بن بە شێوەیەك لە شێوەکان بە غەیری خوای گەورە هەبن بۆ زیان دوور خستنەوەو سوودبەخشین..! لەو شیرکە شاراوانە ئەوەیە کە ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: (فَلاَ تَجْعَلُواْ للَّهِ أَندَاداً)البقرة/٢٢ دەفەرموێ: (الأنداد هو الشرك أخفى من دبيب النمل على صفاء سوداء، في ظلمة الليل . وهو أن يقول : واللهِ وحياتِك يا فلانة وحياتي، ويقول : لولا كلبةُ هذا لأتانا اللصوصُ، ولولا البط في الدار لأتى اللصوص، وقول الرجل لصاحبهِ : ما شاءَ اللهُ وشِئْتِ، وقولُ الرَّجُلِ : لولا اللهُ وفلانُ، لا تجعل فيها فلان، فإن هذا كلُّه به شرك)[1]..واتە: شەریك بۆ خوا بڕیاردانی ئەنداد (کە کۆی نیددەو بۆ مەزنی وخۆشوویستن وپشت پێ بەستنە) بریتیە لە شیرکێك شاراوەتر لە جێ پێی مێروولە لەسەر لەوحێکی رەش و لە شەوێکی تاریکدا. ئەو شیرکە ئەوەیە کە کابرا دەڵێت:

---

[1] أخرجه ابن أبي حاتم في التفسير (٨١/١)، وقال الشيخ سليمان آل الشيخ:"وسنده جيد". تيسير العزيز الحميد (٥٨٧)، وقال المحقق: "إسناده حسن".

فڵان خانم بە گیانی تۆ، بە گیانی خۆم[1] یان دەڵێت: ئەگەر ئەو سەگەی ئەوان نەبوایە دز دەهاتە سەرمان، یان ئەگەر مراوی لەماڵەکەدا نەبوایە دز دەهات، یان کابرایەك بە برادەرەکەی دەڵێت: ئەوی خواو تۆ حەز بکەن یان دەڵێت: ئەگەر خواو فڵان کەس نەبوایە.. ئەمە هەر هەمووی شیرکە..

هەروەها: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: مَا شَاءَ اللَّهُ وَشِئْتَ، فَقَالَ : " أَجَعَلْتَنِي للهِ نِدًّا؟ قُلْ : مَا شَاءَ اللَّهُ وَحْدَهُ)[2].

قورئانی پیرۆز بە دەیان شێوازو جۆری ئاخاوتن جەخت لەسەر بە یەکناسینی خوای گەورە دەکاتەوە: بە بەیەکناسینی ئەو بەو سیفەتەی تەنها پەرستراوێکە کە دەبێت هەموو دروست کراوان (مەخلوقات) ئەو بپەرستن و ملکەچی و گوێ رایەڵی هەر بۆ ئەو دەرببڕن. بە بەیەکناسینی بەو سیفەتەی تەنها لایەنێکە کە ڕێساکانی داب و نەریت و رەفتارو رەوشتی لێ وەردەگیرێت. بەو سیفەتەی تەنها سەرچاوەی بنەماکانی یاساو ڕێساو شەریعەتە. بە بەیەکناسینی بە وەرگرتن و پابەند بوون بەو بەرنامەو ڕێبازەی ئەو بۆ مرۆڤایەتی دارِشتووە، بەو سیفەتەی کە تەنها پڕۆگرامێکە ژیانی مرۆڤایەتی ئاڕاستە دەکات: (وَإِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَـٰهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَـٰنُ الرَّحِيمُ)البقرة/١٦٣

مانای دین و ئیسلامەتی ئەوەیە داوەری خۆت ببەیتەوە لای قورئانەکەی خوای پەروەردگار و ملکەچی بۆ دەرببڕیت و پێیەوە پابەند بیت، ئەوی وانەکات دینی نییە، موسوڵمان نییە، با هەر لاف و گەزافی ئیسلامەتیش لێ بدات. با هەر

[1] لە کوردەواریدا دەشڵێن بەسەری خۆم و خۆت، بەسەری تۆ نا بەسەری خۆم..

[2] أخرجه أحمد (٢١٤/١)، والبخاري في الأدب المفرد (٧٨٣)، والنسائي في عمل اليوم والليلة، والطبراني في الكبير (١٣٠٠٥)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة (١٣٩).

هاوار کات: خەڵکینە من موسوڵمانم و لەسەر دینی خوام! نا، چونکە دینی خوای گەورە هەر خوا خۆی دیاری دەکات کامەیە، هەر ئەو خۆی دەیناسێنێت چیەو چۆنە، هەر ئەویش خۆی راڤەی دەکات و روونی دەکاتەوە. خۆ پێناسەو چۆنیەتی و ئەحکامی دینی خوا تەسلیم بە هەواو هەوەسی مرۆڤ نەکراوە تا بە کەیفی خۆی پێناسەی کات، خۆ مرۆڤ سەربەست نەکراوە کە ئادەی خۆتان چۆنتان حەز لێیە وا دینداریی بکەن و چۆن ئەم دینە روون دەکەنەوە خۆتان روونی بکەنەوە!!

مەسەلەی هەبوونی خوا زۆر جێی نکوڵی کردن و نەفی کردنێکی جیددی موشریکان نەبووە، چونکە دانیان بەوەدا دەنا کە خوا هەیەو ئەو کردگارەو رۆزی دەرەو ژێنەرو مرێنەر هەر ئەوە بکەرو کارگێڕی کاروباری ژیان و گەردوون، هەر ئەویش بە توانایەو بەسەر هەر هەموو شتێکدا زاڵە، بەڵام ئەم ئیعتیراف کردنەیان هەر سەر زارەکی بوو، ئەم باوەڕ هێنانەیان نەدەهاتە ئاستی خۆ بە خوا تەسلیم کردن و پابەند بوون بە داواکاریەکانی ئەم باوەڕە مەعریفییەوە، دەبوو دوای ئەو ئیعتیراف کردنە بە تەواوی خۆ تەسلیم بەوەش کەن کە تەنها خوای گەورە مافی ئاڕاستەی ژیانیانی هەیە، دەبوو لەگەڵ باوەڕ هێنان بە خوایەتی خوای گەورە باوەڕیشان بەپەروەردگارێتی ئەو بهێنایە[1]. پەروەردگارێتی ئەویش یەعنی خۆتەسلیم کردن بە دینەکەی و وەرگرتنی پەیامەکەی بۆ هەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. یەعنی وەك نابێت و ناشێت دروشمەکانی پەرستن بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجام بدرێن، بە هەمان شێوەش بۆیان نییە غەیری خوای گەورە بکەن بە داوەرو فەرمانڕەوا، بە حەکەم وحاکم بەسەر کاروباری رۆژانەی ژیانی خۆیانەوە. ئەمەشە مانای ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێ: (ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ)یونس/٣ واتە: ئا ئەوە خواکەتانە دەبیپەرستن.. پەرستنی

[1] دیارە کە سەیید خوایەتی (الالوهیة) وپەروەردگارێتی (الربوبیة) لە جێی یەکتری بە کار دەهێنێت، زۆر زانای تر یش هەن وایان کردووە..

خوای گەورەش وەرگرتنی دینەکەیەتی، پێوە پابەند بوونێتی، ملکەچی گوێ بۆ ڕایەڵ کردنێتی، لەگەڵ ئەم باوەڕو پابەند بوونەشدا، تەئکید لەسەر ئەوەیە کە تەنها خوای پەروەرگار ئەمە سیفەتێتی و ئەم مافەش بۆ هیچ کەس و شتێکی تر نییە. ئەمەش ئیعتیراف کردن بە خوایەتی خوا..

لە جاهیلییەتدا هەموو ماناکانی خوایەتی دەبەسترێنە یەك و هەندێ کەس هەر وای لێك دەدەنەوەو سوورن لەسەر وا ناساندنی کە باوەڕ هێنان بە هەبوونی خواو خوایەتییەکەی ئیدی بەسە! بێ ئەوەی لا بکەنەوە بە لای ئەو داواکاریانەی کە ئەم باوەڕ هێنانە فەرزی دەکات، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو ئەرك و بەرپرسێتییە لەسەر ئەم باوەڕە دادەمەزرێت! بێ ئەوەی خۆ بکەنە خاوەن ئیلتیزامەکانی تری پەروەردگارێتی خوای گەورە، بێ ئەوەی دینداریەتیەکەیان تەواو کەن! بێ ئەوەی تەسلیم بەوە بن کە مادام خوای پەروەردگار خاوەنیانە دەبێ تەنها ئەو بپەرستن و هەر ئەویش بە حاکمی خۆیان قبوڵ بکەن! هەر کەسێکیش لە ناویاندا بووە دەسەڵاتدار ئەوە بە مۆڵەت و ڕێپێدانی دینەکەی ئەوە، نەك بە هێزو شیاوی خۆی!

دیسان لە جاهیلییەتدا هەموو ماناکانی پەرستن دەبەسترێنە یەك و لە چەند لایەنێکی پەرستندا گیر دەدرێن! بۆیە ئەو خەڵکە وا حاڵی دەبێت کە هەر کاتێك ئەو پەرستنانەی بۆ خوای گەورە ئەنجامدا، ئەوە ئیتر تەواوی ماناکانی خواپەرستی هێناوەتە دی!! ئێ خۆ دەبێت هەر لەسەرەتاوە لەوە حاڵی ببێت کە پەرستن (عیبادەت) هەر لە (عەبد)ایەتییەوە هاتووە! عەبدایەتی یەعنی ملکەچی و گوێ ڕایەڵی، بۆیە ئەنجامدانی پەرستنەکان دیمەن و ڕواڵەتێکی دەربڕینی ئەو ملکەچی و گوێ ڕایەڵیەن، نەك هەموو ماناو واتاو دیمەن و ڕواڵەت و جەوهەرێکی خواپەرستی..

ئەوی پەروەردگارو کردگارە، دەپەرستڕێت:

ئەوی دەپەرسترێت وملکەچی بۆ دەردەبڕڕێت و گوێ ڕایەڵی دەکرێت، ئەوی ئەو مافەی دەدرێتێ کە هەر بەرنامەی ئەو لە ژیاندا پیادە دەکرێت، خوای کردگارە، کردگاری هەموو شتێك، کەوا بوو هیچ کەس و هیچ شتێکی تر خوا نییە و هەر ئەو پەروەردگارە، چونکە خەلقی کردووە: (ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ)الانعام/١٠٢ واتە: ئا ئەوەیە خوای پەروەردگارتان کە هیچ خوایەك جگە لەو نییە، ئەوە کردگاری هەموو شتێك دەسا بیپەرستن، خۆ ئەو ئاگادارو چاودێری هەموو شتێکە.

تاقانەیی خوا بەوەی تەنها ئەو کردگارە، ئەوە فەرز دەکات کە تەنها ئەویش خاوەن و دەسەڵاتدارە، ئەوی لە خەلق کردن و دەسەڵاتداریدا تاقانەیە، هەر ئەویش رۆزی دەرە، چونکە هەر ئەو کردگاری هەموو مەخلوقاتەو ئەویش خاوەنیانە..

خوای گەورە لەو موڵك و سامانەی خۆی کە رۆزی ئەو خەڵکە دەدات هیچ کەس لە هیچ پشکێکیدا هاوبەش نییە.. ئەوەی ئەو خەڵکە لەسەری دەژین و ئەوەی لەسەر رادەبوێرن و لەزەتی لێ دەکەن، هەر هەمووی موڵکی خوایەو بەس، موڵکی تایبەتی ئەوە.. ئەمانە راستین، دەبێت ئەو کاتەی کە ئەم راستیانە لە بیری و ژیریدا دەچەسپێن کە: هەر خوای گەورە کردگارەو هەر ئەو خاوەنەو، هەر ئەویش رۆزی و بژێوی دەدات، دەبێت دەستبەجێ ئەو راستیەی تریش لەو بیری و ژیریەدا بچەسپێت کە پەروەردگارێتی و بەرنامە دارشتنیش پێویست و حەتمەنە کە هەر هی خوای گەورەن. هەموو ئەو مافانەی لەو پەروەردگارێتیەوە جوێ دەبنەوە هەر هی خوان، وەکو دەسەڵات و بەرپرسی و ئاراستەو ئەو سەروەرییەی هەموو دەبێت بۆی ملکەچ بن و گوێڕایەڵی بکەن.. دیاریکردنی ئەو سیستم و نەزمەش کە کۆمەڵگەو ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر دادەمەزرێت هەر دەبێت هی ئەو بێت.. بە مانایەکی تر: دەبێت پەرستن. بە هەموو ماناکانییەوە. هەر بۆ خوا بێت و

بەس. لەو مانایانەش کە پەرستن دەیانگرێتە خۆ : ملکەچی و گوێڕایەڵی و تەسلیم بوونە..

عەرەبەکان وە نەبێت لە سەردەمی جاهیلیەتیاندا نکوڵییان لەوە کرد بێت کە خوا کردگاری ئەم بونەوەرەیە، یان کە کردگاری ئەم خەڵکەیەو ئەویش ڕۆزییان دەدات و بژێوییان مسۆگەر دەکات، باوەڕیان بەوە بوو کە هەرچی خوا دەیان داتێ هەر لە موڵکی خۆیەوەیەتی، دەیانزانی جگە لەو کەس خاوەنی حەقیقی سامان و موڵك نییە.. بیرمەندو کاربەدەستانی جاهیلییەتەکانی تریش جگە لە هەندێك فەیلەسووفی ماددی ئیغریقی ئەم ڕاستیانەیان ئینکار نەدەکرد..

لەبەر ئەوە بوو کە رووبەڕوو بوونەوەکەی ئیسلام بەرامبەر ئەو لادانەی جاهیلییەتی عەرەبی بوو کە لە خواپەرستندا دروست بوو بوو بەرامبەر ئەو هەڵە حاڵی بوونەیان راوەستایەوە کە دەیانووت: ئەم بتانە بۆ ئەوە لەگەڵ خوادا دەپەرستین تا تکامان لای خوا بۆ بکەن! تا لە خوامان نزیك کەنەوە! هەروەها لەو لایەنەوە کە بە هەڵە وا حاڵی بوو بوون کە خۆیان بۆیان هەیە بە کەیفی خۆیان و بە گوێرەی دیدو بەرژەوەندی خۆیان سیستم و شەرع و یاساو رێسا بۆ رێکخستنی ژیانی خەڵکی داڕێژن! وەنەبێت ئیسلام لەو سەردەمەیدا رووبەڕوو بوونەوەکەی بۆ ئەوە بوو بێت کە هەبوونی خوا بسەلمێنێت، وەکو ئەوەی ئێستا لەم سەردەمەدا دەبێت رووەو رووی قەرەچەناغی هەندێ هەڵەوەڕ ببێتەوە کە بێ بوونی بەڵگەو زانستی ڕێنمایی و دەلیل نکوڵی لە هەبوونی خوای پەروەردگار دەکەن!!!

لە ڕاستیدا ئەوانەی کە باوەڕیان بە خوای پەروەردگار نییە هەر کەمینەیەکن، هەر واش بە کەمی دەمێننەوە، بەڵام ئەو لادان و ئینحیرافاتەی لە جاهیلییەتی پێشوودا دروست ببوو، ئێستاش هەر ئەو لادان و ئینحیرافەیە کە لە ئارادایە!

ئینحیرافی وەرگرتنی یاساو ڕێسای کۆمەڵگەو بەرنامەی ژیان لە غەیری خوای پەروەردگارەوە، ئا ئەمەیە بناغەی ئەو جاهیلییەتە عەرەبییەی لەو زەمانەدا دروست بوو، هەر وەکو کە بناغەی هەموو جاهیلییەتەکانی تریشە کە دروست بوون، یان دروست دەبن..

بۆیە ئەو کەسەی دەیەوێت موسوڵمانی تەواوو ئیمانداری سەرڕاست و یەکخواپەرست بێت، دەبێت حەتمەن حەقیقەتی ئەو خوا بە یەکناسین (التوحید)ە ی خوای پەروەردگار دەیەوێت بەو شێوە روون و ئاشکراو راشکاویە وەرگرێت کە قورئان روونی کردۆتەوە.. ئەوی دەیەوێت موسوڵمان بێت، حەتمەن دەبێت بە راست و رەوانی لە مانای لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه تێبگا، بەو شێوەیە دەبێ لێی حاڵی بێت کە هەموو پێغەمبەرێك بۆ ئوممەتەکەی خۆی روون کردۆتەوە، کە هەر بریتیە لەو شێوەیەی کە محمد المصطفى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئوممەتەکەی و هەموو جیهانیانی روون کردۆتەوە..

کاتێك کابرای ئەعرابی گوێی لێ بوو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەڵکەکە بانگهێشت دەکات بۆ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه و محمد رسول الله عەرزی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد: (هذا أمرٌ تكرَهُهُ الملوكُ) واتە: ئەمە مەسەلەیەکە کە پاشاکان دەیبوغزێنن! یەکێکی تریش هەر بە سەلیقەکەی خۆی لەو ململانێیە حاڵی بوو کە بۆ ئەم دینە نوێیە دێتە پێش، بۆیە ئەویش بە پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ووت: (إذَنْ تُحارِبُكَ عَلَيها العَرَبُ والعَجَمُ) واتە: جا کەوا بوو عەرەب و عەجەم لە دژت دەجەنگن[1]

---

[1] ئەمە قسەی موثەننای کوڕی حاریثەی شەیبانی بوو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هۆزەکەی ئەوانی بانگهێشت کرد بۆ ئیسلام، پێی فەرموون (أدعُوكُمْ إلى شَهادةِ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، وأنّي رَسولُ اللهِ، وأنْ تُؤْوني وَتَمْنَعُونِي وتَنْصُروني حتَّى أؤدِّيَ عَنِ اللهِ مَا أمَرَني بِهِ) واتە: بۆ ئەوەتان بانگ دەکەم تا موسوڵمان بن و شایەتمان بهێنن (بڕیار بدەن کە تەنها الله خوایەو

ئەم دوو عەرەبە لە واتای زمانەکەی خۆیان حاڵی بوون، دەیانزانی ئەم دوو ڕستەیە یەعنی چی؟ دەیانزانی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه شۆڕشێکەو دژی ئەوانە بەرپا دەکرێت کە حوکمی مرۆڤەکانی خوای پەروەردگار بە غەیری شەریعەتەکەی ئەو دەکەن.. جا ئیدی ئەو حاکمانە عەرەب بن یان عەجەم، هەر یەك هەڵوێستیان لەم دینە هەیە! ئەوانە چاك دەیانزانی کە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه شۆڕشێکە دژی هەواو هەوەس، شۆڕشێکە دژی ئەو بارودۆخ و نەریت وداب و دەستوورانەیە کە پێچەوانەی ڕێبازو بەرنامەو فەرمانی خوان.. لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه یە کە دڵی خەڵکی دەخرۆشێنێت و ڕێبەرێتی بەندەکانی خوا بەرەو حاکمێتی دینەکەی دەکات!

هیچی تر خوا نییە، بڕیاریش بدەن کە من نێرراوی خوام، ئینجا داڵدەم بدەن و پشتم بگرن و بەرگریم لێ بکەن و سەرم خەن، تا ئەو ئەرکەم جێبەجێ بکەم کە خوای گەورە خستوێتیە سەر شانم.. موسەننا پێی ووت: بەڕاستی ئەمەی جەنابت خەڵکی بۆ بانگ دەکەیت ئەوەیە کە پاشاکان دەیبوغزێنن، ئەمما ئەوی لە ناو تیرەو هۆزی عەرەبەکاندا بەرگریت لێ ناکات هەنجەتی نییەو عوزری قبوڵ نییە، ئەمما ئەوی لەو دیوو سنووری عەرەبەوە کە خۆت دەزانی ووڵاتی فارسەو ئەوان حوکمی دەکەن، ئەوی لەوێ بەرگریت لێ نەکات خاوەن هەنجەتەو عوزری قبوڵە.. پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە غیرەت و دلێریەوە وەڵامی دایەوەو فەرمووی: (ما أسأتم الردّ إذا أفصحتم بالصدقِ، إنه لا يقومُ بدين الله إلا مَنْ حاطَهُ مِن جميعِ جَوانِبِهِ) واتە: کە ڕاستگۆیانە وەڵامتان داومەتەوە، کارێکی خراپتان نەکردووە، بەڵام ئەم دینەی خوا هەر بەو کەسانە سەر دەخرێت کە پەییان بە هەموو لایەنەکانی بردووە..یەکێك لە بەنی عامری کوڕی سەعسەعە لێی پرسی: ئەگەر شوێنت کەوتین و بەسەر ناحەزانتدا سەرکەوتیت، دوای خۆت دەسەڵات بۆ ئێمە دەبێت ؟ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەڵامی ئەویشی هەر دلێرانەو بێ باکانە دایەوەو فەرمووی: (الأمرُ إلى اللهِ يَضَعُهُ حَيْثَ يَشَاء) واتە: ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە دەیداتە هەر کەسێك کە خۆی حەز بکات بڕوانە: حياة الصحابة/ کاندەهلەوی:ب ١/ لا ٧٤-٧٥ هەروەها تەفسیری تەبەری ب ٢/لا٨٤.

لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ئەو ئالایە بوو کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پێغەمبەرانی پێشتر سەلامی خوایان لێ بێ بەرزیان کردەوەو خەڵکیان لە ژێر سایەیدا کۆکردەوەو بەرەو ئازادی و رزگار بوون بردیانن تا لە هەموو دەسەڵاتی زوڵم وستەمی جاهیلییەت قوتاریان کردن بەڵام پێش ئەوە لە هەواو هەوەس وترس ونارەحەتی قوتاریان کردبوون، لە کۆت و زنجیرو هێزی راکێشانی زەوی و حەزی قوڕو خاك و خۆڵ قوتاریان کردبوون، ئینجا لە دەسەڵاتی زوڵم و ستەمی جاهیلییەت رزگاریان کردن و حەساندنیانەوە.. دوای ئەوەی کە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه بووە پەیوەستی دڵان، بووە هۆکاری پێکەوە بەستنی هەموو ئەو خەڵکەی لە ناخیاندا لە دەست خۆیان رزگار کرابوون، لە پەرستنی هەرچی غەیری خوایە رزگار بوو بوون، لە بەزینی ناخ، لە ووره رووخاوی قوتار بوو بوون، کە لە ناخدا ئازاد بوون، قوتار بوونی دەرەکییان لە رێدا ما.. جیددییەتی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه لە هەست و بیرو هۆشی ئەو نەو موسوڵمانە ئازادو رزگارانەدا خۆی گرتبوو، قایم بوو بوو ئەوانە کە چاك لە زمانی دینەکە کە هەر زمانی خۆیان بوو تێگەیشتبوون، بۆیە هەر هەموویان لە ناخیاندا یەکلا بوو بوونەوە، قەناعەتی تەواویان بەوە کرد بوو کە وەك مومکین نییە دڵیان بە خوایەکی ترەوە پەیوەست ببێت، مومکین نیە روویان لە خوایەکی تر بێت، مومکینیش نییە حوکمی شەرعێکی تر قبووڵ کەن کە بیەوێت هاوشان لەگەڵ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دا بژی!!

ئاوا ئەم تێگەیشتنە قووڵ و سادەیە لە دڵ و دەروونیان چەسپی بۆیە لە واقیعیشیاندا وا زوو چەسپی، تێگەیشتنەکەی ئەوان وەکو تێگەیشتنی کزۆڵ وبێ تین وتروسکەی ئەم خەڵکەی ئەمڕۆ نەبوو کە زۆرینەیان بێ دینیشن و لافی موسوڵمانێتی لێ دەدەن!!





داعیە ئیسلامییەکان دەبێت ئاشکراو راشکاوانە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه کەیان مانا کەن، ئەمە راسپاردەی خوایەو وا لە گەردنیاندا.. دەبێت وەکو روون کردنەوەو ئاشکرا کردنی نوح و پێغەمبەرانی دوا تر سەلامی خوایان لێبێت بیخەنە روو.. دەبێت حەقیقەتی ئەم شایەتمانە وەکو خۆی بۆ ئەو خەڵکە بەیان کەن.. چونکە شایەتمان یەکەم بەردی بناغەی باوەڕو روکنی ئیسلامەتییە.. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (خَيرُ مَا قُلْتُ أنَا والنَّبيُّونَ مِنْ قَبْلِي: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ ولَهُ الحَمْدُ وهو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَديرٌ)[١] واتە: باشترین شتێك من و پێغەمبەرانی پێش من ووتبێتمان (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ ولَهُ الحَمْدُ وهو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَديرٌ)ە. یەعنی شایەتیدان کە هیچ خوایەکی تر نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە اللّه، ئەو خوایەیە کە خاوەنەو دەسەڵاتدارەو سوپاس و ستایش هەر بۆ ئەو دەکرێت و هەر ئەویش بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە..

شایەتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) شایەتییەکە خەڵکانێك ناڕەحەت دەکات و خەڵکانێکی تر دەتۆقێنێت! خەڵکانێك کە دەسەڵاتیان لەسەر فریوودان و چەواشەکاریی

---

[١] رواه مالك عن طلحة بن عبيدالله بن كريز مرسلا، وأخرجه الترمذي وحسنه عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده بلفظ خير الدعاء دعاء يوم عرفة، وزاد: له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، ورواه البيهقي عن أبي هريرة بلفظ أفضل الدعاء دعاء يوم عرفة، وأفضل قولي وقول الأنبياء قبلي لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه - الحديث، وزاد بعد وله الحمد: يحي ويميت بيده الخير هەروەها رواه أصحاب السنن . وأخرج ابن ماجة في سننه عن عبد الله بن كنانة بن عباس بن مرداس السلمي أن أباه أخبره .

دامەزراندووە، لە بانگەوازی ئەم شایەتمانە دەترسن، دەزانن کە بە شایەتمان لێیان دەسێنرێتەوە!! بەڵام ئەم شایەتمانە روون کردنەوەی سەر لە نوێی دەوێت، تا ئەوی دەیەوێت موسوڵمان بێت شایەتمانەکە بهێنێت و بڕیاری لەسەر بدات و ئاشکرا بیڵێت دەبێت هەر واش بیڵێت کە مافی خۆی بداتێ، یەعنی بەو شێوەیە بووترێت کە خوای گەورە وویستوێتی بڕیاری لەسەر بدرێت. بەو شێوازەش کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئیعلانی کردووەو روونی کردۆتەوە. ئینجا ئەوی شایەتمان ئاوا دێنێت با لەسەر کۆسپی رێی ئارام بگرێت و تەحەممولی ئەو ناسۆرانە بکات کە تاغووتان دەیهێننە رێی تا ئەو زەمانەی خوای گەورە بارودۆخەکە دەگەێنێتە ئەو قۆناغی کات و شوێنەی کە خۆی بڕیاری لەسەر داوە..

ئەگەر موسوڵمانان (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه)یان بە مانای حەقیقەتی خۆی وەرگرت، بە راستی داخڵی ئیسلامەتیەکە دەبن و بە موسوڵمان دەژمێررێن.. جا ئەو کاتە ئەوە فەرمایشتەی خوایان بەسەردا دەچەسپێت کە دەفەرموێ: (وَلَن يَجْعَلَ اللّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً) النساء/١٤١ واتە: خوای گەورە سەرپەرشتیاری موسوڵمانان ناداتە دەست کافران. ئەم بەڵێنەی خوا حەتمییە، ئەمە پەیمانێکی خوایە کە لەم گەردوونەدا لەگەڵ حەقیقەتی باوەڕو حەقیقەتی کوفردا یەك دەگرێتەوە.

بەڵام دەبێت هەر دەم ئاگامان لەوە بێت حەقیقەتی باوەڕ تێکەڵ بە دیاردەو رواڵەتی باوەڕ نەکەین. حەقیقەتی باوەڕو رواڵەتی باوەڕ دوو شتی لێك جودان.. حەقیقەتی باوەڕ حەقیقەتێکی چەسپاوو نەگۆڕە، وەکو حەقیقەتی رێساکانی تری گەردوونە، کە کاریگەریان لەسەر دەروون و ئەو کردارو رەفتارو هەڵوێستانە هەیە کە لە مرۆڤی ئیماندارەوە دەردەچن.. حەقیقەتی باوەڕ راستیەکی زۆر گەورەو مەزن و کاریگەری بوون و ژینە، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە رووبەڕووی کوفر دەبێتەوە، ئەمیان لەملاوە چەسپاوو جێگیرو دابینی گەردوونەو ئەویان نامۆو بێ پەناو لێك ترازاوە، گەرچی هەمیشە کوفر لە رەنجی ئەوەدا یە کە باوەڕو

باوەڕداران بهێنێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی تا بوونی سەربەستی خۆیان نەهێڵێت و زەلیلییان کات. بەڵام کاتێك کە حەقیقەتی باوەڕ دەبێتە باوەڕێکی دیاردەو رواڵەت ئیدی کوفر بەسەریدا زاڵ دەبێت، چونکە ململانێکە بووە ململانێی حەقیقەتی کوفرو رواڵەتی باوەڕ! ئیدی حەتمەن حەقیقەت (کە لەگەڵ خۆیدا راستی کردووە) بەسەر رواڵەتدا زاڵ دەبێت، چونکە باوەڕە رواڵەتەکە هەر خۆفش کردنەوەو لاف وگەزافی ئینتیما بووا ئەمەش سروشت و تەبیعەتی هەموو شتێکە. با ئەویان بشڵێت من باوەڕم و ئەو کوفرە..

کەوا بوو ئەرکی سەرشانی داعیانی ئیسلام ئەوەیە کە حەقیقەتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) بە تەواوی و وەکو خۆی روون کەنەوە، چونکە ئەمە بناغەی یەکەمی بنیاتنانی عەقیدەو ویژدانی موسوڵمانەو هەر ئەمەشە بناغەی بنیاتنانی سەرلەنوێی کۆمەڵگەی ئیسلامی، دیسانەوە هەر ئەم حەقیەتەیە کە دەبێتەوە بە بناغەی خیلافەتی ئیسلامی لەسەرزەوی.

تاغووتەکان بە درێژایی مێژوو زۆر باش لەوە حاڵی بوون کە ئەو (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه)یەی موسوڵمانان دەیڵێن یەعنی چی؟! بەڵام هەمیشە لە رەنجی کپ کردنی ئەو ئیعلانەدا بوون و هەن، ناهێڵن ئەو بانگە ئیسلامیە سەر ڕاستە بە گوێی خەڵکیدا بدرێت. کە دراش هەوڵی ئەوە دەدەن لێی حاڵی نەبن، تا ئەو خەڵکە هەر بە کۆیلەیی بەرەو دیدو نەریت و سیستم و یاسای خۆیان کێش کەن.. لەبەر ئەمەیە کە دەبێت داعیانی ئیسلام ئالای (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه)کە بەرز راگرن و لەسەر رێبازی قورئان و شێوازی بانگەوازەکەیان خۆ گرن، بەردەوام بێ ترس و بیم حەقیەقەتەکەی روون کەنەوە، با دەرسی خەبات و ئارامی و قوربانی دانیش لەو کەڵە پیاوچاکانەی پێش خۆیانەوە وەرگرن کە ئەم ئیسلامە لە کاروانی بانگەوازی خۆیدا ریزی کردوون..



دان نان بەوەدا کە ئیسلام پەیامی خوایەو لەوەوە بۆ حوکمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاتووە، تەنها زامنێکە بۆ بەردەوام بوونی ئەو قەناعەت و باوەڕەی کە تەنها خوای گەورە سەرچاوەی ئاڕاستەیەو مرۆڤ دەبێت هەموو بەرنامەیەکی ڕێکخستنی ژیانی خۆی لەم دینەوە وەرگرێت. تا ڕێ لەو تاغووتانە بگیرێت کە هەر ڕۆژەی یاسایەك دادەڕێژن و دەڵێن ئەمە یاسای خوایە..!! تا ئەو ڕێیە لەو تاغووتانە ببەستێت کە چاوبەست لەو خەڵکە دەکەن کە گوایە ئەمەی ئەوان لەسەرین هەر ئەو شەریعەتەیە کە خوا بۆ پێغەمبەرانی ناردووە، تا شەرعێتیەکی قەڵب بە خۆیان و سیستەم ودەسەڵاتیان ببەخشن. لە کاتێکدا ئاشکرایە کە نەك هەر خۆیان دایانڕشتووە بەڵکو پێچەوانەی شەریعەتەکەی خواشە..

ئەو کەسانەی کەوا لە سەر ئیسلام دەنووسن کە یەکەمین دینێکە ئاوا بە ڕوونی خوابەیەکناسینی باس کردبێت، یان عەقیدەیەکی کامیل موکەممەلی دەربارەی وەحی و پێغەمبەران و پەیامەکانیان هێناوە، یان باسەکانی ڕۆژی دوایی و پاداشت و سزای ئەو دنیای ئاوا بە ڕاشکاوی و ڕۆشنی بەیان کردووە!! ئەمانە بە حسابی خۆیان بەرگری لە ئیسلام دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە هەموو قورئان بە تەواوی ناخوێننەوە، ئەگەر بە تەواوی بیانخوێندایەتەوە لەوە حاڵی دەبوون کە خوای پەروەردگار هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خۆی سڵاوی خوایان لێبێت هەر بەو خوابەیەکناسینیەوەی ناردوون، هەموویان هەر ئەو خوابەیەکناسینیەیان ڕوون کردۆتەوە بێ ئەوەی لای هیچیان دید لێڵی شیرك لە هیچ شێوەیەکیدا تێ کەوتبێت، هەر هەمووشیان هەر حەقیقەتی وەحی و پەیامی خوایی و نێرراوێتی خوایان بۆ گەلان ومیللەتانی خۆیان ڕوون کردۆتەوە، ئەوەیان بۆ هەموان ڕوون کردۆتەوە کە ئەمان هەچەندە پێغەمبەری هەڵبژاردەی خوای گەورەن بەڵام ناتوانن زیان یان سوود بە کەس بگەیێنن، هیچ نادیارێك نازانن مەگەر خوای گەورە پێی ڕاگەیاندبن.. ناتوانن و بۆیان نییە ڕزقی کەس بدەن یان لە کەسی بگرنەوە. هەموویان مژدەی سەرفرازی ڕۆژی دوایی و ئینزاری هەڕەشەی

خواییان بە گەل و میللەتانی خۆیان گەیاندووەو هەموو ئەو راستیانەی لە عەقیدەی ئیسلامدا هەن ئەو بەڕێزانەش هەر هەموویان بەیان کردووە، ئەم قورئانەش کە کۆتا پەیامی خوای گەورەیە شایەتی لەسەر ئەو ئەنجامدانانە دەدات.

ئەو جۆرە قسەو ئەو جۆرە (بەرگری)یانە ئاسەواری دیدو رۆشنبیری و کلتوری ئەوروپان، کە دەڵێن بنەمای هەموو بیروباوەڕە دینییەکان هی دینە ئاسمانیەکانیش لەگەڵ پێشڕەوت و پێشکەوتن و چاوکردنەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پێگەیشتووەو شان بەشانی ئەو نەش و نمای کردووە..

کەوا بوو دەبێت نوسەران و داعییان لەوە ئاگادار بن، هۆشیان لای ئەوە بێت بە نەزانین بە بەهانەی ئەوەی گوایە بەرگری لە ئیسلام دەکەن ئەو بنەمایانە هەڵنەتەکێنن کە قورئان روونی کردوونەتەوە.. ئەمە لێژگەیەکی دژوارە..

ئیسلام کۆتا پەیامە، قەدەری خوای گەورەش وای وویستووە کە تا کۆتایی هاتنی رەچەڵەکی مرۆڤایەتی لە سەر ئەم زەمینە دەمێنێت دەبێ ئەو بەرنامەیەی کە دەبێ هەر بمێنێت و مرۆڤایەتی وەری بگرێت و پێوەی پابەند بێت، هەر بەرنامەکەی ئیسلام بێ و بەس. دەبێ ژیانی مرۆڤایەتی بە گوێرەی دیدو رێساکانی ئیسلام دابمەزرێت و هەموو گۆشەو کەنارێکی ژیان هەر ئەم ئیسلامە ئاراستەی کات و بەس.. بۆیە خوای کارزان ئەم بەرنامەیەشی وا گشتگیر دارشتووە کە وەڵامی هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی بداتەوەو بە دەنگ هەموو داواکاریەکانی ژیانیەوە بێت.. وورەو ووزەکانی ئەم مرڤایەتیەش وا ئاراستە دەکات کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێ بەرز کاتەوە بۆ ئەو ئاستەی شیاوی ئەو مرۆڤەیە کە خوای گەورە بە جێنشینی خۆی داناوە لەسەر زەوی، مرۆڤ ئەو زیندەوەرە

بەڕێزەیە کە خوای گەورە لە هەموو مەخلووقاتێکی تر زیاتر ڕێزی لێناو لە ڕۆحی خۆی فووی پێدا کرد..

ئیسلامە کە دەیەوێت ئەم ژیانە بە سروشتی دینی خۆی بەرەو پێش ببات، بە زۆرکردن ونەش ونما، بە پاککردنەوەو بەرز کردنەوە، ئیسلام هیچ ووزەیەکی پەك نەخستووە، هیچ ئامادەباشییەکی نەتاساندووە، بەڵکو ووزەکانی زیاتر گەشاندۆتەوە و ئامادەباشییەکانی زیاتر گورج کردۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا پارسەنگی ئەو بەرەو پێش چوونەی ڕاگرتووە کە وا لە نێوان بەرەو پێش چوون و بەرەو ئاسۆ بەرز بوونەوە کە لە لایەکەوە ڕۆح لە دنیادا بۆ نیعمەتەکانی قیامەت ئامادە دەکات و لە لایەکی تریشەوە ڕێی ئەو لەزەتانەش بۆ جەستە دەکاتەوە کە لەش ساغ و پارسەنگ ڕادەگرن و دەیخەنە کار لە کێڵگەی دنیادا بۆ دروێنەی ڕۆژی دوایی..

کە خوای گەورە وویستی وا بوو کە سروشتی ئەم عەقیدەیە ئاوا بێت، پێغەمبەرەکەشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوا بۆ هەڵبژارد: مرۆڤێکەو هەموو گۆشەو کەنارێکی عەقیدەکەی تێدا دەدرەوشێتەوە، هەموو ڕاستیەکانی عەقیدەی تێدا چەسپیووە، بە شێوەیەکی وا ئاوێتە بوون کە پێغەمبەرە نازدارەکە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ڕەفتارو هەڵس وکەوتەکانی ژیانی بۆتە پراکتیزەی عەقیدەکە، بۆتە ئەو قاڵبەی هەموو عەقیدەکەی لە خۆ گرتووە..! مرۆڤێکە بەڵام هەموو جۆرە ووزەکانی مرۆڤی تێدا خراوەتە کار: هەموو ئەندامانی لاشەی ساغ و تەواون، جەستەی پتەوەو بە خۆیە، بنیاتی بەدەنی ڕاست و دروست هەڵچووە، هەموو هەستەوەرەکانی ساغ و سەلیمن، هەستی ناسکە و سۆزی هەستیارو سرکە، کە هەست بە شتێك دەکات بە تەواوی دەیگرێتە خۆ، لەزەتی لە جوانیدایەو خرۆشانی وا لە لوتکەی بەرجەستەییدا، ئامێری وەڵامدانەوەی هێندە زیت و وریایەو تێگەیشتنی لەگەڵ بزاوتی ڕووداودا ئامادەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا بیری بەرفراوان و ژیری ڕەهایە، زوو پەی بە شت دەبات، ئیدراکی خێرایە! ئاسۆی دیدو بیری وەك گۆشە نیگای کراوەو دوورە، وویست و ئیرادەی کۆنترۆڵە، ئارەزووەکانی

لە دەست خۆیدان، بێ ئەوەی لە ساتێکدا بهێڵێت بکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ حەزێکیەوە..! پێش ئەم سیفەتانەو لەسەر هەمووشیانەوە، پێغەمبەرە..! گەشەکردنی رۆحی بە نوورێکی پاك و سافە، کیانی زۆر بە هەیبەت و دامەزراوە بۆیە وەحی ئیستیعاب دەکات و ئیسراو میعراج دەبڕێت! پەی بە بانگێشتی ئاسمان دەکات و نووری خوای خۆی دەناسێت، حەقیقەتی هەموو بوونەوەری لەبەر چاوەو سەر لە بوونی هەموو جۆرو شێوەو شێوازەکانی بوون دەردەکات!! بەردو چەو سڵاوی لێ دەکەن و قەدی دارخورما لەسۆزدایە بۆی، کێوی ئوحود لە حەشمەتیدا دەلەرزێ.. ئوحودی، چیای رێك و رەق!! کە هەر هەموو ئەم سیفەت و رەفتارانە بەو پارسەنگیە دەپێوی کە عەقیدەکە دەیەوێت، دەبینیت کتومت عەینی یەکن.. چەند ئەویان لە رووی تێۆرەوە موتەکامیلە، ئەمیشیان ئەوەندە لە رووی عەمەلییەوە موتەکامیلە..!!

باوەڕ هێنان بە پەیامەکانی خوای گەورەو بە پێغەمبەرەکانی بێ ئەوەی جیاوازی بخرێتە نێوان هیچ کامێکیانەوە یەکێکە لە داواکارییە سروشتییەکانی باوەڕ هێنان بە خوای گەورە وەکو کە ئیسلام داوای کردووە: (وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ) البقرة/٢٥٨ واتە: موسوڵمانان هەموویان باوەڕیان بە خواو بە فریشتەکانی و بە پەیام و پێغەمبەرەکانی هێناوە و جیاوازی ناخەنە نێوان هیچ یەکێك لە پێغەمبەرەکانی خواوە..

باوەڕ هێنان بە خوای پەروەردگار ئەوە دەخوازێت کە باوەڕ بە هەموو ئەوانە بهێنرێت کە لە لایەن خوای گەورەوە هاتوون، هەروەها باوەڕ بە راستگۆیی هەموو نێردراوان و پێغەمبەرانی خوای گەورە، دیسان بەوەی کە هەموو ئەو بنەماو بنچینانەی پەیام و بانگەوازی هەموویانی لەسەر دامەزراوە هەر یەکن، باوەڕ هێنان لە ئیسلامدا ئا بەو شێوەیە بۆیە لە دڵی هیچ موسوڵمانێکدا جیاوازی لە

نێوان هیچ کام لەو پێغەمبەرە بەڕێزانەدا دروست نابێت، چونکە موسوڵمان لەوە دڵنیا دەبێت کە پەیامی هەر یەکێکیان کە لەسەر بنچینەو بنەمای هاوبەش دامەزراون بەڵام بە گوێرەی پێداوویستی قۆناغی ئەو قەومانە هاتوون و کە بۆیان نێرراون. تا حاڵ گەیشتۆتە سەردەمی سەییدنا محمدی پێشەواو کۆتای پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت. کە ئیتر پەیامەکەی ئەم بۆتە کۆتا پەیامی پێغەمبەرایەتی و دینەکەشی بۆتە ئەو بەرنامەی تا رۆژی دوایی مرۆڤایەتی بۆ بانگ دەکرێت تا بە دەنگیەوە بێن و وەری گرن و لە ژیان و کۆمەڵگەکانیاندا بیچەسپێنن

ئەم ئوممەتە موسوڵمانە کەلەپووری پەیامی پێغەمبەران ئاوا وەردەگرێت، دینەکەی خوای گەورەش بەم دیدەوە بەرقەرار دەکات، میراتگرێتی پەیامی پێغەمبەران ئاوایە، بۆیە موسوڵمانان هەست بە گەورەیی و گرنگی رۆڵی خۆیان و بوونی دین و بانگەوازەکەیان دەکەن، دەزانن ئەو ئەرکەی لە دنیادا تا قیامەت خراوەتە سەر شانیان چەندەو چۆنە، دەزانن کە ئەمان پاسەوان و ئێشکگری ئەو گەنجینە بەقەدرەی مرۆڤایەتین کە بە درێژایی مێژووی خۆی کۆی کردۆتەوە.. موسوڵمانان ئا بەم دیدو بۆچوون و پێناسەو ئەرك و رۆڵەوە رووبەڕووی بانگەوازی جاهیلییەتی ئەمڕۆ دەبنەوە لە ژێر ئەم ئاڵایەی پێغەمبەراندا سەلامی خوایان لێبێت بەرامبەر بە ئاڵای جاهیلییەتی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەرستی و رەگەزپەرستی و زایۆنی وخاچپەرستی وئیستیعمارو مسقۆفی (ئیلحاد)و باقی تری دروشم و بیروباوەڕەکانی تری جاهیلییەتی هەموو کات وجێیەك دەوەستنەوە..

ئەو گەنجینە ئیمانییەی کە پاسەوانێتی و پاراستنی لەسەر زەمیندا بە ئوممەتی موسوڵمان سپێرراوە ئەوەی کە بەم ئوممەتەی میراتگری پێغەمبەرانە سپێرراوە، بەڕێزترین و گرنگترین و بە نرخترین گەنجینەو بەهای مێژووی ژیانی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە گەنجینەی هیدایەتی خوایی و رێنمایی و نووری رێنیشاندانی خواوویستییە، گەنجینەی متمانەو ئاسوودەیی وهێمنیە، گەنجینەی قەناعەت و رازی بوون و بەختەوەرییە، گەنجینەی مەعریفەت و دڵنیاییە. هەر دڵێك لەم گەنجینەی تێدا نەبێت تاریکە، ناڕەحەتە، نقومی

وەسوەسەو ڕاڕاییە، پڕە لە خەم و پەژارەو هەستی مەحرووم بوون کەیلەو پڕە لە ناسۆرو ژان، ئەوی دوورە لەم نوورە ڕێ بزرو گومڕایەو نازانێت پێ لە کوێ دانێت و ڕوو لە کوێ کات..!

هات و هاواری خاوەن ئەو دڵە خاڵی و دەروونە بەتاڵانەی لە نووری خواوویستی مەحرووم بوون، لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا لاڵانەوەو کڕووزانەوە بووە، هەر ئاهی ژان و ژانی مەینەتی بووە، ئەمە هی دڵانێك بووە کە هەستی تێدا مابووبێت، ئەگینا ئەوەی ڕقن و هەست مردوو بووە یان سڕو تاساو کەوتووە ئەوە کەلاکی ڕزیوو بووە، نە شەوقی قوتار بوونی تێدا ماوەو نە شەیدای زانین و هیدایەت بووە.. بۆیە بوونی لەسەر زەمیندا هەر وەك بوونی گاو گۆلك بووەو هۆشی هەر لە لەوەڕ بووە، یان هەر وەکو ئاژەڵی دڕندە لەگەڵ ئەم و ئەو کەوتۆتە شەڕە شۆق و جووتەو لەقە! مەگەر ئەو هەموو زوڵم و جەبەرووت و دەستدرێژی و خراپەکارییەی دروست دەبوو، لە کوێوە سەری هەڵ دەدا؟! ئەمانە هەمووی لە تاریکی جاهیلییەوە سەری دەردەهێنا، بۆیە هەمیشەو بە درێژایی مێژوو بەر نەفرینی خەڵکی و لەعنەتی خوای گەورە دەکەوت..

ئەو کۆمەڵگانەی لە هیدایەتی خوایی مەحروومن کۆمەڵگەی پشێوو پڕ ناسۆرو موبتەلان، با بەرهەمیشیان لە هەندێ شتدا کەڵەکە بوو بێت، با ئازادی و ماف و ئاشتیشیان مسۆگەر بێت، با ئەمنیەتیشیان پایەدار بێت، بەڵام هەر ئاڵۆزو پڕ موعاناتن ئەوەش لاپەڕەکانی مێژوو، بڕوانن چەند نموونەی زەقی ئاوای تۆمار کردووە خۆ کەس ناتوانێت نکوڵی لەم ڕاستیە بکات مەگەر ئەو گەلۆرو موستەهتزیهانەی گوێ بە هیچ بەهایەك نادەن..



باسی دووەم: یەك پەیام و یەك پێغەمبەرێتی

خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

(تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ) البقره/ ٢٥٣

واتە: ئەو نێرراوانەی خوا (کە پێشتر باسی فەرموون) ڕێزو پلەی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، هەیانە خوای گەورە ڕاستەخۆ لەگەڵیدا دواوەو پلەو پایەی هەندێکی تریانی بەرز کردۆتەوە، چەندین بەڵگەو نیشانەی ڕوونی پێغەمبەرێتیمان بە عیسای کوڕی مەریەم بەخشی و لایەنگریشی بووین و بە جوبرەئیلیش پشتیوانیمان لێ دەکرد..

یەکەمین دەرسێکی خۆش کە لەم ئایەتەوە ڕوون دەبێتەوە ئەو دەستەواژە ڕەوانبێژییەی (تِلْكَ الرُّسُل)ە، سەرنج بدە نەیفەرمووە (هؤلاء الرسل) کە مەبەست و مانایەکی زۆر بەهێزی تێدایە جێی خۆیەتی هەندێك لایەنی لێ باس بکەین:

(تِلْكَ الرُّسُل) ئەمانە پێش هەموو شتێك کۆمەڵێکن، سروشتی هەموانیان وەکو یەکە، بەڵێ هەموویان هەر مرۆڤن، بەڵام هەموو لە یەك شێوازو ڕەفتارن، ئەمانە کێن؟! پەیامییان چییە؟ سروشتی خۆیان و پەیامەکەیان چییە؟ ئەم پەیامە چۆن دەکرێتە عەمەلی؟ ئەدی بۆچی لە نێو ئەم هەموو جیهانیانەدا هەر ئەوان بە نێرراوی خوای پەروەردگار هەڵبژێرراون؟ بە چییەوە نێرراون؟!

ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکی کۆنن هەموو جارێك بە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون، هەر خۆم لە وەڵامدانەوەیان دەبوارد.! چونکە هەموو هەست و هۆش و کیانمی بۆ دەخرۆشا، هەر چەندم دەکرد ووشەو دەستەواژەی وام چنگ نەدەکەوت ئەو هەستە خرۆشاوەم تەعبیر کات، ئێستاش هەر وام، بەڵام

ئەمجارەیان ناچارم هەر چۆنێك بێت ووشەو تەعبیراتێکی وا بدۆزمەوە بە لانی کەمەوە بتوانێت وێنەیەکی ئەو هەست و هۆشەم بکێشێت..

ئا ئەم گەردوونەی ئێمەی تێدا دەژین و بووین بە بەشێك لێی کۆمەڵێك سیستم و ڕێسای ڕەسەن و کۆنی خۆی هەیە کە هەموو بونیادی گەردوون و ژیانەکەی لەسەر وەستاوە، ئەم سیستمە هەر ئەو دەستورو یاسا گەردوونیانەیە کە خوای کردگار بۆی داڕشتووە تا بە گوێرەی ئەو بجوڵێت و لەسەر خولگەکانی ئەو بڕوات و ڕەفتاری ڕۆژانەشی بە پێی نەسەقی ئەو بێت، کە لەگەڵ هەموو تاك تاکەکانی بووندا دەسازێت . مرۆڤیش تا زیاتر زانستی بەرفراوانتر ببێت و نهێنیەکانی گەردوونی زیاتر بۆ دەربکەوێت و پەی بە پەنهانیەکانی بوون ببات، جار بۆ جار و پلە بە پلە بەرچاو ڕوونتر دەبێت، لەگەڵ بەرفراوان بوونی گۆشە نیگاو ئیدراکی خۆیدا جار بۆ جار شتی نوێ تری بۆ کەشف دەبێت، کە ئەگەر خۆی بە پێی ڕێسا شەرعیەکەی خوای گەورە بجوڵێت، ئەو کەشف و ئیدراك و پەی پێ بردنە نوێیانەی زیاتری هان دەدەن و زیاتری هاوکاری دەکەن لە ڕەوتی خەلیفایەتی سەر زەمینیدا، زیاتر دەبنە هۆکاری سەرکەوتنی لە جێنشینێتی سەر زەوی و بەختەوەری خۆی و کۆمەڵگەکەیدا..

مرۆڤ بۆ ئەوەی بە تەواوی پەی بەم بوونە بەرفراوان و پڕ نهێنییە ببات، دەبێت ئیعتیماد بکاتە سەر دوو هۆکار، کە هەر بە پێی پێوەری خۆیین، ئەو دووانەش بریتین لە: تێبینی کردن و تاقی کردنەوە (تەجروبە) ئەمانە لە سروشتی خۆیاندا بەش بەشن، بەڵام کۆتایی نایەن و ئەنجامەکانیشیان ڕەهاو بێ سنوورن. دەبینیت جاری وا هەیە ئەم دوو هۆکارە پێکەوە یان بە یەکێکیان مرۆڤ لە ماوەیەکی دوورو درێژو دوای ماندوو بوونێکی زۆر، دەگاتە کەشف کردنی کۆمەڵێك سیستم و ڕێسای گەردوون، کە ئەگەر ووریا نەبێ بە هەڵەدا دەچێت، چونکە وا دەزانێت ئەمەی کەشفی کردووە هەموو ڕێساکەیە، کەچی دوای

ماوەیەکی تر زانای تر لایەکی تری هەمان ڕێسا کەشف دەکەن، ئەمانەی دووەم هەست دەکەن کە ئەوەی ئەوانەی یەکەم کەشفیان کردبوو، هەر وەکو سەرە داوێکی ڕێساکەیە.!! بۆیە هەرچی لایەنێك لەو ڕێسا گەردوونیانە بۆ مرۆڤ کەشف ببێت نابێت پێیان هەڵ خەڵەتێ و وا بزانێت هەموو ڕێسا گەردوونیەکە هەر ئەوەیە کە کەشف کراوە، چونکە ڕێسای گەردوونی و بوون و ژیان زۆر بەر بڵاو و ڕەهاو بێ سنوورن.. چونکە ئەو لایەنە شاراوانەی خودی بوون هێشتا کەشف نەبوون، دیسان ئەو ڕێسایانەی بوونەکەیان پێ کەشف دەکرێت، ئەمانیش هێشتا بەتەواوی کەشف نەبوون، ئینجا دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان جوزئیاتەکانی گەردوون و ڕێساکانی ژیانیش کۆمەڵێك نهێنی ترن! بەڵام جار بۆ جار لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و پەی پێ بردنی مرۆڤ و بەرفراوان بوونی گۆشە نیگاو ئیدراکی مرۆڤەکان لایەنی تری شاراوەیان بۆ کەشف دەبێت و روونترو راستر بۆ مەسەلەکان دەچن.. بەڵام هەموو ئەم کەشف و دۆزینەوەیەش ماوەی زەمەنی تووڵانی خۆیان دەوێت..

زەمەن کۆتا توخمی ئەم بوارە نییە، بەڵکو بریتییە لەو ئاست و سنوورەی کە مرۆڤەکان دەیگەنێ، سنووری ئەوانە نەك سنووری بوارەکە.. سنووری گەردوون زۆر زۆر بەرفراوان و دوورە، ئەوی جار جارە و لە زەمەنە جیاوازەکانی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت، بڕو رادەی توانای مرۆڤ دەردەخەن، کە رادەیەکی کەمە، بۆیە ئەو رۆڵەی مرۆڤ دەتوانێت پشت ئەستوور بەو زانیاریانەی خۆی ببینێت کەم و نوقسانە! ڕێژەییە. نەك ئەو رۆڵەی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە هەر هەموویان و پشت بەستوو بە زانیارییەکانیشیان کە پێکەوە بۆ تەکاملی یەکتری دەیبینن، هەر کەمە، بەڵکو زانیاری و ئیدراك وتەجروبەی هەر هەموو مرۆڤایەتی بە هەموو نەوەکانیەوە پێکەوە هەر کەمەو ناگاتە ئەوەی جێ و ڕێی خۆی لەم گەردوونەدا بۆ دیاری بکرێت!! چونکە زانیارییەکانی هەر هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوویان کۆ بکەیتەوە (کە ئاسانیش نییە، ئەگەر ئەستەمیش نەبێت) ناکاتە بەش (جوزء)ێك لەم گەردوون و ژیانە! دوای ئەم

هەست کردن و پەی پێ بردن و ئیعتیراف کردنە رۆڵی پەیامی خوایی دێت، رۆڵی پەیامە خواییەکە دێت تا ئەم مرۆڤە بەو شێوازە ئاڕاستە بکات کە لەگەڵ بزاڤی هەموو گەردووندا یەك دەگرێتەوەو لەگەڵ بەشەکانی ئەودا دەگونجێت.. چونکە ئاڕاستەی پەیامەکە وا داڕێژراوە کە لەگەڵ ئامادەباشی سروشتی مرۆڤ وگەردوون و ژیانەکەدا دەسازێت! هەموویان پێکەوە حەرەکەت دەکەن، ئەمما چۆن پێکەوە دەسازێن و دەگونجێن؟! ئەوەش خۆی لە خۆیدا نهێنییەکی ترە! ئێمەش بە تەواوی پەی بە شێوازو چۆنیەتی ئەو گونجان و سازشانە نابەین، بەڵام لەبەر تیشکی پەیامە خواییەکەدا ئێمە لە خەڵکی زیاترمان بۆ روون دەبێتەوەو گۆشە نیگامان بەرفراوانتر دەبێت و لە رووانگەی دینەکەوە ئەو رێسایانەمان زیاتر لە مێشك دەچەسپێت کە ئەم (وجود)ە ی لەسەر دامەزراوە..

ئەم جۆرە سروشتە تایبەتە، سروشتێکی ئامادەکراوە، ئەم سروشتەیە پەی بە وەحییە خواییەکە دەبات، ئەمیشە کە ئیستیعابی دەکات، ئەمیشە کە تەحەمولی وەرگرتنی دەکات، وەحیەکەش ئاماژەی خواییە و دەبێت ئامێرێك لەخۆی بگرێت کە لەگەڵ ئەم (وجود)ە گەورەیەدا بگونجێت، چونکە ئەم بوونە گەورەیە پێشتر هەر لە سەرچاوەی ئەو وەحییەوە ئاڕاستەی پێ گەیشتووە، کە کردگاری گەردوون و مرۆڤ و ژیانەو بکەری رەهای ئان و ساتێتی.



تەنها پێغەمبەران پێشەوان:

هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار بۆ تێگەیاندنی خەڵکی لە خوابەیەکناسین (تەوحید) هەڵی بژارد بوون بە تەواوی پەییان بەو تەوحیدە بردو بە تەواوی ئیستیعابیان کرد، چونکە خوای گەورە سروشتێکی چاك و هەستێکی پاك و زەینێکی روونی پێدا بوون، کە وەکو جیهازی هەستیاری خواناسی بوو، بۆیە هەر هەموویان لەگەڵ بوون بە پێغەمبەرێتییاندا بە هەموو کیانیانەوە بەدەم ئەو تاکە دەنگە غەیبییەوە دەچوون، ئەو جیهازە خواناسییە وەکو قیبلەنما (بۆسەڵە)ی ئاڕاستە زانین وابوو، بەردەوام رووی پێ دەکردنە خوای گەورە رەزامەندی و کەناری ئەوی بۆ دەکردنە تەنها سەرچاوەو تەنها رووگە، قەناعەتی تەواویان هەر لە سەرەتاوە بەوە بوو کە هەر چەند رێساو دیاردەکانی ژیان و گەردوون وبوون هەبن و زیادو جۆراوجۆر بن، هیچ بوونێکی تر وەکو بوونی خوای گەورە نابێت.! هەر بانگەوازێك بۆ لای هەر شتێکی تری غەیری خوا بانگەشە بکات، هەر بەو دەنگە غەیبیەی لای خواوە بۆیان دێت، بەراورد ناکرێت! جا چونکە ئەوان هەر هەموویان سەلامی خوایان لێبێت هەر لە سەرەتای گزنگی پەیدا بوونی مرۆڤایەتییەوە تەوحیدەکەیان ناسی، درکیان بە گرنگی و یەك بوونی ئەو سەرچاوەو ئەو تەنها رووگەیە دەکرد، پێش ئەوەی ئەم رێسا گەردوونیانە کەشف بکرێن کە ئاماژە بۆ یەك سەرچاوەیی و یەك رووگەیی لای خوای گەورە دەکەن..

ئەم پەی پێ بردن ودرك کردنەی پێغەمبەرانی خوا سەلامی خوایان لێبێت بە حەقیقەت و گرنگی و ئاڕاستەو مەبەستی تەوحید بوو کە وای لێ دەکردن سوور بن لەسەر ناسین و تەنها پەرستنی خوای پەروەردگاری تاك و پاك و واز هێنان لە شیرك و توخن نەکەوتنەوەی، ئەمان لە هەموو کەس زیاتر هەستیان بە گەورەیی بانگەوازە خواویستییەکەیان دەکرد، بۆیە ئەوەندەش سوور بوون لە سەری، ئەوەی وای لێدەکردن کە هەموو بوونی خۆیان لە پێناو سەرخستنیدا سەرف

کەن، ئیستیعاب کردنی تەواوی تەوحیدەکە بوو، بەو ئیعتیبارەی حەقیقەتی بوون و ژینە، بەو سیفەتەی پەیامێکەو لە لایەن خوای تاك و پاکەوە بۆیان هاتووە، ئەمانیشی بە تایبەتی بۆ هەڵبژاردووە، ئەمانیش بەو فیترە پاکەی خۆیان کە بۆتە جیهازی وەرگرتن درکیان پێ کردووە، لەوەش دڵنیا بوون کە هەم سەرچاوەکە یەکەو هەم یەك پەیامەو بە یەك نەغمە بۆ هەموویان هاتووە.. یەکەو فرەیی هەڵناگرێت..

ئەم پەی پێبردن و شارەزا بوون و ئەم پابەندو پێوەبەند بوونەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت بە کرۆکی پەیام و بانگەوازەکانیانەوە، ئەمەی کە هەموویان بە سروشتی پاك و زەینی روونیان هەستییان پێ دەکرد، لە فەرمایشتی هەموویاندا لە قورئاندا دەردەکەوێت، هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن، جاری واش هەیە قورئان خۆی پێغەمبەران بە بانگەوازەکەیان دەناسێنێت! جاری واش هەیە ئاماژە بە درك کردنەکانیان دەکات، ئەوەتا بۆ سەییدنا نووح دەفەرموێ: (قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَآتَانِي رَحْمَةً مِّنْ عِندِهِ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَارِهُونَ* وَيَا قَوْمِ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالًاۖ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِۚ وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الَّذِينَ آمَنُواۚ إِنَّهُم مُّلَاقُو رَبِّهِمْ وَلَٰكِنِّي أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ* وَيَا قَوْمِ مَن يَنصُرُنِي مِنَ اللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمْۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ) هود/٢٨-٣٠ واتە: نووح فەرمووی: ئەرێ قەومینە، ئەگەر من لەسەر بەڵگەو نیشانەی رێبازو بەرنامەیەکی خوای خۆم بم و ئەو خێرو رەحمەتی خۆی پێ بەخشیبم، بەڵام کە ئێوە کوێر بن و نەیبینن، چی بکەم؟! کە نایبینن و ناتانەوێت، ئایا بە زۆر بە سەرتانیدا بدەین و بە خورتی ئیمان لە دڵتاندا دروست بکەین..؟! هۆ قەومینە، خۆ من لە بەرامبەر ئەم بانگەوازو بانگ کردنەتاندا داوای سامان و خەرجی ومەسروفتان لێ ناکەم.؟ پاداشتی من لەسەر کەس نییە، لە سەر خوای خۆمە.. من چۆن ئەوانە دەر دەکەم کە ئیمانیان هێناوە؟ چۆن لە خۆمیان دوور دەخەمەوە،؟! خۆ ئەوانیش

بە دیداری خوای خۆیان دەگەن، بەڵام دیارە ئێوە خۆتان نازانن و پەی بە شت نابەن ئەرێ قەومینە، ئەگەر من ئەو ئیماندارانەم دەرکرد، کێ لە سزای خوا پەنام دەدات و لە خۆم دەگرێت؟! مەگەر ئێوە بیر لەوە ناکەنەوە کە شتی وا نابێت و ناشێت ؟!

هەر ئەم شێوازەشە کە لە فەرمایشتی سەییدناساڵحدا دەیبینین: (قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَى بَيِّنَةً مِّن رَّبِّي وَآتَانِي مِنْهُ رَحْمَةً فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ اللّهِ إِنْ عَصَيْتُهُ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ) هود/٦٣ واتە: فەرمووی: ئەرێ قەومینە، ئەگەر من لەسەر بەڵگەو نیشانەی ڕێبازو بەرنامەیەکی خوای خۆم بم و ئەو خێرو ڕەحمەتی خۆی پێ بەخشیبم، باشە ئەگەر من سەرپێچیم لە فەرمانەکانی کردو پەیامەکەییم نەگەیاند، کێ داڵدەم دەدات و لە سزای خوا پەنام دەدات و لە خۆم دەگرێت..؟! ئاخر خۆ دیارە ئێوە زەرەری منتان دەوێت..!

یان لە سیرەی سەییدنا ئیبراهیمدا دەیخوێنینەوە کە دەفەرموێ: (وَحَآجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللّهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلاَ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلاَّ أَن يَشَاء رَبِّي شَيْئًا وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلاَ تَتَذَكَّرُونَ * وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلاَ تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ) الانعام/٨٠-٨١ واتە: قەومەکەی کەوتنە دەمەوەری و موجادەلەی، بەڵام ئەو پێی فەرموون: ئایا ئێوە دەربارەی تاك و تەنهایی ئەو خوا گەورەیە کە هیدایەتی داوم و ڕێی ڕاستی نیشان داوم ئەو شەڕە دەمە لەگەڵ من دادەمەزرێنن ..؟! من لەو شیرکە ناترسم کە ئێوە دەیکەن، ئەوانەی ئێوە بە هاوەڵی خوای گەورەیان دادەنێن، توانای زیان و سوودیان نییە مەگەر خوای گەورە خۆی وویستی لەسەر شتێك هەبێت، چونکە خوای گەورە پەی بە هەموو شتێك دەبات و ئاگای لە هەموو شتێکە، بەڵام ئێوە بیر ناکەنەوەو بێ ئاگان.. من چۆن لەو شتانە بترسم کە ئێوە کردووتانن بە خواو لە جیاتی خوای گەورە داتاناناون و دەیانپەرستن، کەچی ئێوە لەو خوایە ناترسن، کە ئاوا بێ بەڵگەو

دەلیل شەریكتان بۆ داناوە؟! جا ئەگەر راست دەكەن و زانیاریتان هەیە، ئادەی با بزانین كام دەستەو لایەنمان شایستەی هێمنی و ئاسایش و ئاسوودەییە؟!

هەر ئەم شێوازی گفتوگۆیەیە كە لە سەر زمانی سەییدنا شوعەیبییش دەفەرمویێ: (قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىَ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ) هود/٨٨ واتە: فەرمووی: ئەرێ قەومینە، ئێوە دەبینن وا من لەسەر بەڵگەو نیشانەی ڕێبازو بەرنامەی خوای خۆمم، ئەویش خێرو رزق و رۆزییەكی پاك و چاكی لە لایەن خۆیەوە پێ بەخشیووم، من رێی شتێكتان لێ ناگرم، خۆشم لەولاوە ئەنجامی بدەم! (چی بە ئێوە دەڵێم بیكەن، خۆم پێش ئێوە دەیكەم) چونكە مەبەستم چاكسازییەو هیچی تر، تا بشتوانم دەیكەم، سەركەوتنیشم بە دەست غەیری خوای گەورە نییە، بۆیە پشتیشم هەر بەو بەستووەو لە هەموو كارێكدا هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێمەوە..

هەر ئەمەش لە سەییدنا یەعقوبدا دەبیستین كە بە كوڕەكانی دەفەرموێ: (قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ) یوسف/ ٨٦ واتە: سكاڵاو ئاهو نزولەم دەبەمەوە لای خوا، چونكە ئەوەی من لە خوای خۆمی دەزانم ئێوە نایزانن و پەی پێ نابەن .. وە هەروەها..

ئاوا لە فەرمایشتی هەموو پێغەمبەرانی خوای گەورە دا سەلامی خوایان لێبێت لە ووتوو وێژو سیفاتیاندا، هەست بەو ئیدراكە گەورە هاوبەشە دەكەین كە هەیانبووە، لە فەرمایشتی هەموویانەوە ئەوە روون دەبێتەوە كە ئەم پۆلە هەڵبژاردەی خوا، بە دڵ و دەرونیان، بە قەناعەتیان، بە هەست و هۆشی بەرفراوانیان، بە هەموو كیان و بوونیان پەییان بە یەكخواناسی و

خوابەیەکناسین و یەکخواوویستی دەبردو دەیانزانی کە ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە لە پێناویدا هەڵبژێرراون، هەستیان بەوەش دەکرد کە هەموویان وەك یەك و بەیەك تەرزی باس دەیانەوویست خەڵکی لێ شارەزا کەن..

جیهازی هەستیاری ئیمان:

ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ زیاد بوونی زانیاری و بەرفراوان بوونی ئیدراکی مرۆڤ، یاسای یەکبوونی ئەم گەردونەی بۆ روون دەبێتەوە، زانایانی مرۆڤایەتی گەیشتوونەتە پەی بردن بە یەکێتی پێکهاتە و یەکێتی بزووتن لە بوار و مەیدانە جیاوازەکانی ئەم گەردوونە بەرفراوانەدا، لە سنووری ژیری پێ شکانی خۆشیدا ئەوەی کەشف کردووە کە ئەتۆم بەردی بناغەی بنیاتی ئەم هەموو گەردوونەیە، مادەش کە لە ئەتۆمدا دەردەکەوێت بۆتە هێزی ئەم گەردوونە، ئەوە نەما کە خەڵکی وایان دەزانی پێکهاتەی هەموو شتێك جووتە، ئێستا ئاشکرا بووە کە بنج و بناغەی هەموو پێکهاتەیەك هەر ئەتۆمە، هەر ئەتۆمیشە کە دەبێتە ووزە. دیسان مرۆڤ گەیشتۆتە ئەوەی کە لە سنووری زانیاری خۆیدا بشزانێت کە ئەتۆم لە ناوەوەی خۆیدا لە بزوتن و جموجوڵێکی بەردەوامدایە، چونکە لە ناوەڕاستی ئەتۆمەکەدا ناوك هەیەو بە دەوری ناوکیشدا ئەلیکترۆن دەگەڕێت، وەکو فریدالدین العطار دەڵێت: ئەلیکترۆنەکان وەکو ئەستێرەی دەوری خۆرێکن کە بەردەوام بەدەوریدا خول دەخۆن. وەکو خۆرەکەی خۆمان کە ئەستێرەکان بە دەوریدا دێن و دەچن.

یەکێتی پێکهاتەو یەکێتی بزووتن لەم گەردوونەدا ئەو دوو دیاردەیەن کە مرۆڤ کەشفی کردوون، هەردووکیان ئاماژەیەکی دووری یاسای یەکبوونە گشتگیرە گەورەکەن، کە ئەمرۆ وا مرۆڤایەتی بە رادەی توانایی تێبینی و تەجروبەی مرۆڤیانەی خۆی گەیشتۆتە ئەو پلەیەی دەرك کردنی.. ئەمما تەبیعەتە تایبەتیەکەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت هەر هەموو ئەم ڕێساو یاسا گشتگیرو گەورەیەی گەردوونی لە ساتێکی چاوتروکاندا دەرك پێ کرد.

چونکە ئەو تەبیعەتە تایبەتە لە وەرگرتنە راستەوخۆکەشیدا تایبەت بوو، لە توانای وەرگرتنیشیدا هەر تایبەت بوو..

ئەو ئیدراك و پەی پێ بردنەی پێغەمبەرانی خوا لە رێی لێکۆڵینەوەی زانستی و تەجروبەی خۆیان یا هی مرۆڤایەتییەوە نەبووە، بەڵکو ئەوان جیهازێکی هەستیاری کامڵی راستەوخۆی ئیمانیان پێ بەخشرا بوو، بۆیە هەر راستەوخۆو یەکسەر ئیستیعابی ئەو یەکێتی پێکهات و یەکێتی بزوتنەوەی گەردوونییەیان دەکرد، بۆیە زیاترو زووتریش لە هەموو کەسێکی دی هەستیان بەوە دەکرد کە ئەم یەکێتی پێکهاتە هەر لە یەك ئاڕاستەشەوە دێت، ئاڕاستەی پێکهاتن و فەرمانی جووڵەو بزووتن هەر لەیەك سەرچاوەوە دێت..

ئەم جیهازە هەستیارە خواییەی لەو تەبیعەتە تایبەتییانەدا تەرکیب کرابوو، لە هەموو ئامێرو ئالیەتێکی تر وردترو گشتگیر ترو تەواوتر بوو، چونکە لە سات و ئانی چاوتروکاندا پەی بەو یەکێتی سەرچاوەی ئاڕاستە دەبرد کە لە پشت پێکهاتەو بزووتنەوەکانەوەن، هەر زۆر خێراو موتەکامیل درکی بەوە دەکرد کە لە پشت هەموو بزوتنەوەکانەوە، لە پشت هەموو رووداوەکانەوە، لە پشت هەموو یاساو رێسا گەردوونیەکانەوە یەك سەرچاوە هەیەو سەرچاوەکەش هەر یەکەو هاوتای نییە بۆیە لە هەموو کەسێکیش خێراترو چاکترو قوڵتر باوەڕیان بە خوابەیەکناسین (تەوحید)ی خوای کردگارو پەروەرگارو دەسەڵاتدار هێنابوو..

وە نەبێت من کە ئێستا باسی ئەو دوو دیاردەی یان زیاترەی یەکێتی پێکهاتەی گەردوونە کەشف کراوەکەی بەردەستی مرۆڤایەتی دەکەم لەبەر ئەوە بێت کە زانستی ئەمڕۆ سەلماندوونی! نا چونکە زانستی لە مەیدانی خۆیدا دەتوانێت شت بسەلمێنێت یا نەفی کات، هەموو ئەو (حەقیقەت)انەش کە زانست دەیانگاتێ شتێکی رێژەیی پێبەستن! مومکینیش نییە هەتا هەتایە بە رێگای تەجریبی خۆی

بگاتە کۆتایی حەقیقەتێکی تەواو، چ جای ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە تیۆرە زانستییەکانی شایەتی چۆنیەتی حەقیقەتێکی گەردوونی وا بدات، جاری وا هەیە تیۆرێکی (زانستی) شتێك دەڵێت، تیۆرێکی (زانستی) تر بە درۆی دەخاتەوە! یان بۆی راست دەکاتەوە.. من کە باسی یەکێتی پێکهاتەی گەردوون و یەکێتی بزووتنەوەکانیم کرد، لەبەر ئەوە نەبوو تا راستی ئیدراك و پەی پێ بردنەکەی پێغەمبەرانیان پێ بەراورد کەم! نەخێر، مەبەستی من ئەوە بوو کە ئاماژە بە سەرچاوەی وەرگرتنی وەحیەکە بکەم، تا دیدێکی روون و بیرێکی بەرفراوانی واقیعی و تێگەیشتنێکی تەواوو گشتگیرو سەرراستانەمان دەربارەی حەقیقەتی بوون و گەردوون و مرۆڤ لا دروست ببێت..

لەوانەیە زانستی ئەمڕۆ درکی بە هەندێك دیاردەی گەردوونی کردبێت لەوانەی پەیوەندییان بە حەقیقەتی یەکێتی پێکهاتەکەوە هەیە ئەو یەکێتییەی وەکو بوونە بەرفراوانە گشتگیرە راستەوخۆکەی خۆی چوو بووە چوارچێوەی ئیدراك و ئیستیعابی پێغەمبەرانەوە سەلامی خوایان لێبێت کە بەتەبیعەتە تایبەتییە خواپێداوەکەی خۆیان، پەییان بە تەواوی دیمەن ووێنەو روداوەکانیی ئەو حەقیقەتە بردبوو، ئیدی ئەمە زانست دەتوانێت بیسەلمێنێت یان ناتوانێت.. زانست باوەڕی پێیەتی یان پێی نییە پەی بە هەمووی بردووە یان نا، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە، چونکە تیۆرییە زانستییەکان خۆیان جارێ جێی باس و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستین، چونکە هێشتا تیۆرە زانستییەکان جێگیر نەبوون، نەشگەیشتوونەتە کۆتا بڕیار، بۆیە زانست ناشێت بکرێتە پێوەری راست و دروستی پەیامی خوایی، چونکە دەبێت پێوەرو تەرازووی پێوان و کێشان خۆیان نەگۆڕو جێگیربن، رەها بن و گەیشتبنە ئاستی کۆتایی حەقیقەت. لەبەر ئەمانەیە کە حەتمەن دەبێت پێوەر پەیامی خوایی بێت نەك شتی تر، دەبێت بڕیاری کۆتا فەرمانی خوایی بێت، چونکە نەگۆرەو بێ هاوتایە لەمەشەوە حەقیقەتێکی تری زۆر گرنگ دێتە کایەوە..

تەنها ئەم تەبیعەتە تایبەتییە خواپێداوانەی ڕاستەوخۆ بە ڕێسای پێکهاتەی گەردوون و بوونەوەرەوە پەیوەستن، مافی ئەوەیان هەیە نەخشەی ڕێی مرۆڤایەتی دارێژن و ڕێبازو ئاڕاستەی ژیانیان دیاری کەن. چونکە ئەوەی ئەوان دیاری دەکەن و نیشانی دەدەن لەگەڵ هەموو ڕێسا نەگۆڕەکانی تری پێکهاتەی بوون و چۆنیەتی بزوتنەوە گەردوونیەکان یەك دەگرنەوە، بە مانایەکی تر: چونکە گەردوون پەیامی بەربڵاوی پەیامی پێغەمبەرانە، ئەو ڕێبازو بەرنامەی ئەوانیش دایدەڕێژن گەردوونێکی نوسراوەیە چونکە سەرچاوەی پێکهاتن و فەرمانی بزاڤی هەردووکیان هەر یەکە.. ئەمەی ئەمان دەیکەنە ڕێبازو بەرنامەی مرۆڤایەتی وەحی خوایەو بە هەڵەدا ناچێت، گومڕا نابێت، سەری لێ تێك ناچێت، درۆ ناکات، ناشارێتەوە، بەربەستەکانی ماهییەت و کات وشوێن کار لە هیچ حەقیقەتێکی ناکەن. چونکە وەحییەو لە خواوە هاتووە، وەحییەو پەیوەندی نە بە کاتەوە هەیە نە بە شوێنەوە..

بەرنامەی ژیان و ڕێبازی خەبات و حەقیقەتی گەردوون:

وویستی خوای کردگار وا بوو کە هەر ناوبەناو پێغەمبەرانی خۆی بۆ کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بنێرێت، تا ئەم مرۆڤایەتییە هەمیشە بە حەقیقەتە ڕەهاکەوە پەیوەست بێتەوە ئەو حەقیقەتەی کە دوای سەدان سەدەی لێکۆڵینەوەو سەرنجدان ئیدراکی بەشێکی کەمیان لێ کردووە، کە موممکین نییە لە ڕێی بیرو دیدو سەرنج و تەجروبەی خۆیانەوە هەتا هەتایە بگەنە هەموو حەقیقەتەکە، دروستی و سەلامەتی ئەو پەیوەست بوونەش بەوە دەبێت کە هەنگاوەکانیان لەگەڵ هەنگاوەکانی گەردووندا هەڵ بێننەوە تا بزاڤ و جموجوڵیشیان لەگەڵ بزوتنەوەی گەردووندا بسازێت، تا سروشت و فیترەتی مەخلوقێتی خۆیان لەگەڵ سروشتی ئەم گەردوونە بەرفراوانەدا یەك بگرێتەوە..

لەم روانگەوە بوو کە دەبوو هەر یەك سەرچاوە هەبێت کە مرۆڤ دیدی راست و روون و ئایدیۆلۆژییەکی موتەکامیلی گشتگیرو پڕاوپڕی حەقیقەتی بونەوەری وای لێوە وەرگرن کە پڕاوپڕ گشتگیری کیان و بوونی مرۆڤ خۆیەتی. کە مرۆڤەکان بەرەو ئەو ئامانجە دەبات کە بۆی خولقێنراون، بۆ ئەو مەبەستانەیان دەخاتە کار کە مرۆڤایەتییان بۆ هێنراوەتە کایەوە. لەم دیدەوە، لەم روانگەوەیە کە دەبێت پەی بەوە ببرێت کە رێبازی راستی خەبات و بەرنامەی دروستی ژیانی مرۆڤایەتی هەر دەبێت لە خواوە بێت، چونکە ئەو کاتە ووردەکارییەکانی ئەو رێبازو بەرنامەیە لەگەڵ نەخشەکارییە ووردەکەی گەردووندا یەك دەگرنەوە، لەگەڵ بزوتنەوە فیزیکییەکەی گەردوونیشدا دەسازێن و روو لەو ئاڕاستەش دەکەن کە خوای هەمووان، ئاماژەیان پێ دەکات کە بۆی بڕۆن. ئەو ساتە هەموو خەڵکەکە لەو تەسلیم بوون و گوێڕایەڵی (سیلم)ەدا دەبن کە خوای گەورە داوای لە هەموان کردووە وەری بگرن: (یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ کَآفَّةً) البقرة/٢٠٨ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە هەمووتان تەسلیم بە خوای گەورە بن و گوێڕایەڵی ئەو بکەن. چونکە ئەم خۆ تەسلیم کردنە گونجانە لەگەڵ گەردوون گونجانە لەگەڵ سروشتی مرۆڤێتی خۆیان کە هەر وەکو سروشتی مەخلوقێتی گەردوونە، بەمەش هەموویان ئاشتی لەگەڵ یەکتر دروست دەکەن، چونکە لە هەموو هەڵس و کەوتێکی ژیان و چالاکی و گەشەو نەش و نمایەکی فیزیکی خۆیان و هێزی بیرو دەسەڵاتیاندا ئاشتییانە بۆ ئەو ئاستە بەرز دەبنەوە کە دەبێت لە ژیانی دنیایی خۆیاندا بیگەنێ.

هەر یەك سەرچاوەی گەڕانەوەو لێ وەرگرتن هەیە، غەیری ئەو هەمووی گومڕاییەو سەرگەردانی و پشێوییە، یەکەمیان رەوایەو غەیری ئەو باتڵە، چونکە پەیوەستییان بە سەرچاوەی یەکەمەوە نییە ئەو هۆکارو شێوازانەی ئیدراك و پەی بردن کە بەگشتی مرۆڤ بەخشراوە سنوردارن، هی ئەوە نین سەربەخۆ مرۆڤ بگەێننە ئیدراکی حەقیقەتە گەورەکەی گەردون و بوون، کەم و کورتن، هەر بۆ ئەوە بەم مرۆڤە بەخشراون تا بە رەنجی خۆشی هەندێك لە حەقیقەت و

ڕێسای گەردوونی و تواناو ووزەی خودی مرۆڤ خۆی کەشف بکات بەو رادەیەی کە بۆ خیلافەت و ئاوەدان کردنەوەی سەرزەمین پێویستێتی، کە بۆ پێشخستنی ژیانی دنیاو گەشەو نەش و نمای بیرو دیدی خەڵکی پێویستێتی، بۆیە لەوانەیە لەم رووەوەو هەنگاوی باش هەڵهێنێتەوەو چەندەها قۆناغی چاك پێش کەوێت، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ئەم هەنگاوو قۆناغانە نایگەیێننە ئیدراکی کەنارێکی ئەو حەقیقەتە گەورەیەی بوون کە شیاوی دیاری کردنی ڕێبازی خەبات و داڕشتنی بەرنامەی ژیانی کەن! ڕێباز دیاری کردن و بەرنامە داڕشتن نابێت بە گوێرەی بارودۆخی نائاسایی و حاڵەتی کتوپڕی بێت، بەڵکو حەتمەن دەبێت بە پێی کۆمەڵێك ئاڕاستەو ئامۆژگاری وا بێت کە دواتر لەگەڵ ئەو پێکهاتەی سیستم و چۆنیەتی بزاڤی گەردوونەدا یەکاندگیر ببنەوە کە بوونی گەردوون و ژیان و مرۆڤی لەسەر دامەزراوە، بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە گەورەیەش بن کە گەردون و ژیان و مرۆڤایەتییەکە بۆ هێنانەدی ئەو دروست کراون.. ئەو ئامانجە گەوەرەیەی کە کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤەکە دیوێتی و دوور لە کاریگەری کات و شوێن و ئاتاجیی دیاری کردووە، کە بە بێ هیچ گومان و دڵە راوکەیەك ئەم مرۆڤە سنووردارە نەزانەی هەمیشە وا لە ژێر کاریگەری کات و شوێن و ئاتاجیی خۆیدا، پەی پێ نابات و ئیدراکی هەموو گۆشەو کەنارێکی ناکات..

ئەو کەسەی بەرنامە گەشتی ڕێیەك دیاری دیاری دەکات، دەبێت هەر ئەو کەسە بێت کە شارەزای هەموو ڕێگاکەیە. مادام مرۆڤیش بەپێی سروشتی خۆی ڕێگای هەموو ژیان شارەزا نییەو سەدان و هەزاران نیشانەی ڕێناسینی لێ شاراوەیە، تەنانەت نزیکترین ساتی داهاتووشی لەبەر چاو نیەو چەندین بەربەستی لەڕێدایە چۆن دەتوانێت ڕێبازی خەبات و بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی داڕێژێت؟! هەر وەك ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بەرنامەیەکی پاك و پوخت و رەوا بۆ گەشتی ڕێگایەك دیاری بکات کە خۆی هیچ شتێك دەربارەی ئەو ڕێگایە

نازانێت، کەوابوو ناشزانێت و ناتوانێت و مافی ئەوەشی نییە ڕێبازی خەبات و بەرنامەی ژیانی خەڵکی دیاری بکات. لەبەر ئەمەیە کە دەڵێین یان دەبێ مرۆڤایەتی بکەوێتە گومڕایی و سەرگەردانی و لارووێریەوە، یان دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕێبازو بەرنامەکەی خوای گەورە. ئەو ڕێبازو بەرنامەیەی کە لە خوای کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤەوە هاتووە.

پەیامەکانی خوای پەروەردگاری یەك بە دووی یەکدا هاتن و چوون، هەر یەکەیان دەستی مرۆڤایەتی دەگرت و بەسەر ڕێبازی دروست و ڕێنمایی نووری خوادا بەرەو خواوویستیان بەرز دەکردنەوە، گەرچی ئەم مرۆڤایەتییە بەدبەختەش هەر نابینا خۆی رادەپسکاندو لە رێ لای دەدایەوە! دەکەوتەوە سەر بەرنامەکانی جاهیلییەت و گوێی خۆی لە ئامۆژگاری کاروانچییە شارەزاکان دەئاخنییەوە! هەر وا بەو سەرپێچی و یاخی بوونەوە دەکەوتەوە زوڵم و ناڕەوایی تا دیسان کاروانچییەکی تری دڵسۆزی بۆ دەهاتەوەو دەیگێڕایەوە سەر راستە ڕێبازی خواوویستی و دادی کۆمەڵایەتییەکەی.. لەگەڵ هەر پێغەمبەرێکی ئازیزو پەیامی قۆناغێکی نوێدا لایەکی نوێی حەقیقەتە گەورەکەی گەردوونی ئاسانتر بە گوێرەی بوونی بۆ رۆشن دەبۆوە تا ئیدی کۆتا پەیامی خواوویستی بۆ هات، تا لە زەمانی روشدی ژیری مرۆڤایەتییدا بیدوێنێت، ئەم پەیامە کۆتاییە ژیری مرۆڤ دێنێتە دوواندن، تا هەموو حەقیقەتەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤی بە تەواوی پێ بناسێنێت، بۆ ئەوەی ئیتر دەرکیان پێ بکات و ئەقڵی بەوە بشکێت کە دەبێت لەگەڵ ئەواندا پێ هەڵگرێت، ئەم کۆتا پەیامە، ئەم حەقیقەتە رەهایانەی گەردوون و ژیان و مرۆڤیشی ئەوەندە جوان بۆ ئەم مرۆڤە روون کردۆتەوە کە ئیدی پێویستی بە پەیامێکی دی نامێنێت لە دوای ئەم بۆ رۆشن کردنەوەی زیاترو پێناساندنی زیاتری گەردوون و ژیان و مرۆڤ بێت، ئەوانەی پەیامەکە روون دەکەنەوەو ئایەتەکانی لێك دەدەنەوە تا رۆژی قیامەت، بەسن..

پاشان: یان ئەوەیە مرۆڤایەتی دەبێت لەم چوارچێوە بەرفراوانەدا بجولێت، کە بواری تەواوی هەیەو دەتوانێت بە راقیترین شێوە داهێنانی خۆی و چالاکی

نویٚ کردنەوەی خوٚی بخاتە روو، بە شێوەیەکیش کە دەتوانێت بەردەوام بە حەقیقەتە گەورەکانی گەردوونەوە پەیوەستیان بکاتەوە، تەنها لەم رێیەشەوە دەتوانێت پەیوەست بێتەوە نەك لە رێی ترەوە، یان ئەوەیە لە ئاڕاستەی ئەم پەیامەش خوٚی راپسکێنێت و لە کوٚتا رێبازی خوایی لادات و بڕوات بوٚ خوٚی سەرگەردانانە رێکات وویٚل و گومڕایانە دوور لە هەموو مەشخەڵێکی خواوویستی هەنگاوی کوێرانە بنێت!

مەنزیلەی پێغەمبەران:

خوای گەورە کە فەرمووی:

(تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ) البقرة/٢٥٣

واتە:ئەو نێرراوانەی خوا (کە پێشتر باسی فەرموون) رێزو پلەی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، هەیانە خوای گەورە راستەخوٚ لەگەڵیدا دواوەو پلەو پایەی هەندێکی تریانی بەرز کرددوٚتەوە، چەندین بەڵگەو نیشانەی روونی پێغەمبەرێتیمان بە عیسای کوڕی مەریەم بەخشی و لایەنگریشی بووین و بە جوبرەئیلیش پشتیوانیمان لیٚ دەکرد..

ئەم ئایەتە چیروٚکی هەموو پێغەمبەرو پەیامەکانیانی لە خوٚ گرتووە هەروەها وەسفی تایبەتی کوٚمەڵی پێغەمبەران دەکات و ئەو سیفەتە جویٚیانەی کە لە خەڵکی ئاسایی پێی جویٚ دەکرێنەوە، هەر لەسەرەتاوە ئایەتەکە ئەوە باس دەکات کە خوای گەورەیە کە هەندێك پێغەمبەری لە هەندێکی تریان پایەدار تر کردووەو پلەیەکی بەرزتری پیٚ بەخشیووە، ئینجا هەندێك نیشانەو دیمەن باس دەکات، ئەو پلەو پایە باس کراوانەیان لەوانەیە دەربارەی ئەو کەش و دەورو

بەرەیانەوە بووبێت کە بە دەوریانەوە بووە، کە کارتێکردنی لەسەر چۆنیەتی بانگەوازەکەیان و شوێن کەوتوانیان هەبووە، وەکو ئەوەی یەکێکیان پێغەمبەرێك بێت و بۆ تیرەو هۆزێك نێررا بێت، یان نێرراوی ئوممەتێك بووبێت، یان نێرراوی نەوەیەك، یان پێغەمبەری هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی بووە.. هەروەها ئەو پلەو پایەیە لەوانەیە دەربارەی ئیمتیازاتێك بووبێت کە بە تایبەت بە یەکێکیان درا بێت، یان بە ئوممەتە موسوڵمانەکەی درا بێت.. یان ئەو پلەو پایەیە لەوانەیە پەیوەندی بە خودی پەیامەکانیانەوە بێت، وەك ئەوەی پەیامی یەکێکیان لە هی ئەوانی پێشتر گشتگیر تر بێت و هەموو لایەنەکانی دیدو ژیانی خەڵکی بگرێتەوە..

دەقی ئەم ئایەتە لێرەدا دوو نمونەی سەییدنا موساو عیسای هێناوەتەوە سەلامی خوایان لێبێت ئینجا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی بەوانی تر کردووە: (مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ)..

خوای گەورە کە باسی یەکێك لە قورئاندا دەفەرموێ کە لەگەڵیدا دوابێت، یەکسەر هۆش دەڕوات بۆ سەییدنا موسا، بۆیە پێویست ناکات ناوی بهێنێت! کە ناوی سەییدنا عیساش دەهێنێت یەکسەر ناوی دایکی دەبات، حیکمەتی ئەمەش ڕۆشنە.. کاتێك قورئان دەهاتە خوارەوە ئەفسانەگەلێك دەربارەی سەییدنا عیساو دایکی هەبوون، کۆمەڵێك قسەو قسەڵۆك هەبوون کە گوایە نەعوذوبیللا کوڕی خوایە! یان دەربارەی ئەوەی کە ژیانی پیرۆزی ئەو دوو لایەنی لاهوت و ناسوت (بەشەریی و خوایی) تێدایە! یان گوایە سروشتێکی خوایەتی هەبووە کە لە سروشتە بەشەرییەکەیدا تواوەتەوە! هەر وەکو خوێ لە ئاودا دەتوێتەوە! زۆر داستان و چیرۆك و ئەفسانەی تر کە کەنیسەکان کۆڕی هەموو کۆمەڵگەیەکیان پێ گەرم و سەرگەرم کردبوو! ئینجا بوو بوو بە موناقەشەیەکی زۆر دژوار کە هەزارانی لەسەر کوژرابوو، ڕوباری خوێنی لە دەوڵەتی ڕۆمانیدا لەسەر هەستابوو! ئینجا دەبوو ئاوا قورئان ڕاستی سەییدنا عیسا ڕوون کاتەوەو

بەشەرێتی ئەو زاتە بسەلمێنێت و هەمیشە بە ناوی دایکیەوە ناوی بهێنێت، ئەمما روح القدس ئەوە قورئان روونی کردۆتەوە کە مەبەستی لەوە جوبرائیلە سەلامی خوای لێبێت کە وەحی بۆ پێغەمبەران دەهێنا..

ئەمەش گەورەترین لایەنگیریی خوایی بوو، بەو ئاماژە خواییە ئەو بەرپرسێتی و پلەو پایەی پێشەوایەتیە بۆ ئەو پێغەمبەرە بەرێزانە لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا چەسپا، رۆڵی گەورەی ئەوان لای خۆیان و لای خەڵکیش روون بووە، ئەوەش چەسپا کە ئەوە هەر خوای گەورەیە کە ئەو بەرێزانە پایەدار دەکات و جێ و رێیان بۆ دیاری دەکات و دەشیان پارێزێت، ئەو دەستی بە باڵایەنەوەیە تا ئەو رێ دوورو سەختەی بانگەوازی خوایی ببڕن، هەر ئەویشە کە هێمنی وئاسودەیی ودابین بوون و خۆگرییان پێ دەبەخشێت، هەر خوایە کە لە کاتی نارەحەتی و قووڵ بوونەوەی کەندو کۆسپی سەر رێیاندا پشتیان دەگرێت و دڵنەواییان دەکات و هاتنیان دەداتەوە بۆ ئارامگریی و بەردەوام بوون.. ئەمانە هەمووی ئەو لایەنگیریی و پشتیوانیەیە کە ئایەتەکە باسی دەکات (وَأَيَّدْنَاهُ).. ئەمما بەڵگەو نیشانەکان (الْبَيِّنَاتِ) کە بە سەییدنا عیسای سەلامی خوای لێبێت بەخشی ئەوە زۆرن لەوانە ئینجیل کە بۆی ناردە خوارەوە، هەروەها ئەو موعجیزانەی تریش کە بریتی بوون لە دەیان کاری نائاسایی کە لەسەر دەستی پیرۆزی رووی دەدا، کە لە زۆر شوێنی قورئاندا بۆ بە راست ناساندنی خۆی و پەیامەکەی باسی فەرموون وەکو: (وَرَسُولاً إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللّهِ وَأُبْرِىءُ الأكْمَهَ والأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) آل عمران/٤٩ واتە: سەییدنا عیسا بە بەنو ئیسرائیلیەکانی فەرموو کە من نێرراوێکی خوای گەورەم و بۆ ئێوە هاتووم، بە دڵنیاییەوە من بەڵگەو نیشانەی بەهێزم لە خوای خۆتانەوە بۆ

هێناون: من لە قوڕ شێوەی باڵندەتان بۆ دروست دەکەم و لەبەرچاوتان فووی پێدا دەکەم بە فەرمانی خوای گەورە دەبێتە باڵندەی راستی! من کوێری زگماك و گەڕی و گولیی و بەڵەکی زگماکتان بۆ چاك دەکەمەوە، بە وویست و ئیرادەو مۆڵەتی خوای گەورەش مردووتان بۆ زیندوو دەکەمەوە! هەواڵی ئەو شتانەشتان پێ رادەگەیەنم کە لە ماڵەوە دەیخۆن یان هەڵی دەگرن و لە گەنجینەی دەکەن! بە راستی ئەمانە نیشانەو بەڵگەی گەورەیی خواو راستی پێغەمبەرایەتیەکەی منە ئەگەر راست دەکەن و باوەڕیش دەهێنن..

دەقی ئەم ئایەتە لێرەدا ناوی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناهێنێت، چونکە ناوەرۆکی ئایەتەکەی ئێرەو ئەوانی برگەکە ئاراستەی سەییدنا محمد خۆی کراوە، بە بەڵگەی ئایەتەکانی پێشترو پاشتری ئەم، وەکو: (تِلْكَ آيَاتُ اللّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ ...) باسەکە باسی پێغەمبەرە بەڕێزەکانەو بۆ ئەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرێت.

کە تەماشای پلەو پایەو مەنزیلەی پێغەمبەرانی بەڕێز سەلامی خوایان لێبێت دەکەین دەبینین لە هەموو لایەنەکانەوە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە لوتکەدایە، جا لەو لایەنەوە سەیر کەین کە پەیامەکەی گشتگیرەو هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو نەوەکانیدا گرتۆتەوە، یان لە لایەنی ئەو کۆمەڵگەی لێوە دەرکەوت و ئەو ئوممەتە زۆرەی باوەڕی پێ هێناوە، ئەنجامەکە هەر نەگۆڕەو مەنزیلەی ئەو لە هەموو لایەکەوە شایانی پلەی بەرزی خواییە..



ئیسلام حەقیقەتی یەکبوونی گەردوونە:

ئیسلام تەواوترین دەربڕی دیدی حەقیقەتی یەکبوونی خوای پەروەردگارە، لە هەموو حەقیقەتەکانی گەردووندا ئیسلام لە هەموویان مەزنترو روونترە، چونکە وویستی ئەو کردگارەیە کە هیچ شتێك لە وێنەی ئەو نیە، ئیسلام وویستی خوایەو حەقیقەتی ئەو فەرمانە خواییەیە کە فەرموویەتی: (كُنْ) واتە ببە! ئەم بونەوەرەش لە وویستی ئەو (كُنْ فَيَكُوْن)ەوە هاتووە، کە بۆتە ئەو رێسایەی حوکمی هەموو یەکبوونی گەردوون دەکات، لە یەکبوونی سێلێکی سادەوە تا یەکبوونی مرۆڤێکی تەواو! هەروەها یەکبوونی هەر هەموو مرۆڤایەتی، هەر لە ئادەمەوە علیە السلام هەتا کۆتا زارۆك و وەچەی ئەو لەسەر ئەم زەمینەدا! هەروەها یەکبوونی دین و بەرنامە خواوویستیەکەی خوای گەورە کە بۆ قۆناغ بە قۆناغی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاتووە هەروەها یەکبوونی دەستەی پێغەمبەران کە ئەم دینەیان لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا وەك یەك دەگەیاند! دیسان یەکبوونی ئوممەتە موسوڵمانەکەی کە وەدەم بانگەوازی ئەوانەوە لە کات و شونێ جیاوازدا هاتووە! دیسان یەکبوونی جۆرو شێوازی ئەو چالاکیە مرۆڤییانەی بۆ خواو بەرەو خوا دەچێت کە ناوی (خواپەرستی)! لێ نراوە.. ئینجا یەکبوونی دنیاو ئاخیرەت! دوو ماڵەکەی سزاو پاداشت! ئیتر بڕۆ بۆ یەکبوونی ئەو بەرنامەش کە خوای گەورە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی داناوەو غەیری ئەویان لێ قبووڵ ناکات! تا دەگاتەوە یەکبوونی ئەو سەرچاوەیەی کە دیدو تێڕوانین و پێناسەو بەرنامەی هەموو لایەنەکانی ژیانیانی لێوە وەردەگرن..

کیانی پیرۆزی محمد بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە توانی وەڵامی حەقیقەتی ئەو یەکبوونە مەزنە بداتەوەو تەحەمووڵی کات! هەر وەکو کە ژیری کامڵی ئەو بوو کە توانی ئەو دیدو تێڕوانینە تەواوە ئیستیعاب بکات و هەم لە خۆی بگرێت و هەم بیدرەوشێنێتەوە! هەر کیانی پیرۆزی ئەویش بوو توانی ئەو حەقیقەتە

خواییەی (كُنْ فَيَكُوْن)ە لە ژیانی خۆیدا لە واقیعێکی هەست پێکراوو بەرجەستەدا بۆ خەڵکی بخاتەوە روو.!! ئاخر بۆیە ئەو زاتە پیرۆزە شایانی ئەوە بوو کە ببێتە پێغەمبەری هەر هەموو مرۆڤایەتی، هەر لەو رۆژەوەی خەڵاتی پێغەمبەرایەتی درایە تا ئەو رۆژەی خوای گەورەو کارجوان کۆتایی بە ژیان دەهێنێت وسەرلەنوێ مرۆڤایەتی بۆ ژیانەوەیەکی دیکە دەخوڵقێنێتەوە.. ئەو پێغەمبەرە نێو نەتەوەییەی پەیامەکەی ئیعتیمادی کردە سەر پەی پێبردن و درکی مرۆڤایەتی پێی بێ ئەوەی دوچاری تین و فشار بکرێت، تەنانەت بێ ئەوەی ناچاری موعجیزەی ماددی ناسایش بکرێت، ئەو پەیامەی کە بە هاتنی، بووە نیشانەی قۆناغی باڵغێتی مرۆڤایەتی..

ئاخر بۆیە بووە کۆتا پێغەمبەرو نێرراوی خوای گەورە، بۆیە پەیامەکەشی بووە کۆتا پەیامی خوایی، بۆیە بە کۆتایی تەمەنی پیرۆزی ئەو وەحی بڕاو وەستا! چونکە لە دینەکەی ئەودا، لە پەیامەکەی ئەودا نەخشەو خانە بە خانەی ئەو یەکبوونە گەردونیە گەورەیە روون کرابۆوە.. پەیامەکەی ئەو، راگەیاندنێکی جیهانی بوو کە خەڵکینە ئەوا ئەو بەرنامە بەرفراوانە گشتگیرەتان بۆ هات کە هەر هەموو لایەنەکانی چالاکی و ووزەو وورەتان دەگرێتە خۆو بۆ بەختەوەریی و ئاسودەیی خۆتان لە چوار چێوەی خۆیدا دەیخاتەوە گەڕ، خاڵە سەرەکیەکانی بەرنامەکە بە تەواوی ریزبەند کران و ئەوی ماوەتەوە ووردەکاریەکان و لێکدانەوە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤایەتی خۆیین کە ژیریی مرۆڤەکان خۆیان دەتوانن تەفسیلاتی لەبەر رۆشنایی خاڵە سەرەکیەکانی بەرنامەکەی خوادا بۆ ئاڕاستەی ژیانی رۆژانەیان بدەنێ! ئیدی پێویستیان بە دینێکی دیکە نەماوە..

ئەو خوای کردگارەی کە مرۆڤایەتیەکەی دروست کردووە دەیزانی مرۆڤ کێیەو چی دەوێت؟! دەیزانی چیش دەکەن و چۆنیش راست دەکرێنەوە؟! بۆیە زانی بەرنامەکەی خۆییان چۆن بۆ دابڕێژێت؟! بە شێوەیەکی وا کە هەموو کونج و کەنارێکی ژیانی دنیایان لە هەموو کات و شوێنێکدا بگرێتەوە.. خوای گەورە ئاسوودەیی مرۆڤایەتی دەویست بۆیە ئەم پەیامەشی ئاوا بەو خاڵە سەرەکیانەی

دیدو تێڕوانین و پێناسەی حەقیقەتەکانەوە بۆ ناردن تا یارمەتی گەشەو نەشونماو پەرەپێدانی ژیانی دنیاو ئاخیرەتیانی پێ بکات و بەختەوەری هەردوو دونیایان بکات پێی.. ئاخر لەبەر ئەوەیە کە هەر مرۆڤێك وا بزانێت کە ئەو شارەزاترە وەك لە خوای کارزان، ئەو زیاتر پەی بە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبات وەك لە خوای کردگارو داناو بە توانا، یان وا بزانێت ئەم پەیامە خواییە هی ئەوە نەماوە بۆ ژیانی پێشکەوتووی سەردەمی نوێ بگونجێت، یان وا بزانێت ئەو دەتوانێت بەرنامەیەکی جوانترو چاکتر لەوەی خوای کارجوان بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابڕێژێت، حەتمەن ئەو کەسە کافرە، کافرێکی موتڵەق، هیچ گومان و دوودڵ و ڕاڕاییەکیش لە حوکمی بە کافردانانیدا نامێنێت، ئەو کەسە نەك هەر کافری موتڵەقە بەڵکو خراپەکاری موتڵەقیشە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەکەی دەوروبەریشی! چونکە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی زەق و ڕاشکاوی بەرامبەر خوای گەورە نواندووەو ئیعلانی شەڕی بەرامبەر کردووە! دیسان ئیعلانی خراپەکاریشی بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە کردووە، کە خوای کردگارو پەروەردگارو کارزان پەیامی خێرو خۆشی و ئاسوودەیی بۆ ناردوون تا پیادەی کەن بەڵام ئەم ناهێڵێت.!! ئەم بەرنامە خواییەکەی خستۆتە کەنارەوەو ناهێڵێت باڵی ڕەحمەت و هێمنییەکەی بەسەر خەڵکیدا بکشێت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ ..) البقرة/٢١٣

واتە: ئینجا خوای گەورە پێغەمبەرانی بە مژدەو هۆشداریەوە ناردو کتێبی حەقی خۆی پێدا ناردن تا حوکمی ئەو خەڵکەی لە هەموو ناکۆکیەکی نێوانیاندا پێ بکەن.

پێویستە کەمێك بۆ سەرنجدان لەبەر دەم (الْحَقِّ)دا بوەستین.. چونکە حەق دەخاتە ئەو چوارچێوەیەوە کە پەیامی خوایی لە خۆی گرتووە، یەعنی حەق ئەوەیە کە لە پەیامی خوادایەو بەس.. ئەم حەقەش بۆیە هاتووە تا ببێتە حاکم و دادپەروەریی لە نێوان خەڵکیدا بەرقەرار کات، تا ببێتە ناوبژیوان و داوەری نێوان خەڵکی کە راجوێن، کە ناکۆکن لە گوفتارو رەفتاریاندا، یان لە دیدو بیرییاندا، یان لە بەهاو نەریت و پێوەرو کێشیاندا، چونکە حەق لە کتێبەکەی خوادا هەیەو بەس، هەر داوەرییەك لە نێوان خەڵکیدا دوور لەم حەقە خواییە بکرێت، یان هەر حوکمێك بێ ئەم حەقەی کە یەکەو فرەیی هەڵناگرێت بدرێت، یان مل لێنەنان و ملبادانی تێدا بکرێت یان تەسلیمی ئەو حەقە نەبێت، ژیان پارسەنگ نامێنێت، خەڵکەکەش لە راجوێیی و ناکۆکی ناو خۆیان رزگار نابن و کێشەکانیان کۆتایی نایات.. ئەمەش یەعنی بەرقەرار نەکردنی ئاشتی و هێمنی و ئاسوودەیی لەسەر زەمین و مانەوەی خەڵکی لە دڵەڕاوکێ و ترسی شەڕو شۆڕو پێکدادانداندا..

چەسپاندنی ئەم حەقیقەتە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە دیاری کردنی ئەو لایەنەی کە خەڵکی دەبێت بیروهۆش و دیدو تێڕوانین و یاساو رێسای لێوە وەرگرن، لە دیاری کردنی ئەو مەرجەعیەتەی کە دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوانیاندا بگەڕێنەوە سەر بڕیارو تەعلیماتەکانی. ئەم لایەنەش هەر یەکەو فرەیی هەڵناگرێت، ئەویش ئەو لایەنەیە کە کتێبە حەقەکەی خۆی ناردۆتە خوارەوە تا ببێتە حاکمی نێوان خەڵکی.. کتێبەکەشی لە

ئەسڵدا هەر یەکەو فرەیی هەڵناگرێت، هەر ئەوەیە کە هەموو پێغەمبەران لە یەك لایەنەوە هێناویانە، ئوممەتەکەش کە بۆتە شوێن کەوتووی هەر یەکێکیان هەر یەکە!!

ئەم دیدو بۆچوونەش یەکەو فرەیی هەڵناگرێت..

ڕێسای ئەم حەقیقەتە ئەوەیە کە خوا یەکەو پەروەردگار یەکەو پەرستراو یەکەو یاساوڕێسا دانەری هەر هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو قۆناغەکانی کات و شوێنیاندا هەر یەکە!! ئەمەیە ئەسڵ.. ئەمما تەفسیلات، ئەوە پاشان وەکو لق و چڵی بڕیار دێن بە گوێرەی پێداویستیەکانی ژیانی نەوەکانی مرۆڤ و پەیوەندیەکانیان دەبن. ئەمەش جار بۆ جارو قۆناغ بە قۆناغ هات تا گەیشتە ئیسلام کە بوو بە کۆتا چاپی تەعلیماتی یەك لایەنەکە! چونکە ئیسلام ڕێی بۆ مرۆڤایەتی خۆش کرد تا لەبوارێکی زۆر بەرفراوانی ژیاندا بێ هەبوونی بەربەست لە ژێر ئاڕاستەی خوداویستیدا گەشە بکات. تا بە سەرپەرشتی خوای پەروەردگار و بە پێی بەرنامەو پرۆگرامی شەریعەتە زیندووەکەی ئەو کە بەردەوام نوێ دەبێتەوە ژیانی خۆی دامەزرێنێت و بەڕێوەی ببات .

ئا ئەمەی قورئان دەیسەلمێنێت و بڕیاری بنبڕی خۆی لەسەر دەدات ئەو تیۆرە ئیسلامیەیە کە وەك ڕێبازو خەتی مەشی هەموو دینەکانی لەسەر هاتووە، دینی هەموو پێغەمبەرەکان سەلامی خوایان لێبێت هەر لە یەك ئەسڵەوە هاتوون، لە یەك زەمینەوە دەرچوون کە بریتیە لە تەوحید.. بەڵام دوای هەر پێغەمبەرێك ئینحیرافات دەستی پێ دەکردەوە، تا زەمانی پێغەمبەرە عەزیزەکەش دوور دەکەوتەوە دید لێڵی و بیدعەو ئەفسانە زیاتر مەیدانی بۆ خۆش دەبوو، بازاڕی گەرم دەبوو!! تا وایان لێ دەهات بە تەواوی لە ئەسڵە ڕاستەکە دوور دەکەوتنەوە، ئیدی پەیامێکی نوێ دەهات، تا عەقیدە ڕەسەنەکە لە مێشکی خەڵکیدا ڕاست

کاتەوە، تا دیدو بیریان لە پیس و چەپەڵی شیرك و تەمومژی بیدعەو ئەفسانە پاك کاتەوەو بە گوێرەی ژیانی نوێ و داهێنانی سەردەمیان بڕیاری یاساو رێسا نوێیان بۆ بداتەوە ئەم تیۆرە رەواترە خەڵکی شوێنی کەون وەك لەو تیۆریەی غەیرە موسوڵمان دەیڵێن کە گوایە عەقیدەو دین قۆناغ بە قۆناغ دامەزراوەو لە سادەییەوە بەرەو رەسەنێتی پێشبردی کردووە، کە جاری وا هەیە هەندێك لە موسوڵمانانیش بە بێ ئاگابوون دەکەونە ژێر کاریگەرێتیەکەی و ئەوانیش وەکو توێژەرەوە جاهیلییەکانی رۆژئاوا لە دووی ئەوە دەگەڕێن بزانن چۆن دین قۆناغ بە قۆناغ هاتووە!!

ئەم ئەسڵە نەگۆڕەی دیدی ئیمانی، زیاتر لەگەڵ ئەرکی ئەو کتێبەدا دەسازێت کە خوای گەورە بە حەق و حەقی پێدا ناردۆتە خوارەوە، تا حوکمی نێوان خەڵکی پێ بکرێت و ببێتە داوەری نێوانیان بۆ چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکانیان، لە هەموو سەردەمەکان و لەگەڵ هەموو پێغەمبەرێکیشدا..

هەر دەبوو تەرازوویەکی نەگۆڕ لەبەر دەستی خەڵکیدا هەبێت تا هەر کاتێك لە ناو خۆیاندا راجوێ و ناکۆك بوون خێرا بێنەوە لای و مافی هەر یەکەیانی پێ دیاری بکەنەوە.. هەر دەبوو دەستووری ناوبژیوان هەبێت تا خەڵکی لە ناوکۆییەکانیاندا بزانن چۆن پارسەنگ دەبنەوە، نەشدەکرا لایەنێکی تری غەیری سەرچاوەکەی یەکەم کە یەکەو فرەیی هەڵناگرێت ئەم تەرازوە دانێت، نەدەکرا غەیری ئەو کە یەکەو فرەیی هەڵناگرێت دەستورەکە داڕێژێت..چونکە ئەو حەکەمی دادپەروەرەو ناکەوێتە ژێر هەواو هەوەس و کورت و نوقسانی مرۆڤ و نەزانی و ئینفیعالاتەوە!

دیاری کردنی ئەو تەرازووەو چۆنیەتی و یاساو رێسای شەرع بە کەسێك ناکرێت کە زانیاریەکی سنوورداری هەبێت، داڕشتنی دەستورێکی ناوبژیوانی نێوان مرۆڤایەتی لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکیدا پێیویستی بە زانیاریەکی رەهاو بێ سنوور هەیە زانیاریەك کە پەی بەوانە ببات کە هەن کە هەبوون کە دەبن،

زانیاریەك كە پەیوەستی نە بە كاتەوە هەبێت نە بە شوێنەوە، زانیاریەك كە هیچ بەربەستێكی نەیەتە رێ، زانیاریەك كە ئیدراكی رابوردوو ئێستاو داهاتووی مرۆڤایەتی كردبێت، كە دڵنیایی و گومان و نەزانراوی لای خەڵكی لا نەبێت، زانیاریەك كە نەكەوێتە ژێر بەربەستی شوێن، نزیك و دوورو دیارو نادیار و هەست پێ كراو و هەست پێ نەكراوی لا نەبێت، ئەمەش زانیاری خوای كردگارە كە پەی بە هەموو شتێكی هەبوون دەبات و هەموو هەبوون پەی بە هیچ زانیارییەكی ئەو نابەن! بۆیە هەر ئەو دەزانێ حاڵی خەڵكیش بە چی چاك دەبێت و هاوكێشەكانی ژیانیان چۆن پارسەنگ رادەگیرێت..

دیاری كردنی ئەو تەرازووەو داڕشتنی ئەو دەستورە دیسان پێویستە لە یەكێكەوە بێت كە ئاتاج (موحتاج) نەبێت، لە كەم و كورتی بە دوور بێت، دیار نەمان و نەمانی بەسەردا نەیات، دووربێت لە تەماع و هەڵپەكاریی، لە حەزو ترس، بەرزتر لە هەر هەموو گەردوون بە هەرچی تێیدایەتی و بە هەر كەسێكەوە كە تێیدایەتی.. دیاری كردنی ئەو تەرازووە و دانانی پێویستی بە خوایەك هەیە، كە گیانی تۆڵەو هەواو هەوەس و حەزو لەزەتی نیە، كە لاوازو كەموكورت نیە، كە پەی بە هەموو پێداویستیەكانی هەر هەموو دروست كراوان لە یەك ئان و ساتدا دەبات.. ئەم تەرازووە، ئەم دەستورە پێویستی بە خوای كردگارو زانای ئاوا هەیە نەك بە ئەقڵی مرۆڤ كە لە زۆری و جۆراو جۆری و تێكچڕژاوی بارودۆخ و حاڵەتە جیاوازەكاندا سەری لێ دەشێوێت، لەگەڵ پێداویستیە نوێوەبووەكانی مرۆڤی جیاوازی كۆمەڵگە جیاوازەكاندا سەری دنیای لێ دێتەوە یەك و دەپەشۆكێت!

ناتوانێت بڕیاری شیاو بۆ حاڵەتی جۆراوجۆری ساتە جیاوازەكان لە یەك كاتدا بە پێی پێویست بدات، ژیریی مرۆڤ ناتوانێت ئەو تەرازووە دانێت كە ئەو خەڵكە لێك جوداو دوورە بۆ چارەسەری كێشە جیاوازەكان و ناكۆكی ململانێی حەزو

دەسەڵاتیان پێویستیانە بێنەوە سەری و پارسەنگانە مافی هەموویان دادپەروەرانە بداتەوە.. چونکە ژیریی خۆی دەکەوێتە چەوتی و راستیەوە، دەکەوێتە حەق و ناحەقەوە، دەکەوێتە ڕەواو ناڕەواییەوە بۆیە هەر دەبێت ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە پێی ئەو تەرازووە ڕاگیرێت کە خوای خاوەن، خوای کردگار، خوای کارزان و کارجوان بۆ مرۆڤایەتی دامەزراندووەو وەکو پەیامێکیش بە پێغەمبەرەکانیدا سەلامی خوایان لێبێت ناردوێتی ژیان ئاوا پارسەنگ دەبێت و خەڵکەکەش ئاوا بە مافی خۆیان دەگەن و لە ژیانیاندا ئاسوودە دەژین چونکە دەزانن خوایەکی بەبەزەیی و بە دەسەڵات و دادپەروەر حوکمی هەموویان دەکات و فەرق و جیاوازی ناخاتە نێوان کەسیان و واسیتەی کەس بۆ کەس لە ناهەقیدا قبووڵ ناکات..

ئەم کتێبە خواییە بۆ ئەوە نەهاتووە جیاوازی سروشتی نێوان خەڵکی یەکسان کات، یان حەزو ترس و ئامادەیی و چۆنیەتی و شێوازی جیاوازی خەڵکی لە قاڵبداو بیانکات بە یەك، چونکە ئەوە نامومکینە.. خوای گەورە خۆی وا لەو سیفەتانەدا بە جیاواز دروستی کردوون، بەڵام بۆ ئەوە هاتووە تا پێیان بڵێ بۆ چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوانتان وەرنەوە لای ئەم، تەنها لای ئەم، لەم حەقیقەتەشەوە حەقیقەتێکی تر دێتە گۆڕێ کە دیدی مێژوویی ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە کە ئەمەیە:

ئیسلام کە ئەم (کتێب)ەی کە خوای گەورە (حەق)ی تێداو پێدا بۆ حوکم کردنی خەڵکی ناردۆتە خوارەوە، بۆ ناوبڕیی کردنیان لە هەرچی ناکۆکیەکی کە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، ڕێسایەك بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێ و ژیانەکە دەکەوێتە گەڕ.. ئیتر یان ئەوەیە خەڵکەکە لەسەر ئەم ڕێسایە دەڕۆن و بەردەوام پایەداری دەکەن، یان ئەوەیە کە لێی لا دەدەن و ژیانیان لەسەر ڕێسای دیکە دادەڕێژن، ئەمەشیان ناهەقییە، ئەگەر گریمان هەر هەموو خەڵکی لە ماوەیەکی مێژوودا بە غەیری ئەم هەقە رازی بوون و لە ژیانی خۆیاندا بەرنامەیەکی ناهەقیان بەرقەرار کرد، ئەمە ئەو ڕێسا حەقەی سەرەوە ناگۆڕێت، خەڵکی

حەکەم نین تا حەق و ناحەق لێك هەڵاوێرن، تا بڵێن ئەمەمان پێ حەقەو ئەمەمان پێ باتڵە! مەرج نیە ئەوەی کە خەڵك بڕیاری لەسەر دەدات حەق بێت، ئەوەی خەڵکی بڕیاری لەسەر دەدات نابێتە دین، دین ئەوە نیە، جیهانبینی ئیسلام هەر لەسەرەتاوە ئەوەیە کە کاری خەڵکی شتێکەو قسەی خەڵکی شتێکەو بنیاتنانی ژیانیان لەسەر شتێك، شتێکی ترە، ئەم شتانە ئەگەر پێچەوانەی کتێبەکەی خوا بوون نابن بە حەق، ناشبن بە ئەسڵێك لە ئەسڵەکانی دین! تەنانەت ناشبن بە راست تەفسیر کردنی دینەکەش!!

ئەم حەقیقەتە زۆر گرنگە لە پاراستنی بنەماکانی دینەکەدا کە ناهێڵێت خەڵکی راوبۆچوون و لێکدانەوەی خۆیان بخەنە ناو ئەو بنەمایانەوە، بۆ نموونە لە مێژووی ئیسلامیدا ئینحیراف روویداوە، تا هاتووە گەورەتر بووە، بەڵام ناشێت بوترێت هەر کاتێك ناهەقیەك لە ناو موسوڵماناندا روویداو ژیانی خەڵکی لەسەر دامەزرا ئیتر دەبێتە وێنەیەکی واقیعی ئیسلام و ئیسلامەتی! نەخێر. ئیسلام هەر بە پاکی و دووری و بەریئی دەمێنێتەوە لەو واقیعە ناهەقە و ناشهێڵێت چونکە ئینحیرافە، باتڵە، بیلکێنن بە دینەکەوە، ناشێت بکرێتە بەهانەی دامەزراندنەوەی ژیان لەسەری.. نابێتە بەڵگە نە لە کاتە رابوردووەکەیدا نە ئێستای و نە لە داهاتووی ژیانی خەڵکەکەشدا.. بۆیە ئەرکی سەرشانی ئەو کەسەشە کە دەیەوێت ژیانی خەڵکی سەر لە نوێ لەسەر بنەماکانی ئیسلام دابڕێژێتەوە ئەو بەڵگە ناهەقیانە کەنار خات و نەهێڵێت بهێنرێنە پێش، پێویستە خێرا خۆی و خەڵکەکەش بگێڕێتەوە بۆ ئەو کتێبەی کە خوای گەورە بە حەق ناردویێتی و حەقیشی پێدا ناردووە تا حوکمی نێوان خەڵکی لە هەموو ئەو ناکۆکیانەی لە نێوانیاندا روو دەدات، پێ بکرێت..

بەڵێ کتێبەکە هاتۆتە خوارەوە.. بەڵام هەواو هەوەس لێرەو لەوێ جارجارە بەسەر دەروونی خەڵکانێکدا زاڵ دەبۆوە! حەزو ئارەزوو، نەزانین و گومڕایی

کاریگەر دەبوونەوە لەسەریان و دووریان دەخستنەوە لە قبووڵ کردنی حوکمی دادپەروەرانەی کتێبەکەو لە رازی بوون بەو حەقەی کە کتێبەکە بۆ لای وی رێنیشاندەرێتی دەکردن بەڵام ئەمانە ناحەقی ناکەن بە حەق، حەق لە کتێبەکەدایەو بە نەگۆڕی و سەلامەتی دەمێنێتەوە ..





خوای گەورە دەفەرموێ:

(وَقَالَ اللّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلاَةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ)المائدة/١٢

واتە: خوای گەورە فەرمووی: بە ڕاستی من لەگەڵتاندام بەو مەرجەی نوێژەکانتان بکەن و زەکات بدەن و باوەڕ بە هەموو پێغەمبەرو نێرراوانی من بهێنن و ڕێزیان لێ بگرن و پشتیوانیان بن و لە پێناوی خوادا سەروەت و سامانتان بە قەرزێکی جوان بۆ خوا ببەخشن منیش حەتمەن لە گوناح و هەڵەکانتان چاوپۆشی دەکەم و دەتانخەمە بەهەشتانێکەوە کە کانی و جۆباریان بە ژێردا دەڕوات، ئەو کەسەشتان کە (دوای ئەو پەیامانەی پێغەمبەران) باوەڕ نەهێنێت و بە کافری بمێنێتەوە ئەوە گومانی تێدا نیە ڕێی ڕاستی بزر کردووەو گومڕابووە..

باوەڕ هێنان بە نێرراوانی خوا، یەعنی باوەڕ هێنان بە هەر هەموویان بێ جیاوازی، بەو سیفەتەیان کە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە نێرراون پێی کە هەموویان پەیامی دینیان هێناوە، چونکە باوەڕ نەهێنان بە یەکێکیان و کافر بوون بەوانی دیکەیان، یان باوەڕ هێنان بە هەندێکیان و باوەڕ نەهێنان بەوانی دیکەیان، یەعنی باوەڕ نەهێنان بە پەیامە خواییەکەو کافر بوون پێی!!

باوەڕ هێنان شێوەیەکی ساکاری مەعریفی سلبی نیە هەر بەوەندە بەس بێت کە ئەمە لە بیرو ژیریدا بچەسپێت کە (پێغەمبەران نێرراوی خوا بوون)! نەخێر، باوەڕ پێ هێنانیان کارکردنێکی ئیجابی سەرخستنی ئەو بەڕێزانەیە، پشت گرتنیانە لە هەڵگرتنی ئەو پەیامەی خوای گەورە پێیدا ناردوون، کە هەموو ژیانی خۆیان

بۆ بڵاو کردنەوەی بانگەوازەکەی تەرخان کردبوو.. باوەڕ هێنان بە دینی خوای گەورە هەر لە سەرەتاوە ئەوە دەخوازێت کە موسوڵمان هەم دەبێت بۆ خۆی ئەو دینە سەرخات کە باوەڕی پێ هێناوەو هەوڵ بدات بڵاوی بکاتەوە، هەم دەبێت هەموو ئەو کەسانە سەرخات کە دینی خوایان گرتووەو پابەندبوون پێوەی و بانگەوازەکەی بڵاو دەکەنەوە.. تا لەسەر زەمیندا بچەسپێت، تا لە واقیعی رۆژانەی خەڵکی سەر زەمیندا کاری پێبکرێت و بدرەوشێتەوە.. چونکە دینی خوایی هەر باوەڕهێنانێکی عەقائیدی نیە، تەنانەت هەر بەجێهێنانی دروشمەکانی خوا پەرستیەکەش نیە، بەڵکو هێنانەدی و چەسپاندنی هەموو بەرنامەی خوایە لە هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵدا، ئیسلام پرۆگرامی واقیعیانەی ژیانە، سیستمی ئاراستە کردنی کاروباری کۆمەڵگەیە.. بەرنامەو پرۆگرامی واش پێویستی بە سەرخستن و پشتیوانی لێ کردنە، پێویستی بە بەهێز کردنە، پێویستی بە رەنج و هەوڵ وجوهدو جیهادە، تا لەلایەکەوە وەکو خۆی بە راستی و پاکی و درەوشاوەیی بمێنێتەوەو لە لایەکی تریشەوە تا لە دنیای واقیعی کۆمەڵگەیەکیشدا بەرقەرار بکرێت.. گەر وا نەکرا مانای وایە شوێن کەوتووەکان پەیمانی خۆیان نەبردۆتە سەرو ئەو بەیعەتەیان ئیهمال کردووە کە بە خوای خاوەنی خۆیان و خاوەنی دینەکەیان داوە..

باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرێتی هەموو نێرراوانی خوای گەورە مەرجی موسوڵمان بوون و ئیمانداریێتیە، بۆیە باوەڕ نەهێنان بە یەکێکیان باوەڕ نەهێنانە بە هەموویان، کافربوونە بە پەیامە خواییەکەیان، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا * أُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا * وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُولَٰئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) النساء/ ١٥٠-١٥٢ واتە: ئەوانەی باوەڕ بە خواو پێغەمبەرانی ناهێنن و دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان خواو پێغەمبەرکانیەوە (بەوەی گوایە باوەڕیان بە خوا هەیە بەڵام باوەڕیان

بە هەبوونی وەحی و پێغەمبەرانی نیە، یان باوەڕ بە هەندێك نێرراوی دەهێنن و باوەڕ بە هەموو نێرراوەکانی ناهێنن) و دەیانەوێت ڕێبازێکی دی لەو نێوانەدا بۆ خۆیان دابڕێژن!! ئەوانە بە راستی کافری موتڵەقن، ئێمەش سزای وامان بۆ کافرەکان داناوە کە هەمووی هەر سووکایەتی و سەرشۆڕی و زەلیلییە. بەڵام ئەوانەی موسوڵمانن و باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرانی هێناوەو هیچ جۆرە جیاوازیەکیان لە باوەڕ پێهێنانیاندا نەخستۆتە نێوان هیچیانەوە، ئا ئەوانە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە پاداشتی خۆیان دەداتەوە، خواش لێخۆشبوو میهرەبانە..

جولەکەکان پاڵانتەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە باوەڕیان بە هەموو پێغەمبەرانی خوا هەیە بەڵام نکووڵییان لە پەیامی سەیدنا عیساو سەییدنا محمد سەلامی خوایان لێبێت دەکرد..!! نەسرانییەکان (مەسیحییەکان)یش لاف و گەزافی ئەوەیان لێ دەدا کە باوەڕیان بە پێغەمبەران هەیەو سەییدنا عیسا علیه السلام یشیان نەك هەر بە پێغەمبەری خوا بەڵکو پەنا بەخوا بە کوڕی خواش دەزانی!! کەچی نکووڵییان لە باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پەیامەکەی دەکرد!!

قورئانی پیرۆزیش بەرپەرچی هەڵوێستی هەردوولایانی دەدایەوەو دیدو تێڕوانینی ئیسلامی گشتگیرو تەواوی بۆ ئەوانیش وبۆ موسوڵمانان وکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی روون دەکردەوە کە باوەڕ هێنان بە خوای گەورە چۆنە، باوەڕ هێنان بە نێرراوە بەڕێزەکانی چۆنە، کە نابێت باوەڕ بە خوا بهێنرێت و نکوڵی وەحی بکرێت، هەر وەك کە ناشبێت باوەڕ بە هەندێك پێغەمبەر بهێنرێت و باوەڕ بەوانی دیکەیان نەهێنرێت.. ئەمەشی ناو دەنا سەرگەردانی و گومڕا بوون، لەم روانگەوە بوو کە ئیسلام بوو بە تەنها (دین)ێك کە خوای گەورە پێی رەوایە شوێنی کەون و هیچ دینێکی دیکەی پێ رەوا نەما، داوای لە هەر هەموو خەڵکی ئەو زەمانەو زەمانەکانی دوایی کرد کە ئەم ئیسلامە بکەنە بەرنامەی ژیانیان و دینێکی تر

نەگرنە بەر.. چونکە تەنها ئەم ئیسلامە بەو دیدو تێڕوانین و پێناسانەیەوە لەگەڵ خوابەیەکناسیندا یەك دەگرێتەوەو داواکاریەکانی خواناسی دێنێنێتە دی.

خوابەیەکناسینی خوای گەورە بەو شێوەیەی ئیسلام راڤەی کردووە ئەوە دەخوازێت کە وا سەیری ئەو دینە بکرێت کە بە پێغەمبەرانیدا ناردووە کە یەکە، پێغەمبەرانیش هەموویان یەکن، یەك دیدو تێڕوانین و پێناسەی دینی خواییان هێناوەو بانگەوازی هەموویان بۆ خواناسین هەر یەك بووە، گەیاندنی پەیامی خوا بەیەکناسین لای هەمووان راسپاردەیەکی خوایی بووەو هەموویان لە سەردەمانی جیاوازدا بە کۆمەڵگەی جیاوازیان گەیاندووە. بۆیە باوەڕ نەهێنان بە هەر یەکێك لەو پێغەمبەرانە لە راستیدا کەلێن خستنە ناو باوەڕهێنانە بە خودی دینە خواییەکەو بە یەکێتی پێغەمبەران، دید لێڵی و گومڕاییە لە پەی پێبردنی خوابەیەکناسین و خواپەرستی و دینداریتیدا.. چونکە دینی خوای گەورە کە بۆ بەرنامەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناردووە وەك چۆن لە سەرچاوەیەوە هەر یەکە، هەر بە یەکیش دەمێنێتەوەو بە گوێرەی جیاوازی سەردەم و کۆمەڵگەو نەوەکانی مرۆڤایەتی ناگۆڕێت..

لەم ئایەتەدا کە خوای گەورە فەرمووی ئەوانەی کە دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان خواو پێغەمبەرەکانیەوە بەوەی کە باوەڕ بە خوای گەورە بهێنن بەڵام باوەڕ بە وەحی و بە پێغەمبەرەکانی نەهێنن! هەروەها ئەوانەی کە دەیانەوێت جیاوازی لە باوەڕ هێنانییاندا بخەنە نێوان پێغەمبەرەکانەوە بەوەی کە باوەڕ بە هەندێکییان بهێنن کە نێرراوی خوان بەڵام باوەڕ بەوانی تریان نەهێنن کە ئەوانیش نێرراوی ئەون! هەردوو پۆلە خەڵکەکەی بەو کەسانە ناوزەد کردوون کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکانی نەهێناوە! چونکە جیاوازیان خستنە نێوان خواو پێغەمبەرانی یان نێوان خودی پێغەمبەرانەوە سەلامی خوایان لێبێت، ئەمەشی لێ کردوونەتە باوەڕ نەبوون بە خوای گەورەو بە دینەکەی..

باوەڕ یەکە کە لێك هەڵناوەشێت، باوەڕ هێنان بە خوای گەورەو بە یەکخوایێتی ئەو ئەوە دەخوازێت کە باوەڕ بەوە بکرێت کە سەرچاوەی هەموو دینەکان یەکەو خوای گەورە بۆیە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناردووە تا ژیانی خۆیان بە پێی دیدی ئەوو لەسەر زەمینەی ئەوو بە پێی تەعلیماتی حەڵاڵ و حەرامی ئەو دامەزرێنن..

باوەڕ بوون بە یەکێتی پێغەمبەران کە بەم دینەوە هاتوون کە خۆیان لە خۆوە نەهاتوون و خۆیان لە خۆڕا لەو خەڵکە نەکردۆتە پێغەمبەری خواو پێشەواو سەردار، بێ وویستی خوای گەورەو بێ وەحی نەهاتوون! باوەڕ بوون بە یەکێتی ئەم بەڕێزانە یەك هەڵوێستی دەخوازێت بەرامبەر هەر هەموویان.. ئەم باوەڕ بوونە شتێکە لێك ناترازێنرێت، یان باوەڕهێنان، یان کافر بوون.. باوەڕ هێنانەکەش بەو شێوەیە کە ئیسلام روونی دەکاتەوە، باوەڕ نەبوونیش ئەوەیە کە خەڵکانێك بۆ خۆیان داتاشیووەو پێیان وایە ئەو ئینحیرافەی ئەوانیش هەر باوەڕ بوونە! نا، ئەوە کافربوونە با خاوەنەکانیشیان وا بزانن باوەڕیان هێناوە.. چونکە ئەوان باوەڕیان بە هەندێك هێناوەو باوەڕیان بەوانی دیکە یان بە هەندێکیان نەهێناوە، ئەمەش جێی ڕەزامەندی خوای گەورە نییە.. بۆیە سەرەنجامیشی سزایە.. هەر هەمان سزای ئەو کافرانەیە کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان بە هیچیان نەهێناوە سزای هەموویان هەر (سووکایەتی و سەرشۆڕی و زەلیلییە) چونکە کافری حەقیقین: (أُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا) واتە: ئەوانە بە راستی کافری موتڵەقن، ئێمەش سزای وامان بۆ کافرەکان داناوە کە هەمووی هەر سووکایەتی و سەرشۆڕی و زەلیلییە..

ئەمما موسوڵمانان کە لە دیدێکی راستەوە روانیویانەتە ئەم حەقیقەتەو وەك خۆی دیویانەو وەکو خوای گەورە داوای کردووە باوەڕیان هێناوە، باوەڕەکەیان راستە، دروستە، قبووڵە.. چونکە باوەڕیان بە خوا هێناوە، باوەڕیان

بە وەحییەکەی هێناوە کە بۆ نێرراوانی خۆی ناردووە، باوەڕیان بە هەر هەموو پێغەمبەرەکانی خوای گەورە هێناوە، بێ جیاوازی لە نێوانیاندا، هەر هەموو نێرراوێکی خوای گەورە لایان خۆشەویستەو جێی ڕێزە لایان.. هەموو دینە ئاسمانیەکانیشیان لا پەسەندە و پێیان ڕەوان مەگەر ئەوەی تەحریفاتی تێدا کرا بێت، ئەو لایەنانەی گۆڕرابن تێیاندا.. ئەوە دینی خوا نین، ئەوانە رای مرۆڤن و بە ناوی دینەوە خراونەتە روو! چونکە موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە ئەسڵی دینەکان یەکە، سەرچاوەی هەموویان هەر یەکە لە یەك خوای کارزان و کارجوانەوە هاتووە، کە وویستوێتی مرۆڤایەتی دینەکەی ئەو وەرگرن و ئەو دینەی ئەو بکەنە بەرنامەی ژیانیان، هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە هەر بەو یەك دینەوە هاتوون، هەر بەو یەك بەرنامەوە هاتوون.. لە بیری موسوڵماناندا کاروانی بەرێزی پێغەمبەران پەیوەستە. لە نوحەوە بۆ ئیبراهیم.. بۆ موسا بۆ عیسا بۆ محمد سەلامی خوایان لێبێت.. هەموویان برای یەکن، پێشەوایەتی کردنی ئەم کاروانە بەڕێزەیان کۆنە و ڕێبازێکی تولانییان بڕیووە، هەموویان هەڵگری یەك راسپاردەی خوایین، بۆ یەك بانگەواز خەڵکیان بانگهێشت دەکرد هەر یەکەیان میراتگری بەڕێزەکەی پێشوو تری بوو، بێ ئەوەی یەکیان لە دیدی خۆیەوە شتێك لەم بانگەوازە خواییە بگۆڕێت یان لێی لادات، بەردەوام دەبوو.. دین لەوانەوە وەرگیراوە دینی هەمووشیان یەکەو هەقەو دروست و رەوایەو غەیری بانگەوازی ئەوانیش ناهەق و گومڕاییە.. سەرگەردانی و وێلییە..

ئا ئەمە ئەو ئیسلامەیە کە خوای گەورە ئەو نەبێت هیچی تری لا دین نیەو لە کەسی وەر ناگرێت.. موسوڵمانیش ئا ئەوانەن کە شایانی پاداشتی لای خوای گەورەن بەوەی لەبەر خاتری ئەوو بۆ رەزامەندی ئەو کردوویانە، لە هەمان کاتیشدا شایانی لێبوردن و لێخۆشبوونی ئەویشن لەوەی تێیدا کەمتەرخەم و کەمکار بوون: (أُوْلَئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) النساء/١٥٢..

ئیسلام کە بەم شێوەیە لە باوەڕهێنان بە خوای گەورەو پێغەمبەرانیدا توندوتیژ دەبێت لەبەر ئەوەیە کە ئەم باوەڕە لایەقی ئەوەیە بکرێتە زەمینەی ئەو فیکرو بۆچوونەی کە موسوڵمان دەبێ دەربارەی خوایەتی خوای گەورە هەیبێت، هەر ئەویش بناغەی دیدێکی راست و دروست و رەوایەو شتی لەسەر رێك دەخرێت، فرەیی ناگرێتە خۆ چونکە فرەیی بەو دیدە نامۆیە، فرەیی یەعنی پێککێشرانی دیدو بۆچوونەکان، دیدی یەکخواناسی وەکو کە ئیسلام پێناسەی دەکات، یەکێتی هەموو رێساو یاساکانی هەبوون و گەردوون و ژیان بە درێژایی بیرو قوڵایی ژیریی دەناسێنێت، ئەمە وەکو گەردوون و ژیان و مرۆڤ، ئینجا یەکێتی هەر هەموو مرۆڤە موسوڵمانەکانی مێژووشی دەخاتە پاڵ، پێیان دەڵێ کە هەموو ئەو ئیماندارانە لە هەر کات و شوێنێکدا بن لە کاروانێکدان، هێزی کوفریش بەرامبەر هەموویانە، ئەمان حزبێکن و بەرامبەر حزبەکانی شەیتان وەستاونەتەوە.. بۆیە زۆر هۆشیارییان دەداتێ کە ئەم ریزو بەرەیەی ئەمان ئەوە نیە هەر لارێ و دیدلێڵ و خوارو خێچییەك بە ناوی دینەوەی خۆی پێدا کات رێ بدرێت بێتە ناوی!! ئەمە ریزێك نیە جێی مونحەریفانی تێدا ببێتەوە، با لە ئەسڵیشیدا کتێبێکی ئاسمانی هەبووبێت.. ئەمە ریزو بەرەی خاوەن باوەڕە راست و دروست و پتەوەکانە، ریزی خاوەن عەقیدە دامەزراوەکانە کە لێی لانادەن..

بۆیە ئیسلام ئەو دینەیە کە خوای گەورە پێی رازییەو دەیەوێت، لەبەر ئەم دیدە عەقائیدیەشە کە موسوڵمانانیش باشترین ئوممەتن لە مێژودا خراونەتە بەرچاو .. موسوڵمانە عەقیدە پاکەکان، ئەوانەی بەم عەقیدە پاکەوە دەبزون.. نەك هەر کەسێك کە لە ماڵە موسوڵمانێکدا لە دایکبووبێت یان ئەوانەی ووشەی ئیسلامەتییان کردۆتە بنێشتە خۆشەی سەر زاریان..

لەبەر رۆشنایی ئەم پێناسەو روون کردنەوەدا ئەو کەسانە کەشف دەبن کە جیاوازی دەخەنە نێوان خواو پێغەمبەرەکەیەوە، ئەوانەی جیاوازی دەخەنە

نێوان ئەم پێغەمبەرو ئەو پێغەمبەرەوە، ئەمانەی کە لە کاروانی ئیمانداران جێ ماون و دەیانەوێت هەرچۆنێك بووە خۆی پێدا هەڵڕۆسکێننەوە!! ئەمانە ئەو یەکێتیە هەڵدەوەشێننەوە کە خوای گەورە بەم عەقیدەیە هێناویتیە بەرچاو، ئەمانە نکووڵی لەو یەکێتیە گشتیە دەکەن کە باوەڕ بە خوا هێنان بە پێناسەو راقەی ئیسلام دەیهێنێتە دی..

کاروانی پێغەمبەران یەکە، لەو سەری کاروانەکەوە تا ئەمسەری بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی هەر یەك بانگەوازیان لێ دەبیستیت! قۆناغەکانی مێژوی مرۆڤایەتییان بەم بانگەوازەوە پێکەوە بەستۆتەوە، یەك پەیامیان بۆ مژدەدان و هۆشداری هێناوە.. یەك کاروانی پیرۆز کە سەر قافڵەکەی نوح و ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق ویەعقوب و ئەسبات و عیساو ئەیوب و یونس و هارون و سولەیمان و داودو موسایە.. ئەمان و ئەو بەڕێزانەی تریش کە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا باسیانی بۆ پێغەمبەرە نازدارەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووەو ئەوانەشیان کە باسیانی بۆ نەفەرمووە، کاروانی بەڕێزی پێشەوایەتین لە جۆرەها خاك و خوێن، لە جۆرەها گەل و شوێن .. رەگەزو نەسەبی هیچیان نەبۆتە هۆی لێك جوداییان، کەسیان نابینیت پابەندی خاکێك بووبن، یان بە نیشتیمانێکەوە پەیوەست بووبن، نە بە کات و نە بە شوێنەوە پەیوەند نەبوون.. کێ عەقیدەکەی لێ وەرگرتبێ کەسیان بووەو کوێ پەیامەکەی وەرگرتبێ بۆتە وولاتیان: (إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَعِيسَى وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا . وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلاً لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا * رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا)النساء/١٦٣-١٦٥ واتە: ئێمە وەحیمان بۆ تۆ نارد، هەر وەکو کە وەحیشمان نارد بۆ نوح و پێغەمبەرانی دوای ئەویش، وەحیمان نارد بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و ئەسبات و عیساو ئەیبوب و یونس و هارون و سولەیمان، زەبوریشمان بۆ داوود نارد. هەروەها بۆ

پێغەمبەرانێکی دیکەش کە هەیانە بەسەرهاتیانمان بۆت گێڕاوەتەوەو هەشیانە بۆمان نەگێڕاویتەوە، خوای گەورە قسەی لەگەڵ موسادا بە دواندنی راستەو خۆ کرد. پێغەمبەران و نێرراوانمان رەوانە دەکرد تا مژدەدەر و هۆشیاردەر بن، تا خەڵکی دوای ناردنی ئەو بەڕێزانە هیچ بەهانەو بیانوویەکیان (بۆ بێ دینی و باوەڕ بە خوا نەکردن) نەمێنێت، خوای گەورە خاوەن دەسەڵات و دانایە..

هەموویان لەو سەرچاوە بەڕێزو پڕ رێزەوە هاتوون وپەیامی هیدایەتیان لەوێوە هێناوە، هەر هەموو لەو نوورە پاك و بێ گەردو رۆشنەیان وەرگرتووەو بە ژیانی پڕ فەڕیان بریسکاندوویانەتەوە، هەر هەمووشیان هەمان مژدەو هۆشدارییان هێناو دایان بە خەڵکی، هەر هەمووشیان پێشەوایەتی مرۆڤایەتیان کە دەکرد بۆ ئەوە بوو بەرەو ئەو نوورە خواییەیان ببەن، ئیتر هەیانبوو بۆ تیرەو هۆزێك هاتبوو، هەیانبوو بۆ نەتەوەیەك، هەبوو بۆ شارێك یان بۆ شارۆچکەیەك هاتبوو، ئینجا هەیانبوو بۆ هەر هەموو مرۆڤایەتی هات وەکو محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە کۆتا پێغەمبەرە..

ئەم بەڕێزانە هەر هەموویان وەحییان لە خوای گەورەوە وەردەگرت، کەسیان هیچ شتێکی لەخۆوە نەهێناو بفەرموێت ئەمە وەحییە! دادو بەزەیی بەرفراوانی خوای میهرەبان وای دەخواست کە ئەم پێغەمبەرو نێرراوە بەڕێزانەی کە خوای گەورە هەندێکیانی لە قورئانەکەیدا باس فەرمووەو هەشیانە باسیانی نەفەرمووە پەیامی خوایی بۆ مرۆڤایەتی بهێنن و مژدەی ئەوەیان بدەنێ کە ئەگەر باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرانی هێناو بە دینەکەیەوە پابەند بوون خوای گەورە پاداشتێکی ئێجگار زۆرو گرنگی بۆ دیار کردوون کە خەڵاتیان دەکات پێی، ئەو پاداشتە گەورەیە بۆ ئەو ئیماندارانەیە کە شوێن کەوتەی ئەم پێغەمبەرانەی خوا بوون و ئاوا ماونەتەوە تا بە دیداری وا شاد بوون و پاداشتەکەیان بەڕێزەوە لەبەر چاوی خەڵکی قیامەت دراوەتێ و خراونەتە ئەو مەنزیلەو پلە رێزەی شایانی بوون

و ئیتر لە نیعمەتەکانی خوادا ماونەتەوە.. لە هەمان کاتدا هۆشداری ئەوەیان بدەنێ کە ئەگەر باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرانی نەهێناو بە دینەکەیەوە پابەند نەبوون، ئەگەر کافر بوون و سەرپێچیان کرد، ئەوە حەتمەن بەر غەزەبی خوا دەکەون، سزا دەدرێن، دەخرێنە دۆزەخەوە.. ئەمەیە کە دەفەرموێ: (لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ) النساء/١٦٥ واتە: تا خەڵکی دوای ناردنی ئەو بەرێزانە هیچ بەهانەو بیانوویەکیان (بۆ بێ دینی و باوەڕ بە خوا نەکردن) نەمێنێت.

خوای گەورە بەڵگەو نیشانەی لە ناخی مرۆڤ و ئاسۆی گەردوون و ژیاندا زۆرن، ژیریی بە مرۆڤ بەخشیووە تا لەو بەڵگەو نیشانانەی ناخ و گەردوون بکۆڵێتەوەو بیانکاتە مایەی باوەڕ هێنان و عەقیدە پتەو کردن، بەڵام خوای پەروەردگار کە دەیزانی مرۆڤی وا لاسار هەیە ئەم ژیریی و بیرییەی ناخاتە کار، زۆرن ئەوانەی شوێن هەواو هەوەسی خۆیان دەکەون و خۆ گێل دەکەن و گوێ بەو بەڵگەو نیشانانە نادەن و بە دووی ئارەزووەکانیاندا وێل دەبن و بەرەو خوای گەورە نایان، بۆیە هەر لە بەزەیی خۆیەوە بە دانایی خۆی بە باشتری زانی پێغەمبەرانییان لە ناودا هەڵبژێرێت تا مژدە دەریان بن، تا هۆشداریان بدەنێ، تا خوای گەورەو رۆژی دوایی و پاداشت و سزاکانیان بخەنەوە یادو رێی چاکەیان نیشاندەن، تا هەوڵیان لەگەڵدا بدەن سروشتی مرۆڤانەیان پاك کەنەوەو چڵك و چەپەڵی گومان و دوودڵییان لە بیرو ژیرییدا بڕەوێننەوەو تۆزو خۆڵی هەواو هەوەس لە دڵیاندا بتەکێنن و ئامادەی خواوویستیان بکەنەوەو بیانهێننەوە سەر راستە شەقامی دینداریی تا سەرکەوتووی دنیاو رووسووری قیامەتیان کەنەوە..



باسی پێنجەم: سەرچاوەی ڕێنمایی

خوای پەروەردگار دوای ئەوەی باسی سەیدنا ئیبراهیم دەفەرموێ، ئینجا دێتە سەر باسی هێندێکی تر لەو پێغەمبەرە بەڕێزانە سەلامی خوایان لێبێت و دەفەرموێ:

(وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَارُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ * وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ* وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ * وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ ۖ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ * ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ* أُولَٰئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ۚ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَٰؤُلَاءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا بِهَا بِكَافِرِينَ* أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ ۖ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ ۗ قُل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا ۖ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَالَمِينَ) الانعام/٨٤-٩٠

واتە: ئیسحاق و یەعقوبمان پێ بەخشی کە هەر یەکەیانمان ڕێنمایی کردبووا! پێشتریش نوحمان هەر وا ڕێنمایی کرد، ئینجا لە نەوەی ئیبراهیم داوودو سولەیمان وئەییوب و یوسف و موساو هارونمان هێنایە بوون و ڕێنماییمان کردن، ئێمە ئاوا پاداشتی پیاوچاکان دەدەینەوە.. هەروەها زەکەریاو یەحیاو عیساو ئیلیاس بەراستی هەموویان لە پیاوچاکان بوون. دیسان ئیسماعیل و یەسەع و یونس ولووت (ڕێنماییمان کردن) و فەزڵیانماندا بەسەر هەموو خەڵکی جیهاندا (لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا) دا.. هەروەها باب و باپیرانی ئەوان و وەچەو نەوەو برایانی تریانمان هەڵبژاردو هەموویانمان ڕێنمایی کردو ڕێی ڕاستمان نیشان دان.. ئەوەیە هیدایەت و ڕێنمایی و ڕێنیشاندانی خوایی کە هەر کەسێکی بیەوێت

لە بەندە شایان وشیاوەكانی دەستگرۆیی دەكات و هیدایەتی بۆ ئەو ڕێبازەی خۆی دەدات، هەر كەسێكیش شەریك بۆ خوا بڕیار بدات ئەوە هەرچی كارو كردەوەی هەیە پوچەڵ دەبێتەوەو مایەپووت دەبێت.. ئەوانە ئەو پیاوچاكانەن كە ئێمە كتێبی ئاسمانی خۆمانمان بۆ ناردوون و هیدایەت و حیكمەت (كە بە مانای دەسەڵاتی فەرمانڕەواییش دێت) و پێغەمبەرێتیمان داونەتێ، جا ئەگەر نەفامێك باوەڕیان پێ نەهێنێت، كەسانی تری ژیرو فامیدەی وامان دیاری كردووە كە كافر نەبن بەوان و هیدایەتی خوایی وەرگرن لێیان و پشتیوانییان لێ بكەن. ئەوانە (ئەو بەڕێزە ناوبراوانەی سەرەوە) ئەو كەسانەن كە خوای گەورە بە تایبەت ڕێنمایی كردوون، دەی سا تۆش (وشوێن كەوتوانیشت) شوێن هیدایەتی ئەوان كەوەو بە نمونەیان وەرگرە، بەو خەڵكەش بڵێ: ئاخر خۆ من لەسەر ئەم بانگەوازە (خواییەم كە ئێوەی بۆ بانگهێشت دەكەم و دەمەوێت هیدایەتی خوایی وەرگرن) داوای كرێ و پاداشتم لێتان نەكردووە، ئەم قورئانە كە خوا بە مندا ناردوێتی بۆ هەموو جیهانیان، مایەی بیركردنەوەو یادی خوایە..

لەو ئایەتانەی سەرەوەدا ناوی حەڤدە پێغەمبەرو نێرراوی بەڕێزی خوایی جگە لە نوح و ئیبراهیم سەلامی خوایان لێبێت هاتووەو ئاماژەی بۆ نێرراوی تریش تێدایە (وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ): هەروەها باب و باپیرانی ئەوان و وەچەو نەوەو برایانی تریانمان هەڵبژارد.. باسی ئەم كاروانە بەڕێزە بەو شێوەیەو پێكەوە پێشەكیەكی ئەو بڕیارە خواییەی دواییە: (ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ) ئەوەیە هیدایەت و ڕێنمایی و ڕێنیشاندانی خوایی كە هەر كەسێكی بیەوێت لە بەندە شایان و شیاوەكانی دەستگرۆیی دەكات و هیدایەتی بۆ ئەو ڕێبازەی خۆی دەدات، هەر كەسێكیش شەریك بۆ خوا بڕیار بدات ئەوە هەرچی كارو كردەوەی هەیە پوچەڵ دەبێتەوەو مایەپووت دەبێت.. ئەمە بڕیاری یەكەمە..

بڕیاری یەكەم: پێناسەو ئیقراركردنی سەرچاوەی هیدایەتی خواییە لەسەر ئەم گۆی زەویە دا.. هیدایەتی خوایی، ڕێبازی خواوویستی وا، بەو شێوە ڕوونەی

کە لەو وەحییەدا هاتووە، کە پێغەمبەرانی بەڕێز لە خوای گەورەوە هێناویانە، ئەوی باوەڕی هێناوە لەوە دڵنیایە، قەناعەتی بەوە هەیە کە دەبێت بۆ خواناسیی شوێن ئەو بەڕێزانە بکەوێت، دەبێت لەو تەنیا سەرچاوەیەوە هەڵهێنجێت وبەس. چونکە لەوەش دڵنیابووەو قەناعەتی تەواوی لا دروست بووە کە ئەوە ڕێنماییەکەی خوای گەورەیە، ئەویش هیدایەت دەدات و ڕێنیشاندانی دەکات، ئەو بە فەزڵی خۆی هەر کەسێکی بوێت لە بەندەکانی ڕێنمایی ئەو ڕێبازەی دەکات.. خۆ هەر سات و ئانێك ئەو بەندە ئیماندارو هیدایەتدراوانە لە تەوحیدەکە دەرچن، لە یەکخواناسی بترازێن کە ڕێنماییەکەی بەرەو خوایان لێوە وەرگرتووە، ئەوە کەوتوونەتە شیرکبازیی! جا لە عەقیدەو باوەڕیاندا بێت، یان لە پەرستن دا یان لە وەرگرتنی دیدو ڕێبازیاندا بێت.. چارەنوسیان حەتمەن ئەوە دەبێت کە کارو کردەوەکانیان پووچەڵ دەبێتەوەو بە هەدەر دەڕوات! یەعنی هیچیان بۆ نامێنێتەوە، ووشەکانی ئەم ئایەتە چارەنوسەکە بە دیمەنێکی سەیر دەچوێنێن: دیمەنی مانگایەکی هەڵاوساو، کە گیایەکی ژەهراوی خواردووەو پێی ئاوساوەو خاوەنە نەزانەکەشی وا دەزانێت گۆشتی گرتووەو بۆی بۆتە مایەی دەوڵەمەندی! بەلام کاتێك دەزانێت بەلادا دێت و ڕاست نابێتەوەو ئەوەندەش بۆگەن دەکات کە دەبێت زوو تورِی هەڵداو لە خۆی دوورخاتەوە!! ئەوەش روون کردنەوە زمانەوانیی (حُبُوط) ە .

(أُوْلَئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَؤُلاء فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُواْ بِهَا بِكَافِرِينَ): ئەوانە ئەو پیاوچاکانەن کە ئێمە کتێبی ئاسمانی خۆمانمان بۆ ناردوون و فەرمانڕەوایی و پێغەمبەرێتیمان داونەتێ، جا ئەگەر نەفامێك باوەڕیان پێ نەهێنێت، کەسانی تری ژیرو فامیدەی وامان دیاری کردووە کە کافر نەبن بەوان و هیدایەتی خوایی وەرگرن و پشتیوانیان لێبکەن.. ئەمەش بڕیاری دووەمە..

بڕیاری دووەم: ئیقراری بەڵگەنەویستێکە کە ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە ناو براوانەو ئەوانی دیکەش کە ئاماژەیان پێکراوە، ئەوانن کە خوای گەورە هیدایەت و حیکمەت و(کە بە مانای دەسەڵاتی فەرمانڕەواییش دێت) و پێغەمبەرێتی خۆی پێ بەخشیوون و پەیامی پێیدا ناردوون.. هەندێك لەو پێغەمبەرە پێشەوایانە کتێبی تایبەتی پێدا ناردوون وەکو سەیدنا موسا کە تەوراتی بۆ ناردووە، یان سەیدنا داوود کە زەبوری بۆ ناردووە، یان سەیدنا عیسا کە ئینجیلی بۆ ناردووە.. هەندێکیان خوای گەورە دەسەڵاتی حوکم و فەرمانڕەوایی پێ بەخشیووە وەکو سەیدنا داوود و سولەیمان.. بەڵام هەر هەموویان بەو پەیامە دینیەی دراویانەتێ ئاراستەی خواوویستیان بە خەڵکەکە ناساندووەو بەو دینە دەسەڵاتی خواییان لە دڵ و دەروونی شوێن کەوتوانیاندا جێگیر کردووە..

خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی ناردبێت ئەوەی بۆ ئیمانداران روون کردۆتەوە کە دەبێ گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ دەرببڕرێت.. وەکو لە ئایەتی تردا دەردەکەوێت[1] بۆیە خوای گەورە کتێبی خۆی پێدا ناردوون تا حوکمی خەڵکی و داوەریی کێشەی نێوانیان بە دادی خوایی بکەن، هەمووشیان ئەو حیکمەت و دەسەڵاتەیان دراوەتێ کە بە ناوی خوای گەورەوە وەکو وەحی ئاراستە بکەن و وەکو حیکمەتی دانایی خۆشیان لەژێر چاودێریی وەحی خواییدا حوکم بکەن، فەرمان دەرکەن.. خوای گەورە ئەوانی کردۆتە وەکیلی خۆی وپێناسەو جێبەجێ کردنی دینەکەی خۆی پێ سپاردوون، بانگەوازی خواوویستی خۆی داونەتێ تا خەڵکەکەی خۆیانی بۆ بانگهێشت کەن، تا دینەکە بە ساغ و تەواوی لە ناویاندا پیادە کەن، جا ئەگەر موشریکانی عەرەب باوەڕیان بە پەیامەکەی نەهێناو نەهاتنە ژێر ئاڵای خوابەیەکناسین، ژێر دەسەڵاتی حوکم وحیکمەتی ئەمەوو

---

[1] وەکو(وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَاء رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ) يونس/٤٧ يان: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ) الحديد/٢٥..

شوێن پێغەمبەرێتیەکەی نەکەوتن، با ئەم و موسوڵمانان لەوە بێ خەم بن کە خوا هیچ باکی بەوانە نیە؟! ئەم دینە چ ئیحتیاجی بەوانە؟! ئەمان خۆیان و شوێنکەوتووە ئیماندارو پیاوچاکەکان بەسن.. ئەم دینە ئەمانەی دەوێت..

ئەمە حەقیقەتێکی کۆنە، ڕەگ و ڕیشاڵی بە مێژوودا ڕۆچووە، ئەمە کاروانێکی پیرۆزەو بەردەوام بەڕێوەیە، ئاڵقەی پەیوەستییان پێکەوە بەندە، قۆناغ بە دووی قۆناغدا هاتووە، یەك بانگەواەو هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە یەك بە دوای یەکدا هەڵیان گرتووەو گەیاندوویانە، ئەوی شایان و شیاوە خوای گەورە لە چارەی نووسیوەو هیدایەتەکەیان لێ وەردەگرێت، ئەمە سوکنایی دڵی موسوڵمانە ئەمە هێمنی دەخاتە قوڵایی ناخی دەروونەوە، موسوڵمانان هەرچەند کەم بن، لە هەر کوێ بن، لە هەر کاتێکدا بن، هەست دەکەن لقەدارێکی بڕاو نین! موسوڵمانان لە هەر کات و شوێنێك بن پەلو پۆو لقی درەختێکی خوارِسکن کە ڕیشاڵیان وا لە ناخی زەویداو لق و پۆپیان بۆ ئاسمان هەڵشکاوە.. ئەمانە هەرچەند کەم و پەرتەوازەی کات و شوێن بن هەر یەك کاروانن. مەوکیبێکی پیرۆزن و روویان لە خوایەو لەسەر ڕێبازی ئەون و بە هیدایەتی ئەو دەڕۆن..

بڕیاری سێیەم: ئەوەیە کە تاکی موسوڵمان لە هەر سەر زەمینێك بێت یان لە هەر نەوەیەك بێت، بەهێزە بەهێز، گەورەیە گەورە، ئەو لەو درەختە پتەوە بڵندەیە کە لق و پۆپی بۆ ئاسمان هەڵکشاوەو ڕەگی بە ناخی سروشتی مرۆڤ و ناخی مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆچووە، ئەو هەر لە کۆنەوە ئەندامێکی ئەو کاروانە بەرێزەیە کە بە خواوە پەیوەستە و بەپێی هیدایەتی ئەو بەرێ کەوتووە: (أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ) واتە: ئەوانە (پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت) ئەو کەسانەن کە خوا ڕێنمایی کردوون و هیدایەتی داون دە تۆش لەسەر ڕێبازەکەی ئەوان بڕۆ.. (قُل لاَّ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْعَالَمِينَ) الانعام/٩٠ واتە: بڵێ خۆ لەسەر ئەم ڕێنمایی کردنەتان من داوای کرێ و

پاداشتان لێ ناکەم! ئەمە بیرەوەرەو بۆ هەموو جیهانیان هاتووە تا خوا بناسن و بیپەرستن.. ئا ئەو پێشەنگە بەڕێزانەی ئەم کاروانە پیرۆزەی ئیمانداریانیان لە خۆ گرتووەو پێشەوایەتی دەکەن، ئەوانەن کە خوای گەورە هیدایەتی داوون، ڕێی نیشان داون! ئەو هیدایەت دانە خواییەش بۆ پێغەمبەری بەڕێزو شوێن کەوتووانی بۆتە مایەی شوێن کەوتن! ئەوی ئەم لەسەری دەڕوات ئەو وەحیە خواییەیە، ئەو ڕێنماییە خواییەیە، ئەمە هەر ئەو هیدایەتەیە کە خەڵکەکەی بۆ بانگهێشت دەکات و مژدەی قبووڵ بوونیان دەداتێ! بە هەموو بانگکراوان دەفەرمویێ (لاَّ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا) داوای کرێتان لێ ناکەم! ئەمە پەیامی یاداوەریی خواییە: (إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْعَالَمِينَ) ئەمە بیرەوەرییەکە بۆ هەموو جیهانیانە.. هەموو جیهانیان نەك تایبەت بێت بە قەومێك بەرەگەزو توخمێك یان بە کەسانی نزیك یان دوور، ئەمە ڕێنمایی خوایە بۆ بیرخستنەوەو یاداوەری هەموو خەڵکی ئیتر پێویستی بە کرێ وەرگرتن لە کەس نیە.. چونکە خوای گەورە خۆی بە لوتفی خۆی کرێکەی گرتۆتە خۆی..!

دواتر بەردەوام دەبێت و نارازی خۆی بەرامبەر ئەو کەسانە دەردەبڕێت کە نکووڵی لە پێغەمبەرو پەیامی ئاسمانی دەکەن.. بەوەش ناوزەدیان دەکات کە ئەوانە قەدری خوایان لا نیە، دانایی و بەزەیی و دادی خوا ئیستیعاب ناکەن و درکی پێ ناکەن.. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم پەیامە خواییەی دوایین هەر لەسەر ڕێسای پەیامەکانی تری پێش خۆی دەڕوات، ئەم کتێبە خواییەی دواییش کە قورئانە ناوەڕۆکی کتێبە ئاسمانیەکانی پێش خۆی بە ڕاست دادەنێ و لەگەڵ ڕەوتی کاروانە پیرۆزەکەی پێش خۆی هاودیدو سۆزو سازاوە: (وَمَا قَدَرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاء بِهِ مُوسَى نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُواْ أَنتُمْ وَلاَ آبَاؤُكُمْ قُلِ اللّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ * وَهَذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَهُمْ عَلَى صَلاَتِهِمْ يُحَافِظُونَ) الانعام/٩١-٩٢ واتە: وەکو کە دەبوو،

ئەوان ڕێزی خوایان لا بوایە، نەبوو، چونکە دەیانووت خوا هیچ پەیامێکی بۆ کەس دانەبەزاندووە!! پێیان بڵێ: دەی کە وایە کێ ئەو کتێبەی بۆ موسا ناردووە کە هەمووی هیدایەتی خوایی و ڕووناکی ڕێی خەڵکیە!؟ کەچی ئێوەش دێن بەش بەشی دەکەن و خۆتان چیتان وویست ئەوە نیشانی خەڵکەکە دەدەنەوە!! زۆرینەشی دەشارنەوە.. دیسان ئەوەشیان پێ بڵێرەوە کە ئێوە خۆشتان و باب و باپیرتان زۆر شتتان کە نەدەزانی کێ فێری کردن؟! مەگەر خوای گەورە نەبوو کە بە هۆی پەیامی خۆیەوە فێری دەکردن؟! لێشیان گەڕێ با ئەو دەمەوەرییە بەتاڵەی خۆیان کاوێژ کەن! ئەم قورئانە کتێبی پیرۆزی خوایەو ئەو ناردوێتیە خوارەوە ڕاستی کتێبەکانی پێشووتری خوای گەورەی لەخۆگرتووەو دەسەلمێنێت کە لە خواوە هاتووە دیسان هۆشدارییی دەداتە دانیشتوانی مەککەو دەوروبەری و بەرەو ئیسلامیان بانگ دەکات، ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هێناوە باوەڕ بەم پەیامەش دێنن، ئەوانە ئەوانەن کە نوێژەکانیان لە کاتی خۆیاندا دەکەن و ڕاست پیادەی دەکەن..

موشریکەکان لە کەللە ڕەقی و هەڵوێست سەختی خۆیاندا بۆ دەمەوەری و قسەو قسەڵۆك دەیانووت: خوا هیچ نێرراوێکی خۆی لە مرۆڤ هەڵنەبژاردووەو وەحی بۆ هیچ مرۆڤێك نەناردووە، کەچی هەر لەو لاتەنیشتەی خۆیانەوە جولەکەو مەسیحی دەژیان بەوانیان وانەدەووت، نکووڵیان لە پێغەمبەرێتی پێغەمبەرەکانی ئەوان نەدەکرد! تەنها بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوا گەوجانە دەوەستانەوە! بە جولەکەکانییان نەدەووت کە تەورات لە خوای گەورەوە بۆ موسای ئێوە سەلامی خوای لێبێت نەهاتووە، بۆیە خوای گەورە قسەکەی خۆیان دەداتەوە بە چاویاندا ئینجا پێیان دەفەرموێ: ئەدی ئەوە نیە کتێبی دیکە پێشتر بۆ موسا هاتوە.. جا لەبەر ئەم بێ ئەدەبیەیانە کە دەفەرموێ: (وَمَا قَدَرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ)

واتە: وەکو کە دەبوو، ئەوان ڕێزی خوایان لا نەبوو، چونکە دەیانووت خوا هیچ پەیامێکی بۆ کەس دانەبەزاندووە!!

ئەم قسانەی ئەهلی جاهیلییەتی عەرەبەکان کە لەسەر دەمی هاتنی قورئاندا دەیانووت، ئەهلی جاهلییەتی هەموو سەردەمێکی تر هەر دەیڵێنەوە.. دەقی ئەو بن یان وەکو ئەو.. ئەوە نیە لەم زەمانەشدا کەسانی وا هەن لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن کە دین دارێژراوی دەستی خودی مرۆڤەو قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ دیدو تێڕوانینی خەڵکی و بەرفراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەیاندا پەرەی سەندووە و ئەویش پێشکەوتووە.. چونکە نازانن جیاوازی نێوان ئیسلام و ئەو هەموو بتپەرستیانەی کۆن و نوێ چیە، کە لەگەڵ حەزو مەیلی دەسەڵاتدارانددا یان لەگەڵ هەواو هەوەسی شوێن کەوتوانیاندا بەرزو نزمیان دەکرد.. بەڵام بە تەئکید ئەوانە لە دەرەوەی دینی خوان.. دینی خوای گەورە وەکو کە پێغەمبەرە پاکە سەرڕاستەکان لای خواوە هێناویانەو گەیاندوویانە خەڵکانێك وەکو خۆی وەریان گرتووەو پێوەی پابەند بوون و زۆرینەش وەریان نەگرتووەو دژی وەستاونەتەوە، ئیتر لە مەدای نەوەکانی یەك بە دوای یەکی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا دیندارەکانیش کزو کەم بوون یان ئاگایی و شارەزاییان لە بنەمای دینەکە کەم بۆتەوەو سەر لە نوێ خەڵکەکە کەوتوونەتەوە شیرك و کوفرەوە تا پێغەمبەرێکی تری بەڕێزیان بە بنەمای هاوبەش لەگەڵ هەمان دینی پێشوودا کە ڕاست بووە، بۆ هاتووە..

ئەم قسەیەی کۆن و نوێ وئەم هەڵوێستەی جاهیلییەتی ئەمڕۆو دوێنێ هەر وەکو یەکەو هەموویان هەر کە دەیکەنەوە هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕێزی خوایان لا نیە، چونکە نایناسن: (وَمَا قَدَرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ) واتە: وەکو کە فەرز بوو قەدری بگرن، وا نەدەبوون، ئەوان ڕێزی خوایان لا نەبوو چونکە دەیانووت خوا هیچ پەیامێکی بۆ کەس دانەبەزاندووە!! ئەو کەسەی کە بەخشندەیی و بەزەیی و دادی خوایی نازانێت چیەو درك بە هیچ لایەنێکی ناکات، دەڵێ: خوا مرۆڤ ناکاتە نێرراوی خۆی! ئەگەر بیەوێت پەیامێك

بنێرێت، بە فریشتەیەکی خۆی دەکاتە پەیامنێرو پەیامەکەی خۆی پێدا دەنێرێت نەك بە مرۆڤدا! چونکە بە دیدی تەنگی ئەوان و لە کورت بینی ئەقڵی خۆیانەوە پێیان وایە کە خوایەکی کردگاری ئەم گەردوونە بەرفراوانە، خوای بەهێزو کارزان چۆن پەیامی خۆی بۆ ئەم مرۆڤە بچووك و نەزانە دەنێرێت؟! بۆ سەر ئەم زەمینەی کە خۆی دەڵێی جێ پێی مێروولەیەو بەم گەردوونە گەورەوە دیار نیە!! فەیلەسووفی کۆن و نوێ لە بیری تەسك و گۆشە نیگای بچوکی خۆیان و لە کورتبینیی ژیریانەوە دەیانووت: چۆن خوایەکی کردگارو هەڵسوڕێنەری سات بە ساتی ئەم گەردوون و ژیانە بۆ ئەوەی مرۆڤ گومڕا نەبێت پەیامی خۆیان بۆ دەنێرێتە سەر زەوی و دەشیداتە دەست یەکێك لە خۆیان؟!! یان بە دەردی مارکسییە فەرماسۆنە بێ دینەکان دەڵێن: نا.. ئەم دینانە هەر بیرکردنەوەو پەی پێبردن و راووبۆچوونی ئەو پێغەمبەرانە خۆیان بوون کە کەسانی هەڵکەوتەی سەردەمانی خۆیان بوون!! یان پلان ونەخشەی دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارانی سەردەمەکان بوون تا ئاسانتر خەڵکیان بۆ مەیسەر بێت و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بیانچەوسێننەوە..

ئەمانە هەمووی نەفامیە، هەمووی درك نەکردنە بە رێزی خوای گەورەو ئەو مەکانەتەی کە دەبێت لە دڵ و ژیریی مرۆڤدا بەرامبەری هەیبێت.. ئەمانە هەمووی قەدر نەزانینی خوای گەورەن، خوای بەڕێزو مەزن و دادپەروەرو بەبەزەیی و زاناو دانا لە خوای گەورە ناوەشێتەوە کە ئەم مرۆڤەی کە دروستی کردووە هەر وا بەرەڵای کات و لێی گەڕێت! خوای گەورە کە خۆی خەڵقی کردووە، هەموو نهێنی و ئاشکراییەکی ئەم مەخلووقە دەزانێت، پەی بە هەموو ئاتاجیەکانی دەبات، درکی هەموو ووزەو توانایەکی دیارو شاراوەی دەکات، دەزانێت کوێی هێزەو کوێی لاوازییە، دەزانێت کەی یارمەتی دەوێت و چۆن؟!! دەزانێت بۆ پارسەنگ راگرتنی پەیوەندی نێوان خۆیان چیان پێویستەو دەبێت

چۆن ئاڕاستە کرێن، دەبێ لەسەر چ سیاسەت و سیستمێك بڕۆن.. خوای کردگاری ئەم مرۆڤ و مرۆڤایەتییە چاك دەناسێت ئیدی چۆن دەبێت دیدو تێڕوانین و بەرنامەی ژیان، مرۆڤەکان خۆیان دایرێژن؟! خۆیان چوزانن خوا چۆن بناسن و بیپەرستن؟! خوای گەورە بۆ خۆی دەزانێت کە چۆن دەبێت خوا بەم مرۆڤایەتیە بناسێنرێت، یاساو رێسای چۆنیان بۆ دابڕێژرێت.. دەبێ چی بڵێن و چی بکەن، چی نەڵێن و چی نەکەن.. چۆن هەڵسوکەوت کەن تا لەگەڵ سیستمی هەموو گەردوون و ژیاندا یەك دەگرنەوە، چی نابێت بکەن تا بەو سیستمی گەردوونە نەکێشرێن و موبتەلا نەبن.. خوای گەورە دەزانێت چیان بۆ باشە و چیان بۆ خراپە، چی و چەندو چۆن چاکیان دەکات و چی و چەندو چۆن ئینحیرافیان پێ دەکات، بۆچی و بەچی لاسەنگ دەبن و چۆن و بۆچی بۆ یەکتریی دەبنە مایەی ئازارو ژان و ناسۆر.. خوا دەزانێ چی بکەن راستە، چی بکەن بەهەڵەدا دەچن.. کورت و موختەسەر خوای زانا دەزانێت چۆن ژیانی ئەم مرۆڤایەتیە دادەمەزرێت و بە چی و چۆن ئاسودە دەبن..

خوای زاناو دانا دەزانێت کە ئەو ژیرییەی لەم مرۆڤەیدا خوڵقاندووە هی ئەوە نیە بە تەواوی پەی بە گەردوون و ژیان و ماهییەتی مرۆڤ ببات، چونکە ئەم ژیرییە نوقسانە،کەمبینە، کورت بینە دەکەوێتە ژێر تین وفشاری حەزو ئارەزوو، یا پاڵنەری خوارو خێچ، یان تەماع و هەڵپە کردن، یان ترس و بیم و ئینفیعالەکانی تری داخی ناخ.. کورت و موختەسەر ژیریی ئەم مرۆڤە هی ئەوە نیە روانگەی دیدی راست و بنەمای فیکری رەسەن و رێسای مەحکەمی سیاسەت داڕێژێت.. ئەم مرۆڤەو ئەقڵیەتی هی ئەوە نین چارەنوسی خۆیان و مرۆڤایەتی و گەردونیان بدرێتە دەست! هی ئەوەش نین وازیان لێ بهێنرێت خۆیان بگەنە خواناسی و خواپەرستی و یاساورێسا داڕشتن! چونکە دوایی دەکەونەوە ئەو نەفامێتیەی کە خوای گەورە وەکو کە پێویستە ناناسن و قەدری وەکو کە پێویستە ناگرن. خوای گەورەو زاناو میهرەبان دەیزانی کە دەبێ لە رێی پێغەمبەرەکانیەوە عەقیدەو پەرستن وشەریعەتیان بۆ بنێرێت..

خوای گەورە دەیزانی کە ئەگەرچی سروشتی مرۆڤایەتی بە پاك دروست کردووە بەڵام هی ئەوەش نیە کۆڵی لێبدرێت و ئیهمال کرێت، چونکە ئەویش وەکو ژیریی دەکەوێتەوە ژێر تین و تەوژمی پاڵنەری ئینحیراف.. تین و فشاری حەزو ترس ئەویش لاسەنگ دەکات، مرۆڤەکان بە ساویلەکەیی خۆیان زوو فریوی نەفس و شەیتان دەخۆن، شەڕخوازانی ئینس و جینن زوو مرۆڤە سادەو دڵپاکەکان لە خشتە دەبەن، ئەمان کە دڵپاکانە رەفتاریان لەگەڵدا بکەن ئەوان چەواشەکارانە دەیانقۆزنەوە! سەرەنجام سەرمەقولات بە مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی دەدەن و فریووی دەدەن!! بۆ ئەوەی هۆشیان لە خۆ بێت ئەمان بەرەو دۆزەخیان لێ دەخوڕن!

لەبەر ئەمانەو دەیان هۆی ترە کە خوای میهرەبان و بەبەزەیی و بەخشندە، خوای کارزان و کارجوان و دانا ئاڕاستەی مرۆڤایەتیەکەی لای خۆی هێشتۆتەوەو بە پێغەمبەرانی هەڵبژێرراوی خۆیدا بە رێی وەحیەوە بۆی ناردوون.. نێرراوانی خۆی هەر لەو خەڵکە هەڵبژارد، پەیامی خۆییان لەبەرچاوی خۆیان بۆ نارد، تا لەسەر سروشتی پاکی خۆیان رایانگرن، تا شنەی رۆح و ئاسودەیی دەروون و چێژی جەستەیان بە پارسەنگی دنیاو قیامەتیان پێ ببەخشێت.. تا ژیریی و پەی پێبردنیان ئاڕاستەی ئەو بوارانە کات کە مەیدانی خۆیانەو دەتوانن داهێنانی تێدا بکەن.. تا لە رووی جەستەو رۆحەوە لە ژیانی دنیاو قیامەتیاندا پارسەنگ بن، تا ماهییەتی شتەکانی دەوروبەریان وەك خۆیان ببینین، تا لە رووی ژیرییانەوە تەندروست بن..

ئەمە لایقی لوتفی خوایە، نەك ئیهمال کردنیان! ئەمە لە دادی خوای دانا دەوەشێتەوە نەك بەرەڵاکردنیان.. ئەمە لە بەزەیی خوای بەخشندە دەوەشێتەوە نەك وەل کردن ووێڵ کردنیان! لە خوای گەورە ناوەشێتەوە شتێك دروست کات و پاشان هەقی بەسەریەوە نەمێنێت، لە دیدی دینیدا رای وا گێلانە جێی نابێتەوە!!

چونکە خوای پەروەردگار قیامەتی داناوە کە پاداشتی چاکەکارانی تێدا دەداتەوەو سزای تاوانبارانی تێدا دەدات، ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە کە هەر لەسەرەتاوە وەك دروستی کردوون ئاڕاستەی خۆییان بۆ بنێرێت، ئاڕاستەیان بە کەسانێکدا بۆ بنێرێت کە ناسراوی کۆمەڵگەکانی خۆیان بن تا مژدەی ڕەزامەندی خواو بەهەشتیان بدەنێ و هۆشیاری غەزەبی خواو دۆزەخیان بخەنە پێشچاو.. چونکە لەسەر هەڵوێستیان لەسەر حسێب دەکرێت: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولا) الاسراء/١٥ واتە: مومکین نیە ئازاردەری کەس بین تا نێررا و نەنێرین..





باسی شەشەم: ئەرکی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت)

پێغەمبەرانی بەڕێز سەلامی خوایان لێبێت پەیامهێنەرن، مژدەدەرو هۆشدەری خوایین ئەمە کاریانە، ئەمە ئەرکی سەرەکیانە، ئەوان ئەم بانگەوازە دەگەێنن، ئەمما خەڵکی کێ وەدەنگیانەوە دێت یا نایات، ئەوە هەڵوێستی سەربەستانەی خۆیانە، ئەمان تەنها ئەوەندەیان لەسەرە کە دینەکە روون کەنەوەو ئەو خەڵکەش لەوە ئاگادار کەنەوە کە هەر هەڵوێستێك لەو بانگەوازە خواییە بینوێنن، پاداشت یان سزای دوایی دەکەوێتە سەر.. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ فَمَنْ آمَنَ وَ أَصْلَحَ فَلَا خَوفٌ عَلَيهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ * والَّذينَ كَذَّبُوا بِآياتِنَا يَمَسُّهُمُ الْعَذَابُ بِمَا كانُوا يَفْسُقُونَ) الانعام/٤٨-٤٩ واتە: ئێمە هەر پێغەمبەرو نێرراوێك بنێرین هەر مژدەدەرو هۆشداریان دەنێرین، هەرکەس باوەڕی هێناو کەوتە چاکەخوازیی ئیدی ئەوە نەترسی دەمێنێت نە خەم و پەژارە. ئەو کەسانەش کە نیشانەو پەیامی ئێمەیان بە درۆخستۆتەوە سەرەنجامی ئەو لاڕێبوونەیان سزایان بەردەکەوێت!!

ئەم دینە مرۆڤایەتی بەرەو ئاستێکی کامڵ بوونی ژیریێتی بەرز دەکاتەوە، وای ئامادە دەکات کە ئەم ئامێرە بەڕێزو بەنرخەی خوا پێی داوە لە رێی ناسینی حەقدا بخاتە کار بەوەی سەرنجی ژیرانە بداتە ئەو بەڵگەو نیشانانەی کە خوای کردگار لە خودی مرۆڤ و ژیان و گەرووندا نیشانی دەدات، بۆ ئەوەی لە بونەوەر بکۆڵێتەوەو پەی بە نهێنیەکانی ببات کە قورئان بۆ رێنیشاندانی ئەم مرۆڤە بەو ئاڕاستەدا، هاتووە..

ئەمەش ئەوەی دەخواست کە مرۆڤایەتی لە قۆناغی نیشاندانی موعجیزەی ماددی بەرچاویانەوە کە پێچەوانەی رێساکانی بوون و گەردوون بوون

بگوێزرێنەوە بۆ قۆناغی تر، لە قۆناغی رابوردوودا دەبوو بە زۆر ملیان پێ کەچ کرێت، دەبوو بە موعجیزەی نایاسایی قەناعەتییان پێ بکرێت کە پێغەمبەران نێرراوی خوای تاك وپاکن! تا ئەوەندە نکووڵی نەکەن و گوێڕایەڵی بۆ پەیامی خوایی دەرببڕن، بەڵام لە قۆناغی هاتنە خوارەوەی قورئاندا دەبوو ژیرێتییان بخرێتە کار، دەبوو بە دواندنی ئەقڵیان بگەیێنرێنە پەی بردن بە حەقیقەتی گەردوون و دروست کراوانی، بە حەقیقەتی وەحی و پێغەمبەرایەتی و پەیامی خوایی.. ئەمیشیان هەر موعجیزە بوو، بەڵام موعجیزەیەکی بەردەوامی هەمیشەیی، لە هەمان کاتیشدا بەرنامەی دیدو تێڕوانینێکە کە هەموو ژیانی هەموو مرۆڤایەتی لە هەموو کات و شوێنێکدا لەسەر دادەمەزرێت!

بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لەم قۆناغە نوێیەیدا پەی بەو حەقیقەتانە ببات، دەبوو خوای گەورە کتێبێکی تریان بۆ بنێرێتە خوارێ کە لە هەموو لایەنێکیەوە موعجیزە بێت تا نەوەی مرۆڤایەتی هەموو کات و شوێنێك دەسەوسان لەبەردەستیدا راوەستن، بە بەڵگەی ژیرێتیەك بیاندوێنێت کە خۆیان پێی رازین، تا ئازادانە بیانگەیێنێتە قەناعەتی ئەوەی کە ئەم پەیامە موعجیزەیە نەك هەر لە لایەنی داڕشتنیەوە، بەڵکو لە رووی بەرنامەرێژیەوە، لە رووی ئاڕاستە کردن و پەروەردەکردنیەوە، لە رووی پێکەوەنانی کیانێکی کۆمەڵایەتی و بزاڤێکی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەوە کە وەکو کۆئەندامانی یەك جەستە بن، کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی سیاسی وا پێك بێنێن کە هاوشێوەی نەبێت!

ئەم کۆمەڵکاری و ئامانج و رێبازە، پەروەردە کردنێکی رەسەن و پشوودرێژی دەخواست، ئاڕاستەی بەردەوامی شەووڕۆژانەی دەخواست، دەبوو ئەم گۆڕانکاریەی لە واقیعەکەدا دروست ببێت، چونکە پێشتر لە دیدو تێڕوانیندا دروست بووبوو.. دەبوو ئەم مرۆڤایەتیە زۆر هێدیانە بەرەو ئەو ئاسۆیە هەڵکشێت.. سەرەتای ئەوەش راست خوێندنەوەی مرۆڤ و ژیان و گەردوونە، پەی بردنە بە بەرفراوانی ئەم سێ جیهانە (مرۆڤ و ژیان وگەردوون).. جا بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی تووشی گومڕایی فیکریی ودەردەسەری دەروونی و خەستەیی جەستە

نەبێت دەبوو ئاڕاستەی خوایی بێتە خوارێ، تا یەك یەك ماهیەتی ئەو سێ روکنە لە سیفاتی خۆیانەوە بە مرۆڤایەتی بناسێنێت، نەك لە دیدی پێشتری خۆیانەوە، نەك لە روانگەیەکی فەلسەفی ماندووکەری ئیغریقیەوە، یان لە دیدێکی مەسیحیەوانانەوە کە دۆزینەوەی وەسف و پێناسەی شت دەڵێی مەتەڵە! یان لە رێی دیدو تێڕوانینی هەستەوەرێکی ماددی هیندۆسی یان میسری یان بودایی یان مەجووسی ئەو سەردەمەوە.. بەدەر لەوشێوە سادەو ساویلکەش کە بەسەر دیدو تێڕوانینی عەرەبەکاندا زاڵ بووبوو!!

لایەك لەو پەیام و ئاڕاستەیە بریتی بوو لە زانینی ئەرکی پێغەمبەران و حەقیقەتی ئەو رۆڵەی کە دەبێت لە بزاڤێکی کۆمەڵکارییدا بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکە ببینن، بەو شێوەیەی کە ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە روونی دەکەنەوە..

پێغەمبەران مرۆڤن وەکو هەر مرۆڤێکی تری ئەو خەڵکە، بەڵام خوای گەورە بۆ ئەوەی ناردووە تا مژدەو هۆشداری (تبشیر و إنذار) بداتە خەڵکی، لێرەدا کۆتایی بە ئەرکی پێغەمبەرە بەرێزەکە دێت، ئینجا رۆڵی قەدەری خوایی دێت لە هیدایەت دانی خەڵکەکە، کە کێ و بۆچی وەدەنگ بانگەوازی ئەو پێغەمبەرەوە هات یان نایات پاداشتی خواییش بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە وەدەنگ بانگەوازەکەوە هاتوون و پێوەی پابەند بوون، ئەوی باوەڕی هێناوەو خوای ناسیووەو پەرستوێتی وبە شەریعەتەکەیەوە پابەند بووە، هیچ خەمێکی نیەو چارەنوسی مسۆگەرە، لەوە ناترسێت کە لە داهاتوودا دێت! خەفەت بۆ رابوردووی ناخوات وخەمی داهاتووشی نیە! ئەو کردارە بەدانەی کردوونی، رابوردن، ئەوە مادام تۆبەی لێ کردوون و وازی لێ هێناون، خوای گەورە بە بەزەیی خۆی بۆی سڕیوەتەوە، ئەو کردارانەش کە چاکەن، ئەوە خوای گەورە بە لوتفی خۆی پاداشتی دەداتەوە.. ئەوی باوەڕی نەهێناوەو پێغەمبەرەکەی بەدرۆ خستۆتەوە، ئەوە حەتمەن بە هۆی کافربوونەکەیەوە وەبەر سزای سەخت و

بەژان دەکەوێت! نابینیت خوای گەورە دەفەرموێ: (بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ) لەبەر ئەو خراپانەی کە ئەنجامیان دەدا.. ئەمە شێوەی قورئانە کە سەرپێچیەکان بە زاراوەی شیرك و کوفرو زوڵم و فسق ناو دەبات..

دیدو تێڕوانین و پێناسەو وەسفێکی ئاسان و سادەیە، راست و ڕاستەو پێچاوپێچی تێدا نیە، هیچ لوغزێکی لەخۆ نەگرتووە.. ناساندنی پێغەمبەران و ئاشکرا کردنی کارو ئەرکیانە بە راشکاوی دیاری کردنی پلەو رۆڵیانە لە ماهییەت و بەرپرسێتی ئەم دینەدا.

لەم دیدو تێڕوانینەدا تەنها خوای گەورە مافی خوایەتی هەیە، هەموو کارو روداوێك بۆ وویستی ئەو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئازادی مرۆڤەکان لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی دینەکەدا والآیە و خەڵکی سەربەستن بەم ئاڕاستەدا دەڕۆن یان نا، تەنها ئەوەیە کە خوای گەورە بەم پەیامەی خۆی و لەسەر زمانی پێغەمبەرە هەڵبژاردە بەڕێزەکانی سەلامی خوایان لێبێت پاشەڕۆژی موسوڵمان وکافری خستۆتە بەرچاوان.

ئەم دیدو تێڕوانینە هەرچی دیدو تێڕوانێنی وێڵ و هەڵەو پەڵە هەیە خستوێتیە کەنار، هەرچی باوەڕی لارو وێرو ئەفسانەی پووچەڵ هەیە کەشفی کردووەو ئەو درۆو دەلەسانەی فەزح کردووە کە لە ناو کۆمەڵگەی جاهیلییدا دەربارەی خواو پێغەمبەران وەحی هەبوو، ئەوەی لە کۆمەڵگەی جاهیلییەتی یەکەمجاری عەرەبەکاندا هەبوو یان ئەوەی لە هەموو جاهیلییەتێکی پێش و پاش ئەوان هەبووەو هەیە..

ئیسلام بەم قورئانە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئاوا بەرەو قۆناغی پەی بردنی ژیرێتی هێنا، بێ ئەوەی بیخاتە کەندەلان و بێشەلانی لاهووتی وتێکچرژانی شەرەقسەی فەلسەفەوە، ئەوی تەمەن و ووزەی هەزاران بیرمەندی لە نەوە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا بە هەدەردا

دەروونی هەموو مرۆڤێك (هی پێغەمبەرانیش) حەز دەکات زوو ئەم بانگەوازە سەرخات، حەز دەکات موعجیزەیەك لەسەر راستی ئەم دینە نیشان ئەو خەڵکە بدرێت تا زووتر واز لەو کەللەڕەقی و هەڵوێستە نەفامیەی خۆیان بهێنن و زوو وەدەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن و باوەڕی پێ بهێنن، بەڵام ئەوە شتێك نیە لەدەست کەسدا بێت، ئەوە ماف و دەسەڵاتی خوای کردگارەو بەس: (وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إلا بِإِذْنِ اللَّهِ) هیچ پێغەمبەرێك بۆی نیە نیشانەیەك (موعجیزە) بهێنێت مەگەر بە مۆڵەت و ڕێپێدانی خوای گەورە.. خوای پەروەردگار کە ئەو نیشانە موعجیزەیان زوو زوو ناخاتە بەردەست دەیەوێت پێغەمبەرە ئازیزەکانی فێرە سەبر کات بە ئارام و پشوو درێژیان پەروەردە کات، دەیەوێت ئەوان خۆیان لەسەر کاری دوورمەدا ڕابهێنن، بۆیە پێشیان دەفەرموێت: ئێوە هەقی ئەنجامی کارتان نەبێت، ئێوە کاری سەرەکی خۆتان کە ڕوون کردنەوەی دینەکەی ئەنجامدەن، ئەمما موعجیزەو کاتی نیشاندانی لێگەڕێن بۆ خوای کارزان و کارجوان، ئەو دەزانێت نیشاندانی موعجیزە کەی و بەرامبەر بە کێ زەروریە بێت نیشان بدرێت..

دیسان خوای گەورە دەیەوێت کە خەڵکەکەش ماهییەتی خوایەتی و سروشتی بانگەوازی خوایی بزانن، لەوە دڵنیابن کە پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە هەر مرۆڤی وەکو ئەمانن و خوای کارجوان لە ناو خۆیاندا هەڵیبژاردوون و ئەو کارو ئەرکەی پێ سپاردوون، ئەوان فەرمانبەری خوایین و بۆیان نیەو ناتوانن و هەوڵیش نادەن ئەو سنورە ببەزێنن کە خوای گەورە بۆی دیاری کردوون..





بەندی سێیەم

باسی یەکەم: مەسەلەیەکی دژوارو ڕوون

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ) یوسف/١٠٣

واتە: هەرچەند سووریش بیت لەسەر بانگهێشت کردنی خەڵکی بەڵام زۆرینەیان هەر موسوڵمان نابن.. هەروەها دەفەرموێ: (وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللّهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ) یوسف/١٠٦ واتە: زۆرینەیان وا باوەڕ بە خوا دێنن کە هاوەڵیشی تێدا بۆ خوا بڕیار دەدەن!! تەنانەت ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە شیرکێکیان لە شێوەیەك لە شێوەکانیدا خزاندۆتە ناو باوەڕەکەیانەوە!

باوەڕی ڕاستەقینە ووریاییەکی زۆری دەوێت، ئاودێرییەکی بەردەوامی دەوێت کە بە پاڵفتەکراوی و پاراوی بهێڵێتەوە.. چاودێریەکی وای دەوێت کە چاوی لێ نەتروکێنێت نەبادا شەیتان تێی خزێت و تێیدا بتروکێت! پاسەوانێتییەکی وای دەوێت کە لە ناکاودا هەواو هەوەس یان ئارەزوو، یان تەفرەدانێکی دنیایی دزە نەکاتە ناوی تا بە تەواوی بۆ خوا ساغ بووبێتەوەو هەرواش بەردەوام بۆ خوای بەئاگا بمێنێتەوە..

ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (أنَا أغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أشْرَكَ مَعِي فِيهِ غَيرِي، تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ)[١] موسلیم واتە: من لە هەموو کەسێك بێ نیازترم بە هاوەڵ و هاوبەش، هەر کەسێك کارێك لەبەر خاتری من بکات و هاوەڵێکی تێدا هاوبەش کات خۆی و شیرکەکەی واز لێ دێنم و خۆی و شیرکەکەی دەدەمەوە دەست هاوەڵەکەی!

---

[١] ئیمامی موسلم لە الزهد والرقائق (٢٩٨٥).

هەر ئەو خوای لێ رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إنَ أوّلَ الناسِ يُقْضَى يَومَ القيامَةِ عَليهِ رَجُلٌ اُسْتُشْهِدَ . فأتَى بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعْمَتَهُ فَعَرَفَهَا، قالَ : فَمَا عَمِلْتَ فِيها ؟ قالَ : قاتَلْتُ فيكَ حَتَى اسْتُشْهِدْتُّ . قالَ : كَذَبْتَ ! وَلكِنَكَ قاتَلْتَ لِأَنْ يُقالَ جَرِئٌ، فَقَدْ قِيلَ . ثُمَ أُمَرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وجْهِهِ حتى أُلْقِيَ فِي النارِ، وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ العِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتي بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعرَفَهَا قَالَ : فَمَا عَمِلْتَ فيها ؟ قَالَ : تَعَلَّمْتُ العِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرآنَ قَالَ اللهُ تَعَالَى:كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ قَرَأتَ لِأَنْ يُقَالَ: قَارِيءٌ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللهُ عَلَيهِ وَأعْطَاهُ مِنْ أصْنَافِ الْمَالِ فَأتي بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا ؟ قالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبَّ أنْ يُنْفَقَ فِيهَا إلَّا أنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ جُوادٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ)[١] رواه مسلم. واتە: یەکەمین کەسانێك کە لە رۆژی دواییدا داوەری دەکرێن، کابرایەکە کە شەهید بووە. دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. ئەویش نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە بیری، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێت: خوایە، تا شەهید بووم لە پێناوی تۆدا جیهادم کرد. خوای گەورە دەفەرموێ درۆت کرد! بۆیە دەجەنگایت تا پێت بڵێن ئازاو قارەمانە! ئەوا ووتیان.. پاشان فەرمانی بۆ دەردەچێت بە راکێشان لەسەر روو رایدەکێشن تا فرێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە..

هەروەها کابرایەکە کە زانستی شەرعی فێر بووەو قورئان خوێن بووە، ئەویش دەهێننە پێشەوەو خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە بیر، ئەمیش

[١] ئیمامی ئەحمەدو موسلیم و نەسائی ریوایەتیان کردووە لە موسلیمدا ژمارە (٩٠٥)یە .

هەموویانی وەبیر دێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات دوایی خوای گەورە لێی دەپرسێت: دەی چیت لەم نیعمەتانەی من کرد؟ ئەویش دەڵێ: خوایە زانستی فێربووم وخەڵکییشم فێرکردو لە پێناوی جەنابتدا قورئانم خوێندووە، خوای گەورە پێی دەفەرموێ: درۆت کرد بۆیە زانستیت دەخوێند تا پێت بڵێن زانایە (مەلایە، شەرعناسە) قورئانیشت بۆیە دەخوێند تا پێت بڵێن قورئان خوێنە (یان دەنگی خۆشە) ئەوا ووتیان! پاشان فەرمانی بۆ دەردەچێت بە راکێشان لەسەر روو رایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە..

هەروەها کابرایەکی تر کە خوای گەورە رزق و رۆزی زۆری پێ بەخشیبوو، جۆرەها سەروەت و سامان و ماڵی پێدابوو، ئەویش دەهێنرێتە پێشەوەو خوای پەروەردگار نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە بیر، ئەمیش هەموویانی وەبیر دێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات، دوایی خوای گەورە لێی دەپرسێت: دەی چیت لەم نیعمەتانەی من کرد؟ ئەویش دەڵێ: خوایە، بوارێکی کاری خێر نەما کە جەنابت حەزت پێی بووبێت ئیللا لەبەر خاتری جەنابت پارەیەکم تێدا خەرج کرد! خوای گەورە دەفەرموێ: درۆت کرد، ئەمانەت بۆیە دەکرد تا پێت بڵێن سەخییە، خێرومەندە! ئەوا ووترا!! پاشان فەرمانی بۆ دەردەچێت بە راکێشان لەسەر روو رایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە..

بەڵێ باوەڕی ساغ و پاك جیددیەتی وا دەخوازێت، دەبێت ئەوەی تێدا بەڵگە نەوویست بێت کە نابێت بە هیچ شێوەیەك هیچی بۆ غەیری خوای گەورە تێدا بێت نابێت هیچ هەست و نەست و ختوورەیەکی بۆ غەیری خوا تێدا بێت، نەبادا چەکەرە بکات! هەر وەکو کە نابێت هیچ رەفتارو هەڵسوکەوتێك لەبەر خاتری غەیری خوا بکرێت! دیسان هەروەکو کە نابێت هیچ پەرستنێك بۆ غەیری خوا ئەنجام بدرێت. باوەڕی پتەوی بۆ خوا سوڵحاو ئەم بۆ خواساغ بوونەوەیە دەخوازێت. نابێت هیچ شتێکی دنیایی لە دڵدا بمێنێت! دەبێت دوا کەلێنی هەست و نەستی بۆ خوا پڕ بووبنەوە.

خوای گەورە کە دەفەرموێ:(وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللّهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ) یوسف/١٠٦ واتە: زۆرینەیان وا باوەڕ بە خوا دێنن کە هاوەڵیشی تێدا بۆ خوا بڕیار دەدەن!! لەبەر ئەوەی کە ئەوانە بە نەفامی یان بە هەوەسخوازیی بەهایەکی دنیاییان زۆر لا بەنرخ بووەو گەیاندویانەتە ریزی بەها پیرۆزەکانی خوا بەیەك ناسین!

لەوانەیە لە دیدو تێڕوانینیاندا وایان چووبێتە مێشکەوە کە هۆکارێکی تری غەیری وویستی خوای گەورە کاری لە ڕووداودا هەیە، یان لە هەبوون و نەبوونی کەس و روداوو خودی هۆکاردا هەیە!!

یان لەوانەیە وایان لە مێشك چەسپی بێت کە هۆکاری تر هەیە غەیری خوای پەروەردگار کە کارتێکردنی لەسەر زیانبەخشین یان سوود گەیاندن هەبێت!

یان لە هیواو ئاواتیاندا ئومێدێکیان بە غەیری خوای خاوەن دەسەڵات بووبێت!

یان لەوانەیە قوربانیەکیان بۆ غەیری خوا کردبێت! یان پەرستنێکیان لە ناخیاندا یان بە زمان یان بە کردەوە بۆ غەیری خوا ئەنجام دابێت!!

یان لەوەدا تووشی شیرك بوون کە پێیان وا بووە دەشێت تەسلیم بەیاساو رێسای تری غەیری خوای کردگار بن کە فەرمانی پێچەوانەی شەریعەتی خوای دەرکردووە!

یان لەوانەیە لە جیهاددا شەریکیان لە نیەتیاندا بۆ خوای تاك و پاك بڕیار دابێت! یان پێیان وابووبێت کە بە هێزێکی تری غەیری خوای گەورە دەتوانرێت سەرکەوتن بە دەست بهێنرێت یان نوشوستی و شکستی دوور بخرێتەوە!!

یان لە خودی نوێژو ڕۆژوو پەرستنەکاندا شیرکیان لا دروست بووە!!

لە هەر مەیدان و جۆرێکی شیرکدا بوو بێت، هەرچەند شاراوە بێت هەر دژوارە، چونکە شیرك کردەوە پووچەڵ دەکاتەوە. بۆیە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَلشِّرْكُ فِيكُمْ أخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ)بوخاری لە ادب المفرد واتە: شیرك لە جێ پێی مێرووله لێتان شاراوەترە! فەرموودەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر هەن کە شێوازو جۆری شیرك و پەنهانیەکانی روون دەکەنەوە، هەندێك لەوانە:

* عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ حَلَفَ بِغَيرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ او أشْرَكَ)[1] ترمزی.واتە: هەر کەسێك بە غەیری خوای گەورە سوێند بخوات کوفری کردووە یان شیرکی بڕیار داوە..

* ئیبنو مەسعوود خوا لێی ڕازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إنَّ الرُّقِيَ والتَّمَائِمَ شِرْكٌ)[2] ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداوود. واتە: نوشتەو دوعا شیرکن[3]..

---

[1] الترمذي لە النذور والإيمان، باب: ما جاء في كراهية الحلف بغير الله (١٥٣٥)، والحاكم لە المستدرك(٤/٣٣٠)، والبيهقي لە الكبرى(١٠/٢٩)،الترمذي فەرموویەتی:"حسن صحيح"، وصححه الحاكم على شرط الشيخين، والألبانى لە صحيح الترغيب (٢٩٥٢).

[2] لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (إنَّ الرُّقِيَ والتَّمَائِمَ والتِّوَلَةَ شِرْكٌ) واتە: نوشتەو دوعاو متەفەرك و ئەو دەزوو داوەی بۆ لەرزو تا دەیکەنە مەچەك هەموویان شیرکن..

[3] ئەمە ئەو نوشتەو دوعایانە ناگرێتەوە کە ئایەت و حەدیسیان تیدایە ئەمەیان بیدعەیە بەڵکو ئەو هەلەق و مەلەقانەی جادووکەرەکان دەیکەن مەبەست لەوەیە و بۆ

* ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ مَعِي فِيهِ غَيْرِي، تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ)[1] موسلیم واتە: من لە هەموو کەسێك بێ نیازترم بە هاوەڵ و هاوبەش، هەر کەسێك کارێك لەبەر خاتری من بکات و هاوەڵێکی تێدا هاوبەش کات خۆی و شیرکەکەی واز لێ دێنم و لا ناکەم بە لایانەوە.

* ئەبو سەعیدی خودری لە ئەبو فوزاڵەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِذَا جَمَعَ اللَّهُ الأَوَّلِينَ والآخَرِينَ لِيومِ الْقِيامَةِ لِيَومٍ لا رَيْبَ فِيهِ نَادَى مُنَادٍ مَنْ كَانَ أَشْرَكَ في عَمَلِهِ لِلَّهِ أحَدَاً فَلِيَطلُبْ ثَوَابَهُ مِنْ عِنْدِهِ فَإِنَّ اللهَ أَغْنَى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّرْكِ)[2] ئیمامی ئەحمەد واتە: ئەو کاتەی خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا مرۆڤەکانی سەردەمانی یەکەم و ئەوانەی سەردەمانی کۆتایی دنیا کۆ دەکاتەوە، یەکێك بانگ لەو خەڵکە دەکات: ئەرێ ئەوەی کارێکی کردووەو شەریکی تێدا بۆ خوا بڕیارداوە با بڕوا پاداشتەکەی لە شەریکەکەی وەرگرێتەوە! چونکە خوا بێ نیازە لە شەریکایەتی و پێویستی بە هاوبەشی هیچ هاوبەشێك نیە..

نوشتە بۆ کراوەکەش ئەوەیە کە هەموو ئیعتیقاداتێکی وای لێ هاتبێت کە ئەو نوشتەو موفەڕکە چاکی دەکەنەوە!! ئەمەیان شیرکە.. واللە اعلم..

[1] ئیمامی موسلم لە الزهد والرقائق (٢٩٨٥) .

[2] وعن أبي سعيد بن أبي فضالة وكان من الصحابة قال سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: (إِذَا جَمَعَ اللَّهُ الأَوَّلِينَ والآخَرِينَ لِيومِ الْقِيامَةِ لِيَومٍ لا رَيْبَ فِيهِ نَادَى مُنَادٍ مَنْ كَانَ أَشْرَكَ في عَمَلِهِ لِلَّهِ أحَدَاً فَلِيَطلُبْ ثَوَابَهُ مِنْ عِنْدِهِ فَإِنَّ اللهَ أَغْنَى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّرْكِ) رواه الترمذي في التفسير من جامعه وابن ماجه وابن حبان في صحيحه والبيهقي وغيرهم وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي..

* ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدیەوە لە محمدی کوڕی لەبیدەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إنَّ أخْوَفَ مَا أخَافُ عَلَيكُمْ الشِّرْكُ الأصْغَرُ) قالوا : ومَا الشِّرْكُ الأصْغَرُ يا رسُولَ اللهِ؟ قالَ: الرياءُ، يَقُولُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُمْ يَومَ الْقِيامَةِ إذا جَزَى النَّاسَ بِأعْمَالِهِمْ اذهَبُوا إلَى الذينَ كُنْتُمْ تُرَاؤنَ فِي الدُّنيا فَانْظرُوا هَلْ تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً)[١] واتە: ئەوەی کە زۆر لێی دەترسم تووشتان ببێت شیرکی گچکەیە! ووتیان: شیرکی گچکە چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟! فەرمووی: ریابازیی.. خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا کە پاداشتی خەڵکی دەداتەوە بەوانەی شیرکیان کردووە دەفەرمویّ: بڕۆن بۆ لای ئەوانەی لە دنیادا کردبووتاننە هاوەڵی من، بزانن داخۆ هیچ پاداشتێکتان لایان دەسدەکەوێت؟!!

ئا ئەمە شیرکی شاراوەیە، کە هەمیشە دەبێت دڵی مرۆڤی موسوڵمان لێی بە ئاگا بێت و لێی غافڵ نەبێت، نەبادا کاریگەریی لەسەر باوەڕەکەی دروست کات..

جۆرێکی تری شیرکی راشکاوو ئاشکرا هەیە کە ئەویش بریتیە لە ملکەچ نەبوون و گوێرایەڵی نەکردنی پەیام و شەریعەتەکەی خوای گەورە.. بەوەی کە دینەکەی نەکرێتە بەرنامەی ژیان!! بەوەی کە خەڵکانێك داوەری خۆیان لە

---

[١] توێژینەوەی حەدیسەکە بەم شێوەیە: عن محمود بن لبيد أن رسول الله قال: (إن أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر)، قالوا: وما الشرك الأصغر يارسول الله ؟ قال: (الرياء، يقول الله عز وجل لهم يوم القيامة إذا جزى الناس بأعمالهم اذهبوا إلى الذين كنتم تراؤن في الدنيا فانظروا هل تجدون عندهم جزاء) . أخرجه أحمد (٤٢٨/٥و٤٢٩) واللفظ له، والبيهقي في شعب الإيمان (٣٣٣/٥)، والبغوي في شرح السنة (٣٢٤/١٤) وقال المنذري في الترغيب(٦٩/١):"إسناده جيد"، وقال الهيثمي في المجمع (٢٢٢/١٠":رجاله رجال الصحيح غير عبد الله بن شبيب بن خالد وهو ثقة"، وقال ابن حجر في بلوغ المرام (ص ٣٠٢): "أخرجه أحمد بإسناد حسن"، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٢)..

ناکۆکیدا نەبنەوە لای یاساو ڕێساکانی ئەو، ئەمەش هیچ گومانێکی تێدا نیە کە شیرکە.. ئەمە خۆ تەسلیم نەکردنە بە دینی خوا، جا ئیتر بە لادانی شەریعەتەکەی بێت یان بە هێنانی بۆنەی جەژن و مەراسیمی کۆمەڵایەتی تر! یان بە پۆشینی بەرگ و پۆشاکێکی وا کە داپۆشینی شەرعی پێ نایاتە ئەنجام! کە پێچەوانەی شەرعی خوا دەوەستێتەوە، کە فەرمانی بە داپۆشینی ئەو ئەندامانە داوەو ئەم پێی حەڵاڵە دایاننەپۆشێت!! ئەمەش شیرکە.. ئەمە گوناح کردن نیە، ئەمە تاوانێکەو نیەوو کرا بێت، نا ئەمەیان سنور بەزاندنی یاساو ڕێسایە! ئەمەیان لادانی فەرمانێکی شەرعیە بۆ نەریتێکی جاهیلی کە مرۆڤ هێناویەتە کایەوە، ئەمە لادانی فەرمانەکەی خوایە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤێك کە خۆشی بەندەی خوایە!! ئەمەیان لە خانەی گوناحدا نەماوەو چۆتە خانەی شیرکەوە، چونکە بۆتە نیشانەی ئەوە کە خاوەنەکەی بەرنامەیەکی تری گرتۆتە بەر کە دژی دینەکەی خوای گەورەیە، لەم لایەنەوەیە کە کارێکی زۆر دژوارە..

با کۆمەڵێك حەدیس لەسەر دژواری شیرك بهێنینەوە پاشان دێینەوە سەر ئەم خاڵە:

* لەبەر دژواری ئەو شیرکەو پەنهانێتیەکەیەتی کە پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دوعاکانیدا دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وأنا أَعْلَمُ وأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لا أَعْلَمُ)[1] واتە: خوایە پەنا دەگرم بە جەنابت لەوەی کە بە زانینەوە شەریکێکت بۆ بڕیار بدەم و داوای لێبوردنیشت لێ دەکەم لەوەی کە

[1] أخرجه أحمد من حديث أبي بكر برقم ١٨٧٨١، وهو في مسند ابي يعلى (٦٢/١) من حديث ابي بكر ولفظه (اللهم إني أعوذ بك أن أشرك بك وأنا أعلم وأستغفرك لما لا أعلم) وفي الأدب المفرد (برقم: ٢٥٠) للبخاري إلا ان حديث ابي بكر ضعيف. وفيه ليث بن ابي سليم. وفي اسناده ضعف.

بەبێ ئاگایی کەوتبمەوە ناویەوە.. شیرکی گەورە ناکەوێتە بازنەی لێبوردنی خوای گەورەوە، وەکو کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء) النساء/٤٨ واتە: خوای گەورە خۆش نابێت کە شیرکی بۆ بڕیار بدرێت بەڵام لەو گوناهانەی لەو کەمترە خۆش دەبێت، بۆ هەر کەسێك کە خۆی حەز بکات..

* ئیبنو مەسعوود خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ لە پێغەمبەرم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی چ گوناحێك زۆر گەورەیە؟ فەرمووی: (أنْ تَجْعَلَ لِلهِ نِدَّاً وَهُوَ خَلَقَكَ)[1] واتە: ئەوەی کە شەریکێك بۆ خوا دانێیت کە ئەو خۆی دروستی کردوویت!

* ئەو حەدیسەی کە لە ڕیوایەتی ئیبنو عەبباسدایە خوا لێیان ڕازی بێ کە دەفەرموێ: (قالَ رسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: إذا حَلَفَ أَحَدُكُمْ فَلَا يَقُلْ : مَا شَاءَ اللهُ وَشِئْتَ، وَلكِنْ لِيَقُلْ: مَا شَاء اللهُ ثُمَّ شِئْتَ)[2] واتە: ئەگەر یەکێکتان سوێندی خوارد نەڵێ ئەگەر تۆو خوا حەز کەن، با بڵێت ئەگەر خوا حەز کات پاشان تۆ حەز کەیت[3]..

* عن أبي هُرَيرَةَ رضِيَ اللهُ عنْهُ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عليهِ وسَلَّمَ : (إجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ: الشِّرْكُ باللهِ، والسِّحْرِ، وقَتْلِ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إلَّا

---

[1] البخاري (٤٢٠٧)، مسلم (٨٦) عن عبد الله بن مسعود .

[2] أخرجه ابن ماجة في الكفارات، باب: النهيَ أن يقول: ما شاء الله وشئت (٢١١٧)، وقال الألباني في الصحيحة (١٠٩٣): "إسناده حسن"، وذكر له شواهد أخرى بأرقام (١٣٦، ١٣٧، ١٣٩) .

[3] ئەوانەی کوردیش جائیز نیە کە دەڵێن هەموو هیوایەکم تۆو خوای گەورەیە!! یان کە دەڵێن: پشتم بە تۆو خوا بەستووە!! یان وا ئەو کوڕەم سپارد بە خواو تۆ!! نابێت، جائیز نیە، هەر دەبێت بڵێ هەموو هیوایەکم خوای گەورەیە پاشان تۆیە.. دەبێت ووشەی پاشان بخاتە نێوان ناوی خوای گەورەو ئەو کەسەوە..

بِالْحَقِّ، وأكْلِ الرِّبَا، وأكْلِ مَالِ الْيَتيمِ، والتَّوَلِّي يَومَ الزَّحْفِ، وَقَذْفِ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَات الغَافِلاتِ)[1] متفق عليه.

واته: توخنى حەوت گوناحە پەڵەكارەكە نەكەون: شەريك بۆ خوا دانان، سيحر، كوشتنى مرۆڤ كە خوا حەرامى كردووە مەگەر لەسەر هەق، سوو خواردن، خواردنى سامان و ماڵى هەتيو، هەڵاتن لەبەرەى جەنگ لەكاتەكانى رووبەڕوو بوونەوەدا، تۆمەتباركردنى ئافرەتى موسوڵمانى بێ ئاگا بە داوێن پيسيى..

* ترمزى و ئەحمەدو حاكم گێڕاويانەتەوە كە عوبادە شەددادى كوڕى ئەوسى بينيبوو خوا لێى رازى بێت لە مزگەوت دەگريا، لێى پرسيبوو بۆچى دەگريت " فەرمووى لەبەر حەديسێكە كە لە پێغەمبەرمەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بيستووە، ئەويش ئەو كاتە بوو كە بينيم پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مات و مەلوولە لێم پرسى دايك و باوكم بە قوربانت بن چيە وا بە پەژارەوە دەتبينم؟ فەرمووى: (أمْرَاً أتَخَوَّفَهُ عَلَى أُمَّتِي مِنْ بَعْدِي) قُلْتُ: مَا هُوَ يَا رسولَ اللهِ ؟ قَالَ:(الشِّرْكُ والشَّهْوَةُ الخَفِيَّةُ) قُلْتُ:يَا رسُولَ اللهِ !وَتُشْرِكُ أُمَّتُكَ مِنْ بَعْدِكَ؟ قَالَ: (يَا شَدَّادُ أمَّا إنَّهُمْ لاَ يَعْبُدُونَ شَمْسَاً ولا قَمَرَاً ولا حَجَرَاً ولا وَثَنَاً ولكِنَّهُمْ يُرَاؤونَ بِأعمَالِهِمْ) قُلْتُ : وَالرِّيَاءُ شِرْكٌ هُوَ؟ قَالَ : (نَعَم) قُلْتُ : فَمَا الشَّهْوَةُ الخَفِيَّةُ ؟ قَالَ : (يَصْبَحُ أحدُهُمْ صَائِمَاً فَتُعْرَضُ لَهُ شَهَواتُ الدُّنْيا فَيَفْطُرَ) واتە: شتێك هەيە كە دەترسم دواى خۆم ئوممەتەكەمى تێكەوێت! ووتم: چيە ئەى پێغەمبەرى خوا؟ فەرمووى: شيرك و حەزە پەنهانەكە.. ووتم: ئەى پێغەمبەرى خوا چما ئوممەتەكەت دواى خۆت شيرك بۆ خوا بڕيار دەدات؟! فەرمووى: شەدداد خۆ وايان لێ نايات بچن خۆرو مانگ و بەردو دار بپەرستن، بەڵام بەوەى كە كار دەكەن بۆ ئەوەى بوترێت كردوويانە! (كاريان بە ريابازى دەكەن و بەوەش دەكەونە ناو شيركەكەوە)! ووتم:

---

[1] البخاري (١٠١٧/٣ ژماره ٦٦٧٥) و مسلم (٩٢/١ ژماره ٨٩).

چما ڕیا شیرکە؟ فەرمووی: بەڵێ، ووتم: ئەدی حەزە پەنهانەکە چیە؟ فەرمووی: یەکیان بەرۆژوو دەبێت لە کاتی رۆژووەوانێتیەکەیدا لەزەت و حەزێکی دنیایی بۆ دێتە پێش، یەکسەر رۆژووەکەی بۆ دەشکێنێت!![1].



موسوڵمان هەر لە سەرەتاوە لەبەر ئەوەی باوەڕی بە خوای تاك و پاك هێناوە کە هەر ئەو کردگارەو هەر ئەویش خاوەنەو هەر ئەویش مافی ئەوەی هەیە یاساو رێسا بۆ بەندەکانی دارێژێت.. دیسان لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بەوە هێناوە کە هەرچی بە وەحی بۆ محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە فەرمایشتی خوای گەورەیەو حەقە، ئەوی ئەم نێرراوە بەرێزەی خوای لەسەر بووە رێبازی خوایەو بەرنامەی ژیانە کەوابوو هەر دیدو تێڕوانین و هەر یاساو رێسایەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابوری، هەروەها هەر بەرنامەو رێبازێکی تری غەیری ئەم دین و شەرعە لای موسوڵمان رەفزەو هەر لەسەرەتاوە کەناری دەدات و دژیشی دەوەستێتەوە چونکە دژایەتی ئەو پەیامە دەکاتەوە کە خوای گەورە پێی رازی بووە ببێتە بەرنامەی بەندە پیاوچاکەکانی.. لەم روانگەشەوەیە کە هەر جۆرە ئیعتیرافێك بە دیدو دینێکی تر یان بە بەرنامەیەکی تر یان بە یاساو رێسایەکی تر، یان بە دەسەڵاتێکی تری سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری کوفرەو هەڵگەڕانەوەیە لەو دینەی کە خوای گەورە بە محمد الموستەفادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناردویتی و ئەویش بەو راشکاویە روونی کردۆتەوە!!

لەم روانگەوەیە کە ئیسلام تەنها دینی خوای گەورەیەو دەبێت مرۆڤایەتی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆیاندا تەسلیمی بن..

[1] نەمردین ئەو دین لاوازیەمان لە ساڵانی پێش حەفتاکاندا بینی! دراوسێیەکمان کوڕە مەلا بوو، لە رەمەزاندا بەرۆژوو بوو، فلیمی هیندی لە سینەما ئیشی دەکرد، رۆژووەکەی شکاندو چوو بۆ سینەما!!

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی نەسری مرووزی لە کتێبی (الصلاة)ەکەی خۆیدا ریوایەتێکی هێناوەتەوە کە لە قودامەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی وەکیع بۆی گێڕاینەوە کە ئەبو جەعفەری رازی لە رەبیعی کوڕی ئەنەسەوە ئەویش لە ئەبول عەتاهیەوە گێڕاویتیەوە کە فەرموویەتی: کاتێك ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ) محمد/٣٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورە بن و ملکەچ و گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بن و کارو کردەوەکانتان پوچەڵ نەکەنەوەو بە فیڕۆی نەدەن..لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەبوونی شیرکدا کردەوەی چاکە نرخی نیە، یاوەران لەوە ترسان کە بە گوناح کردن کردەوەکانیان پوچەڵ ببێتەوە!

لە رێی عبداللهی کوڕی موبارەکەوە لە ئیبنو عومەرەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە کە فەرموویەتی: ئێمەی یاوەرانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وامان دەزانی هەموو چاکەیەك لای خوای گەورە قبووڵە تا ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ) واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورە بن و ملکەچ و گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بن و کارو کردەوەکانتان پوچەڵ نەکەنەوەو بە فیڕۆی نەدەن.. دوای ئەوە ووتمان ئەوی کارو کردەوەکانمان پوچەڵ دەکاتەوە چیە؟! ووتمان: دیارە گوناحە گەورەکانن، ئیتر ئەو ئایەتەی تر هاتە خوارەوە کە دەفەرموێت: (إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء) النساء/٤٨ واتە: خوای گەورە لەوە خۆش نابێت کە شیرکی بۆ بڕیار بدرێت بەڵام لەو گوناهانەی لەو کەمترە، بۆ هەر کەسێك کە خۆی حەز بکات خۆش دەبێت.. ئیتر وازمان لە قسەی پێشوومان هێنا، بەڵام هەر خەمی ئەو

کەسانەمان بوو کە گوناحی گەورەیان ئەنجام دەدا، ئومێدی زۆریشمان هەبوو بۆ ئەوانەی نەکەوتوونەتە گوناحی گەورەوە!!





باسی دووەم: سەرچاوەی لێوەرگرتن

خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ * وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَن يَعْتَصِم بِاللّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ)

ال عمران/١٠٠-١٠١

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ هەندێك لەو کەسانە دەربڕن کە بە خاوەن پەیامی ئاسمانی حسێبن، لە دینەکە پاش باوەڕهێنانتان پاشگەزتان دەکەنەوە. جا ئێوە چۆن پێتان قبووڵە کە کافر ببنەوە لە کاتێکدا کە ئایەتی قورئانتان بەردەوام بە وەحی بۆ دێتە خوارەوەو نێرراوەکەی خواشتان لە ناودایە ئەوە بزانن کە هەر کەسێك پەنابەخوا بگرێت وبە راستی دەست بە دینەکەی خواوە بگرێت ئەو کەسە بەرەو پەیامی راستی خوایی رێنمایی کراوە..

دوای باوەڕهێنان و هیدایەت وەرگرتنی خوایی هیچ شتێك موسوڵمان وا نارەحەت ناکات وەکو ئەوەی کە خۆی ببینێتەوە وا بەرەو جاهیلییەت گەڕاوەتەوەو دوای ئیسلامەتی و دینداریيەکەی بەرەو کوفر چۆتەوە! چونکە دڵنیایە لەوەی کە ئەمە دوای دۆزینەوەی رێی بەهەشت و رووتێکردنی رێ بزر بوون و بەرەو دۆزەخ چوونە دوای ئەوەی لێی قوتار بووبوو! ئەمە هەڵوێستی هەموو موسوڵمانێکی سەرراستە لە هەموو کات و شوێنێکدا. بۆیە ئەم هۆشدان وئینزارە قورئانیە بە درێژایی نەوەکانی ئیسلامەتی قامچیەك بووەو ویژدانی پێ داخ کراوە! هاوارێك بووەو بەردەوام ویژدانی راچڵەکانداووەو زیتی کردۆتەوە. ئای چ

کردەوەیەکی ناقۆڵایە کە موسوڵمان دوای باوەڕ هێنان و دینداریی کافر ببێتەوە؟! بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە ئایاتی قورئانی خوای گەورە دەبینن و دەبیستن و دەیخوێنێتەوە یان بۆی دەخوێننەوە! ئەم پاشگەزبوونەوە دزێوە چیە لە کاتێکدا کە زەمینەی باوەڕو پاڵنەریی دینداریی لەبەرچاوە؟! لە کاتێکدا کە بانگەوازەکەی خوا بەردەوامەو بە گوێی خەڵکیدا دەدرێت؟! لە کاتێکدا کە دووڕێیانەکەی کوفرو ئیمان ڕۆشن کراونەتەوەو بە روونی نیشان دراون و دیارن؟!

بەڵێ.. بە تەئکید پاشگەز بوونەوەی موسوڵمان لە ئیسلامەتیەکەی و گەڕانەوەی بۆ کوفر شتێکی ناقۆڵایە، تاوانێکی گەورەیە، بە تایبەتی لە بارودۆخێکدا کە هەمووی یارمەتیدەری باوەڕ هێنان و پابەندی دینداریيە.. باشە راستە وا خوای پەروەردگار پێغەمبەرە نازدارەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ لای خۆی بردۆتەوەو کۆچی دوایی کردووە بەڵام خۆ ئایەتەکانی قورئان و لەبەر دەستدان، خۆ فەرموودەو سیرەتی ئەو لەبەر چاون، ئەمڕۆ لەم سەردەمەی ژیاندا روویان لە ئێمەشە، ئێمەش هەر وەکو خەڵکی سەردەمی هاتنە خوارەوەی وەحیەکە بەم قورئانە دەدوێنرێین، ئێمەشی بۆ بانگهێشت دەکرێین، رێی خواویستیەکە ئەمڕۆش دیارە، رۆشنە، ئاڵاکەی خواناسی بڵندەو دەبینرێت و دەناسرێتەوە ئەمڕۆش دیارە کە هەر کەسێك پەنا بە خوا بگرێت و بە راستی دەست بە دینەکەی خواوە بگرێت ئەو کەسە بەرەو پەیامی راستی خوایی رێنمایی کراوە.. بەڵێ.. ئەوەی ئەمڕۆش پەنا بە خواگرتن و دەستگرتنە بە دینەکەی خواوە، خوای گەورەش زیندووەو ماوە..

پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی و یاوەرە بەڕێزەکانی خوا لێیان رازی بێت لە مەسەلەی وەرگرتنی ئەم عەقیدەو بەرنامەو پێوە پابەندبوونیاندا زۆر توندوتیژ بوون لە هەمان کاتیشدا رێ بە رایان دەدرا یان بە ئاڵوگۆڕی ئەو دیدو بۆچوونەی لە ئەزموونی ژیان کردەوەییانەوە فێری بووبوون دەدرا، لەوانەدا کە پەیوەندیان بە سەرچاوەی دین و تەعلیماتەکەیەوە نەبوو، لەو مەیدانانەدا کە بە رەوتی بانگەوازە کۆمەڵایەتیەکەوە پەیوەست نەبوو، یان بەو بنەمایانەوە

نەبەسترابوونەوە کە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر ڕێك دەخرێت.. جیاوازی نێوان ئەم دوو هەڵوێست و ڕەفتارە زۆرە.. ئەو ئیسلامەی بۆ ئەوە هاتووە تا پێشەوایەتی ژیان بە بەرنامەی خوا بکات، هەر ئەو ئیسلامەشە کە ژیریی هان دەدات تا زیاتر بکەوێتە گەڕو زانیاری زیاتر پەیدا کات و چاك سوود لە ڕێساکانی هەبوون بکات و بۆ باشتر چەسپاندنی دینەکەو بەختەوەری زیاتری مرۆڤایەتی ڕاست ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات..

ئیمامی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمویٚ: عبدرالرزاق لە سوفیانەوەو ئەویش لە جابرەوە گێڕایەوە کە ئیمامی شەعبی لە عبداللّٰەی کوڕی سابیتەوە گێڕاوێتیەوە کە جارێك عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت هاتە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پێی فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا، برایەکی جولەکەی بەنی قورەیزەم ڕاسپاردبوو کە هەندێك تەوەرە باسی تەوراتم بۆ بنوسێتەوەو بۆم بهێنێت، وا بۆی هێناوم، پیشانتانی بدەم؟! عبداللّٰەی کوڕی سابیت دەفەرمویٚ: دەم و چاوی پیرۆزی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر گۆڕا! بۆیە خێرا بە عومەرم ووت: مەگەر نابینیت دەم و چاوی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چەند گۆڕا؟ عومەر (یەکسەر بە دەنگی بەرز) فەرمووی: بە پەروەردگار ڕازیم خوام بێت، بە ئیسلامەتی ڕازیم دینم بێت، بە موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕازیم پێغەمبەرم بێت، ئیدی ڕووی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆش بووەوەو بە هەموانی فەرموو: (والَّذي نَفْسِي بِيَدِهِ،لَو أصْبَحَ مُوسى - عليه السلام - ثُمَّ اتَّبَعْتُمُوهُ وَتَرَكْتُمُونِي لَضَلَلْتُمْ، إنَّكُمْ حَظِي مِنْ الامَمِ، وانَا حَظُكُمْ مِنْ النَّبِيّينَ)[1]

---

[1] أخرجه الإمام احمد ٣٨٧/٣ والدارمي ١١٥/١، وابن أبي شيبة ح٢٦٤٢١، وابن عبد البر في جامع بيان العلم ٤٢/٢، والبزار وأبو يعلى والبيهقي في شعب الإيمان. قال الحافظ ابن حجر في الفتح ٣٣٤/١٣: "رجاله موثقون إلا أن في مجالد ضعفاً". وبمثله قاله الهيثمي في المجمع ١٧٩/١. قال الشيخ الألباني: وفيه مجالد بن سعيد وفيه ضعف، ولكن الحديث

واتە: بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر موسا سەلامی خوای لێبێت بێتەوەو شوێن ئەو بکەون و واز لە من بهێنن گومڕا دەبن، ئێوە بەشە خەڵکی منن و منیش پشکی ئێوەم لە ناو پێغەمبەراندا.

حافز ئەبو یەعلا دەفەرموێ: حەمماد لە شەعبیەوە ئەویش لە جابرەوە گێڕایەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لا تَسْأَلُوا أهْلَ الكِتابِ، فَإنَّهُمْ لَنْ يَهْدُوكُمْ وَقَدْ أَضَلُّوا أنْفُسَهُمْ، فَتُكَذِّبُوا بِحَقٍّ أو تُصَدِّقُوا بِبَاطِلٍ، وَانَهُ وَاللّهِ لَو كَانَ مُوسى حَيَّاً بَيْنَ أظْهُرِكُمْ مَا حَلَّ لَهُ إلَّا أنْ يَتَّبِعَنِي)[1] واتە: پرسیار لە ئەهلی کیتاب مەکەن، چونکە ئەوان کە خۆیان گومڕان ناتوانن ڕێی ڕاستتان نیشان دەن، کە لێتان پرسین یان ئەوەیە هەقێك بە ناهەق بە درۆ دەخەنەوە یان ناهەقیەك بە ڕاست دەزانن، سوێند بە خوا گەر موسا زیندوو بوایەو لە ناوتاندابوایە بۆی نەبوو ئیللا هەر دەبوو شوێن من کەوێت..

لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ:(لَوْ كَانَ مُوسَى وَعِيسَى حَيْيَنِ لَمَا وَسَعَهُمَا إلَّا اتِّبَاعِي) واتە: ئەگەر موساو عیسا زیندوو بوونایە حەتمەن دەبوو شوێن من کەون..

ئەوە ئەهلی کیتابە، ئەوە ڕێبازی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەوەش هەڵوێستی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە وەرگرتنی دیدو بۆچوونی ئەهلی کیتاب! ئیدی لە عەقیدەو روکنی باوەڕ بێت یان لە بەرنامەو شەریعەت..

حسن عندي لأنه له طرقاً كثيرة عند اللالكائي والهروي وغيرهما. (انظر :المشكاة ح١٧٧، والإرواء ٣٤/٦ح١٥٨٩).

[1] أخرجه ابن عبد البر في جامع بيان العلم ٤١/٢، وقال الحافظ ابن حجر: أخرجه عبدالرزاق من طريق حريث بن ظهير فذكره، وأخرجه سفيان الثوري من هذا الوجه، وسنده حسن. (انظر :فتح الباري ٣٣٤/٦).

بە پێی ئاڕاستەی ئیسلام هیچ بەربەستێك لە ڕێی سوود وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون نیە لە زانست و زانیاری و چەسپاندن و پراکتیزە کردنی تیۆرو دیدێکی زانستییانە لەوانەی سوودی مرۆڤایەتی تێدایە، نەك ئاڵوگۆڕی بنەمای عەقائیدی.. تەنانەت لە ڕەدو بەدەلی زانستەکانیشدا دەبێ موسوڵمان هۆشی لەوە بێت کە دەبێت ئەویش لە چوارچێوەی دینەکەیدا بێت، دەبێت ئەویش پەیوەست ببێتەوە بە بەرنامەکەی خواوە، لەو لایەنەیەوە کە کارێکی باشە کە خوای گەورە بۆ ئاسانکاریی ژیانی خەڵکی لەبەر دەستیاندا دەستەبەری کردووەو ئەمانیش دەتوانن لە بەرژەوەندی خەڵکیدا بەکاری بهێننەوە، مادام هۆکارێکە بۆ ئاسوودەیی مرۆڤایەتی، بۆ ژیانێکی بەختەوەریی بۆ بەگەڕ خستنی خێروبێری ژیان و زەمین لە پێناوی ڕێزی مرۆڤایەتیدا.. ئەمە شتێکی چاکەو نیعمەتێکی تری خوای گەورەیە کە پێویستە سوپاسی خوای گەورەی لەسەر بکرێت، پێویستە خوای لەسەر بپەرسترێت، چونکە ڕێنمایی ئەم سەرکەوتنەی کردوون..ئەمما وەرگرتنی دیدو تێڕوانین و بۆچوون و پێناسە، ئەمانەی پەیوەندیان بە باوەڕەوە هەیە، بە لێکدانەوەی ژیان و گەردوون و مرۆڤەوە هەیە، یان بە هەبوونی مرۆڤەوە هەیە لە سەر زەوی، یان پەیوەندیان بە خودی بەرنامەکەوە هەیە، بە سیستم و یاساو ڕێسای ڕێکخستنیەوە، یان بە پێناسەی خێرو شەڕی ڕەفتارو ڕەوشتەوە، ئەمانە هەمووی هەر دەبێت لە دینەکەی خواوە وەرگیرێن و بەس، لە هیچ یەکێك لەمانەدا نابێت و ناشێت موسوڵمان لە غەیری دینەکەیەوە وەریگرێت، لەبەر ئەمەشە کە دەبینیت رووی پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە سادەترین هەڵوێستی لە یەکێك لە شوێن کەوتووەکانی بینی، ئاوا گۆڕا، دواتریش وای لەسەر ئەوان و ئوممەتەکەش گەورە کرد کە هەموو ئەوەیان لا ببێتە بەڵگەنەوویست کە سەرچاوەی دیکەو لێوەرگرتنی وا لەو جۆرە مەیدانانەی ئاڕاستەو پەروەردەدا هەڵوێستێکە حەتمەن بەرەو کوفریان دەبات..

ئەمەیە ئاڕاستەی خوای گەورە، ئەوەشە ڕێبازو هەڵوێستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەچی ئێمەیەك کە لافی ئیسلامەتی وموسوڵمان بوون لێدەدەین دەبینین تەنانەت لە تێگەیشتنی قورئان و حەدیسەکەشدا لە ڕۆژهەڵاتناسانەوە وەردەگرین!! یان لە قوتابیەکانیانەوە!! نابینیت دیدی فەلسەفی و تێڕوانینمان دەربارەی ژیان و گەردوون و مرۆڤ لەوانەوە وەردەگرین؟! کە دەشزانین ئەوان کێن و ئەو دیدو لێکدانەوانەیان لە کوێوە هێناوە!! مەگەر لە فەیلەسووف و بیرمەندەکانی ئیغریق و ڕۆمانی کۆن و ئەوروپاو ئەمریکای سەردەمیانەوە نەهێناوە؟!

دەبینیت سیستمی ڕێکخستنی ژیان و یاساو ڕێساکانمان هەمووی لەو سەرچاوە پیسانەوە هاتووە! دەبینیت داب و نەریت و ڕەفتارو ڕەوشتمان لەو زەلکاوەوە هەڵهێنجاوە!! ئەو زۆنگاوەی کە ڕۆژئاوا دوای ئەوەی دینی ڕاستی لا نەما، تێی کەوت.. ئینجا سەرباری ئەوەش هەر سوورین لەسەر ئەوەی کە موسوڵمانین و زۆر دینداریشین! بە ڕاستی ئەمە درۆیەکە گوناحەکەی زۆر گەورەترو قورسترە لە گوناحی کوفری ڕەق و زەق! ئەمە یەعنی شایەتیدانمان لەسەر ئەوەی کە ئیسلامەتی سەرنەکەوتووەو پوکاوەتەوە، چونکە ناتوانێت کەسمان بگۆڕێت! ئەمە بەڕاستی شایەتیەکی ئەوەندە درۆیە کە کەسانێك کە خۆیان بە موسوڵمان بزانن نەك وەکو ئێمەومانان لافی ئیسلامەتی لێ دەدەن شایەتی وا تاوانکارانە نادەن..

ئیسلام بەرنامەیە، بەرنامەیەکە سیفاتی تایبەتی خۆی هەیە، چ لە لایەنی دیدو تێڕوانینی عەقائیدیەوە چ لە لایەنی یاساو ڕێسایەوە کە هەموو چالاکیەکی ژیان ڕێك دەخات، چ لە لایەنی ڕەفتارو ڕەوشتەوە کە هەموو پەیوەندیەکانی لەسەر دادەمەزرێنێت، لە ئیسلامدا ئەستەمە لایەنی ڕەفتارو ڕەوشت سیاسی بن یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی لەو بنەما ڕەوشتیە گشتیانە جوێ ببنەوە.. ئیسلام بەم جیهانبینیەوەیە کە بۆتە ئەو بەرنامەیەی دەبێت سەرکردایەتی هەر هەموو مرۆڤایەتی پێ بسپێررێت..

بۆ چەسپاندن وپراکتیزە کردنی ئەم بەرنامەیە حەتمەن دەبێ کۆمەڵە خەڵکێك بێنە پێشەوەو پێشەوایەتی کۆمەڵگەکە بەم بەرنامەیەوە بکەن.. ئەوەی لە بزاڤی ئەم کۆمەڵە مەنهەجیەشدا دەبێتە بەڵگەنەوویست ئەوەیە کە ئەستەمە ئەم کۆمەڵە دیندارە هیچ ئاڕاستەیەك لە غەیری بەرنامەکەی خۆیانەوە کە خواویستییە وەربگرن..

ئەم بەرنامەیە کاتێك کە بۆ مرۆڤایەتی هات هەر بۆ ئاسوودە کردنی هات، ئامۆژگارو داعی و کەسانی ئیسلامی ئەمڕۆو سبەیش هەر بۆ چەسپاندنەوەی ئەم بەرنامەیە دێنەوە کایە، بگرە پابەندی ئەمڕۆ بەم بەرنامەیەوە پێویستترە، چونکە ئەوەتا مرۆڤایەتی دەبینرێت کە چ موعانات و کارەساتێکی لە دووری ئەم بەرنامەیەدا بەسەردا دەچەسپێنرێت؟! قوتار کردنی ئەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەو هەموو تەنگژەی تێی کەوتووە مەحاڵە بە غەیری بەرنامەکەی خوا.. ئەو بەرنامەیەش دەبێت هەر بەو سیفات و مۆرك وسیمایەوە بخرێتەوە بەردەست کە هەیەتی، تا بتوانێت جارێکی تر رۆڵی خۆی ببینێتەوەو قوتاری بکاتەوە..

مرۆڤایەتی لە بواری دەستەبەر کردنی هێزە گەردوونیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی سەرکەوتنی باشی بە دەست هێناوە، لە بواری پیشەسازیدا باش چۆتە پێش، لە بواری پزیشکیدا ئەوەی پێی گەیشتووە ئەگەر بەراورد بکرێت بەوەی لە کۆندا هەبوو، ئەمەی ئێستا بە موعجیزە دادەنرێت، بەردەوامیشەو بەرەو لوتکەی سەرکەوتنی تر دەچێت! بەڵام کاریگەریی ئەم هەموو پێشبردووییە لە ژیانی خودی مرۆڤایەتیەکەدا چەند بووە؟! چەندی لە ژیانی دەروونیدا پێ بەخشیووە؟ ئایا ئەم هەموو پێشکەوتنە، ئاسوودەیی پێ بەخشی؟ دڵنیایی دایێ؟ ئاشتی بۆ فەراهەم هێنا؟! نەخێر.. بەڵکو کارەساتی زیاتری هاتە رێ! دەردەسەری، کوێرەوەریی، نەحەوانەوە!! خەم و ترس و دڵەڕاوکێی رۆژانەی تاك و گەل و دەوڵەتان!! نەخۆشیە دەروونیە وێرانکاریەکان لە زیادبووندان! نامۆیی رەوشت و

تاوانکاریی زۆرتر تەشەنەیان سەندووە!! لە رووی روون کردنەوەی ئامانج لە هەبوونی مرۆڤ و گەردون و ژیانەوە هیچ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی راستی بۆ مرۆڤایەتی بە راستی نەخستۆتە پێش! ئێستا ئەم پیاوە شارستانێتیەی سەردەم نازانێت ئامانج لەم ژیانەی سەر زەمین چیە؟! لەگەڵ کەشف بوونی رۆژانەی نهێنیەکانی گەردوون و بزاوتی چرکەیی ژیاندا نازانێت مەبەست لە هاتنە ژیانی خودی مرۆڤ چییە؟!!

ئەو دیدو تێڕوانین و پێناسەو لێکدانەوەیەی ئەم شارستانێتیەی سەردەم بۆ مرۆڤ و ژیان و گەردوونی دەکات لەچاو ئەوەی ئیسلامدا نەك هەر لە دیدی زارۆکیش ناچێت، بەڵکو زۆریان هەر لەعنەت و نەگبەتی مرۆڤایەتین! زۆرینەی زۆریان وا لە ئاستی رێزی مرۆڤ کەم دەکەنەوە کە پلەو پایەو هۆی هەبوون و خەلق کردنەکەی دەبێت بە ژێرەوە، دادەخزێتە کەندەڵانی دژواری بێ ئامانەوە، ئیتر لەوێدا بایەخدانەکانی بچووك دەبنەوە، شەوق و گەشەی بڵندبوونەوەی دەپووکێتەوە، سەرقاڵی و هانا بەتاڵی و بێ هۆشیەکەی دڵەراوکێی زیاتر دەکات! ماندوێتی زیاتر دەبێت، وێڵی و بزربوونی ئاڵۆزتر دەبێت.. مادام هەر دەڕواو بێ ناسینی خوا هەنگاو هەڵدێنێتەوە هەروا دەمێنێتەوە!! مادام کوێرەو تابلۆ خواییەکانی رێ نابینیت و گوێ بە بینین و خوێندنەوەیان نادات هەر وا کوێرانە دەڕوات و خۆی بە کۆسپدا دەدات دوای سەد سەرسم و هەڵەنگوتن ئینجا دەگاتە ئاڕاستەیەکی خواناسیی کە دەیتوانی هەر لەسەرەتاوە باوەڕیان پێ بهێنێت و پێیانەوە پابەند بێت و ئەو رەنجی ساڵ و ئەزموونە تاڵ و ئەو رەنجە بەتاڵە بە هەدەر نەدات!! ئەگەر لە سەرەتاوە بەرنامەی خوایی بناسیایەو وەریگرتایەو (وەك تەعلیماتی سایەقی) پێوەی پابەند بوایە رێی سەرفرازی دەسدەکەوت و زۆر ئامانجی بۆ نزیکتر دەبۆوە، دەیتوانی هەر هەموو دەسکەوتەکانی بکاتە خواپەرستی و وەك زەخیرەی قیامەتی خۆیان گەنجینەیان کات! ئەم مرۆڤایەتییە زۆر پێویستی بە نووری خوایی هەیە، تا حەقیقەتی خۆی بۆ دەرکەوێت تا لەبەر رۆشنایی ئاڕاستەی خوای کارزاندا بکەوێتە سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی خوای

گەورە دەیخاتە بەردەستی.. ئەو کاتە ئەم بەرنامە خواییەی دەدۆزیەوەو لە وەرگرتن و پابەندبوونیدا پێوەی دڵنیا دەبوو کە بزوتنەوەی خۆی بزاوتی گەردوون زۆر بە ڕێکوپێکی و سازاوی دەڕۆن، لە یەکتر دەوەشێنەوە، هەروەها هەستی دەکرد کە سروشتی مرۆڤیانەی خۆی لەگەڵ سروشتی بونەوەردا هاوڕێ بوون، یاساو ڕێسای خۆی لەگەڵ خولگەو ڕێسا گەردوونیەکاندا تەبان.. ئەو کاتەی ئەم مرۆڤایەتیە ئەم بەرنامە خواییە دەدۆزێتەوەو باوەڕی پێ دەهێنێت و پێوەی پابەند دەبێت هەست دەکات ئیسلام هەموو ووزەکان بە شێوەیەکی زۆر دانایانە دەخاتە گەڕ، ئیسلام ناهێڵێت هیچ ووزەیەکی خێرخوازی بە هەدەر بڕوات، ناهێڵێت دنیاو قیامەت لێك یاخی بن، تاك و کۆکان ململانێ کەن، میللەت و دەسەڵات پێك بکێشرێن، ئیسلام ئەرك و مافی هەمووان لە ناخیاندا پاشان لە کۆمەڵگەکەیاندا، پاشان لە دەستورو یاساو ڕێسایاندا دیاری دەکات..

ئیسلام ئەم مرۆڤایەتیە لەسەر دیدو تێڕوانینی فیکرو بانگەوازی گۆڕانکاریی و ڕەوشتی ڕەسەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی پەسەن پەروەردە دەکات.. هەمووشیان بە تەفاهومێکی کاریگەر کە لەسەر تەقوای خواناسی بینا دەکات..

زۆرێك لە خەڵکی هەوڵ دەدەن ئەم مرۆڤایەتیەی لە بەرنامەی ڕێنمایی خوایی مەحرومی کەن، لەوانەی کە هەموو هەوڵدانێك بۆ گەڕانەوە سەر ئەم بەرنامەیە ناو دەنێن (کۆنەپەرستی) و پێیان وایە گەڕانەوە بۆ ئیسلام سۆزێکە بۆ یادگارە کۆنەکانی مێژوو! نازانن کە بەم نەفامێتی و پەی پێ نەبردنەی خۆیان ئەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە مەحرووم دەکەن لە بەرەو ئاسۆ چوون، لە بڵندبوونەوە بۆ لوتکەی ڕێز، لە حەوانەوەی ژێر سایەی ئاسوودەیی تەقواو دینداریی، لە پشووی بن سایەی پان و پۆڕی بەزەیی ئەو بەرنامە خوداویستیەی کە زۆر ئاسان ئەم مرۆڤایەتیە بەرەو ئاشتی و هێمنی و دادو گەشە دەبات..

ئێمە کە خەڵکی بۆ ئەم بەرنامەیە بانگهێشت دەکەین، دەزانین بۆ چییان بانگ دەکەین، ئێمە واقیعی داماوانەی مرۆڤایەتی دەبینین، هەست بە بۆگەنی ئەو زەلکاوە دەکەین کە ئەم مرۆڤایەتیەی تێ پەستێنراوەو دەبینین.. ئەوەیش دەبینین و ئەو ئاسۆی هەوارگەشمان لێ دیارە کە ڕێبوارانی دەشتی بێڕوونی جاهیلییەت بە ماندوویی دەیگەنێ ئەو ئاڵای سەرکەوتنەمان چاو لێیە کە ئەو ڕێبوارانەی بە هیلاکی بیابانیان بڕیووە لە لوتکەی عیززەت و دەسەڵاتدا دەیچەقێنن! ئەو ڕێبازە نوورانیەشمان چاو لێیە کە خەڵکانێکی خواناس گرتوویانەتە بەر دوای ئەوەی لە زەلکاوەکەی جاهیلییەت هێنرانە دەرێ و پاك کرانەوەو خرانە سەر ڕێی هیدایەت!! ئەو چارەنووسەش لە دوورەوە دەبینین کە ئەم مرۆڤایەتییە داماوە لە بێ بەرنامەیی خواناسیدا بۆی دەخزێت و ئەو بارودۆخەشمان بە بیردا دێت کە لە فەوتانی قیەمی مرۆڤدا لە سایەی تەماعکاریی جاهیلییانەدا بۆ تاك تاکی مرۆڤ دەخولقێت!

یەکەمین هەنگاوی گرتنە بەریی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کە هەست بەوە بکرێت ئەمە بەرنامەیەکی ناوازەو تاك و بێ وێنەیە، شوێنکەوتووان و هەڵگرانی ئاڵاکەی بە هیچ شێوەیەك ئاڕاستەی ئەهلی ئەو جاهیلییەتە وەرناگرن کە لە دەوروبەریان جمەی دێت و خۆی بە دەسەڵاتیەوە با دەدات! دەبێ ئەمە یەکەمین هەڵوێستی دیندارانە بێت تا بەرنامەکە بە پاکی و تاکی وەکو خۆی بمێنێت، بەو ئومێدەی جارێکی تر خوای پەروەردگار ڕێی بداتەوە بێتەوە سەرکردایەتی و ئاڕاستە کردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خوای کارزانیش بەرامبەر بە عەبدەکانی خۆی بەبەزەییە، حەز ناکات ئەهلی جاهیلییەت لێرەو لەوێ بەرەو ئەو زەلکاوو زۆنگاوەی خۆیان رایکێشن، هەر وەکو کە لەسەرەتای وەحیشەوە حەزی نەکرد لەو خەڵکە داماوە گەڕێ زلهێزو ملهوڕان بە کەیفی خۆیان بەرەو هێنانەدی حەزە مونحەریفەکانی خۆیانیان بڕەتێنن، ئەوەش هەمووی لەو ئاڕاستە خواییەوە دیارە کە بەردەوام بە وەحی خوایی بۆ پێشەوا نازدارەکە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەهات..

کێشەی خوایەتی خوا[1] زۆر جێی نکوڵی کردنی جیددیانەی کافرەکان نەبوو، چونکە ئەوان دەیانزانی کە خوا هەیە، دانیان بەوەدا دەنا کە خوا کردگارو رۆزیدەرو ژێنەرو مرێنەرو کارگێڕی بە تواناو دانایەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.. بەڵام ئەم ئیعتیراف کردنەیان وای لێ نەدەکردن داواکاریەکانی خوایەتیش وەرگرن و جێبەجێی بکەن دەبوو ئەوان وەك کە ئیعتیرافیان بە خوایەتی خوا دەکەن ئیعتیرافیش بە پەروەردگارێتیەکەی بکەن و حەتمەن هەر ئەو بپەرستن، چونکە پەرستن لە داواکاریەکانی پەروەردگارێتیە. تا هەموو ملکەچی و گوێڕایەڵیەکیان بۆ خوای پەروەردگار بێت هەر وەك کە پێی دەفەرموون: (ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ) یونس/٣ واتە: ئەو خوایە پەروەردگارتانە دە بیپەرستن..

لە جاهیلییاتدا بواری خوایەتی تەسك دەبێتەوە، خواپەرستی یەکسان دەبێت بە باوەڕ هەبوون بە هەبوونی خوا!! بۆیە خەڵکی وا دەزانن هەر بەوەندەی باوەڕیان بە هەبوونی خوا هێنا ئیتر نەك هەر موسوڵمانن بەڵکو گەیشتوونەتە پلە داواکراوەکانی باوەڕو شایانی رەحمەت و بەهەشتی خوان!!

ئیتر بێ ئەوەی داواکاریە سەرەکیەکەی خوایەتی خوای گەورە بهێننە دی کە پەروەردگارێتیەکەیەتی! واتە وەرگرتن و پابەندبوون بە دینی خواوە خاوەنەوە.. دینی ئەو خوایەی کە خوایەکی تر نیە شایانی پەرستن بێت ئەو نەبێت.. ئەو

---

[1] سەیید رەحمەتی خوای لێ بێت زاراوەی خوایەتی (کە ئێمە بە مانای الالوهیە بە کاری دەهێنین) لە جێی پەروەردگارێتی بەکار دەهێنێت و پەروەردگارێتی (کە ئێمە بە مانای الربوبیة بەکاری دەهێنین) ئەو بە مانای خوایەتی و پەرستن بەکاری دەهێنێت. بۆیە لێرەشدا سیفەتەکانی کردگارێتی و خاوەنێتی و ژیاندن و مراندن دەکاتە سیفەتی خوایەتی کە ئێمە پێمان وایە سیفەتی پەروەردگارێتین.. لەوە ئاگادار بین..

خوایەی کە هەموو مافی یاساو ڕێسا دانان هی ئەوەو کەس هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی لە هیچ گۆشەو کەنارێکی ئەم بازنەیەدا نیە ..

هەروەها لە جاهیلییەتدا مانای پەرستنی دەشێوێت، پەرستن لای خەڵکە داماوەکە هەر ئەوەندە دەگەیێنێت کە دروشمە پەرستنیەکان ئەنجام دەدرێن و بەس، هەرکەسێك نوێژو رۆژووەکەی کرد ئیتر ئەوە خواپەرستی خۆی ئەنجامداوەو لێ بۆتەوە!! لە کاتێکدا کە سەرەکیترین و سەرەتاییترین مانای عَبَدَ بریتیە لە (دانَ وَخَضَعَ:واتە ملکەچ بوو گوێ رایەڵی کرد)، ئەنجامدانی دروشمەکانی خواپەرستی بەشێکە لە دەربڕینی ملکەچی و گوێڕایەڵی خوای گەورە، خۆ هەموو مۆرك و رواڵەتی خواپەرستی ناگرنەوە..

ئەو دینەی خوای گەورە ناردویّتیە خوارەوە ئیسلامە، ئیسلامیش یەعنی ملکەچی و گوێڕایەڵی دەربڕین بۆ شەریعەتەکەی، یەعنی داوەری بردنە لای یاساو رێسای و تەسلیم بوون پێی.. ئەوی وا نەبێت و وا نەکات فڕی بەسەر ئیسلامەوە نیە، بە تەئکید بە موسوڵمان ناژمێررێت با خۆشی خۆی لە ریزی موسوڵمانان حسێب بکات و وا لاف و گەزاف لێدا کە لە دینەکەی خوادایەو ئیسلامەتی وەرگرتووە!!

خوای گەورە خۆی دینەکەی خۆی پێناسە دەکات، خۆی دیاری دەکات و روونی دەکاتەوەو حوکمی پێ دەکات.. ئەمە مافێك نیە یەکێکی تر بۆ خۆی یان بۆ کەسانی تری زەوت بکات، کەس بۆی نیە بە گوێرەی دیدو تێڕوانینی مرۆڤ و حەزو هەواو هەوەسی مرۆڤیانەی خۆی یان هی وەکو خۆی دینی خوا پێناسە کات و ئەحکامەکانی لێکدادەتەوە..





باوەڕ هێنان بە خوای گەورە بریتیە لە باوەڕ هەبوون بەوەی کە تەنها خوای گەورە پەروەردگارو کردگارو پەرستیارە، پاشان دان نان بەوەدا کە تەنها ئەو دەسەڵاتی بەسەر دڵ و دەروون و ڕەفتاری مرۆڤدا هەیەو هەر ئەو بۆی هەیە ئاڕاستە بۆ هەموو کاروبارێکی ژیان بە هەموو لایەنەکانیەوە دانێت..

کەوابوو هاوەڵ (شەريك) بۆ دانان شتێکی نامومکینە چ لە پەروەردگارێتیەکەیدا چ لە کردگارێتیەکەیدا وە چ لە پەرستنیدا.. هیچ شتێکی تر هاوەڵی خوا نیە نە لە بوارو توانای دروست کردندا، نە لە کارگێڕی کاروباردا. هیچ شتێك لەم گەردوون و ژیانەدا کاریگەریی بێ وویست و مۆڵەت و ڕەزامەندی ئەو نیە، کەس ڕۆزی کەس نادات، کەس زیان یان سوود بە کەسێکی تر بێ خوای گەورە ناگەیەنێت، هیچ شتێك، هیچ ڕوداوێك، گەورە یان بچووك لەم گەردوونە بەرفراوان و ژیانە پان و پۆڕەدا بێ ڕەزامەندی خوای گەورە ڕوونادات..

لە پەرستندا هیچ هاوەڵێك نیە، ڕووی پەرستنێکی خەڵکی تێ بکرێت، نە دروشمی پەرستن (وەك نوێژو ڕۆژوو) نە ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ دەربڕین.. هەموو سیماو کرۆکی پەرستن بۆ خوایەو بەس.. لە پەرستندا هەر ڕوو لەو دەکرێت، لە ملکەچی و گوێڕایەڵیەکەشدا بۆ ئەو یان بۆ کەسە دەردەبڕرێت کە ئەو ڕێی داوە، ئەوی مافی دەسەڵات و حوکمی لە خوای گەورەوە وەرگرتووە، کە کەس دەسەڵاتی بەسەر ئەودا ناشکێت و هەموو شتێك ملکەچی دەسەڵاتی ئەوە!!

دەسەڵات بەسەر ویژدانی خەڵکیدا، هەروەها بەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتیاندا تەنها بە هۆی ئەم باوەڕ بە خوا هێنانە بەو شێوەیە دەبێت، ئەوانەی بەم باوەڕە تەسلیم بەو دینە بوون و قبووڵیان بوو کەسانێکی

موسوڵمان بە هەمان باوەڕ بە خوا هێنان ببنە دەسەڵاتدار، بەربەستیان لەبەرەدەمدا نابێت بۆ ئەوەی کە حوکمی ئەو باوەڕدارانە لە یاساو ڕێسای ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابووری دارِێژن مادام ئەوانیش بنەماکانی ئەم یاساو ڕێسایانەیان هەر لە خوای تاك و تەنهاوە وەرگرتووەو ئەوانیش بەو باوەڕ هێنانە بە تەواوی تەسلیمی فەرمانەکانی خوای پەروەردگارو کردگار بوون.. ئەمە مانای باوەڕ هێنانە.. ئیدی دوای ئەمە مرۆڤ ئازادە، چی دەکات بیکات بەڵام بۆی نیە ئەو سنورە ببەزێنێت کە خوا بۆی دیاری کردووە، ئازادە چ پەیوەندیەك و لەگەڵ کێ دەیبەستێت، کەس دەسەڵاتی بەسەریەوە نابێت، مەگەر بە مافێك کە خوای گەورە پێی دابێت و لای هەموانیش روون و ئاشکرا بێت..

باوەڕ هێنان بریتی نیە بە هەموو شێوەیەکی باوەڕ بە خوا بوون، بەڵکو یەك شێوە باوەڕبوونە، شێوەی خوا بەیەکناسین (تەوحید) کە دەبێت مرۆڤ بۆ پەرستن وەکو هەموو مەخلووقاتی تری گەردوون هەر روو لەو کەن و بەس.. دەبێ تەسلیم بەوەش بن کە تەنها خوای تاك و پاك دەسەڵاتی رەهای بەسەر هەموو گەردوون و ژیان و مرۆڤدا هەیەو بەس..

هیچ شتێك بێ ئیزنی خوا نابێت، هیچ کەسێك دەسەڵات بەسەر هیچ شتێکی تردا ناسەپێنێت ئیللا بە فەرمانی خوا نەبێت، ئا ئەم قەناعەتە ئەو باوەڕەیە کە خوا دەیەوێت، چونکە ئەمە ئەو ئیسلامەیە کە خوای گەورە ناردوێتی و داوای کردووە خەڵکی وەریگرن، ئەم ئیسلامە بەم مانایە خۆ تەسلیم کردنی تەواوە بە دەسەڵاتی خوایی و وەرگرتنی فەرمانەکانی ئەو بۆ بەرنامە رێژیی هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی ئەمە یەعنی داوەری بردنە لای قورئان بەو ئیعتیبارەی کە ئەو شەریعەتەی خوایەو قبووڵ کردنێتی بە داوەر لەو روانگەوە کە لە دەسەڵاتی رەهای خواوە هاتووە..

باوەڕ هێنان بە خوای گەورە بەم شێوەیە یەعنی خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا، خاڵی گۆڕانکاریی لە فرەپەرستراویەوە، لە روو کردنە شتانی وا

کە خوا نین، تەسلیم بوون بە شتانێك بە کەسانێك کە کردگارو پەروەردگار نین بۆ روو کردنە خوای کردگارو پەروەردگار.. وەرچەرخانە لە توولە رێ و بەهاو نەریتانێك کە مایەی ئەو قەدرو نرخە نین بۆ دیدو بیرێکی خواناسیی کە دڵ و دەروونی تێدا رزگار دەبێت، کە هەموو نەفسەکانی تێدا یەکسان دەبێت! چونکە هەموویان لەبەرامبەر خوای تاك و پاکدا یەکسانن، یەك تواناو قەبارەو رادەو بڕو ئاستیان لە سەرەتایاندا وەکو یەك بووە.. ئینجا دواتر بەقەدەر توانای بەرز بوونەوەو سوڵحانیان ئاستیان بەرز بۆتەوە، نرخی زیادەیان چۆتە سەر!

ئەم باوەڕ بە خوا هێنانە قوتار بوونە لە پشێوی و گەڕەلاوژێی دیدو بیرو رێبازو نەریتی تێکچڕژاوی دەستەویەخەبۆوە، بۆ رێکخستن، لە وێڵیەوە بۆ نیەتی خواناسیی، بۆ راست رەوا بوونی بەرەو یەکخواچوون!! لە چاوگێڕان و پەرتەوازەیی رەنجەوە بۆ چەق گرتن و تەرکیز کردنە سەر وەستان لەسەر پنتی راگیربوون لەسەر رێبازی خواناسیی، بۆ بزاڤێکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ بزاوتی گەردوون و ژیاندا یەکانگیر بۆتەوە، بۆ ئەو هەست و هۆش و قەناعەتەی کە ئەمیش و ئەوانەی لە دەوروبەرین لە نیازو ئاڕاستەو ئامانج و رەنج روویان لە یەك خوایە کە هەموویان وایان باوەڕ پێ هێناوە کە کردگارو پەروەردگارو پەرستراوی هەموویانە..

ئەمە ئەو خوابەیەکناسینەیە کە بە هیچ شێوەیەك بواری هاوەڵ دانانی لە هیچ بوارێکدا تێدا نابێتەوە، بواری لاڕێبوونی نیە، ئەم دینە لەو دینانە نیە دەسکاری کردن قبووڵ کات، ئەم دینە وەکو دینەکانی تر ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەردا نایات کە هەر بە نەمانی پێغەمبەرە عەزیزەکان رووی دەدا.. ئەم دینە لەسەر بناغەی یەکەم (اللّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ) البقرة/٢٥٦ کە دامەزراوە لە هەموو کاروبارو رەفتارێکیدا هەر ئەم خوابەیەکناسینەیەو عەکس دەبێتەوە.. ئەم رێسایە ئەو بناغەیەیە کە هەر لە سەرەتاوە دیدو بیروهۆش و بۆچوونی ئیسلامی

لەسەر دامەزراوە، پەیڕەو پرۆگرامی ئیسلام و سیستمی ڕێکخستنی ژیانەکەش لەسەر پێناسەی ئەم بۆچوونە دارێژراوە.. خواناسیی و بەرەو خواچوونیش هەر لەم زەمینەوەیە.. لەم دیدەوەیە کە موسوڵمان ملکەچی بۆ هیچ دەسەڵاتێك دەرنابڕێت تا بە ئیزن و ڕەزای خوای گەورە نەهاتبێتە پێش، یەعنی تا لە دینی خواوە نەهاتبێت.. یەعنی بە پێی شەریعەتەکەی دامەزرابێت و فەرمان و بەرهەڵستیەکانیشی کە لە بڕیارو یاساو ڕێسایدا دەردەکەوت بە پێی شەریعەتەکەی خوا بن و بەس.. ڕێسای (حاکمێتی مافی خوایەو بەس) لەم زەمینەیەوە هاتووە، واتە تەنها خوای گەورە مافی یاساو ڕێسا دارشتنی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی هەیە.. دەبێت ئەو یاساو ڕێسایانەش کە مرۆڤەکان بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانی دادەڕێژن هەر لە ڕێسا گشتیەکانی شەریعەتی خواوە هاتبن.. لەم ڕوانگەوەیە کە دەووترێت: دەبێت هەموو بەهاو نەریتێك لە خواوە وەربگیررێت بە م مانایەشە کە دەوترێت: هەر بەهاو نەریتێك لە چوارچێوەی شەریعەتی خوادا جێی نەبێتەوە مایەی قبووڵ کردن نیە، یەعنی هەر دیدو بیرێکی فیکریی، هەر ڕێبازو خەباتێکی سیاسی، هەر ئیدارەو دەسەڵاتێکی حکومی، هەر داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی، هەر ڕەفتارو ڕەوشتێکی تاك و کۆ پێچەوانەی دینی خوا بێتەوە ڕەفز دەکرێتەوەو نابێت لە ژیانی موسوڵماناندا جێی ببێتەوە، هەروەها هەر هەست و سۆزو ئینتیمایەك لە ناخدا بێت یان لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ژیانی تاك و کۆ، لە کۆمەڵکاریدا بێت یان لە بەرنامەی ژیاندا شەریك بۆ خوا بڕیار دانەو پێچەوانەی خوابەیەکناسینە..

ئا ئەم خوابەیەکناسینە ڕاشکاوو ئاشکرایە (اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) البقرة/٢٥٦ ئەم دیدە خواوویستیە دووڕیانە، فاسڵی نێوان باوەڕی موسوڵمان و دیدی عەقائیدی غەیرە موسوڵمانە، دیدی مسقۆف (مولحید)ەکان بێت یان دیدی جولەکەو دیان و دینداڕانی تری مەزهەب و گروپی تری ئەهلی کیتاب یان دیدی غەیرە موسوڵمان لە خەڵکانی دیکە، هەر وەکو کە دووڕیانی نێوان موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانە لە داڕشتنی ژیانی موسوڵمان و غەیرە

موسوڵماندا.. چونکە باوەڕ لێرەدا ئەو دیدو زەمینەیە کە بەرنامەی ژیان و سیستمی کۆمەڵگەکە و رەفتارو رەوشت و نەریتی بە ووردی لەسەر دادەمەزرێت..

خوابەیەکناسین دووڕێیانی دیدو بیروباوەڕە، هەر وەکو کە دووڕێیانی رەفتارو رەوشتە.. ئەو کەسەی کە هەست و نەستی دەبێتە خوابەیەکناسین، کە قەناعەتی موتڵەق بەوە دەبێت کە خوای گەورە تەنها کردگارو پەروەردگارو پەرستراوو دەسەڵاتداریی دڵ و دەروون و رەفتارو رەوشت و دارێژەری یاساو رێسای کۆمەڵگەیە، کە خوا یەکیشە شەریکی لە هیچ دیدو تێڕوانینێکدا یان لە پەرستنێکدا یان لە یاساو رێسایەکدا یان لە هەست و نەستێکی تاك و کۆو ئینتیمایەکیاندا نیە، کە لە ناخی خۆیدا قەناعەتی موتڵەق بەوە کردووە کە هەر هەموو گەورەو گچکەیەکی ژیان و گەوردوون و مرۆڤ لە رەزامەندی و وویست و ئیرادەی ئەوەوە دەبێ بێت و هەر هەموو مەخلوقات دەبێ روو لەو کەن، ئەوی ئەم قەناعەتەی بۆ دروست دەبێت حەتمەن دەبێت پەیڕەوو پڕۆگرامی بزاڤی کۆمەڵکاریشی جیا بێت، حەتمەن دەبێت رێبازو بانگەوازو ئامانجی جیا بێت، چونکە هەر لە سەرەتایەوە دەزانێت کە دارشتنی ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی لەسەر بنەمایەکی جیا دادەمەزرێنێت، ئەم کەسە جیاوازی جەوهەری لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەیە کە لە سەرەتاوە دید لێڵن، لە سەرەتاوە تەمومژێکی چڕ بەرچاوی گرتوون، کە لە سەرەتایانەوە نەیانتوانیووە خوابەیەکناسین لە فرەخوایی جوێ کەنەوە، نەیانتوانیووە ویژدانیان بە خواناسییەکی تاك و پاك ئاسوودە کەن و بە دینداریەك گۆش کرێن کە کاریگەریی لەسەر هەموو رەفتارو نەریتێکیان دەبێت.. ئەم کەسە خواناسە جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەموو لایەنەکانی ژیانی تاك و کۆیان وەکو ئەم لەسەر بنەمای عەقائیدی راشکاوو ئاشکرای ئیسلام دانامەزرێت.. بۆیە ئەمی خواناس دامەزراوەو ئەوانی تر لەرزۆك، ئەم دید روونەو ئەوان دید لێڵ، ئەم راستەرێی گرتووەو ئەوان وێڵ..

ئەم خوابەیەکناسینە ئاراستەی ویژدان و رەفتارو خەبات و سیستەمی حوکمی دەکات، ئەوان ویژدانیان وا لەژێر کاریگەریی دیدێکی فەلسەفی تر، رەفتاریان وا لەژێر ئاراستەی بانگەوازێکی رەوشتی تر، خەباتیان وا لەسەر رێبازێکی جوداتر، سیستەمی حوکمشیان لە هەواو هەوەسێکی سەرکەشەوە هاتووە.. بۆیە راجوێن و لە ململانێیەکی بێ ئاماندان..

ئەمە دیدو رێی خوابەیەکناسین راشکاوو ئاشکرایە، ساغ و بۆ خوا سوڵحاوە، هەر ئەو دەپەرستێت، جێی غەیری خوای تێدا نابێتەوە، هانا بۆ بردن و لێوەرگرتن لە غەیری ئەوەوە نیە، نە وەرگرتنی دیدو بۆچوون و پێناسە، نە وەرگرتنی هەست و هۆش و مەدەدی رۆحی، نە وەرگرتنی دروشمی پەرستن، نە وەرگرتنی یاساو رێساو سیستەمی حوکمی سیاسی و ئابووری.. نە وەرگرتنی رەفتارو رەوشتی تاك و کۆ، نە وەرگرتنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی تاك و کۆ!! بە هیچ کلۆجێك جێی غەیری خوا لە هیچ گۆشەو کونجێکی ژیان و ئاراستەیدا نابێتەوە..

ئەمما لە دیدە لێڵەکاندا، لە بیرە ئاڵۆزەکاندا، لە تێڕوانینە تێکەڵ و پێکەڵەکاندا، شتی نەگۆڕ نابینیت، نە پێناسە، نە رێباز، نە ئاراستە، نە بڕیار.. نە بڕیاری حەڵاڵ نە بڕیاری حەرام!! نە راست وەك راستێکی هەمیشەیی دەناسرێت نە چەوت! نە لە هەست و هۆشدا، نە لە کۆمەڵکاریی و خەباتدا، نە لە یاساو رێساو سیستمدا، بێ گومانیش نە لە رەفتارو رەوشتدا، نە لە داب و نەریتیشدا.. هەر هەمووی بە گوێرەی پێناسەی رۆژانەی ئاراستەوانانی جوداو دوور دەگۆڕرێن!! تا لایەنی ئاراستە کردنەکە دیاری نەکرێت کە دەبێت هەموو ئاراستەیەکی هەقی لێوە وەربگیرێت، دیدی لێڵ و پێناسەی چەوت و پێشوی رەفتارو ململانێی بێ رەحمانە بەردەوام دەبێت، ئەگەر ئەو لایەنە دیاری کرا، وەکو کە لە ئیسلامدا دەیبینین، کە دیدو بیروهۆش پاراستن، یاساو رێسا، رەفتارو رەوشت هەر لە یەك خواوە وەردەگیررێت، یەك لایەنە کە ئاراستەی هەموو لایەنەکانی ژیان و مرۆڤ دەکات، هەر ئەو خوای کردگارو پەروەردگارو پەرستراوە

تاك و پاكەیە.. ئەمە ناوكۆیی بنبڕە، بۆیە وا جیددیانەو حەددیانە دەفەرموێت: (اللّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) البقرة/٢٥٦..

جودا بوونەوەش هەر لێرەوەو ئاوا دەست پێ دەكات، هەموو پێناسەكان لە دیدی خواناسی موسوڵماندا لەم ڕێسایەوە هاتوون، سروشتی ژیان و مرۆڤ و گەردوون لەم ڕوانگەوە پێناسە كراون.. چونكە چۆنیەتی سروشتی باوەڕ بەخواهێنان لای موسوڵمان و غەیری موسوڵمان جیاوازە.. هەر هەموو ژیان و هەرچی لە لایەنەكانیەوە دەردەكەوێت لە دیدی موسوڵماندا لە ڕوانگەی خوابەیەكناسینەوە هاتووە..

سروشتی ئەم خوابەیەكناسینەش وایە كە تا سیماو مۆركی خواویستی بە كردەوە لە ژیانی خەڵكیدا دەرنەكەوێت، تا لە ڕەفتارو ڕەوشت و داب و نەریت و كۆمەڵكاریی و خەبات و سیستمی حوكمیاندا دەرنەكەوێت، باش وەكو عەقیدە لە ناخی دڵ و دەرونیشیان ناچەسپێت، بۆیە بۆ ئەوەی بەڕاستی ئیماندار بن و لە دینداریاندا سەركەوتوو بن، دەبێت شەریعەتەكەی خوا هەموو ئاڕاستەیەكی ژیان، گەورەو گچكەی، بگرێتەوە، یەعنی هەر هەموو ژیانیان بە پێی شەریعەتەكەی خوا دامەزرێنن، تا دیندارێتیەكەیان بگەشێتەوەو بدرەوشێتەوە..

ئێمە لە قورئاندا دەبینین كە خوای پەروەردگار هەر پەرستنەكان فێری موسوڵمانان ناكات، هەر ئاداب و نەریتیان فێر ناكات، ئێمە نەك ئەو خەڵكە داماوە سادەو ساویلكەی وا حاڵی كراوە كە دین هەر پەرستن و ئادابەكانە، دەبینین كە خوای پەروەردگار هەر لەو قورئانەدا هەر هەموو لایەنەكانی ژیانی موسوڵمانان ئاڕاستە دەكات، هەرچی شتێك لە واقیعیاندا قابیلی ڕوودانە بۆیان باس دەفەرموێت.. دەبینین كە ئەوەیان لێ قبووڵ ناكات وا لە دینەكە حاڵی بن كە خۆیان پێناسەی دەكەن!! نا خوای گەورە ڕوون و ڕاشكاوانە پێیان دەفەرموێت

کە نە لە تاکی موسوڵمان و نە لە کۆمەڵگەی موسوڵمان ئەوە قبووڵ ناکات کە بە پێی شەریعەتەکەی ئەو هەڵسوکەوت نەکەن، یان هەر هەموو ژیانیان بە پێی ئاڕاستەی ئەو دانەڕێژن.. ڕاشکاوانەو بە ئاشکرا پێیان دەفەرموێت کە بە هیچ کلۆجێك ئەوەی قبووڵ نیە سەرچاوەی بەرنامەڕێژیی خۆیان زۆر کەن، بە هیچ شێوەیەك لێیان رازی نابێت فرە دیدو فرەڕێ بن.. نابێت دروشمی خواپەرستی و رەفتارو رەوشت و ئاداب و نەریتیان لە شەریعەتەکەی ئەمەوە وەربگرن و لەولاوەش چۆنیەتی سەوداو مامەڵەو یاسای ئابوری و دەستووری سیاسی و رێسای دیبلۆماسی نێو دەوڵەتی لە لایەنێکی ترەوە وەربگرن، نابێت ئەمانە لە هیچ دیدو تێڕوانین و پێناسەیەکی فیکرییەوە وەربگرن..

ئەرکی بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەوەیە کە پەی بەوە ببات کە چۆن ئەحکامی ووردەکاریی ژیانی خۆی لە قورئانەوە وەرەگرێت.. چۆن یاسای رۆژانەی وای لێ هەڵدەهێنجێت کە هاوجووتی گۆڕانکارییەکانی رۆژانەی خۆی و کۆمەڵگەکەی بێت، کە گۆڕانکارییان بەردەوام بەسەردا دێت، ئەم مرۆڤانە دەتوانن لەم بوارەدا ووزەی بیرو ژیریی خۆیان بخەنە کارو لە ئیسلامەکەوە وەرگرن، نەك لە سەرچاوەیەکی تری جیاوازەوە، ئەگینا نە باوەڕیان دەمێنێت، نە ئیسلامەتیەکەیان..

ئەگەر پێیان وابوو کە دەتوانن لە سەرچاوەیەکی ترەوە وەرگرن، ئەوە نەك هەر باوەڕیان نامێنێت بەڵکو بەڵگەی ئەوە دەخەنە روو کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان نەهێناوە! هەر لەسەرەتاوە دانیان بەوەدا نەناوە کە سەرەکیترین داواکاری (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) ئەوەیە کە قەناعەتی وا بێت و بڕیاری ئەوەی دابێت کە غەیری خوای گەورە هیچ کەسێك مافی یاساو رێسا دارشتن و حوکمڕانی نیە.. کافر بوون بە نکووڵی کردنی ئەحکامی دینەکە یان رێگرتن لە راپەڕاندنی یان بە داوەری نەبردنە لای و جێبەجێ نەکردنی، هەموویان وەکو یەك لە دین هەڵگەڕانەوەن و مایەی هاتنەخوارەوەی غەزەبی خوای گەورەن..

ئەم دید لێلییە، ئەم بیرئاڵۆزییەی ئەمڕۆ کە ئەم خەڵکەی سەرزەمینی لەسەرە لە نەوەی موسوڵمانان کە خۆیان بە ناهەق بە موسوڵمان دەناسێنن، ئەو لێهاتوویی و لێوەشاوەییەیە کە خۆیان ئامادە کردووە تەقدیمی خوای گەورەی کەنەوەو خۆی پێوە ببەنە پێش کە ئەوەتا ئێمە موسوڵمانین!! دەشیانەوێت پاداشتی لەسەر وەرگرن!! نابێت، ئەمە مایەی غەزەبی خوایە، ئەم دید لێڵی و نەناسینەوەی ئیسلامە، ئەم خۆ هەڵرۆسکانە بە دینەکەوە، ئەم لاف لێدانی ئیسلامەتیە هۆکاری ئەم وازلێهێنانەی خوای گەورەیە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی خوای گەورە لێ گەڕێت ئەم زەلیلی و تێکشکان و ژێردەستەییە روو لەم خەڵکە فریوو خۆرو چەواشەکارە بکات! ئاخر هەقە کە یەکێك دەڵێ: باشە بۆچی ئێمە موسوڵمانیشین و ئاوا شکست دەخۆین؟! خێرا پێی بووترێتەوە: کوا موسوڵمانێتیتان؟ کامەیە؟ موسوڵمانەکان کامانەن؟

ئێمە ئەمماناو واتایانە دووبارە دەکەینەوەو جەختی لێ دەکەینەوە، چونکە ئەو ماوە زۆرەی کە ئەم ئیسلامەی تێدا دوور خراوەتەوەو لە حوکمڕانێتیدا کەنارگیر کراوە تێیداو نەهێڵراوە بەرنامەی ژیانی کۆمەڵگەیەك بێت . وەکو کە دەبوو هەبێت و وابێت وای کردووە کە ماناو واتای دینەکە زۆر کورت هەڵێنێت زۆر بەو ماناو واتا بەرفراوانەی قورئان پێناسەی کردووەو خستوێتیە روو، نامۆ بێت.. ووشەکانی (حەڵاڵ) و (حەرام) لە دیدو بیرو پێناسەی خەڵکیدا ئەوەندە کورت و سست بوون لەوە تێناپەڕن کە ئەو گۆشتە حەڵاڵە چونکە سەربڕینەکەی بە پێی شەرع بووەو ئەوی تریان حەرامە چونکە بە پێی شەرع سەرنەبڕراوە!! یان ئەو خۆراکە، ئەو خواردنەوەیە حەڵاڵەو ئەوی تریان حەرامە! ئەمما لایەنەکانی تری ژیان، یان کاروبارە گەورەکانی کۆمەڵگە، ئەوە زۆر ئاسایی دەچن یاساو رێسای تریان لە دین و تیۆرو دەستورەکانی تریانەوە . کە لە جێی

دینەکەی خوا دانراون، بۆ دەهێنن و کەس لە حەڵاڵێتی و حەرامێتیەکانیان ناپرسێتەوە!!

هەر هەموو سیستمی کۆمەڵایەتی، هەر هەموو دەستوری سیاسی، هەر هەموو ڕێسای نێو دەوڵەتی، هیچیان لە شەریعەتی خواوە وەرنەگیراون، ئاڕاستەو کاریگەریی شەریعەتی خوای گەورە وا خراوەتە کەنار کە تەنانەت لە بڕگەیەکی یاسادا لە شوێنێکەوە لە ژیانی خەڵکیدا دەرناکەوێت!!

ئیسلام بەرنامەی هەر هەموو ژیانە، هەر کەس شوێنی کەوێت و بیچەسپێنێت ئەوە لە دینی خوادایەو موسوڵمانە، هەر کەس شوێن بەرنامەی دیکە بکەوێت و حوکمی پێ بکات، با لە بڕگەیەکیشیدا بێت، ئەوە باوەڕهێنانی بە خوای گەورە ڕەفز کردۆتەوەو دەستدرێژیی کردۆتە سەر مافی خوای گەورەو بە ئاشکرا لە دینی خوا دەرچووەو فڕی بەسەریەوە نەماوە.. با بۆخۆشی هەر هاوار کات خەڵکینە موسوڵمانم و ڕێزی عەقیدەکەم دەگرم!!

هەر کەسێك شوێن یاساو ڕێسایەکی تری غەیری شەریعەتەکەی خوای گەورە بکەوێت و لاف و گەزافی ئەوە لێدا کە موسوڵمان ماوە، ئەوە درۆ دەکات، ئەوە بە ئاشکراو ڕاشکاوانە مۆری کافر بوونی لە خۆی داوەو ئاشکرا لە دینەکە چۆتە دەرەوە ئەمە ئەو کێشە سەرەکیەیە کە دەقە زۆرەکانی قورئان بەردەوام جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەمە ئەو تەوەرە باسەیە کە هەمیشە قورئان دووپاتی دەکاتەوەو دەیکاتە کێشەی سەرەکی بوون و نەبون.. دینی خوا یان زەوت کردنی دەسەڵاتی خوا..

ئەمەیە ماناو واتای سەرەکی پەروەردگارێتی و کردگارێتی کە هەمیشە قورئان باسیان لێوە دەکات، ئا ئەمەشە ماناو واتای باوەڕ کە هەموو ئایەتەکانی قورئان بۆ ڕوون کردنەوەی ڕەهەندەکانی تەرخان کراون..



باسی چوارەم: شایەتی خوا

(شَہِدَ اللّہُ أَنَّہُ لاَ إِلَـہَ إِلاَّ ہُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَـہَ إِلاَّ ہُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)

آل عمران/١٨

واتە: خوای گەورە شایەتی داوە کە تەنہا ئەو خوایەو شایانی پەرستنە، هەروەها فریشتەکان و خاوەن زانیاریەکان شایەتیان داوە کە خوای گەورە دادپەروەریی دەستەبەر دەکات، هیچ خوایەك نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە الله، ئەو باڵادەست و دانایە..

ئەمە حەقیقەتی یەکەمە کە دیدو بیروهۆشی ئیسلامی لەسەر دادەمەزرێت، ئەمە حەقیقەتی خوا بەیەکناسینە، خوابەیەکناسین لە پەروەردگارێتی و یەکبوونی دەسەڵات و یەك رێسایی لە دەستەبەر کردنی دادپەروەریدا.. ئەم حەقیقەتە دەخوازێت مەبەستێکی دی بێنێتە دی کە بریتیە لە سەلماندنی راستێتی عەقیدە ئیسلامیەکەو لە لایەکی ترەوە نەهێڵێت تۆزو خۆڵی هیچ جۆرە گومانێك لە عەقیدەکە بنیشێت..

شایەتی خوای گەورە لەسەر ئەوەی کە هیچ خوایەك نیە جگە لە الله، خۆی لە خۆیدا لای هەموو ئیمانداریٚك بەسە، بەوەی کە خوا خۆی ئەو شایەتیە دەدات.

موشریکەکانی عەرەب خۆیان باوەڕیان بە خوای گەورە هەبوو، بەڵام لەو لایەنەوە کەوتبوونە گومڕاییەوە کە شەریکیان بۆ بڕیار دەدا، بتیان دادەناو وەکو ئەو پیرۆزیی و مەزنییان بۆ بڕیار دەدان!! شایەتیەکەی خوای گەورە لێرەدا

داواکاریەکەی دوایی پێ مەبەستە کە دەبێت خواپەرستی تەنها بۆ خوا بکرێت و بەس.. بە پاکی و تاکیش هەر بۆ ئەو بکرێت و بەس.. پەرستنەکەش بە مانا بەرفراوانەکەی خودی دینەکەی خوایە کە بریتیە لە وەرگرتن و پابەندبوون بە هەموو ئیسلامەکەوە، نەك هەر وەرگرتنی لایەنی عەقیدەو خواپەرستیەکان (وەك نوێژو رۆژووەکە)! نا بەڵکو دەربڕینی ملکەچی و گوێڕایەڵی تەنها بۆ خوای کردگارو پەروەردگار، یەعنی شوێن کەوتنی بەرنامەکەی ئەو کە بۆ مرۆڤایەتی ناردۆتە خوارێ، پەرستن بەم مانایەیە کە موسوڵمانان تەسلیم بە ئەحکامی قورئانەکەی خوا بن و بەس، لە کورت بینی ئەم دیدو بیروهۆشەدایە کە ئەمڕۆ هەر وەکو سەردەمانێکی تر دەبینین زۆر کەس دەڵێن باوەڕیان بە خوا هەیەو دەشیپەرستن، بەڵام دەبینین لە هەمان کاتدا شەریك بۆ خوا بڕیار دەدەن، بە تایبەتی لەو لایەنەوە کە داوەری کێشەکانی خۆیان دەبەنە بەر یاساو رێسایەك کە مرۆڤ دایڕشتووە، یان بەوەی کە ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ بیروباوەڕو کەسانێك دەردەبڕن کە شوێن قورئان و حەدیسی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناکەون! یان بەوەی دیدو بیرو باوەڕو رێبازو بەهای رەفتارو رەوشت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیان لە غەیری ئیسلامەکەوە وەردەگرن، ئەمانەش هەمووی پێچەوانەی ئەو باوەڕ هێنانانەیە بە خوای پەروەردگار کە قورئان داوای کردووە، چونکە لەگەڵ ئەو شایەتیەی خوای گەورەدا یەك ناگرێتەوە..

شایەتی خوای پەروەردگارو شایەتیدانی فریشتەو زانایان لەسەر یەکبوونی خوای گەورە، لەسەر خوابەیەکناسین ئەوە دەسەلمێنێت کە خوای پەروەردگار دادپەروەرە، ئەم سیفەتەشی زاتیەو پێوەیەتی، سیفەتێکی ئەو خوایەتیەتی، سیفەتێکی ئەو دەسەڵاتەیەتی کە هەیەتی، سیفەتێکی ئەو کارگێڕیەیەتی کە ئیدارەی گەردوونی پێ هەڵدەسوڕێنێت، سیفەتێکی ئەو ئیدارەشە کە ژیانی مرۆڤایەتی پێ تاوتوێ دەکات، کەوابوو سیفەتێکی نەگۆڕی ئەو شەریعەشیەتی کە ناردوێتی بۆ ئەوەی رەفتاری مرۆڤ بە بزاوتی گەردوون پارسەنگ کات، چونکە هەموو زیندەوەرێکی دیکە لەم گەردوونە بەرفراوانەدا هەر یەکەیان رۆڵێك

دەبینن و لەسەر یاساو رێسایەکی نەگۆڕ دێن و دەڕۆن، بۆیە دەبێت رۆڵی مرۆڤیش لە ژیانی خۆیدا لەم گەردوونەدا گونجاوی هەمان سیستمی بونەوەر بێت.. ئەمەش بەوە دەبێت کە بە پێی شەریعەتی خوای دادپەروەر بێت و بچێت.. گەر وای نەکرد ئەوە یەعنی ستەمکاریی و دەستدرێژیی یەعنی پێککێشرانی بە بزاوتی ئەوانی دیکە، یەعنی بزر بوون و سەرلێشێوانی خۆی و سەرلێتێکدانی ئەوانی تریش!! ئەمەش حەقیقەتێکە کە خۆمان لە بەدوودا چوونی مێژوودا دەیبینین، هەر کاتێك ئەم مرۆڤایەتیە ژیانی خۆی بەپێی پەیامی خوایی دامەزراندووە دادپەروەر بووە، رزق و رۆزی و ئەمانی مسۆگەر بووەو ئاسوودە ژیاوە، چونکە هەموو هەڵسوکەوت و رەفتارێکی لەگەڵ رەوتی گەردوونیدا سازاو بووە، چونکە ئەوەندەی مرۆڤ توانیوێتی ملکەچی و گوێڕایەڵی شەریعەتی خوایی بووەو خۆی لە گوناح و سەرپێچی و تاوانکاریی بەدوور گرتووە، بۆیە خوای گەورەش زیاتری پێ بەخشیووە.. لە بەرامبەریشدا هەر لە بەدوودا چوونەکەی مێژوودا دەبینین کە هەر کاتێك ئەم مرۆڤایەتیە لە یاخی بووندا بووەو لە رێبازی خوایی لایداوەو سەرکەشانە خۆی ملی رێی گرتۆتە بەر کەوتۆتە لاسەنگی و زوڵم و ستەمکاریی و بێدادیەوە، کەوتۆتە بەر دەستدرێژیی کەسێك کە تاکڕەوی کردۆتە مۆرکی فیرعەونێتی خۆی! کەوتۆتە بەر دەستی یان چینێك یان کۆمەڵە کەسێکی تری ملهوڕ کە چەوساندنەوە بۆتە سیمای دیارو زەقی دیدو رەفتاریی..

تەنها دادی خواوویستیە کە دوورە لە هەموو حەزێکی خوارو مەیلێکی لادەریی.. تەنها دینی خوایە کە ناهێڵێت ئەو ملهوڕانە سەرکەشانە هەواو هەوەسی خۆیان بکەنە یاساو رێسا چونکە لە دینی خوادا، خوای گەورە خوای هەمووانە، خوایەکی کارزانەو هیچ شتێکی نە لەسەر زەوی و نە لە ئاسمانەکاندا لا شاراوە نیە، پەروەردگارێتی و کردگارێتیەکەی خوای مەزن حەتمەن دەسەڵاتی رەهای خواستووە، حەتمەن دادو دانایی خواستووە، بۆیە ئایەتەکە دەربارەی خوای

گەورە دەفەرموێ: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) ئەو باڵادەست و دانایە، دەسەڵات و دانایی هەردووکیان بۆ پیادە کردنی دادپەروەریی پێویستن، چونکە دادپەروەریی ئەوەیە کە هەموو شتێك لە شوێنی خویدا بێت، ئەمەش هێزێکی دەوێت تا داینێت و مانەوەشی لەو شێوەو کات و ماهیەتەدا بەو بڕو رادە بپارێزێت.. هەموو سیفاتەکانی خوای گەورە ئیجابی و کاریگەرن، لە دیدی ئیسلامیدا سیفەتی خوایی سلبی نین[1] کەم و کورتی بگەیێنن، ئەوە لە دیدو بیروباوەڕی ئیسلامیدا نیە.. لە دیدو بیرو باوەڕی ئیسلامیدا سیفاتی خوای گەورە ڕەهان و لە هەموویاندا تەواوەو کەس و هیچ لە هیچ سیفەتێکیدا نایگاتێ و هاوشێوەو هاوتاو هاو وێنەی ئەو نیە..

نرخی ئەم ئیجابیەتیە لە دڵ و دەروندایە، لە کارتێکردن و کاریگەرێتیدایە کە چۆن و چەند دڵ و دەروونی موسوڵمان بە خوای خاوەنی دەسەڵات و داناوە پەیوەست دەکاتەوە.. ئەمەشە کە ناهێڵێت عەقیدەی ئیسلامی ببێتە دیدو تەسەوراتێکی ووشك و ساردی زانیاریی، بەڵکو بەو سیفەتانەی خوای گەورە دەیکاتە پاڵنەریی زیندووی ژیان، ئەمەش هەمووی لەوەوە دێت کە خاوەن عەقیدەکە باوەڕی وا هێناوە کە خوای پەروەردگار یەکەو کەس لە هیچ سیفەتێکیدا وەکو ئەو نیە..

کەوابوو تەنها یەك لایەن مافی ئەوەی هەیە خەڵك بکاتە عەبدی خۆی، بیانکاتە پەرستیارانی خۆی، خەڵکی ناچار کات بە حاکم وەریگرن و ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ حوکمی شەرعەکەی دەرببڕن، هەر ئەو لایەنەشە کە ماهیەتی ڕەفتار

---

[1] ئاماژە ڕەخنەیە بۆ دیدو بیروباوەڕی مەسیحیەکان بەخوای پەروەردگار کە لە ئینجیلەکاندا هاتووە کە گوایە خوای گەورە لە ساتی زۆرانباریدا لەگەڵ سەیدنا یەعقوب بە پشتدا کەوتووەو هاواری کردووە: هەستەرەوە سپێدەی دا خەڵکی دەمانبینن!! نەعوزوبیللا لە دیدو کوفری وا گەلۆرانە.. یان نەزانین و رق لێبوونەوە لە کەسێك کە نەیتوانیووە بەرامبەریشی هیچ بکات!!

و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتیان بۆ دیاری دەکات و فەرمان بە هەمووان دەکات کە بیگرنە بەرو خۆی پێوە رابهێنن، تەنها ئەو یەك لایەنە بۆی هەیە ژیانی ئەو خەڵکە وا ئاراستەکات کە لەگەڵ بەرنامەکەی خۆیدا بسازێت.. هەر ئەو یەك لایەنەش پەروەردگارێتی و خواپەرستیان بۆ دیاری دەکات کە چۆن و کەی دەیکەن؟!

کەوابوو خوای گەورە ئەوی پێی رازیەو لای قبووڵە یەك عەقیدەیە، عەقیدەیەکە کە لەسەر خوا بەیەکناسینێکی راست و پاك دامەزراوە، لە بەڵگەنەوویستەکانیشی ئەوەیە کە (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ) ال عمران/١٩ واتە: ئەو دینەی کە لای خوا پەسەندە ئیسلامەو بەس، ئەو ئیسلامەی کە لاف و گەزاف لێدان نیە، ئەو ئیسلامەی شتێك نیەو بە زمان راگەیێنرێت و بەس، ئەو ئیسلامەی کە تەنها ئالایەك نیەو بەرز بکرێتەوە تا لە بەرچاوی خەڵکی بشەکێتەوە، تەنانەت بە تەنها باوەڕێکی ناخیش نیە هەست و هۆشی کەسێکی کردبێتە هەست و نەستی دینداریی، دیسان تەنانەت بریتی نیە لەو نوێژو رۆژوو حەجەی کەسانێك بە تەنها بۆ خۆیان ئەنجامی دەدەن.. نا.. ئەوە ئەو ئیسلامە نیە کە خوای گەورە ئەو نەبێت هیچی تر لە بەندەکانی قبووڵ ناکات، ئەوە ئەو ئیسلامە نیە کە تەنها دینێکە کە لە لای خوای گەورە پەسەندە.. ئیسلام بریتیە لە خۆبەدەستەوەدان! لە ملکەچی و گوێڕایەڵی، ئیسلام ئەو بەرنامەیە کە ئاراستەی هەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاك و کۆ، کۆمەڵگەو دەوڵەت دەگرێتەوە، ئیسلام یەعنی خوایەتی و دەسەلاتی.. لەم دیدو پێناسەوەیە کە هەر جۆرە هاوبەشی کردنێکی تر لە ئاراستەی ژیانی تاك و کۆدا، هێنانی هەر بەرنامەیەکی تر، هەر یاساو رێسایەکی تر کە مرۆڤ دایرشتووە، چوونە دەرەوەیە لە ئیسلام، پاشگەزبوونەوەیە لێی.. چونکە جگە لەوەی پێچەوانەی ئەو قەناعەت و تێگەیشتنە سەرەتاییە سەرەکیەی ئیسلامەتیەکەیە، لە هەمان کاتدا تەسلیم

کردنی دەسەڵاتی خیلافەتی خوایی لەسەر زەمیندا بە کەسانێکی کوێرو وێڵی ناشی و نەشیاو.. ئەوانەی کە دوای بەیعەت دانیان بە خواو ئیعتیراف بە دینی ئەو پەشیمان بوونەتەوەو هەموو پەیوەندیەکیان بە خوای گەورەو بە پیاوچاکانەوە پساندووەو لەم سەر زەمینەدا کەوتوونەتە خراپەکاریی!! ئەم خراپەکارییەی سەرزەمین هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ تەسلیم کردنی سەرکردایەتی و ئاڕاستەوانێتی ئەو کوێرو وێڵە ناشیانە! کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژووی خۆی کە دەکەوتە خراپەکارییەوە بە هۆی ئەوەوە دەبوو کە سەرکردایەتیەکەی دەدایە کەسانی وا ناشی و خراپەکار.. بۆیە ئاوا دەکەوتە بەر ڕەشەبای کوێرەوەریی و مۆنجی بێ ئامانی پشێوییەوە.. چونکە دەکەوتە بەر ئاڕاستەی لێڵ و پێڵ و هەمیشەگۆڕ.. هەر جارەو بە سیستمێك، لە دیدێکەوە، بە پێی یاسا گۆڕکێیەکی خێرا خێرای ئەو کوێرو وێڵە ناشیانە ئاڕاستە دەکران، کە بە درێژایی مێژوو بە ناوی هەڵکەوتوو رواڵەتی فەیلەسووف و کڵاوی بیرمەند و قاتی سیاسەتمەدارەوە دەردەکەوتن و کاروبارو دۆخەکانیان بە دیدی خۆیان دەگونجاند! بۆیە هیچ شتێکی تاك و کۆ لە شوێنی خۆی دانەدەمەزرا..

ئەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە درێژایی مێژووی خۆی، قەت بەختەوەر نەبووە، هەرگیز ئاستی مرۆڤایەتیەکەی باڵا نەڕۆیشتووە، هەرگیزاو هەرگیز نەهاتۆتە ئاستی جێنشینی خواوە لەسەر زەوی ئیللا لەژێر سایەی ئەم بەرنامە خواییەدا نەبێت، تەنها لەبەر سێبەری دینەکەی خوادا کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاك و کۆی مرۆڤایەتی دەنارد، ئەم مرۆڤایەتیە جارجارە بە گوێرەی وەرگرتن و راپەڕاندنی بەرنامە راست و رەواکەی خواوە بەختەوەر بووە..

خوای گەورە لە شایەتیەکەی خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو کەسانەی وەدەم بانگەوازەکەی ئەمەوە نایەن و بەرنامەکەی وەرناگرن، کوێرن.. (أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى) الرعد/١٩ واتە: چما ئەوی دەزانێت کە ئەوەی لە لایەن خوای گەورەی خۆتەوە بۆت نێرراوەتە خوارەوە هەقە، وەك ئەو کەسە وایە کە کوێرە!! مرۆڤ دەتوانێت رۆژانە ئەم راستیە لە خەڵکێکی

ئاوادا ببینێت!! رۆژانە دەتوانێت خەڵکێك ببینێت کە پشتیان لە بەرنامەی خوا کردووەو قبووڵیان نەکردووە، یان پێوەی پابەند نەبوون و کەناریان داوە، بە چ ئاقارێکی نادیاردا کوێرانە دێن و دەڕۆن.. رۆژانە دەبینیت ئەوانەی دینی خوایان وا وەرنەگرتووە، لە چ ئاڵۆزیەکی دەروون و پشێویەکی ژینداند؟! خەڵکانێك دەبینیت بەڕێزترین لایەنیان مەفح بۆتەوە! لەسەر لا دەڕۆن!!

کاتێك دەبینین بە شایەتی خوای کارزان ئەو کەسانەی بەرنامەی خوایی وەرناگرن ئەوانەی ئەو هەقەیان پێ رەوا نیە کە خوای کردگارو پەروەردگار ناردویەتیە خوارەوە کوێر و نابینان، ئیدی چۆن ئەو کەسەی کە بە راستی باوەڕی بە خوای کردگارو پەروەردگار هێناوە، باوەڕی بە وەحی خوایی هێناوە، باوەڕی بەوە هێناوە کە ئەم قورئانە پەیامی خوایەو بۆ ئەوەی ناردووە بکرێتە بەرنامەی هەموو لایەنەکانی ژیان، ئەو کەسەی ئەمە قەناعەتیەتی چۆن رێ بە خۆی دەدات، چۆن پێی رەوایە، چۆن پێی ژیرێتیە بڕوات لە کوێرێکەوە بەرنامەی رۆیشتن وەرگرێت؟!! چۆن پێی وایە کوێرو وێڵێکی ناشی دەتوانێت بەرنامەی ژیانی بۆ داڕێژێت؟!! بەرنامەیەك کە هەموو ووردەکاریەکانی رەفتارو رەوشتی تاك و بەهاو نەریتی کۆمەڵایەتی هەر وەکو بنەمای فیکرو دیدی سیاسی لەسەر دابڕێژرێت!! ئەمە کەی راستە؟!!

هەڵوێستی ئێمە بە گشتی کە بەرامبەر بەرهەمی فیکریی غەیرە ئیسلامی نەك لە زانستی رووت و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاوە لەم روانگەوەیە.. لایەنی دیدو رێ شتێکەو زانستی رووت و بەکارهێنانە عەمەلیەکانی شتێکی تر، ئەمەی دووەمیان لە ژیانی هەموو کەسێکدایەو هەموو کەس بۆی هەیە لە هەر کوێوە بەرهەم هات

وەربگرێت، بۆیە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (أَنْتُمْ أَعْلَمُ بأُمُورِ دُنْياكُمْ)[1] ئیمامی موسلیم.. واتە: ئێوە لە کاروباری دنیایی خۆتاندا شارەزاترن..

شتێکی نامومکینە موسوڵمانێك دینی خوای وەرگرتبێت، زانیبێتی ئەو هەقەو ڕێنمایی خوای وا ناسیبێت کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕوونی کردۆتەوەو وەریگرتبێت لەولاوە ڕێ بە خۆی بدات، بچێت لە بەر دەستی کوێرێکدا کە خوای گەورەو زانا شایەتی داوە کە کوێرو نابینایە، وەك قوتابی دانیشێت تا بەرنامەی ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی بۆ دیاری بکات! چۆن ئەمە لە موسوڵمان دەوەشێتەوە؟! چۆن موسوڵمان ئاوا شایەتی خوا ڕەت دەکاتەوەو خۆشی بە موسوڵمان دەزانێت؟!!

[1] جێی سەرسوڕمانە کە هەندێك خوێندکاریی کەڕە سەلەفی هەوڵی ئەوە دەدەن کە نکووڵی لە سەنەدی ئەم فەرموودەیە بکات بە بەهانەی ئەوەی کە عەلەمانیەکان کردوویانە بە بەڵگەی خۆیان کە دەبێت دین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە! بەڵام هەردوو هەڵوێستی کەڕە سەلەفی و عەلەمانیە قەرەچەناغانەکان یەك لە یەك لاوازترە.. چونکە حەدیسەکە سەلمێنراوە، وەکو لە موسلیمدا لە چەند جێیەکدا هاتووە وەکو لە تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله‌وە خوا لێی ڕازی بێت ژمارە(٢٣٦١) و لە ڕافیعی کوڕی خەدیجەوە خوا لێی ڕازی بێت (٢٣٦٢) و لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت (٢٣٦٣)، جگە لە چەندین ڕێی تری توێژینەوە کە هەمووی ڕاستی سەنەدو مانای حەدیسەکە دەسەلمێنن کە ئێرە شوێنی ئەو توێژینەوەیە نیە، ئەوەندەش بەسە کە دوای ئیمامی موسلیم و نەوەوی یەکێکی وەکو شێخی ئەلبانی دوای هێنانەوەی ڕیوایاتی لە عائیشەو ئەنەسەوە خوا لێیان ڕازی بێت ڕەحمەتی دەفەرموێ سەحیحە.. صحيح الجامع- ١٤٨٨ ئەوەی عەلەمانیەتیش دەیڵێت کوفرە ئیتر بەهانەی هەبێت یان نەبێت، چونکە ئیسلام هەر وەکو کە لایەنی عەقیدەکەی ڕۆشنە لایەنی عیبادەتەکەشی ڕۆشنەو لایەنی شەریعەتەکەشی ڕۆشنە، پاشان بزوتنەوە بەم سێ ڕوکنەی (عەقیدەو عیبادەت و شەریعەت) کە مانای گشتگیریی دینەکەیە بانگەوازێکی گۆڕانکاریی فیکریی و سیاسی و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵگەیە..تا ئیسلامەکە لە سیستمی حوکمڕانی خۆیدا کە خیلافەتە لە دار الاسلامێکدا دەردەکەوێت..

ئێمە دەبێ ئەم دینەی خوا بە جیددی وەربگرین، دەبێ بڕیارە بنبڕەکانی بە عەزم و جەزمەوە بێ پەروا راپەڕێنین.. یەق پێکردنەوەی هەڵوێستی دینداریی، وشلوشێواو گرتنی ئەم باسە سەرەکیە، سووك کردنی عەقیدەکەیە، دین بەردانە!! ئەگەر رەت کردنەوەی شایەتیەکەی خوا نەبێت و نەچێتە بازنەی پاشگەزبوونەوەوە!!

لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە کە خەڵکانێك خۆیان بە موسوڵمان دادەنێن و بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی ژیانیان لە فلان و فیسارەوە وەردەگرن، لەوانەی کە خوای گەورە دەرهەقیان شایەتی دا کە ئەوانە کوێرن، نابینان، وێڵن!! کەچی لەملاشەوە هەر خۆیان بە موسوڵمان دادەنێن!! ئەمە چۆن دەشێت؟!!

ئەم دینە هەموو شتێکی جیددیە، جێی گاڵتەو سوعبەتی تێدا نابێتەوە.. سەرڕاستیە جێی ملبادان و خۆدزینەوەی تێدا نیە، هەر هەموو دەقەکانی هەقن، هەر هەموو حەقیش وا لە هەر یەکێك لە دەقەکانیدا، وا لە هەر ووشەیەکیدا، ئەوی ئەم جیددێتی و سەرڕاستیە لەخۆیدا نابینێت تا بێت و دینەکە وەرگرێت، دینەکە پێویستی نە بەوو نە بە هەموو جیهانیانە.. چونکە خوای خاوەن دینەکە پێویستی بە کەس نیە.

ژیانی خەڵکی بێ بەرنامەی خوایی ناسازێت، بێ هەبوونی پێشەوایەتیەکی خواویست دانامەزرێت، پێشەوایەتیەك کە لەسەر رێبازی خوا بڕوات و بە دیدی دینەکەی ئەو ببینێت، بە پێی رێنمایی خوایی پێ هەڵهێنێتەوە، تا بە گوێرەی رێسای شەریعەتەکەی ئەو یاسا بۆ رێکخستنی کاروباری رۆژانەی دابڕێژێت.. ژیانی مرۆڤایەتی بە پێشەوایەتی کوێرو وێڵ روو لە راستی و رەوایی ناکات، روو لە ئاسوودەیی ناکات، ئەو پێشەوایەتیە کوێرانە نازانن چ خێرو خۆشیەك وا لە بەرنامەکەی خوادا کە بۆ پێغەمبەری پێشەوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناردووە!

نازانن کە هەموو هەق وا لە دینەکەی ئەودا، نازانن کە نە دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی و نە کۆمۆنیستی و سۆشیالیزمی زانستی! کێشەی ژیانی پێ چارەسەر ناکرێت.. چونکە بەرنامەی ئەوانە کێ دایڕشتووە، بەرنامەی ئەو کەسانەیە کە پەییان بەوە نەبردووە کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای کردگارو پەروەردگاری جیهانیانەوە هێناویەتی، نازانن تەنها ئەوەی ئەم هەقەو ناشێت و ناکرێت و نابێت کەس لێی لابدات.. ژیان بە تیۆکراسی ناڕوات بەڕێوە، هەر وەکو کە بە دیکتاتۆریێتی و دیموکراسیێتی ناڕوات بەڕێوە، هەر هەموویان بەرنامەی کوێرو نابینایانن، هەمووی هی ئەو کەسانەن کە لە ناو خۆیاندا خۆیان لە جێی خوای کردگارو پەروەردگار داناوەو مافیان داونەتێ بەرنامەی ژیانیان بۆ داڕێژن!! سیستمی حوکمڕانی و یاساو رێسای لایەنەکانی تر داڕێژن.. دوور لە دینی خوا، دوور لە رەزامەندی خوای کارزان.. تا ملکەچی و گوێڕایەڵی خەڵکەکە بۆ ئەو خوا دەستکردانە مسۆگەر کەن..

زەقترین نیشانەی ئەوەی کە لەبەر رۆشنایی ئەو ئایەتە قورئانیەدا دەیڵێین ئا ئەو هەموو خراپەکارییەیە کە سەرزەمینی تەنیووە، ئا ئەو نەهامەتی و کوێرەوەرییەیە کە باڵی رەشی لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بەسەر مرۆڤایەتی ئەمڕۆدا کێشاوە.. چ ئەوانەی وان لەژێر سایەی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریدا، چ ئەوانەی وان لەژێر سایەی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی زانستیدا، یان ئەوانەی وان لەژێر پۆستاڵی دیکتاتۆرێتیدا هەموویان وەکو یەکن، لە هەموویاندا مرۆڤایەتی جۆرەهای جیاواز لە کوێرەوەریی و ناڕەحەتی و پشێوی دەچێژێت، لە هەموویاندا لە خەم و پەژارەی رۆژانەدان.. چونکە بەرنامەکان کوێرەکان دایانناوە، ئەوانەی پەی بەوە نابەن کە لە خوای کردگارو پەروەردگاری جیهان و جیهانیانەوە بۆ محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە، یان نازانن کە دەبێ بەو دینەی ئەوەوە پابەند بن و شەریعەتەکەی ئەو راپەڕێنن.. نازانن کە ژیان لە سایەی شەریعەتی دادو رەوایی ئەودا ئاسوودانە دادەمەزرێت.. نازانن کە موسوڵمان هەر لەسەرەتایەوە بە پێی سروشتی دین و دینداریەکەی هەموو بەرنامەیەکی تر رەفز

دەکاتەوە کە پێچەوانەی دینەکەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێتەوە چونکە لەوەیان دڵنیایە کە ئەوەی بۆ پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە، هەر ئەو هەقەو هەر ئەو راست و رەواو دادپەروەرییە.. ئیدی هەرچی بەرنامەو ڕێبازی دی هەیە، هەرچی دیدی سیاسی و بانگەوازی تری گۆڕانکاریی هەیە، هەرچی سیستمی سیاسی و ئابوری دیکە هەیە کە مادام لەگەڵ شەریعەتەکەی خوادا یەك ناگرنەوە کە پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویەتی رەفزە. موسوڵمان سوورە لەسەر ئەوەی کە تەنها دیدو بیری راست، تەنها ڕێبازی سیاسی راست، تەنها رەفتارو رەوشتی رەسەن، تەنها نەریتی پەسەن ئەوەیە کە لە شەریعەتی خواوە وەرگیرا بێت کە پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ روونی کردۆتەوەو لە ماوەی ژیانی پیرۆزی خۆیدا لە واقیعی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا چەسپاندویەتی..

موسوڵمان قەناعەتی تەواوی بەوە هەیە کە تەنها ئیعتیراف کردنی بە رەوایی هەبوونی بەرنامەیە، پەیڕەوو پڕۆگرامێکی دیکە، بە بەهاو نەریتێکی دیکە، بە سیستمێکی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلایەتی دیکە لە دەستکردی مرۆڤ ئیعتیراف کردنە بە رەوایی ملکەچی دەربڕین بۆ غەیری خوای کردگارو پەروەردگاریش! ئەمەش کوفرەو چوونە دەرەوەیە لە ئیسلام! چونکە ئیسلام پێش هەموو شتێك خۆ تەسلیم کردنە بە خوای کارزان، ملکەچی دەربڕین و گوێڕایەڵییە بۆ خوای کردگارو پەروەردگارو پەرستراو، روو وەرگێڕانە لە خوایانی ترو روو لەو کردنەو بەس.. هەر جۆرە ئیعتیرافێك لە لایەن موسوڵمانەوە بە رەوایی هەبوونی بەرنامەیەکی تر بۆ رێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی حەتمەن دژایەتی کردنی سەرەتاییترین مانای سەرەکی ئیسلامەتیە، لە هەمان کاتیشدا تەسلیم کردنی جێنشینێتی خوای گەورەیە کە دەبێت لەسەر زەمیندا هەبێت بە کەسانی کوێرو وێڵ و ناشی! بەو کەسانەی کە ئەم هەموو خراپەکارییانەی سەرزەمین

بەوانەوە پەیوەستەو هەمووی زرکەتاڵ و ژەقنەبووتی بەرنامەڕێژیی ئەوانە.. تاڵاوی ئاڕاستەوانی ئەوانە وا بە گەرووی ووشکی مرۆڤایەتیدا دەچێتە خوارەوە!! بۆیە نەك هەر نابێت ئیعتیراف بە رەوایی هەبوونی بەرنامەی ئەو کوێرو نابینایە بگیررێت بەڵکو پێویستە رێشیان لێ بگیررێت و نەهێڵرێت ئەوەندەی تر ئەم مرۆڤایەتیە چەواشەکراوە بە دوویاندا بەرەو کوێرەوەری تری دوور لە بەرنامەی خوایی کێش کرێن.. تا زووتر بتوانرێت بەرنامەی خوایی بەو خەڵکە بناسرێتەوەو بەرەو ئاسوودەیی ژێر سایەی وەحی خوایی بهێنرێنەوە، هەر وەکو ئەو قۆناغانەی مێژوو کە جارجارە لەژێر سایەی وەحی خواییدا دەحەوانەوەو ئاسوودە دەبوون..





خوای گەورە کێشەی خوابەیەکناسین لە لایەکی ترەوە نیشان دەدات، لە لایەنێکی بەرفراوان و دوورمەداوە، لە لایەنی سروشتی خودی مرۆڤەوە، کە لە جیهانی ئەزەلیی یەکەمیاندا پەیمانی سەرەتایی پێش خەڵق بوونیان لێ وەرگرتن، پێش ئەوەی دروستیان کات ..

ئیعتیراف کردن بە کردگارێتی خوا شتێکی سروشتیەو لە کیانی مرۆڤدا هەیە، بەڵگەنەوویستێکەو خوای گەورە لە کیانی ئەو مرۆڤەدا بە ئاشکرایی خستویێتیە روو، بۆیە داوای لێ کرد کە شایەتی لەسەر ئەوە بدات کە لە ناخی خۆیدا لەوە دڵنیایە کە خوایەکی کردگار هەیە شایانی پەرستنە، شایانی ملکەچی بۆ دەربڕینە، ئەمەی لە ناخی خۆیدا لا قەناعەت بوو.. بەڵام کە بەردەوامیش پەیامی خوایی بۆ دەهات هەر بۆ بیرخستنەوەی بوو، بۆ مژدەدان و هۆشیار کردنەوەی بوو، تا ئەوانەی لایانداوە بێنەوە سەر رێ سروشتیەکەی یەکەمین جاریان، چونکە ئەو لاڕێیانە بەردەوام پێویستییان بە بیرخستنەوەیان هەیە..

خوابەیەکناسیین پەیمانە، تەنانەت ئەگەر خوای پەروەردگار بە لوتفی خۆی پێغەمبەران و نێرراوە بەڕێزەکانی خۆشی نەناردایە تا بیری خەڵکی بخەنەوەو هۆشدارییان دەربارەی بدەنێ، بەڵام رەحمەت و بەزەیی خوا وای دەخواست کە بە سروشتی خۆیانیان نەسپێرێت تا سەرلێشێواو نەبن، وای دەخواست کە نەیانداتە دەست ژیریی و بیری خۆیان کە پێی داون نەبادا گومڕا ببن، بەڵکو نێرراوانی خۆییان بەردەوام بۆ بنێرێت، تا مژدەدەرو هۆشدەر بن بۆیان، تا هیچ بەهانەو هەنجەتێکیان لە قیامەتدا بەدەستەوە نەمێنێت و بڵێن خوایە نەمادەزانی چۆن بتپەرستین!!

(وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتَ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ) الاعراف/١٧٢ واتە: یادی ئەو کاتە بکەرەوە کە خواکەت نەوەی پشتاوپشت و رەچەڵەکی ئادەمیزادی کۆکردەوەو بە شایەت لەسەر خۆیانی گرتن کە چما من خواتان نیم؟! هەموو ووتیان: بەدی، خوایە ئێمە شایەتی دەدەین.. فەرمووی: پاشان لە قیامەتدا نەڵێن: ئێمە لەم باسە بێ ئاگا بووین!!

ئەمە کێشەی نێوان سروشت و عەقیدەکەیە کە خوای گەورە لە دیمەنێکی دەگمەندا نیشانی دەداتەوە، دیمەنی هەموو زورییەتی ئادەم، لە جیهانێکی نادیاردا، پێش ئەوەی لە پشتاوپشتی باب و باپیرانیاندا خەلق ببن و پێش ئەوەی چاو بە دنیادا هەڵهێنن.. هەموو لەبەردەست خوای کردگارو پەرستراودان.. جەنابی ئاوا لێیان دەپرسێت: چما من خواتان نیم؟! هەموویان بێ چەندو چوون، دەڵێن: بەدی، هەر جەنابت خوامانی.. هەموو ئیعتیراف بە کردگارێتی ئەو، بە پەروەردگارێتی ئەو، بە یەکبوونی ئەو دەکەن و لەو جیهانی نادیاری رەچەڵەکیەدا شایەتی دەدەن و شایەتیەکەیان تۆمار دەکەن..

ئەمە دیمەنێکی گەردوونی بە هەیبەت و سەرسوڕهێنەرە، زمان ناتوانێت بە ووشەی خۆی ئەو وێنەیەی بکێشێت کە لە رێی هەواڵی راستەوە نەقڵ بووە، دیمەنێکە بە لای ژیریی مرۆڤەوە چەند خەیاڵ فراوان بێت هەتا بیری لێ بکاتەوە سەیرو جێی تێڕامانە! هەر بیرکردنەوە لە کۆبوونەوەی ئەم هەموو سێڵەی جەستەی مرۆڤ، نە مرۆڤ و دوو، نەگەلێك و دوو، نە نەوەیەك و دوو، سێڵی جەستەی هەر هەموو ئادەمیزاد کە لە ژمارە نایەن، کۆدەکرێنەوەو دەدوێنرێن! وەکو ژیر لێیان دەپرسرێت! ئینجا بەوپەڕی

توانایاکەوە کە خوای کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤ تێیدا خەڵق کردوون، ژیرانە وەڵام دەدەنەوە، وەڵامێکی ژیرانەش دەدەنەوە، ئیعتیرافی واقیعێك دەکەن، ئیعتیراف بە حەقیقەتێکی رەها دەکەن: بەدی. هەر جەنابت خوامانی.. شایەتی دەدەن، پەیمانێك دەدەن و خوای گەورەش ئەو پەیمانانەیان لەو جیهانی رەچەڵەکە نادیارەوە لێ وەردەگرێت..!!

مرۆڤی ئیماندار کە خەیاڵ لەو دیمەنە دەکاتەوە لە ناخیدا دەلەرزێت.. بە هەیبەت و سامەوە سەیری ئەم دیمەنە سەرسوڕهێنەرە دەگمەنە دەکات، بە خەیاڵێکی قووڵ و بەرفراوان سەیری ئەو هەموو زورییەتە دەکات لە یەك ساحەی پڕ سام و هەیبەت و مەزنییدا کڕو کپ کۆبوونەتەوە، هەر هەموو ئادەمیزاد بە هەر هەموو جەستەیانەوە، هەر جەستەیەك بە هەر هەموو سێڵێکەوە کە تێیدا بووە، هەر سێڵێك بەو هەموو ئامادەباشییەوە کە تێیدابووە!! هەر هەموو لەم دیمەنەدا کۆبوونەتەوەو بە یەکجار پێیان دەوترێت: مەگەر من خواتان نیم؟! هەر هەموو بە یەکجار پەیمان و بەڵێن و بەیعەتێك دەدەن، شایەتی دەدەن: بەدی.. هەر جەنابت خوامانی و بەس!![1]

---

[1] قورئانی پیرۆز ئەم دیمەنە سەرسوڕهێنەرو بە سام و هەیبەتە بە دەگمەنەی ئەو سەردەمە دوورو پەنهانەی ناخی مرۆڤایەتی بە ووردی باس کردووە، ئەوەی باس کردووە کە چۆن ئیعتیرافێکی وا، شایەتیەکی وا، تەسلیم بوونێکی وا لە ناخی ناوەوەی سروشتی ئەم مرۆڤایەتیەدا بووە، لە ناخی ناوەوەی هەبوونێکی نادیاردا، قورئانی پیرۆز پێش چواردە سەدە لەمەوبەر ئەم دیمەنەی بە ئایەتی قورئان خستۆتەوە روو، کە لەو زەمانەدا هێشتا مرۆڤایەتی هیچی وای دەربارەی چۆنیەتی پەیدابوونی مرۆڤایەتی نەدەزانی، هیچی دەربارەی حەقیقەتەکانی بوون و ژیان نەدەزانی، کەچی ئەوەتا دوای ئەو هەزارو چوارسەد ساڵە (زانستی) رێی بەرەو ئەو حەقیەتانە دەچێت و لایەنێك لەو راستیە جەوهەریانە، لەو

ئیبنو جەریری تەبەری و ئەوانی دیکە بە سەنەدەوە لە ئیبنو عەبباسەوە گێڕاوێتیانەتەوە کە فەرموویەتی: خوای گەورە دەستی بە پشتی ئادەمدا هێنا، هەرچی نەوەیەکی تا ڕۆژی قیامەت لێ پەیدا دەبێت هاتە دەرەوە، ئینجا خوای گەورە پەیمانی لێ وەرگرتن و شایەتی پێدان کە مەگەر من خواتان نیم؟ هەموو ووتیان: بەدی.. جەنابت خوامانی) ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: ئەم ڕیوایەتە مەرفوعەو مەوقوفیشی هەیە.. مەوقوفەکانی زیاترن، بۆیە خۆشی ئەویانی هێناوەتەوە[1] ..

سروشتە دەخاتە روو کە کرۆمۆسۆماتەکان کە سێڵی وەچەن، بریتین لە سجیلێکی گەورەو هەرچی سیفاتی باوك و باپیران هەیە بۆ نەوەکانی دواتریانی نەقڵ دەکەن!! ئێستا (زانستی) ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم جیناتانەی هێشتا لە پشتاو پشتی باوکاندان هەر هەموو سیفەتەکانیان لە خۆ گرتووەو بە ئەمانەتەوە بە نەوەی دوایی ئەو باب و باپیرانەیانی دەگەێنن!! ئێستا (زانست) لایەکی ئەوە دەردەخات کە ئەم کرۆمۆسۆماتانە دەتوانن سیفەتی سێ ملیار (سێ هەزار ملیۆن) مرۆڤ لەخۆ بگرن و نەقڵی کەن!! لە کاتێکدا کە کرۆمۆسۆماتەکان لە سانتیمەترێك دووجا بچوکترن!! یان هەر هەموو ئەوانەی ئەو برە سیفەتانەیان لە کەسێکدا هەڵگرتووە ناکەنە سەری سوژنێك یان دەرزیەکی سنجاق!! ئەم قسەیە ئەگەر پێش هەزارو سێسەد ساڵ لەمەوبەر بە مرۆڤایەتی بووترایە، خاوەنەکەیان بە شێت و خەیاڵ پڵاو ناوزەد دەکردا!! بەڵام هەر خوای کارزان راست دەکات دەفەرموێ: (سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ) فصلت/٥٣ واتە: لە داهاتوودا نیشانەکانی خۆمانیان کە لە خۆیان و ئاسۆدا هەن نیشان دەدەین تا بزانن خوا هەقە..

[1] مەسەلەی شایەتی پێدان و پەیمانی یەکەمینی مرۆڤ لە سەردەمانی پشتاو پشتی ئادەمدا سەلامی خوای لێ بێت، کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی فەرمووە، لە عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا شتێکی سەلمێنراوە، لە عەقیدەی تەحاویدا لەژێر ناونیشانی (الميثاق الذي أخذه الله تعالى من آدم وذريته حق) هاتووەو ئوممەتی ئیسلام لەسەری ڕێکن، کەس نکووڵی لێ نەکردووە، بەڵام لە لێکدانەوەو راڤەیدا راجوێ بوون.. چونکە جگە لەوەی لە ئایەتی قورئاندا هاتووە کۆمەڵێك حەدیسی سەحیحی پێغەمبەری پێشەواشی صَلَّى اللَّهُ

ئەمما ئەو دیمەنە چۆن بووە؟ چۆن ئەو پەیمان و بەڵێنەی لەو هەموو زوڕەیەتە وەرگرتووەو کردوونی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە؟! چۆن بە هەموویانی فەرمووە: مەگەر خواتان نیم؟! چۆن ئەوانیش هەموو پێکەوە یان بە جیا ووتویانە: بەدی!! بەهەر حاڵ ئەم وەڵامانەش وەکو دیمەنەکەو روودانی هەر نادیارن و هەر خوای کردگارو پەروەردگار خۆی دەیزانێت چۆن بوون.. بیرو ژیری مرۆڤ مادام پەی بە زاتی خوا نابات کە چیەو چۆنە، پەی بە کارو کردەوەشی

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەرە.. هەندێك ئەوەیان بۆ نەسەلماوە کە ئەم کۆکردنەوەی زوڕیەتە بە واقیعی و راستی بێت، بەڵکو پێیان وایە کە ئەمە ئاماژەیەکی واتاییە بۆ پەیمان لێوەرگرتنیان، بەڵام ئەهلی سوننەت و جەماعەت وەکو شێخ سەفەر الحەوالی نەقڵی کردووە لەسەر ئەوە کۆن کە ئەمە هەر وەکو دەقە پیرۆزەکان روونی دەکەنەوە حەقیقەتێکی واقیعی بووەو هیچ پێویست ناکات ببرێتە لایەنی واتایی.. هەر وەکو لە پەڕاوێزی رابوردوودا ئاماژەیەکی خێرامان پێدا ئەمە نەك هەر بۆ خوای خاوەن دەسەڵات سەخت نیەو تێگەیشتنیشی لەم سەردەمی کەشف کردنی کرۆمۆسۆماتەدا سەخت نەماوە.. بەڵام ئەوەی پێویستی بە تەئکید کردنەوە هەیە لێرەدا ئەوەیە کە خوای پەروەردگار ئەم شایەتی دان و پەیمان لێوەرگرتنەی لێ نەکردوونەتە هۆکاری دینداریان تا لەسەری موحاسەبەیان بکات، بەڵکو نێرراوانی خۆی بۆ ناردوون و موحاسەبە کردنەکەیانی لەسەر هەڵوێستیان لەو پێغەمبەرە نازدارانە دامەزراندووە، وەکو کە لێیان دەپرسێتەوە کە (مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ) القصص/٦٥ واتە: چۆن وەڵامی پێغەمبەرانتان دایەوە ؟! یان: (فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ)الاعراف/٦ واتە: حەتمەن پرسیار لەو خەڵکە دەکەین کە پێغەمبەرانمان بۆ ناردوون ولێیان دەپرسینەوە و لە پێغەمبەرەکانیش دەپرسین: (کە چۆن و کێ وە دەنگ بانگەوازە خواییەکەتانەوە هات؟!).. هەروەها کە دەفەرموێ نێرراوانمان وەك مژدەدەرو هۆشدەر ناردووە تا لە قیامەتدا خەڵکی بەهانەی ئەوەیان نەمێنێت کە خوایە نەماندەزانی چی بکەین و چۆن بتپەرستین!! وەك دەفەرموێ: (رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ)النساء/١٦٥..

نابات تا بزانێت ئەوە چۆن ڕوویداوە.. چونکە زانینی چۆنیەتی بەشێکە لە زانینی ماهییەتی شت.. بۆیە هەرچی شتێك کە بۆ خوا دەگەڕێتەوەو ماهییەتەکەی نازانین ناشبێت وا بیر کەینەوە کە دەگەینە زانینی چۆنیەتەکەی! نا.. وەکو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: (ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ) فصلت/١١ واتە: پاشان بەرزبۆوە بۆ ئاسمان کە دوکەڵێك بوو.. هەروەها ئایەتەکانی تری وەکو: (ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ) الاعراف/٥٤ یان (يَمْحُو اللّهُ مَا يَشَاء وَيُثْبِتُ)الرعد/٣٩ واتە خوای گەورە ئەوی دەیەوێت دەیسڕێتەوە یان دەیچەسپێنێت، یان: (وَالسَّماوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ) الزمر/٦٧ واتە: ئاسمانەکان لوول کراون بە دەستی ڕاستیەوە!! وە هەروەها دەقەکانی تری قورئان کە هەموویان هەق و ڕاستن، کەوابوو حەتمەن دەبێت پێیان تەسلیم بین و باوەڕمان وابێت کە هەن و ڕوو دەدەن، بێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەین کە بزانین چۆن..چونکە ماهییەتەکان نازانین کەوابوو چۆنیەتەکانیش پەی پێ نابەین، بە تایبەتی کە لەوە دڵنیاین کە هیچ شتێك هاووێنەی خوای گەورە نیە، هیچ شتێك هاوشێوەی خوای کارزان نیە.. ئێمە ماهییەتی زاتی خوای پەروەردگار کە نازانین، چۆن تەسەوری سیفەتەکانی دەکەین؟! چۆن دەزانین کارو کردەوەکانی چۆنن؟! جەنابی ئەو کە هیچ زاتێك لە شێوەی ئەو نیە ئیدی چۆن تەسەوری زات وسیفات و کردارەکانی دەکرێت؟! حەتمەن ناکرێت، کەوابوو ڕێیەیەکی تر غەیری تەسلیم بوونی تەواو بە دەقەکانی وەحی لەم باسەدا نیە، هەر ڕەنج و هەوڵدانێکیش بۆ زانینی چۆنیەتی کردگارێتی، چۆنیەتی خەلق کردنی، یان چۆنیەتی هەر سیفەت و کارێکی تری گومڕا کردن و وێڵبازییە.. چونکە هەر لە سەرەتاوە زانراوە کە ماهییەتی جەنابی ئەو هاوشێوەو هاووێنەو هاوتای نیە.. بۆیە ئەو فەیلەسووف و بیرمەندانەی خۆشیان و خەڵکی تریشیان لەم باسەدا ماندوو کرد، وێڵ بوون و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، هەرچی ئەمڕۆ دەیانووت کۆتایەو دەستمان لێی گیر بووە سبەی بۆیان دەردەکەوت کە هێشتا هەر لە مۆنجی گوماندا خول دەخۆن!

لێکدانەوەیەکی تریش هەیە بۆ ئەم دەقە کە دەڵێت: ئەو شایەتی دان و پەیمانەی خوای گەورە لە زوڕییەتی بەنی ئادەمی وەرگرت، لەگەڵ سروشتیانیدا هەستی وەڵامدانەوەی باوەڕو دینداریی راستی تێدا خەلق کردن، واتە وای دروست کردوون کە خۆیان هەر لەسەرەتایانەوە باوەڕیان بە خوا بەیەکناسیین هەبووبێت، هەر لە سەرەتایانەوە زانیویانە کە خوا هەیەو کردگارو پەروەردگارەو هیچ هاووێنەیەکیشی نیە.. ئینجا دوایی بە هۆی کەسانی تری کاریگەرەوە خراپەکار دەردەچن و سەرپێچی لە فەرمانی خوا دەکەن و لەو سروشتە دینداریيەیان دەردەچن..

ئیمامی ئیبنو کەثیر لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێ: ئەوانەی سەلەف و خەلەف کە فەرموویانە مەبەست لەم شایەتی پێدانە دروست کردنیانە لەسەر بناغەی یەکخواناسیین.

ئەو پەیماندانەی نێوان مرۆڤ و خوای کردگاریی لە ناخی مرۆڤدا رووادە، لە هەموو سێڵێکی جەستەیدا هەر لەو کاتەوەی دروست بووە، هەیە، ئەوە پەیمانێکە لە پەیامی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت کۆنترە، هەموو سێڵێکی جەستەی ئەم مرۆڤە شایەتی ئەوە دەدات کە خوای کردگار خوایەکی تاك و پاکەو وویست و دەسەڵاتی سەربەست و پایەدارە، وویستی وا بووە کە هەموو گەردوون و مرۆڤ و ژیان بەو شێوەیە دروست کات و یاساو رێسایان بۆ دانێت تا بە پێی ئەو یاساو رێسایە هەڵسوڕێن و پێك نەکێشرێن.. بۆیە دوای ئەم شایەتیدانە، دوای ئەم پەیمان دانە کەس بۆی نیە بە زمانی حاڵ یان بە قسە هاواری لێ هەستێت و بڵێ: خوایە من بێ ئاگام و هیچم نەزانیوە!! بڵێ: خوایە لە هاتنی پەیامی جەنابت و لە رێبازی پێغەمبەرانت بێ ئاگا بووم، لەو دینە بێ ئاگا بووم کە خەڵکی بەرەو یەکخواناسیین بانگ دەکرد بۆیە بە نەزانی کەوتمە شیرکەوە!! یان بڵێ باوك و باپیرانی خۆم لەسەر ئەو شیرکە بینی و منیش شوێنیان

کەوتم!! کەسیش نەبوو تێم گەیێنێت، کەسێك نەبوو ڕێی یەکخواناسیینم بۆ شی کاتەوە[1]!! ئیدی من بۆچی بەرپرسیارم؟ بەڵام لوتف و بەزەیی خوای گەورە وای خواست کە پەیامی خۆی بە نێرراوانێکدا بنێرێت کە هەر لەناو ئەو خەڵکەوە هاتن و پێشتر خۆو نەسەب و کەسوکاریان ناسراو بوون، تا خەڵکی بەرەو یەکخواناسیین بێنەوە.. (وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ) الاعراف/١٧٤ واتە: ئاوا نیشانەو بەڵگەکانمان بە دوورو درێژیی باس دەکەین تا بەرەو لای خوا بگەڕێنەوە.. تا بگەڕێنەوە سەر سروشتەکەی خۆیان[2].. بگەڕێنەوە سەر هەستی

---

[1] لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (كَلُّ مَولُودٍ يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ فَأبَواهُ يُهَوِّدَانِهِ أو يُنَصِّرَانِهِ أو يُمَجِّسَانِهِ) واتە: هەموو زارۆکێك لەسەر سروشتی ئیسلامەتی لەدایك دەبێت، بەڵام دایك و باوکی دەیکەنە جولەکە یان دیان یان ئاگرپەرست..

[2] لە سەحیحی موسلیمدا لە عەیازەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموی: (يَقولُ اللهُ:إنِّي خَلَقْت عِبَادِي حُنَفَاء كُلّهمْ فَجَاءَتْهُمْ الشَّيَاطِين فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينهمْ وَحَرَّمَتْ عَلَيهِمْ مَا أحْلَلْتُ لَهُمْ) خوای گەورە دەفەرموێ: من خۆم بەندەکانی خۆمم ئارەزوومەندی دینی حەق دروست کردووە کەچی شەیتانەکان هاتنە لایان و ڕایانپسکاندن و لە دینەکەیان دوور خستنەوەو ئەوی بۆم حەڵاڵ کردبوون لێیان حەرام کردن..

ئیمامی ئەحمەد رحمه الله لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (يُقَالُ لِلرَّجُلِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ يَوْمَ الْقِيامَةِ: أَرَأَيْتَ لَوْ كَانَ لَكَ مَا عَلَى الأَرْضِ مِنْ شَيءٍ أَكُنْتَ مُفْتَدِيّاً بِهِ ؟ فَيَقولُ: نَعَم! فَيقولُ: قَدْ أَرَدْتُ مِنْكَ أهْوَنَ مِنْ ذلِكَ، قَدْ أخَذْتُ عَلَيكَ فِي ظَهْرِ آدَمَ ألَّا تُشْرِكَ بِي شَيْئَاً فَأَبَيْتَ إلَّا أنْ تُشْرِكَ بِي) متفق عليه، واتە: لە ڕۆژی دواییدا بە کەسێکی دۆزەخی دەوترێت: ئەرێ ئەگەر بە قەدەر زەوی سامان و ماڵت ببوایە ئێستا دەتکردە قوربانی خۆت؟ دەڵێ: بەڵێ! خوای گەورە پێی دەفەرموێ: بەڵام بە تەئکید من لەوە کەمترم لێ داوا کردیت، هەر لە پشاوپشتی ئادەمەوە داوام لێ کردیت کە شەریك بۆ من بڕیار نەدەیت، کەچی گوێت نەدایەو هەر کردت!!

پاك و هێزی ئیدراك و پەی پێ بردنەکەی سەرەتایان.. گەڕانەوە سەر ئەمان زامنە بۆ گەڕانەوە سەر یەکخواناسیینەکەیان، بەڵام خوای گەورە دوای ئەوە نێرراوانی خۆی هەر بۆ ناردن تا مژدەو هۆشداریان بەردەوام بخەنە پێش..

ئەمە پەیمانی سروشتە کە لە ناخی هەموو زیندەوەرێکدا رواوە، هەر یەکەیان گەر لێی گەڕێن خوای کردگاری خۆ دەناسێت و بە خواپەرستیەکی راستەوە رووی تێ دەکاتەوە.. ئەم سروشتە پاکە خۆی برسی ئەو خواناسیین و خواپەرستییەیە! خۆی شەیدای خواوویستیە، بەڵام بە بێ کەسی گومڕا دەبێت، لاڕێ دەکەوێت، لە خۆشەویستی و مەزنداریيدا دەکەوێتە دانانی شەریك بۆ خوای گەورە..

ئەم پەیمانە سروشتیە گرنگە، ئەمە هەر ئەوەیە کە خوای گەورە مرۆڤی هاندا لەسەری کە ئەگەر بیپارێزێت و لەسەری بەردەوام بێت، خوای گەورە دەیکاتە جێنشینی خۆی: (فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ) الروم/٣٠ واتە: ئارەزوومەندانە ڕوو لە دینەکەی خوا بکە، ئەو دینەی کە خوای گەورە ئاوێنەی ئەو سروشتەی کردووە کە خەڵکی لەسەر دروست کردووە،، بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاریی لە خەڵقی خوادا ناکرێت، ئەوە دینی راست و دروستە بەڵام زۆرینەی خەڵکی نایزانن..

ئەم دینە قەڵای پاراستنە لە رەشەباو گەردەلوولی هەواو هەوەس، ئەو هەواو هەوەسەی کە ناهێڵێت کەس پشت بە هەق ببەستێت و خۆی پێ قایم کات، ئەم دینە دژی نەزانی و نەفامێتیە کە خەڵکی لە دیار نەمانیدا دەکەونە جاهیلییەتەوەو شوێن ئارەزوو حەزی لاڕێیان دەکەون و بێ سنوور بۆ دانان دەکەونە هەڵپەی تێرکردنی حەزی مونحەریفیان!! خوای پەروەردگار ئەمە دەزانێت، بۆیە بەم دینە سنوری بۆ دیاری کردوون.. خوای گەورە سروشتی ئەم

مرۆڤە دەناسێت و دەشزانێت ئەم دینەی کە بۆی ناردوون چەند و چۆن لەگەڵ سروشت و تەبیعەتیاندا دەسازێت و یارمەتیدەریان دەبێت لە دامەزراندنی ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەردا.. چونکە هەردووکیان هەر بە فەرمانی خوا هاتوونەتە سەر ئەم زەمینە.. هەردووکیان لەگەڵ هەموو سیستم و ڕێساکانی گەردوندا گونجاون، هەموویان پێکەوە هاودەنگن و بەرەو یەك ئاسۆی خواوویستی بەڕێ دەکەون.. ئەو خوا کارزانەی دڵی ئەم مرۆڤەی دروست کردووە، هەر ئەویش ئەم وەحیەی بۆ ناردووە، هەر ئەویش ئەم پەیامەی بۆ ناردووە تا بیکاتە بەرنامەی ژیانی دنیای.. خوای گەورەو کارجوان دەزانێت کە دڵی ئەم مرۆڤە کە نەخۆش دەکەوێت ئەم قورئانە چارەسەرێتی، ڕەفتاری ئەم مرۆڤە کە کەوتە لادان ئەم قورئانە بە پارسەنگی ڕاستی دەکاتەوە.. سروشتی مرۆڤ نەگۆڕەو دینەکەش نەگۆڕەو هیچ گۆڕانێکیش بەسەر یاساو ڕێسای خواییدا نایات.. ئەگەر دڵ و دەروونەکان لە سروشتی دینداریی خۆیان لاڕێ کەوتن، هیچ شتێکی غەیری دینەکەی خوا ڕاستیان ناکاتەوەو هیچ هێزێك نایانخاتەوە سەر ڕاستە شەقامی دادو سەرڕاستی، سەر سروشتە خواناسیەکەی خۆیان کە لەگەڵ بزاوتی بونەوەردا دەکەوێتەوە ڕەوتی ڕێك و پێکی خۆی..





ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی وەرگێر بۆ چاپی نوێ	٩
بەندی یەکەم: دین ودیدی	١٦
خۆناسین: جاهیلییەت	١٧
بانگەوازی ئیسلامی و سێ خاڵی لاوازی	٢١
١ -نەبوونی ئاکی موسڵمان	٢١
٢ -دوورخستنەوەی ئیسلام	٢٧
٣ -نەناسینەوەی ئیسلام	٢٩
ئەرکی ئێمە	٣٣
قورئان ڕێبازە	٣٧
باسی یەکەم: دین وژین	٤٧
کێ بەرنامە دیاری دەکات	٥١
بنەمای فیکری مانای دین دینی خوا یان دینی خۆ	٥٤
دین یاسا و ڕێساشە	٥٩
ناسینەوەی جاهیلییەت	٦٥
لە دین لادان	٧٢

باسی دووەم: مژدەو ئاگادارکردنەوە	٧٨
بنی بێ پەیکەر	٨١
دین هەر شایەتمان نییە	٨٤
باسی سێیەم: تاغوت و دین	٨٧
چی تاغوتە؟!	٨٧
تاغوت دەڵێ دیندارترم !!	٩١
دین وسیاسەت	٩٢
دین شۆڕشە	٩٦
باسی چوارەم: بزاڤی دین	١٠٢
ئەم دینە سیحری نییە	١٠٩
موسڵمان لەوەش زۆرتری پێ دەکرێت	١٢٤
پەیوەندی نێوان دەروون و کۆمەڵکاری و واقیعەکان	١٢٩
سروشتی پرۆگرامی پەروەردەیی ئیسلام	١٣٠
پرۆگرامی خوای گەورە نەگۆڕە	١٣٢
باسی پێنجەم: دەستوری دین (فقە)	١٣٣
ئەحکامی بزاڤ و بزاڤی ئەحکام	١٣٦
ژیانی ئەمڕۆ و ئەحکامی شەرعی	١٤٨
ئەحکامی شەرعی و مەلای بەتاڵ	١٤٤
پینەی (دینی)ی!!	١٥٠
باسی شەشەم: خۆرکەی دین	١٥٧
کلکە مەلاو شێخی تاژی و هەرزە داعی	١٦٤

ئیسلامی تەزویر	١٧٠
بەندی دووەم **دینی کێ؟!**	١٧٤
ڕێرەوڕێناسین	١٧٥
خوایەتی خوا عەبدایەتی ئێمە دەخوازێت	١٧٩
ئەوی پەروەردگارو کردگارە، دەپەرسترێت	١٨٣
لە ژێر ئاڵای لاالەالاالله	١٨٨
باسی یەکەم: یەك عەقیدە	١٩١
باسی دووەم: یەك پەیام و یەك پێغەمبەرێتی	١٩٧
تەنها پێغەمبەران پێشەوان	٢٠١
جیهازی هەستیاری ئیمان	٢٠٥
بەرنامەی ژیان و رێبازی خەبات و حەقیقەتی گەردوون	٢٠٨
پلەو پایەی پێغەمبەران	٢١٢
ئیسلام حەقیقەتی یەکبوونی گەردوونە	٢١٦
باسی سێیەم: دیدی ئیسلام و رێبازی دینداریی	٢١٩
باسی چوارەم: مەرجی دینداریيەکە	٢٢٦
باسی پێنجەم: سەرچاوەی رێنمایی	٢٣٦
باسی شەشەم: ئەرکی پێغەمبەران	٢٤٨
بەندی سێیەم	٢٥٤

بەرنامەی خوابەیەكناسین

باسی یەكەم مەسەلەیەكی دژوارو ڕوون	٢٥٥
باسی دووەم: سەرچاوەی لێوەرگرتن	٢٦٨
باسی سێیەم: مانای باوەڕ	٢٨٠
باسی چوارەم: شایەتی خوا	٢٩٠
باسی پێنجەم: خوا یەك ناسین سروشتە	٣٠٢
ناوەڕۆک	٣١٢



زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی
(زادی ڕێمان)

ئەکادیمیا

amadaiyamad.com

ماڵپەر

zadyreman.com

پەڕەی فەیسبووك

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئیستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمەیل

zadyreman@gmail.com